# سوریالیزم

له ئەدەبی نوێی کوردیدا

# سوریالیزم

## له ئەدەبی نوێی کوردیدا

حەمە مەنتک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمە مەنتک
سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٠
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٢٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقیيان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل – بۆکان نووری سەعید

# پێشەکی

هەمــوو ڕێبــازێک کــاتێک دەبێــتــە ڕێبــازێکی جــیــهــانی جــێگای لێکۆڵینــەوەیە، بەو مانایەی ئەم ڕێبازە کاریگەریی خۆی دەبێ لە زۆربەی لایەنەکانی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری. ئەم بەجیهانبوونە تەنیا خۆی لە چوارچێوەی سنووری یەک وڵات قەتیس ناکات، بگرە پەل دەهاوێژێ بۆ ناو کولتوور و ئەدەبی میللەتانی تر. ڕێبــازی ســوریالیزم بە بێگومــانی ڕێبــازێکی جــیــهــانییــە، بەهۆی ئەو حــەزەی هەیبووە بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە. دەبینین زۆربەی میللەتانی دنیا لەژێر کاریگەریی ئەم ڕێبازە داهێنانی جوانیان کردووە. ئەدەبی کوردیش وەکو زۆربەی ئەدەبەکانی تری دنیا بەهۆی تێکەڵاوبوونی نووسەر و ڕۆشنبیرانمان بە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم ڕێبازە. بەمەش بوارێکی تری دا بۆ لێکۆڵینەوە لە زانســتی تر کــە زانســتی (ئەدەبی بەراوردکــاری)یە. کــە لە داهاتوویەکی تردا دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەین لەم بوارەدا. ئەدەبی کوردی بەرەو کرانەوە و پێشەوە دەڕوات بەهۆی هەوڵ و کۆششــی چەندان نووسەر و ڕۆشنبیر کە خۆیان دەوڵەمەند کردووە بەســەرچاوە زیندووەکانی جــیــهــان، لەو ڕێگەیەوە توانیویانە ئەوانیش ئەو ئەدەبە بەرەو نوێبوونەوە ببەن، هەر نا وایان کرد گۆمەکە بشڵەقێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێــمــە لە چوار بــەش پێک هاتووە، بەشی یەکــەم تایبــەتە بە ســـوریالیــزم لە ئەوروپا هەر لــە پێناســـە و مــێــژوو هۆکــارەکــانی ســـەرهەڵدانی سوریالیزم، هەروەها کاریگەریی تیۆرەکانی فرۆید لەسەر ئەم ڕێبازە و پێوەندیی ســـوریالیــزم بە هونەر. بەشی دووەم تــایبــەتە بە ســـوریالیــزم لە ئەدەبی عــەرەبی بەگــوێرەی ئەو ســـەرچاوانەی لە بــەردەســتــمـــان بــوون و ئەو گــەڕانــەی خــۆمـــان کردوومانە کاریگەری ئەم ڕێبازەمان باس کردووە لەناو ئەدەبی عەرەبی. بەشی سێیەم کە باسی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمانە تایبەتە بە سوریالیزم لە ئەدەبی کــوردی، ســـەرەتا باسی ڕەگــوڕیشـــەی ســـوریالیـــزممان کــردووە لەناو ئەدەبی کلاسیکی. لێرەدا ئەم ڕێبازەمان وەکو یاخیبوون باس کردووە. دواتر چەند

شاعیرێکی نوێی ناو شیعری کوردیمان وەرگرتووە. ئەو شیعرانەمان داوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە کە سوریالین و جوانن. بۆنی داهێنان و یاخیبوونیان لێ دێت. هەر لەم بەشەدا باسی چیرۆکی سوریالیزمی کوردیمان کردووە، لێرەشدا بەهەمان شێوە چەند چیرۆکنووسێکی یاخیمان وەرگرتووە چ لە نەوەی حەفتاکان و نەوەی هەشتاکان. بەشی چوارەم تایبەتە بەو کۆوارە کوردییانەی کە لەژێر کاریگەریی ڕێبازی سوریالیەت ئیشیان کردووە، یان سوریالین.

بەڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی وا پێویستی بەسەرچاوەی زۆرە، بەڵام بەداخەوە سەرچاوە لەم بوارەدا زۆر کەمە. ئەم ڕێبازە کاریگەری زۆری هەبووە. بێگومان ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین بە ڕەخنەی جوان تاکو بەرهەمەکانی داهاتوومان زۆر لەوە پوختتر و جوانتر بێ، هیواداریین ئێمە دەرگەیەکمان کردبێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارەدا.

بەشی یەکەم

# سوریالیزم لە ئەدەبی ئەوروپی

**زاراوە:**

بێگومان کاتێ مرۆڤ دەست بەلێکۆڵینەوە لە هەر بابەت و دەقێک دەکات سەرەتا دەبێ لە وشەکەوە دەست پێ بکات، چونکو ئەمە دەرگەیەکە بۆچوونە ژوورەوە. سوریالیزم Surrealism ئەگەر لە رووی زاراوەوە سەیری بکەین دەبینین لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە: وشەی sur کە بەواتای سەر یان سەرەوە دێت، ئەمە بەشی یەکەمی، بەشی دووەمی لە realism ریالیزم پێک هاتووە بە واتای واقیع دێت. کەواتە وشەکە مانای لە کوردیدا دەبێتە (سەرووی واقیع) یان (بان واقیع)، کەواتە نووسەرانی سەر بەم رێبازە بۆیە ئەم وشەیان هەڵبژاردووە، چونکە دەیانویست داهێنان بکەن لە سەرووی واقیعەوە پشتیان بە نەست (لاشعور) دەبەست، بەمانایەکی تر ئەوان واقیعیان رەت دەکردەوە، یان لێی هەڵدەهاتن، بەکارهێنانی ئەم رەتکردنەوەیەش بەشێوەیەکی ناعەقلانی و نا ئاگاییی بوو دەگەڵ شتەکان. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەوان بەتەواوی دەستبەرداری عەقلانییەت و واقیع بوون بگرە" ئەوان لە باسکردنەکانیان واقیعی بوون، لێ وێنەکانیان لە هەموو واقیعێک کۆ نەدەکردەوە، بگرە ئەوان _ هەروەک لە خەونەکانماندا بوونی هەیە- وەرگێڕی وڕێنە و پێشبینییەکانی نەست بوون" [١]

"بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە وەکو زاراوە لەلایەن (گیوم ئاپۆلینەر)ی شاعیری فرەنسی بەکار هات. کە لە ساڵی ١٩١٧ لە کۆنفراسێک لەبارەی (رۆمانیەتی نوێ) و هەروەها لە شانۆنامەیەکی خۆیدا بەکاری هێنا بەمانای (سەرووی واقیع) پاشان دوای ئەوە (ئەندری بریتۆن)ی فرەنسی ئەم وشەیەی قۆستەوە و لە بەیاننامەی یەکەمی سوریالییەکان بە کاری هێنا و رێبازەکەی خۆیانی پێ ناونا لە ساڵی ١٩٢٤".[٢]

## پێناسەی سوریالیزم

کاتێک دەمانەوێ پێناسە بۆ شتێک دیاری بکەین، یان شتێک پێناسە بکەین، ئەوە ناتوانین سەد لە سەد ئامانجەکە بپێکین. ڕەنگە بتوانین بەشێوەیەکی گشتی پێناسەیەکی بۆ دابنێین، هەروەها بۆ پێناسەکرنی هەر شتێک چەندان کەس هەن کەپێناسەیان کردووە. ڕێبازی سوریالیزم بەهەمان شێوە پێناسەی زۆری بۆ کراوە لەوانە:

"سوریالیزم بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو، پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) واتا لە دوای ڕێبازی دادایزم لە فرەنسا هاتە ئارا دژ بە هەموو لۆجیک وشێوە و ڕێکوپێکییەکی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و سیاسیی باو"[٣] هەروەها سوریالییەت وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی و فیکری هەوڵی گەڕانی بەدوای ڕێگەی کۆکردنەوەی نێوان بیرکردنەوە و ئیشکردنی دەدا، یان نێوانی تیۆریی و جێبەجێکردن. بۆیە ئەوان ئیشکردنیان هەردەم دەگەڵ بواری ڕوحانیی و خەون و ئەفسانە بوو، چونکو ئازادییەکی ڕەهایان لەمانە دەدۆزییەوە بۆیە دەتوانین بڵێین سوریالیزم شۆڕشێکی ئەدەبی و هونەری و فیکری بوو بەسەر هەموو شتێکی باوی سەردەم بەتوندی عەقڵ و لۆجیکیان ڕەت دەکردەوە پێچەوانەی لۆجیک دەجووڵانەوە، (نەست)یان بەیەکێک لە بنەما گرینگەکانی خۆیان دەزانی تەواو پشتیان پێ دەبەست شتی سەیریان بەرهەم دەهێنا و بانگهێشتیان دەکرد بۆ ئەوەی بکرێ بەواقیع.

هەروەها (ئەندرێ بریتۆن) لە ساڵی (١٩٤٢) لە کۆنفراسێک بۆ قوتابیانی شاری (یاڵ) لە ئەمەریکا لەبارەی سوریالیزمەوە دەڵێ: (سوریالیزم بەری داری ئەو باوەڕە بێ سنوورە بوو لەناو بلیمەتی گەنجیشدا ڕوابوو.) (ئەراگۆن) کە یەکێکە لە سوریالیزمەکان لەبارەی سوریالیزم دەڵێ:"زۆر کەس وا لە سوریالیزم گەیشتوون کە حاڵەتێکی عەبەسییانەیە لەناو خەون و وڕێنە و هەڵوەسە و بێهوودەییدا خنکاوە ئێمە سوریالیزممان وەکو چەکێک دژی بووژانەوەی شەڕو وێرانکاری و دەست بەسەراگرتن بەکارهێنا خەباتمان کرد بانگی سوریالیزممان دا بۆ ئەوەی سەربەستی لە چاوی منداڵەکانمان بمێنێ "[٤]. لێرەوەیە سوریالییەت هەنگاوێک پێش داداییەکان کەوت، چونکو داداییەکان هەموو شتێکیان ڕەت دەکردەوە، بۆیە

زۆربەی شاعیر و هونەرمەندەکان لێیان جیابوونەوە و باوەڕیان بە بەرپرسیاریەتی مرۆڤ و توانای گۆڕانکاری هێنا، بەدوای چەمک و تێگەیشتنێکی تردا دەگەڕان تاکو بیکەن بەجێگرەوەی ئەوە، سوریالییەت جێگرەوەی داداییەت بوو، چونکوو داوای ئازادکردنی مرۆڤی لە پاڵەپەستۆی ژیان دەکرد. دەکارێ بڵێین سوریالییەت دەگەڕا بۆ دۆزینەوەی ئەو پاکێتییەی لە ناخی مرۆڤەکاندا هەبوو.

بۆیە سوریالیزم ئەو بزووتنەوەیە بوو کە ئامانجی گۆڕینی ژیان بوو لە واقیعەوە بۆ سوپەر واقیع لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە بەمەش پشتیان بە نەست بەست و وەکو پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی ژیان. سوریالیزمەکان لە هەموو فۆرمی ئەدەبی و هونەرییە باوەکان یاخی بوون و بەشێوەیەکی نوێ و فۆرمی نوێ ئیشیان کرد. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ هەر گەنج بوون شۆڕشیان بەرپا کرد. کەواتە هەر گەنجە پرۆژەی گۆڕینی ژیانی پێیە. هەر گەنجە حەزی لە یاخیبوونە.

(بریتۆن) بەم شێوەیە باسی سوریالیزم دەکات :"سوریالیزم ئۆتۆماتیکییەتی مێشکێکە دەخوازێ لە ڕیگەی زمان یاخۆ قەڵەم یان هەر ئەوزارێکی تر ڕەوتی واقیعی کاری بیرکردنەوە و هزرین نیشان بدا و دەربڕێ. سوریالیزم چەسپاندنی هزرینە بێ حوکمی عەقل بەدەر لە هەر جۆرە پابەندییەک بەیاسای جوانیناسی و پرەنسیپی ئەخلاقی"(٥) هەموو کات باوەڕیان بە حەقیقەتێکی باڵا هەبوو، بەتایبەتی ئەو کاتانەی خۆیان دەسپارد بەدنیای فراوانی خەونەکانیان بۆ ئەوەی سەرکەون بۆ بڵندایی.

### مێژووی سوریالیزمی ئەوروپی

هەموو ڕێبازێکی ئەدەبی، یان هونەری بەستراوەتەوە بەکۆمەڵگە و ئەو ژینگەیەی تێیدا سەر هەڵدەدات. داهێنەرەکانیش بەهیچ شێوەیەک دوور نین لەو وێستگەیەی تێیدا دەژین. ئەوانە بەشێکن لێیان، بێگومان کاریگەریشیان لەسەر یەکتر دەبێ، مەبەستمان لە داهێنەر و کۆمەڵگەکەیەتی. ئەو ژینگەیە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو کەسانە دەبێ کە تێیدا دەژین، کاریگەری لەسەر دروستبوونی بیر و هونەرەکەی دەبێ." لێرەوەیە ڕێبازی ئەدەبی و هونەری لەدایک دەبێ، ئەمەش لە ناکاو سەر هەڵنادا، بگرە بەشێوەیەکی پلەبەند چەکەرە دەکات"(٦). سوریالیزم وەکو ڕێبازیک لەناو ئەدەبی ئەوروپی سەری هەڵدا، واتە وەکو هەموو ڕێبازەکانی

تر لانکەی سـەرهەڵدانی ئەوروپـایە. لە ئەوروپاش وڵاتی فـرەنسا کـە زۆربەی زۆری ڕێبازە ئەدەبییەکان لە وڵاتی فرەنسا لەدایک بوونە.

زۆربەی پەیڕەوانی سەر بەم ڕێبـازە پێشتـر لەناو ڕێبازی دادایی ئیشیـان دەکرد، واتە سـەر بەو ڕێبازە بوون. لێ دوای ئـەوەی هەستیـان کرد ئەم ڕێبـازە (دادایی) نـاتوانـێ ژیان بـگۆڕێ، لـە ئاست خـەونەکـانی ئـەواندا نـەبـوو، بۆیـە بیـریان لـە شـێوەیەکی تری بیرکردنەوە کرد. بەتایبـەتی (ئەندرێ بریتـۆن) لە نووسـینەکانیدا هاوکێـشـەیەکی بنیـات نا دەنێوان واقـیـع و ناواقیـع، نێـوانی ئاگایی و نائـاگایی، نێـوانی خـەونی تاک و خـەونـی کۆمـەڵ بۆ ئـەوەی بگات بە ناخـی مـرۆڤ لـە ڕێگەی خـەونـەوە لەبەرئەوەی بەڕای ئەو خـەون و خـەیـاڵ جیـهـانی ناوەوەی مـرۆڤـەکـان بە جیـهـانی واقـیـعی دەرەوە دەبەسـتێـتـەوە. بـۆیە دەکـرێ بێـژین ئەم ڕێبـازە لەناو داداییـیەت سەری دەرهێنا. دەگەڵ (بریتۆن)دا هەریەک لە (ئەراگۆن و فلیپ سۆپۆ) بناغـەی ئـەم ڕێبـازەیان داڕشت. هەروەهـا زۆربەی سـوریالییـەکان بەشـدارییان لە شەڕی یەکەمی جیهـانی کردبوو، زۆربەیان لە شەڕ ڕزگاریان بووبوو، لێ کاریگەری ئەو شـەڕە کـاولکارییـە بەسـەریانەوە مـابـوو، هەروەک (بریتۆ) لە کتێـبی (هەنگاوە لەدەست چووەکان)دا دەڵێ" هیچ ڕۆشنبیر و بیرمەندێک ناگاتە ئاست ڕووداوەکانی سـاڵانی نێـوان ١٩١٤-١٩١٨، ئەو ڕووداوانە بیـرمـەندانی وێران کـرد، هـەروەک هیوای زۆرمانی گۆڕی بە تووڕەیی و بێ هیوایی، ڕقی خۆیانیان بەرامبەر خێزان و نیـشـتـمـان ڕاگـەیاند، ئەخـلاق و مـەبدەئیـان وێران کـرد". بۆیـە ویسـتـیـان ژیان سەرلەنوێ بنیات بنێنەوە، چونکو تا ئەو کاتەش دەنگی تۆپ و گوللە لە گوێچکەیان دەزرنگایەوە. بڕیاری شـۆڕشی سـوریالییـان دا بە ڕابەرایـەتی (ئەندرێ بریتـۆن) لە جـیـهـانی هونەر و ئـەدەب و ئەخـلاقـدا، بۆیە ناوبراو لە سـاڵی (١٩٤٢) یەکـەم مانیفێستی سوریالیزمی بڵاو کردەوە کە تێیدا نوسیبووی:

" سوریـالیزم بیرکردنەوەیەکە، بێ گوێدانە هیچ جۆرە لە بەرچاو گرتنێکی عـەقل لە دەرەوەی دەسـەڵاتێکی زیهنی جوانینـاسی یا ئەخـلاقی، خـۆی بەیان دەکـات"[٧]

هەرچەندە ڕێبازی سـوریالیـزم پێش ئەو مێژووە بەچەند سـاڵێک بەدیار کەوتووە و ڕێگەی بۆ خـۆی خۆش کردووە لە ڕێگەی چەند ئەدیب و هونەرمەندێک. سـەرکردەی ئەو دەسـتـە گـەنجـە ئەندرێ بریتـۆن (١٨٩٦-١٩٦٦) بوو. لەگەڵ چەند هـاوڕێیـەکی وەکـو (ئـەراگـۆن و پۆڵ ئیلوار و فلیپ سـۆپۆ و سلڤـادۆر دالی) ئەمـانە هەڵسـان

بەرەتکردنەوەی کۆمەڵگە و شارستانیەت و عەقل و داوونەریتەکان لە نووسین و لە ژیان. زۆر پێوەست بوون بە شێتی و خەون و ئازادی رەها و نووسین بەهۆی نەستەوە. سەرکردەی سوریالیزم ئەندرێ بریتۆن کە بە (پاپای سوریالیزم) ناسرابوو رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدانی ئەم رێبازە و مانفیستی یەکەم ئەو بڵاوی کردەوە تێیدا بنەماکانی سوریالیزمی دیاری کرد و رێرەوی ئەم رێبازەی چەسپاند. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە کۆمەڵێک لە نووسەری تر پێوەندییان بە (بریتۆن و ئەراگۆن و سۆپۆ)وە کرد، لەوانە (بنجامین بیریە، جاکس بارۆن، مان رییە، سایمۆن بریتۆن، ماکس مۆریس، هانز ئارپ، سلڤادۆر دالی، ئاندریە مایسۆن، مایکل لیریس) و چەندانی تر. ئەمانە وەکو سوریالیستێک ئامانجیان بەرپاکردنی شۆرشێک لەسەر ئەزموونەکانی مرۆڤ لەلایەنی کەسایەتی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ئەمانەش هەمووی لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤەکان بوو. بۆیە هەر لە ساڵی دەرکردنی بەیاننامەی یەکەمی سوریالی " کۆوارێکیان دەرکرد بەناوی Revolution Surrealiste السريالي الثائر"[٨] سوریالی شۆرشگێر.

لە ساڵی ١٩٢٩ هەر ئەم سەرکردەیە مانیفێستی دووەمی سوریالییەکانی بڵاوکردەوە کە تێیداپشتی تەواوی بەتیۆرەکانی (فرۆید)ی زانای دەروونناسی بەست، ئەم رێبازە بەرەبەرە دەیان گەنج روویان تێ کرد و بەهەموو ئەوروپادا بڵاو بوویەوە، هەر ئەمەش وای لە کەسێکی وەکو نیگارکێشی بەناوبانگی سوریالی (سلڤادۆر دالی ١٩٠٤–١٩٨٩) کرد لە ئیسپانیاوە بەرەو پاریس بەرێ کەوێت بۆ ئەوەی بەشداری بکا، تاوەکو ژیانیشی مابوو هەر بە سوریالی مایەوە و بەیەکێک لە گەورە سوریالیەکانی دنیا دەژمێردرێ. کەواتە دەتوانین بڵێین رێبازی سوریالیزم لە نێوان هەردوو شەری جیهانی یەکەم و دووەم سەری هەڵدا" بزووتنەوەی سوریالیزم بەشێوەیەکی راستەقینە دامەزراوە ئۆرگانی تایبەتی خۆی هەبوو، وەک "مەڵبەندی سوریالی یان سەنتەری لێکۆڵینەوەی سوریالی "[٩]، لەوێدا ئەوان دەیاننووسی دوور لە کۆنترۆڵی عەقل و جڵەوی خەیاڵیان بەردەدا بۆ ئەوەی بەئازادییەکی رەها بنووسن. بەماوەیەکی کەم دوای دەرکردنی بەیاننامەی یەکەم، سوریالییەکان یەکەم چاپی کۆواری (شۆرشی سوریالی یان سوریالی شۆرشگێر)یان بڵاو کردەوە، ئەم کۆوارە تاکو ساڵی (١٩٢٩) بەردەوام بوو،

هەریەک لە (بنجامین بیرییە و بییر ناڤیل) لە سەرنووسەرە یەکەمەکانی ئەم کۆوارە بوون. سوریالییەکان ئەم کۆوارەیان بە شۆڕشێک دادەنا، دەیان وێنە و شتی سەیر و سەمەرەیان تێدا بڵاو دەکردەوە، هەروەها کارە هونەرییەکانی (جۆرجیۆ دی کریسۆ، ماکس ئێرنست، ئاندریە مایسۆن، مان رییە)یان دەنێودا بڵاو دەکردەوە. بەمەش بۆمان بەدیار دەکەوێ کە سوریالییەکان بزووتنەوەیەکی تەواو ئامانجدار بوونە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا سوریالییەکان نووسینگەی لێکۆڵینەوەی سوریالییان هەبوو، ئەمەش وای کردبوو کارەکانیان تەواو گەشە بکا و ڕۆژ دوای ڕۆژ داهێنان و شتی سەیرتر بئافرێنن. ئەو نووسینگەیە تایبەت بوو بە نووسەران و هونەرمەندانی سوریالی، کە دەنێویدا کۆ دەبوونەوە و گفتوگۆیان دەکرد، هەر دەنێوەڕاستی بیستەکانی سەدەی رابردوو سوریالییەکان کارەکانیان فراوان کرد، لەنێو قاوەخانەکان، کارەکانیان ئەنجام دەدا، بەشدارییان لە گەمەی سوریالی دەکرد کە هەر خۆیان داهێنەری بوون. جۆرەها تەکنکیان تاقی کردەوە چ لە ئەدەب، چ لە هونەر.

ئەم ڕێبازە لە فەرەنسا توانی خەڵکانێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە بەتایبەتی کۆمۆنیستەکان بەمەش کۆوارەکە توانی بەخێرایی بەرەو پێش بڕوات. ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر ئەندامانی گرووپی سوریالییەکان هەبوو کە (ئیلوار و بریتۆن و پیکاسۆ) بوون بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست بەمەش سوریالییەکان بەشدارییان لە چالاکی سیاسی کرد. ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لە رووی سیاسییەوە، چونکو ئەمانە گەنج بوون لە هیچ شتێک بێدەنگ نەدەبوون، بگرە خۆیان لە هەموو شتێک هەڵدەقورتاند و هەڵوێستەیان لەسەر بڕیارەکان دەکرد و دەیانکرد بە هەرا. بۆیە ئەمانە بەردی بناخەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی فرەنسایان دانا بەتایبەتی شۆڕشی قوتابییان لە ساڵی (١٩٦٨) کەتوانی نەک هەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی فرەنسا، بگرە هەموو ئەورووپای گۆڕی. ئەگەر کەمێک لەسەر ئەمە هەڵوێستە بکەین واتە سوریالییەکان و سیاسەت، چونکو ئەوان کە بەرهەمەکانیان هەموو لایەکی گرتبووەوە. سوریالییەت وەکو ڕێبازێکی لێ هات بۆ زۆر لە سیاسییەکان لە هەموو گێتیدا، لێ لە هەندێک شوێن هەروەکوو ڕێبازێکی هونەری مایەوە" لە سییەکانی سەدەی رابردوو بیروباوەڕی سوریالییەت لە ئەورووپاوە بۆ ئەمەریکای باکور و باشوور و ناوچەی

کاریبی و ئاسیا تەشەنەی کرد. وەکو بیر و ئایدیۆلۆجیاییەکی ئەدەبی و هونەری سوودی لێ وەرگیرا بۆ گۆڕانکاری سیاسی لەو ناوچانە"[١٠] سوریالیەکان لە ڕووی بیروباوەڕی سیاسییەوە بوون بە دوو دەستە، هەندێک لەوانە وەکو (بنجامین بیرییە، ماری لو، جۆن پێرێ) لایەنگیری پارتی شیوعی راسترەویان دەکرد، لێ کەسێکی وەکو سلڤادۆر دالی پشتگیری خۆی بۆ سەرمایەداری دەربڕی بەتایبەتی بۆ دیکتاتۆرێکی وەکو (فرانشیسکۆ فرانکۆ)، بۆیە بریتۆن و زۆرێک لە هاوڕێیانی ئەویان بە خیانەتکار لە قەڵەم دا. بریتۆن و هاوڕێیەکانی لە پارتی شیوعی تێ دەکۆشان لەپێناو رزگارکردنی مرۆڤ، ئەوان بەمەبەستی هەڵگیرسانی شۆڕشێک لە هەموو بوارەکان بەشدارییان لە کاری سیاسی کرد، لێ دواتر وازیان لە سیاسەتیش هێنا.

زۆرێک لە خەڵکان بەشێوەیەک سەیری سوریالیەکانیان دەکرد، کۆمەڵێک گەنجی بورژوازی گێرەشێوێنن، لە دەست بەتاڵی و بێ کاریدا ژیان بەسەر دەبەن، لێ ئەوان بازنەی ئیشکردنی خۆیان فراوان کرد و لە ژوورە داخراوەکاندا هاتنە دەرەوە و بۆ سەر جادەکان و ژیانی ڕۆژانە و ئامادەبوونیان لە شانۆگەری و قاوەخانەکان. دەگەڕانێکی بەردەوامدا بوون بۆ ئەو شتانەی لە پشت هەر دیاردەیەک ئامادەیی هەبوو، واتە ئەوان قووڵتر دەیانڕوانییە دیاردەکان و سەیری ئەودیوی شتەکانیان دەکرد. لە پێنج ساڵیی یەکەمی دروستبوونیان چالاکییەکانیان کورت کردبوویەوە تەنیا بۆ ڕوانین و لێکدانەوەی دیاردەکانی سەرجادە و ژیانی ئاساییی خەڵک، ئەمەشیان تەنیا بۆ گەیشتن بە ژیان بوو. هەر بەو هۆیەوەش بوو گەیشتن بەو بڕوایەی ژیان هونەرە و هونەریش ژیانە، بۆیان ڕوون بوویەوە کە هونەر هۆیەکە بۆ بە ژیان گەیشتن. لە ساڵی (١٩٢٨) بریتۆن کۆواری (یاری گەورە)ی دەرکرد و لە یەکێ لە وتارەکاندا نووسی:" هەموو کاتێک هێز و تواناکانمان دەخەینە گەڕ لەپێناو هەموو شۆڕشێکی نوێ"

کەواتە ئەوان بەهەموو شێوەیەک بەدوای نوێخوازیدا دەگەڕان، بەدیهێنانی ئەو نوێخوازییەشیان لە شۆڕشدا دەدۆزییەوە، شۆڕشێک لە هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگە. سوریالییەکان" هەموو داوونەریتێک و ئاینێکیان بەلاوە نابوو، هەرچی لەناو کۆمەڵگە ڕەواجی بوو ئەوان گرینگییان پێی نەدەدا و گاڵتەیان پێ دەکرد"[١١] ئەوان هەوڵیان دەدا گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵکیدا بکەن، هەروەها هەوڵی

پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕیان دەدا لە جیاتی کۆمەڵگەیەکی وەستاوی چەقبەستوو، ئەم شۆڕشەیان تەنانەت زمانیشی دەگرتەوە، ئەگەر سەیری زمانی نووسینی سوریالییەکان بکەین دەبینین زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، زمانێک دوور لە هەموو بنەمایەکی زمانەوانی و ڕێزمانی، واتە زمانیان ئازاد کرد لە هەموو کۆت و بەندێکی لۆجیکی.

سوریالییەکان خەونی زۆر گەورەیان هەبوو. لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی عەقل و لۆجیک و چەمکی ترادسیۆنی ڕۆژئاوا و بورژوازیەت وپشتبەستن بە نەست و خەون و نائاگایی (لاشعور) دەیانەوێ مرۆی نوێ دروست بکەن و تەنانەت ژیان و جیهان بگۆڕن. ئامانجی سەرەکی ئەوان گۆڕینی ژیان بوو، چونکو ئەوان شەڕی گەورەی یەکەمی گێتییان دیبوو، هەوڵی دروستکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژیانیان دەدا بەشێوەیەکی جوانتر و نوێتر و جیاوازتر، ئەم باوەڕەی ئەوان وای کرد ڕێبازی سوریالییەت بەشێوەیەک پەرەسەندن بەخۆیەوە ببینێ کە لەسەر ئاستی تاکەکەس زۆر کەس کردبویانە شێوە ژیانی خۆیان. تەنانەت هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەرو نیگارکێشی و سینەما و شانۆ و مۆسیقا ڕەنگی دایەوە.

ڕێبازی سوریالیزم بەرەبەرە پەرەی سەند و هەروەک گوتمان سەرەتا لە فرەنسا و دواتر لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانی بەئەمەریکادا بڵاو بوویەوە ئینجا وردە وردە ولاتانی تری ئەوروپای گرتەوە لە ساڵی ١٩٤٠ تەنیا ولاتی بەریتانیا نەبێ کە زۆر درەنگ بەم ڕێبازە ئاشنا بوو.

سوریالییەکان لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە جا ئەدەب بێ یان وێنەکێشان یان سینەما و شانۆ دەیانویست بگەن بەو واقیعەی کە خۆیان دەیانویست، واتە واقیعێک لەم واقیعەی تێیدا دەژیان بڵندتر بۆیە لە داهێنانی ئەدەبی جگە لەو ئامانجە هیچ ئامانجێکی تری نەبوو لای ئەوان. دەیانویست بگەن (بەسەرووی واقیع) ئەگەر سەیری بەرهەمەکانیان بکەین شتی سەیروسەمەرە دەبینین کە بەڕاستی پڕن لە جوانی، هەردەم لە شیعر و پەخشانەکانیان یان بەگشتی بەرهەمەکانیان وشە و دەستەواژەی دژبەیەکیان بەکار دەهێنا یاخۆ هەموویان کۆ دەبوونەوە هەریەکە بۆ خۆی شتێکی دەوت لە ئەنجامدا شیعرێکیان لێ پێک دەهێنا، وشەی سەیریان بەکار دەهێنا وەکو (ڕۆژی خۆڵەمێش) یان ئەندرێ بریتۆن

دەڵێ: (پەرداخـێک ئاو لەناو تـۆزوبادا) یان ئارپ دەڵێ: (زیپکە پاکـەکـان)، ئەگـەر سەیری ئەو ڕستە و دەستەواژانە بکەین دەبینین تەواو سەیرن لە واقیعدا بوونیان نییە، لێ سوریالییەکان لە ڕێگەی ئەم بەکارهێنانە دەیانەوێ جیهانێکی تر دروست بکەن و واقیعێکی تر دروست بکەن کە لەم واقیعەی خۆمان بالاتر بێ، بۆیە یەکەم شتێک سوریالییەکان دەیانویست لەو پاڵەپەستۆی باوی ناو کۆمەڵگە ڕزگار بکەن، سوریالییەکان گەڕان بەدوای هەندێ کەسایەتی بەناوبانگ لە مێژووی ئەدەب بۆ ئەوەی خۆیان و بزووتنەوەکەیان لەسەری بچەسپێنن، لە هەموویان گرنگتر لەو کەسایەتییانە (مارکیز دوساد) بوو کە گەورەترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و سەردەمەکەی بەجێ هێشت، هەروەها شاعیری گەورە (جیرال دونیڤال) لەبەرئەوەی ئەمە لە جیهانی خۆی دەژیا کە لەگەڵ جیهانی واقیع جیاواز بوو، تاوەکو بەتەواوی شێت بوو، لێ سوریالییەکان لەهەموو کەس زیاتر بە (رامبۆ)ی شاعیری فرەنسی کاریگەر بوون، کاتێ ئەم شاعیرە فرەنسای جێهێشت لە وڵاتانی عەرەبی و جوانترین شیعرەکانی خۆی نووسی و دواتر بەتەواوی بێدەنگ بوو. (رامبۆ) وێنەی شێتانەی دەردەبڕی کە هیچ پێوەندییەکیان لە نێوان نەبوو تەنیا بلیمەتی شیعری نەبێ وەکو دەیگوت:" زۆر بەڕوونی من مزگەوت لە شوێنی کارگە دەبینم، قوتابخانەی دەهۆڵ لە پێش فریشتە دروست بووە، ئارایشگایەک لە کۆتایی دەریا" ئەم وێنانە کە یەک لەدوای یەک دێن هیچ پێوەندییەکی لۆجیکی لە نێوانیاندا نییە، ئەمەیە سوریالییەکان کە پێی کاریگەرن. لەبەرئەوەی ئەوان دەیانویست دەست بگرن بەسەر هەموو لۆجیکێک و عەقڵێک لە ژیان هەروەکو ئەوەی لە ئەدەب کردوویانە " بەم شێوەیە تێبینی دەکەین کە شاعیرەکان هەڵگەڕاونەتەوە لە کۆمەڵگە، ئەو شاعیرانەی گەیشتنە کەناری خۆکوژی و شێتی کە بۆ ئەوان ڕابەر بوون، بەڵام شاعیرانی خاوەن عەقل و چاکەکار لەگەڵ کۆمەڵگەدا هیچ مانایەکی لای ئەوان نەبوو"(١٢) بەڕاستی سوریالییەکان شۆڕشێکیان کرد تاوەکو ئێستاش ئەم ڕێبازە کاریگەری هەر ماوە و هەر دەشمێنێ، چونکو ئەوان تەنیا باوەڕیان بەو ژیانە و واقیعی ئەم ژیانە نەبوو، بگرە دەیانگوت ئەگەر بەقووڵی سەیری ژیان و دنیا بکەین چەندان بێمانایی و ناماقووڵی تێدا دەدۆزینەوە کە وات لێ دەکات هەوڵ دەیت بیگۆڕی. ئەوان لەبەر ئەمە بوو تەنیا پشتیان بەواقیع و لۆجیک نەدەبەست، چونکو خۆیان ناشرینەکانی ناو ژیانیان دەبینی گەورەترین ناشرینی ئەو

کاولکارییەی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو کە جیهانی وێران کرد. بۆیە پەنایان دەبردە بەر خەون و خەیاڵ و ڕێککەوت، باوەڕێکی تەواویان بەڕێککەوت هەبوو دژایەتی تەواوی لۆجیک و واقیعیان دەکرد تا وای لێ هاتبوو بەشێتیان لە قەڵەم دەدان. تا ئەو سنوورەی کە سوریالیستێکی وەکو (سلڤادۆر دالی) دەیگوت:" جیاوازی نێوان شێت و من ئەوەیە کە من شێت نیم" یاخۆ بەشەقامەکانی پاریس ڕای دەکرد و هاواری دەکرد " دوو بلیمەت لەم جیهانەدا هەن من و بیکاسۆ" دەبێ لێرەدا بپرسین چ شتێ وای لە (سلڤادۆر) کردووە کە بەم شێوەیە بیر بکاتەوە؟ بێگومان بیرکردنەوە شێتانەکەی و نەست (لاشعور) وای لێ دەکات کە بەم شێوەیە بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی شتێک بکا لە سەرووی واقیعەوە بێ. خۆی بە داهێنەر دەزانی و هەر واش بوو. ئەوان شێت نەبوون، لێ سوودیان لە شێتێتی وەردەگرت.

گۆڕان لای سوریالییەکان زۆر گرینگی پێ دەدرا. ئەوان هەموو کات بەدوای گۆڕانەوە بوون، دەستکاری هەموو شتێکی عەقلانی و لۆجیکیان دەکرد، تەنانەت دەتوانین بڵێین فەلسەفەی ئەوان گۆڕان بوو. واقیعیان دەگۆڕی بەمەش زمانیش دەگۆڕا بۆیە پێوەندی لە نێوان دەستەواژەکان نەدەما، زمان یاسای ڕێزمانی خۆی لەدەست دەدا. دەبینین ئەگەر سەیری شیعرەکانیان بکەین هیچ پێوەندییەک لە نێوان رستە و دەستەواژە شیعرییەکانیاندا نییە. ئەمەش وای دەکرد وشە و دەستەواژەی سەیر بەکار بهێنن کە لەگەڵ عەقل و لۆجیک نەگونجێ.

سوریالییەکان هەموو سنووردارکردنێک و لە قالبدانێکیان لە ئیشەکانیان ڕەت دەکردەوە، لەبەرئەوەی هەر پێناسە و سنووردارکردنێک سنووری ئازادی دیاری دەکات و بەری پێ دەگرێت ئەوانیش داوای ئازادی ڕەهایان دەکرد.

ئەندرێ بریتۆن لە یەکەمین بەیاننامەی سوریالییەکاندا دەستووری بۆ نووسەرانی سەر بەم ڕێبازە دانا و گوتی:" لە شوێنێکدا دانیشن کە بەتەواوەتی بۆ تەرکیزی هزرتان لەبار بێ، کاغەز و قەڵەم بگرنە دەست. خۆتان بخەنە حاڵێک کە هەر کاریگەرییەک قبووڵ بکەن. لەبارەی هونەری خۆتان و هونەری کەسانی تر بیر مەکەنەوە ئەوانە لە بیر خۆتان ببەنەوە. لەبەر خۆتانەوە ئەوە دووبارە بکەنەوە کە ئەدەبیات ڕێگەیەکی مەترسیدارە و مرۆڤ بۆ هەموو شوێنێک ڕادەکێشێ. بێ ئەوەی پێش وەختە بابەتێکتان دابێتە پێش چاو بەلەز دەست بە نووسین بکەن

یەکسەر و بە خێراییيەکی ئەوتۆ بنووسن کە دەرفەتی دووبارە خوێندنەوەی ئەو شتەتان نەبێ کە نووسیوتانە. ڕستەی یەکەم لە خۆیەوە دێت و پاشان ڕستەی تر، کە پێوەندییان بە زەینی هۆشیارەوە نییە، بگرە لە قووڵاییی (ناهۆشمەندی)دا خزیوەتە پاڵ یەک و پەنهان بوونە چاوەڕوانی ئەو ساتە دەکەن کە لە دنیای دەرەوەدا دەربکەون و بەرجەستە ببن، ئەو ڕستانە دوا بەدوای یەک و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی دێنە سەر کاغەز."[١٣]

ئەگەر سەیری ئەم دەستوورەی نووسین بکەین کە ڕابەری سوریالییەکان (بریتۆن) دای ڕشتووە ئەوا بۆمان بەدیار دەکەوێ ئەوان پشت بە نووسینی ئۆتۆماتیکی دەبەستن، ئەوان کەسانێک نین بۆ نووسینی شیعرێک یا چیرۆکێک یان کێشانی تابلۆیەک دانیشن و بیر بکەنەوە و مێشکی خۆیان بگوشن، یاخۆ بیرۆکەیەکیان هەبێ جا بێن دانیشن و ئەو بیرۆکەیە دابڕێژن، بگرە ئەوانە بەبێ بیرکردنەوە هەرچی بە مێشکیاندا هات یەکسەر تۆماری دەکەن تاکو تەواو دەبن. جا بۆیە ئەگەر سەیر بکەین ڕستەی ناو شیعرەکانیان یا چیرۆکەکانیان پێوەندی لە نێوانیان کەمە یاخۆ هەر نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆجیەتی نووسەر، چونکو سوریالییەکان بەتەواوی پشتیان بە تیۆرەکانی (فرۆید) دەبەست. ئەمانە بابەتی واقیع لەگەڵ چەند بیرکردنەوەیەکی ناماقووڵ و شێتانە تێکەڵ دەکەن، بابەتێکی نوێ یا بەمانایەکی تر بابەتێکی سەروو واقیع لەدایک دەبێ بەمەش دەیانویست خۆیان ئازاد بکەن و ئازادییەکی ڕەها بەدەست بهێنن.

بەم شێوەیە دەبینین سوریالیزم وەکو ڕێبازێکی دژ بە هەموو لۆجیک و عەقلانیەتێک سەری هەڵدا و ڕێرەوی خۆی دیاری کرد، تاوەکو ئێستاش پەیڕەوانی خۆی لە هەموو دنیادا هەیە و بەردەوامە و دەمێنێ. دەتوانین بەڕێبازێکی هەمیشەیی لە قەڵەم بدەین، چونکو ئەم ڕێبازە تەنیا پشت بە واقیع و تاک نابەستێ، بگرە پشت بەو هەستانە دەبەستێ کە لە ناخی مرۆڤدا هەن. ئەو هەستانەی لە نائاگاییيەوە دێن و شتی جوانمان پێ نیشان دەدات، وامان لێ دەکات کە لەم دنیایەدا بچینە دەرەوە. بەمەش سوریالییەکان چێژێکی تایبەتییان وەردەگرت پێشیان گرینگ نەبوو ئەم چێژە لە ڕێگەی چ ئامرازێک و شتێکەوە دێتە بوون، گەمە و یاری ئەدەبی وایان ئەنجام دەدا کە خوێنەری سەرقاڵ دەکرد بەمەش لەدەست لۆجیک و عەقڵ ڕزگاریان دەبوو، ئازادییەکی ڕەهایان وەردەگرت.

## هۆكارەكانی سەرهەڵدانی سوریالیزم

بێگومان ئەم ڕێبازە لە خۆیەوە سەری هەڵنەدا. كۆمەڵێك هۆكار هەبوون كە ڕێگەخۆشكەر بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە. بەمانایەكی تر كۆمەڵێ هۆكار هەبوون كە كاریان لە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە كردووە كە بەم شێوەیە بیر بكەنەوە و یاخی بن. گرینگترین هۆكارە سەرەكییەكان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- سوریالییەكان بە گشتی و (ئەندرێ بریتۆن) بەتایبەتی بەدوای ڕابەرێك دەگەڕان. یاخۆ كاریگەر بوون بە چەند كەسایەتییەكی بەناوبانگ و یاخی كە لە مێژووی ئەدەبدا لە بوارەكانی خۆیان ڕچەشكێن بووینە و داهێنانی نایابیان كردووە. ئەندرێ و هاوڕێكانی هەندێ كەسایەتییان بە ڕابەری خۆیان هەڵبژارد. لەژێر بەرهەم و شیعرەكانی ئەماندا یاخی بوون. یەكێك لەو كەسایەتییانە (ماركیز دو ساد) بوو، كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر سەردەمەكەی خۆی لە ڕێگەی بەرهەمەكانییەوە بەجێ هێشت.

هەروەها شاعیر و نووسەری گەورە (جیرار دو نیرڤال) كە جیهانێكی سەروو واقیعی بۆ خۆی دروست كردبوو كە ئەویش كاریگەریی خۆی لەسەر سوریالییەكان هەبوو، بەوەی لەم جیهانە واقیعە نەدەژیا هەردەم بەدوای جیهانێكی سەروو واقیع دەگەڕا كە دواتر سوریالییەكان ئەم بیركردنەوەیان كردە مەبەستی سەرەكی ڕێبازەكەیان.

دوای ئەوان (بۆدلێر)ی شاعیری گەورە ئەویش لە ڕێگەی بەرهەمی (ئارەزووی روحی) كاریگەری زۆری بەسەریانەوە هەبوو. سوریالییەكان زۆر بەم بەرهەمەی (بۆدلێر) كاریگەر بوون.

لێ ئەوەی لە هەموو ئەوانە زیاتر كاریگەری بەسەر سوریالییەكانەوە هەبوو هەردوو شاعیر (ڕامبۆ) و (لۆتر یامون) بوون. (ڕامبۆ) كاتێك وڵاتی خۆی كە فرەنسا بوو بەجێ هێشت، ڕووی لە وڵاتانی جیهان كرد تا گەیشتە وڵاتانی عەرەبی. لە پاش ئەوەی ژیانێكی ناخۆش لەگەڵ (ڤێرلین) ژیا، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە بیست ساڵ جوانترین شیعرەكانی نووسی پاشان بەیەكجاری بێدەنگ بوو. بەمەش ستوونی شیعری فرەنسا شكا. لە كتێبە بەناوبانگەكەی (درەوشانەوە) كە دەستەواژەی سوریالی بەكار هێناوە، واتە دەستەواژەكان هیچ پێوەندییەكی

لۆجیکی له نێوانیاندا نەبوو. ئا لێرەوە بوو کە سوریالییەکان پێی کاریگەر بوون. لەبەرئەوەی ئەوانیش دەیانویست دەست بەسەر هەموو لۆجیک و عەقڵێک له ژیاندا بگرن.

لێ پەرستراوی سەرەکی سوریالییەکان (لۆتر یامون) بوو. لەلای ئەوان له (رامبۆ)شی رەت کرد، لەلایەنی چەقاوەسوویی و شێتی و شکاندنی هەموو یاسایەکی ئەخلاقی و مرۆڤی و لۆجیکی قەدەخەکراو. دیوانەکەی (سرووودەکانی مالدۆرۆ) له وێنەی نائاسایی پێک هاتووە، پیاکێشانی چێژ و هەستی هاوبەش و وێنەی ترسناکە. له هەمان کاتدا پڕە له شیعری ترسناک و دڵەڕاوکێی هونەری. لەبەر ئەم هۆیانە بوو (بریتۆن) و هاوڕێکانی ئەم شاعیرەیان گەیاندە بەرزترین پلە تەنانەت دیوانەکەیان گەیاندە ئاستی دەقە پیرۆزەکان.(١٤)

بەم شێوەیە ئەم شاعیرە و چەندان شاعیری تر کە هەردەم ڕچەشکێن و یاخی بوونە له سەردەمەکەی خۆیان بوون بەڕابەری سوریالییەکان و کاریگەریی زۆریان بەسەر ئەواندا بەجێ هێشت، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو شاعیرانە سوریالی بوون، نەخێر سوریالییەت لەسەر بەرهەم و بیرکردنەوەی ئەوان دامەزرا و سرووشیان لەوان وەرگرت، دەنا ئەوان نەیانزانیوە سوریالییەت هەر چشە.

٢- هەڵگیرسانی شەڕ و کاولکاری بەتایبەتی هەردوو شەڕی گەورەی یەکەم و دووەمی جیهانی کە وای کرد وێرانییەکی زۆر له دوای خۆی بەجێ بهێڵێ. شەڕ ئەو بەڵا گەورەیەیە له هەر شوێنێک هەڵگیرسێت ژیان لەو شوێنە بوونی نامێنێ." له ڕاستیدا سوریالیزمی فرەنسی کە ئەندرێ بریتۆن ڕێبەرایەتی دەکرد، بریتی بوو له کاردانەوەی تراجیدیاکانی ئەو شەڕە، لەو دەمەشدا لاوانی فەرەنسی دەیانویست هەناسە بدەن و دەروونی خۆیان کەمێک ئاسوودە بکەن و کارەساتی شەڕیان بیر بچێتەوە دیمەنەکانی گۆڕەپانی قێزەونی شەڕ له بیر بکەن، ئیتر هەندێ لەو لاوانە شتێکی وایان له بەردەمدا نەبوو جگە له خۆ خزاندنە نێو بزووتنەوەیەکی هونەری سوریالیستی ئازاد و ڕزگاریخواز هونەرمەند شاعیر بێ یا ئەدیب یا ڕۆماننووس بۆی ڕەخسا لەو بزووتنەوەیە کەمێک خۆی بیر بچێتەوە و بکەوێتە ناو دنیای خەونەوە لەو واقیعە بەرەو سەروو واقیع بەرز بێتەوە"(١٥) بۆیە سوریالییەکان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە ژیان لەسەر ڕووی زەمین مانایەکی

نەمابوو. دەیانویست واقیعێکی باڵاتر و جوانتر لەو واقیعەی ئەو سەردەم دروست بکەن. شەڕی یەکەمی جیهانی ئاشووبییەکی وای بەسەر جیهاندا هێنا کە پێویستی بە هەزاران کتێبە بۆ ئەوەی وێرانییەکانی ئەم شەڕە بنووسێتەوە، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی پەیدابوونی ڕێبازی سوریالی بوو، ئەمانە هەستیان کرد کە مردن و کاولکاری هەڕەشەن بۆ سەر جیهان و گومانیان لەوەدا نەبوو شەڕ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەیان دەبێ بۆیە بە گاڵتەجارییەوە وەڵامی ئەوەیان دایەوە.

٣- پەیدابوونی تیۆرەکانی زانای دەروونناسی (سیگمۆند فرۆید) و سەرهەڵدانی بیرە فەلسەفییەکانی (هێنری برگسۆن) کە پێش فرۆید " سەرنجی خەڵکی بۆ خەون و حاڵەتی جۆراوجۆری گواستنەوەی فیکر لە دەرەوە و بەرجەستەبوون و تەجەلیاتی (ناماقووڵ)ی هێزە دەروونییەکانی ڕاکێشاوە"[١٦]، لێ دواتر فرۆید تیۆرەکانی خۆی سەبارەت بە نەخۆشییە دەرونییەکان و نەست (لاشعور) و کاریگەریی دەروون لەسەر مرۆڤ بڵاو کردەوە، بەتایبەت ئەو شیکردنەوانەی لەسەر خەون و نەست و چەپاندن و ئازادکردنی ئارەزووەکان لە دەروونی مرۆڤ. سوریالییەکان بە تەواوی پێی کاریگەر بوون و لە کاتی نووسینی بەرهەمەکانی خۆیان پشتیان پێ دەبەست بەتایبەتی بە (لاشعور)، هەروەها ئەو مەیل و ئارەزووە ناکۆکانەی کە لەناو دەروونی هەر یەکێک لە ئێمەدا هەیە کە بووە سەرچاوەی داهێنانی نووسەرە سوریالییەکان. ئەمەش بووە هۆیەکی گرینگی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالییەکان، چونکو بەتەواوی لەنێو دەستوور و پرۆگرامی ئەم ڕێبازە ڕەنگی داوەتەوە. دەتوانین بڵێین ئەگەر تیۆرەکانی فرۆید نەبووایە ڕەنگە سوریالیزم بەو شێوەیە سەری هەڵنەدابووایە و نەبووایە بە ڕێبازێکی ئەدەبی جیهانی، ئەوان تەواو پشتیان بە خەون بەست ویستیان لە ڕێگەی دەرچوون لە واقیع و لۆجیک جیهانێکی تر دروست بکەن ئەویش جیهانی (سەروو واقیعە).

لێرەدا ئەوەی جێگەی باسە بە تەنیا ئەم سێ هۆکارە نین کە بوونەتە هۆ و ڕێگەخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە، بگرە چەندان هۆکاری تریش بۆ ئەم مەبەستە هەن، لێ وەکو ئەم سێ خاڵە سەرەکی نین. دەبێ ئەوەش بگوترێت کە هۆکارەکانی تریش کاریگەریی خۆیان هەبووە، وەکو ڕێبازی دادایزم کە لە ساڵی (١٩١٦) لە سویسرا لەدایک بوو، زیاتر بزووتنەوەیەکی ئاژاوەگێڕیی دژ بەهەموو

داوونەریت و باوەڕێکی کۆمەڵایەتی بوو. ڕابەری ئەم بزووتنەوەیەش (تریستا تزارا) بوو. دەتوانین بڵێین سوریالیەت لە ناخی ئەم ڕێبازەوە دەرهاتووە و زۆربەی ڕابەرانی پێشتر لەناو دادایزم کاریان کردووە، هەروەها کاریگەریی فەلسەفەی مارکس لەسەریان، بانگهێشتکردنیان بۆ گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگە کە داوای ڕووخانی بورژوازیەتی دەکرد کە دواتر سوریالییەکان بە توندی دژی بورژوازیەت وەستان. بۆیە ئەم هۆکارانەش دەوری خۆیان هەبووە و بوونەتە بناخە بۆ پەیدابوونی ئەم ڕێبازە.

## سوریالیزم و تیۆرەکانی فرۆید

ئێمە ئەوەمان باس کرد یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەدایکبوونی سوریالیزم پەیدابوونی تیۆرەکانی زانای دەروونناسی (سیگمۆند فرۆید)ە، لێ دەمانەوێ لێرەدا ئەو کاریگەرییانە باسبکەین کە وایان لە سوریالییەکان کرد پشت بە تیۆرەکانی فرۆید بەتایبەتی و سایکۆلۆجی بەگشتی ببەستن.

سوریالییەت خۆی پێوەندی بە شیکردنەوە هەیە، لێرەشدا کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)ی فرۆید کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەوانەوە هەبوو، بەتایبەتی بەسەر خودی ڕابەری سوریالییەکان (بریتۆن) لە کاتێکدا ئەو وانەکانی پزیشکی خوێندبوو، بۆیە هەوڵی دا تیۆرەکانی فرۆید تێکەڵ بە تیۆرەکانی سوریالییەت بکا لە (شیکردنەوەی خەونەکان، ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەی مرۆ) چونکو ئەو لەو بڕوایەدا بوو، لە ناوەوەی مرۆ دنیایەکی جوان حەشاردراوە و پێویستە بەدیاری بخەین.

هەر خودی وشەی سوریالیزم (سەروو واقیع) ئاماژەیە بۆ جیهانی واقیعییەت، لێ ئەوان ئەو جیهانە ڕەت ناکەنەوە، لێ باوەڕیان پێی نییە، ئەمەشیان بیروڕای (بریتۆن)ە. بۆیە مادامەکی باوەڕیان بەو جیهانە واقیعییە نییە، دەبێ بەدوای جیهانێکی تردا بگەڕێن تاکو داهێنانی تێدا بکەن، ئەویش جیهانی ناوەوەیە، کە مرۆیەکان لێی بێ ئاگان، ئەو جیهانە هەر لە زەمەنی منداڵییەوە بوونی هەیە، بەڵێ ئەو جیهانە واقیعێکە و بوونی هەیە، لێ هەروەکو گوتمان بوونی ئەو لە نائاگاییە، یان نەست. " ئەو جیهانەش کاریگەری لەسەر کەسایەتیمان هەیە و پاڵنەرێکی بەهێزە، لە زۆر کاتدا دەردەکەوێ وەکو لەکاتی خەوتندا لە خەونەکانمان، یان لە بێ

ئاگاییدا، لە کاتی خەوی موگناتیسی، یان نەخۆشییە دەروونییەکان"[١٧]

بێگومـان جـیـهـانی ئەودیوی واقـیع وەکو زانـایانی دەروونی ئامـاژەیان پێ داوە بەشـێکە لە بوون، لێ دیار نیـیـە، بۆیە زانای دەروونناسی (سـیگمـۆند فـرۆید) (١٨٧٣- ١٩٣٠) لە شـیکردنەوە دەروونییـەکانی خـۆیدا بۆ زۆرێک لە نەخـۆشـییـە دەروونیـیـەکان، لادانـە نەریتـییـەکـان، گـرێیـە دەروونـییـە کـۆنەکـانی ناخی مـرۆ، شـیکردنەوەی ئەفـسـانە و دەقـە ئەدەبیـیـەکـان. کـە وەکـو پاڵپـشـتـێک بوون بۆ تیـۆرییەکانی خۆی و لەسـەر دای ڕشت، گەیشتـە ئەو ئەنجامـەی پێوەندی دەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و جیـهانی ناوەوە هەیە، زۆرێک لە تیـۆرییەکانی بوون بە ڕێبازی ئەدەبی و ڕەخنەیی و کـاریگەرییـەکی گـەورەیـان لە بەرەوپێـشـچـوونە ئـەدەبی و هونەرییـەکان لە سـەدەی بیستدا هەبوو. یەکێک لە تیـۆرییـەکان گرێیە دەروونییـە چەپێنراوەکانن کە بزوێنەرێکی سـەرەکی ڕەفتارەکانی مرۆن، سـوریالییـەکان زۆر گرینگییان بەوە دەدا.

ئەوە شـتێکی بەڵگە نەویستـە هـەموو شـتێک لە ژیان دژ یا هـاودژی خـۆی هـەیە. بەو مـانایەی ئەگەر ناشـرین نەبێ، جوانیـش نابێ، خراپ بوونی نەبێ ئەوا باشـیش بوونی نابێ. کـەواتە لە ڕووی سـایکۆلۆجییـەوە مـادامـەکی ئەمـانە دژی یـەکـترن و یەکتر ڕەت دەکەنەوە کەواتە لەم ڕوانگەیەوە هەموو دەقێک لە هیچەوە هاتووە.

هـەروەها فـرۆید بایەخـێکی یەکجار زۆری بە خـەون و خـەیاڵ داوە کـە دوو لایەنی گـرینگی مـرۆن. مـرۆ بەهـۆی خـەون و خـەیاڵەوە هـەرچی پێـشـتـر لە ناخـیـدا چەپێنرابێت بەهـۆی ئەم ڕەگـەزە سـەرەکـیـیـەوە دەری دەبڕێ. لـەم ڕێگـەیەوە هـەستەکانی خۆی بەرامبەر ژیان و دیاردەکان دەردەبڕێ. بە تاکە ڕێگەی دادەنێن بـۆ گـەیشـتن بـە حـەز و ئارەزووە چـەپێنراوەکـان و پـەنای بـۆ دەبـەن. بۆیـەش سـوریالییـەکان پشتی تەواویان بە خـەون و خـەیاڵ بەستبوو، چونکو وایان دەبینی مرۆڤ لەم جیهانی خەون و خەیاڵە تەواو ئازادە و ئازادییەکی ڕەهای هەیە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی تێیدا هاتوچۆ بکا هەرچییەکی بوێت لەوێدا دەستی دەکەوێت.

(ئەریک فرۆم) کاتێک دەستی کرد بە شیکردنەوەی تیۆرەکانی فرۆید گەیشتـە ئەو باوەڕەی کە لە خـەودا ئـازادی زیاتر هەیە، ئیشکردن، بـەرگری و مـاندووبوونی دنیـای واقـیع لـەوێدا بـوونیـان نیـیـە. هەر ئـەمـەش بـووەتە هـۆی ئەوەی کـە

سـوریالیـیـەكـان سـەرسـام بن بە تیـۆرەكـانی فـرۆید، چونكو وەک گـوتمان ئەوان بەدوای ئازادییەكی ڕەهادا دەگەڕان.

فرۆید بایەخێكی زۆری بەمـەسـەلەی (ego) و (Id) داوە لە دەروونشـیكاریدا واتە (من) و (ئەو) كـە لە دەروونی هـەمـوو تـاكێک بوونیـان هـەیە. (ego) (من) لە مـرۆڤدا تەمـسـیلـی واقـیع و سـەلامـەتی و عـەقل دەكـات. بەپێـچـەوانەی ئارەزوو و خـەون و حـەزەكان. بەمـەش "گرینگی فرمانی (من) بەدەر دەكەوێت لە پێكهاتەی خـۆیدا، لە سروشتی خۆیدا فرمان دەداتە توانای جوولێنەر لە تاک"[۱۸] واتە (من) لێرەدا ڕێک دەگـەڵ واقـیع دەگـونجێ. واتە (مـن) فـەرمـان بـەتاک دەكـات بـە چ شـێـوەیەک بجوولێتەوە. كە سـوریالییەكان پشـتیان پێ دەبەسـت، چونكو نووسـەری سـوریالی تەنیـا بۆ ڕازیبـوونی خـۆی دەنووسـێ، ئـەگـەر خـۆی لە خـۆی ڕازی بێ گـوێ بە هیچ كـەسـێكی تر نادات. " دەوری پاڵەوانـی دەقی سـوریالی كـەسـایەتییـەكی مـەیدانی و جیهانی تایبەتی خۆیەتی و كۆمەڵگەیەكی فانی دروست دەكات"[۱۹].

Id واتە (ئەو) لە مرۆڤدا پێچەوانەی (من)ە، چونكو شـوێنی حـەز و ئارەزووەكانە، واتە شـوێنی شـتـە چەپێنراوەكـانە لە مـرۆڤدا (Id) " لە بەشـی هـەرە نزمی ئاسـتی دەروونییـە واتە (Id) ڕەتكردنەوەی واقـیـعـە و كـۆمـەڵێ سـیـسـتـەمی سـروشـتی و بەرەڵاكـردنی حـەز و ئارەزووەكـان و ژیانێكی ناهومـێـدی و تاریكی بـێ سنوور و بەرەڵا واتە بـارە دەروونیـیـەكـانی خـراپ لە مـرۆڤدا وەكـو (شـڵـەژان، خـەمـۆكی، هسـتریا، شێتی مـەزنایەتی، دڵەڕاوكێ، وەسـواس) هەمـووی لەلایەن (Id) ئاراسـتە دەكرێت."[۲۰]

كـەواتە ئـەگـەر سـەیری بەرهـەمی سـوریالیـیـەكـان بكەین دەبینین ئـەم بەشـەی دەروون تەواو كـاریگەری بەسـەر نووسـەری سـوریالی هـەیە، ڕەنگە ئێـمـە تـابلۆ و شـیـعر و بەرهەمـەكانی تری سـوریالییـەكان بە هیی كـەسـێک دابنێین كە لە ڕووی دەروونییەوە تەواو نەبـێ، لێ لە ڕاستیدا ئەوان ئەو شتـە چەپێنراوانەی خـۆیان لەم شـوێنە (Id) لە دەرووندا بەرەڵا دەكـەن و بۆ ئەوەی واقـیـعـێكی باڵا بدۆزنـەوە یا دروست بكەن، كە تەنیا خۆیان خـاوەنی بن. كەواتە گۆڕانێكـی گەورە لە ڕێگەی ئەو ئارەزوو ناهومێدییانەی خۆیان كە هەیانە دروست بكەن.

## سـوریالیزم و هونەر

هونەر وەکو ئامـرازێکی دەربڕین کـە تێیـدا هونەرمـەند دەتوانێ بە جـوانتـرین و یاخـیـتـرین شـێـوە داهێنانی تێدا بکا. هونەر فـراوانە، دنیـایەکی ئاڵۆزە، تێـیـدا هونەرمـەند دەتوانێ جـوانی تێدا بـخـولقێنێ. جا چ بـەهۆی تابلۆکێشـانەوە بێ یا شانۆ یا سینەما یا هەر هونەرێکی تر.

سـوریالیـزمـەکان لە ڕێگەی هونەرەوە تـوانییـان داهێنانی مـەزن بکەن. خـەون و بیـرە سـەیرەکـانیـان لەم ڕێگەیەوە دەربـبـڕن. ئەگـەر سـەیری تابـلـۆکـانی (سلڤـادۆر دالی) یان (ڕێینە مـارگـریت) بکەین یاخـۆ کـارە شـانۆیی و سـینەمـاییـیـەکـانیـان دەبینین شتی مەزنیان کردووە، هەموو واقیع و لۆجیکێکیان تێک شکاندووە.

(سلڤـادۆر دالی) کـە یەکـێکە لە سـوریالیـسـتـەکـان و بە ڕابەرێکی مـەزنی سـوریالیـزم دادەنرێ. لـە سـاڵی (١٩٢٩) هاتە نێـو ڕێبـازی سـوریالیـیـەت. ئەم کەڵەهونەرمـەندە لە ناوچەی (کاتالنیا) لە ئیسپانیا لە ساڵی (١٩٠٤) لەدایک بووە، هـەروەها هـەر لەوێش لە سـاڵی (١٩٨٩) مـردووە، دوای ئەوەی زۆرترین تەمـەنی لە ئاوارەیی بەسـەر برد، لێ لە ساڵانی دواییی ژیانی گەڕایەوە شوێن و زێدی خۆی و هەر لەوێش مرد.

دوای ئەوەی دالی کـتـێـبی (لێکدانەوەی خـەونەکان)ی فـرۆیدی خـوێندەوە گـوتی "ئەو کـتـێـبـە بۆ مـن گـرینگتـرین دۆزینەوە بوو" لە سـاڵی (١٩٢٦) سـلڤـادۆر دالی گەیشتە پاریس، چوو بۆ دیدەنی پیکاسۆ پێش ئەوەی بچێت بۆ مۆزەخانەی (لۆڤەر) و پێی گوت: " هاتووم بۆ سـەردانت پێش سـەردانیکردنی لۆڤەر" ئەویش دەوەڵامدا گوتی "تۆ لەسـەر حـەقی" و لە پاش ئەوە کەوتە ژێر کـاریگەریی پیکاسـۆ. ئێمـە دەو باسـەمـاندا بۆیە باس لە سلڤـادۆر دالی دەکەین، چونکو ئەو هەمـووانی سـەرسـام کردبوو، سـوریالییەت نەک هـەر دەنێو تابـلـۆکانیدا، بگرە دەنێو ژیانیـشـیدا ڕەنگی دابوویەوە. (دالی) یەکەم تابلۆی خۆی لە سـاڵی (١٩١١) کێشـاوە، پەرکەمی شـێتی گرتبوو کە دەبێتە ناپلیۆن. ئەم نەخـۆشییە بەدرێژاییی ژیانی لەگەڵیدا بوو. یـەکەم ڕەوشـتـی دالی برێتی بوو لە یـاخـیـبـوون لە هەمـوو داوونـەریتـێکی کـۆمـەڵایەتـی کە دواتر فەلسـەفەی تایبەتی خۆی داهێنا. ئەو خاوەنی چەندان پێشـانگەیە، لە شاری بەرشلۆنە و دواتر لـە بروکسل پێشـانگەی بۆ تابلۆکانی کردەوە کە ئەو سـاڵانە پڕ

بوو له خـێـر بۆ سـوریـالییـەکـان کە بیـروباوەڕەکـانیـان بە هەمـوو جیـهـاندا بڵاو دەبوویەوە. لە سـاڵی (١٩٣٦) پێـشـانگەیەکی زۆر گـەورە لە لەندەن کـرایەوە بەهاوکاری کۆمەڵێک هونەرمەندی سوریالی فرەنسی و بەلجیکی کە تێیدا چەندان تابلۆ و دانراوی ئەدەبی و کـاری هـونەری ئەفـریقـی و وێنەی منداڵان نمـایش کـرا، دالی لەو پێشانگەیە دوازدە تابلۆی نمایشکرد. دوای سێ ساڵ گەڕایەوە بۆ مەدرید بۆ وێنەگرتنی فیلمێک بەناوی (سەگی ئەندەلوسی).

ئەم هونەرمەندە بەڕاسـتی داهێنەرێکی سـەیر بوو، ئەگەر سـەیری هەندێک لە وتەکانی بکەین ئەوەمان بۆ دەسەلمێت وەکو:

– من سلڤادۆر دالیم پرسیـار لە خـۆم دەکەم ئەم مـرۆڤە ئەمڕۆ چ پـەرجـوویەک دەنوێنێ.

– جیاوازی لە نێوان من و هەر شێتێکی تر ئەوەیە کە من عاقڵم.

– سوریالییەت واتە من.

– مەترسە لە کەماڵبوون، چونکو هەرگیز پێی ناگەی.

– من خاڵیم لە کەموکووڕی، من یەکەم سوریالیم کە سەر بەهیچ شتێک نیم.

– بۆ ئەوەی تابلۆ بکێشم پێویستە شێت بم، باوەڕم وایە گەورەترین وێنەکێشی ئەم سەردەمەم.

ئەگەر سـەیری ئەم وتانەی بکەین سوریالییەت و یاخیبوونی ئەم هونەرمـەندەمان بۆ بەدیاردەکەوێ. کە لە هەموو شتێک یاخییە.

ئەم هونەرمـەندە تـەنیـا لە بواری وێنەکـێـشـان کاری نـەکردووە، بگرە لە بواری سینەماشدا داهێنانی هەبووە. هونەرمـەند تەنیا لە ڕێگەی یەک هونەرەوە بیروڕا شـێـتـانەکـەی دەرنەبریوە. بگرە هەوڵی داوە لـە بواری سـینەمـاش ئەو بیـروڕایانە دەرببڕێت و هەوڵی گۆڕینی ژیان بدا. دالی بیروڕا شێتانەکەی لەناو سوریالییەکان چەسـپـاند، هەروەک بـە شـەقـامـەکـانی پاریس ڕای دەکـرد و هاواری دەکـرد" دوو بلیـمـەت لە جیـهـان هەن ئەوانیش من و پیکاسـۆ"ین. داهێنانی جوانی لە بواری هونەری سینەمـا و فۆتۆگراف و ڕاگەیاندن لەسەر شاشـەکانی تـەلەڤزیۆن ئەنجام دا. هەروەها هۆگری زانست بوو بـەتایبـەتی تیـۆری ڕێژەیی (ئەلبێرت ئەنشـتاین) هەروەک لە تابلۆ بەناوبانگەکەی (پڕ کـاتژمـێر) بەشـێوەیەکی ترسناک تەعبیری لە

کـات کـردووه. هـونەرمـەند بەهۆی دەرهێنانـی دوو فـیلمی سـینەمـایی بەناوەکـانی (سـەگی ئەندەلوس ١٩٢٩) و (سـەدەی زێڕین ١٩٣٠) دەتوانین بڵـێین سـینـەمـای سوریـالی دامەزراند. ئەم هونەرمـەندە بەڕاستی هەمـوو سیفەتێکی بیرمەندی تێدا بوو هـەر لە شـێتایەتییە سـەرسوڕهێنەرەکەیەوە کـە بەهۆی ئەو ڕەفتـارەی دەینواند لە ژیانی ڕۆژانەی و کاره هونەرییـەکانی. لە ساڵانی شـەڕی دووەمی جیهـانی کە لە ئەمەریکا دەژیا کە ناو و ناوبانگی لەلایەن ملیۆنان ئەمەریکی دەنگی دابوویەوە.

سلڤـادۆر دالی لە سـاڵی (١٩٨٩) لە تـەمـەنی (٨٤) سـاڵیدا کـۆچی دوایـیی کـرد. دوای ئـەوەی تـووشـی نـەخــۆشـی هـەڵچـوونـی دەروونـی بـوو، کـــە هـاوڕێکانـی پاسـەوانییـان لێ دەکرد و ڕێگەیان بەکەس نەدەدا سەردانی بکا مـەگەر بۆ کـاریکی زۆر پێویست نەبووایە.

هونەرمـەندێکی تری سـوریالی کـە تاکـو ئێسـتاش تابلـۆکانی بـە ملـیۆنان دۆلار دەفرۆشرێ، ئەویش (پـابلۆ پیکاسۆ)یـە. هونەرمەند لە سـاڵی (١٨٨١) لە ئیسـپانیا لەدایک بووە. کـاریگـەرییـەکی مـەزنی لەسـەر هـونەری سـەدەی رابردوو هـەیە، تابلۆکانی جێگەی بایەخن و بەڕاستی دەگەڵ (سلڤادۆر دالی) شـۆڕشیان لە هونەر بەرپا کرد. دەتوانین بە رەمزی هەمـوو دیاردەیەکی هونەری یاخی دابنێین. بۆ یەکەم جـار لە سـاڵی (١٩٠٠) گەیشـتە پاریس، لەوێ توانـی زۆر گۆڕان لە ژیانی هونەری خـۆیدا بکا و داهـێنانی مـەزن ئەنجام دات. کـاتێ لە سـاڵی (١٩٣٧) شـەڕی ئەهلی لەناو ئیسـپانیـا ڕووی دا ئەمـەش پاڵی پێوەنا وەکو سیاسییـەک دەربکەوێ، ئەمەش وای لێ کـرد هونەرەکـەی بەرەو ئـاراسـتـەیـەکی نوێ بڕوات و ئەمـە کـاری لێ کـرد هونـەرەکـەی زیاتر ڕەنگدانـەوەی ئەو بارودۆخـە بێ، بەتـایبـەتی کـاتێ شـارێکی بچـووکی وەکـو (جـۆرنیکا) لە ئیـسـپـانیـا بۆردومـان کـرا، زۆر لە تابلـۆکـانی ئەو سـەردەمی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخـە بـوون. ئەم هونەرمـەنـدە لە سـاڵی (١٩٧٣) مرد، دوای خۆی سەدان تابلۆ و داهێنانی جوانی بەجێ هێشت.

هـونەرمـەنـدێکی تری سـوریالی کـە دەورێکی باڵای هـەبـوو لەنـاو ڕێبـازی سوریالییەت (ڕێنیە ماگریێت) بوو. لە ساڵی (١٨٩٨) لە شارێکی بچووکی بەلجیکا لەدایک بووە. لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیست بەشـێوەیەکی سـوریالی هونەرەکەی خۆی پێشکێش کرد، بیرکردنەوە و بابەتە نوێیـەکانی خـۆی پێشان دا، پێوەندی لە

نێوان شتە جیاوازەکاندا دروست کرد. هەروەها ناونیشان بایەخێکی یەکجار گرینگی لای (ماگرێت) هەبوو، بۆیە ناونیشانی سوریالی و سەیری بۆ تابلۆکانی دادەنا وەک (تامی فرمێسک)، (ئاوێنەی تەزویر) کە لەمەی دووەمیان وێنەی چاوێکە پێچەوانە بووەتەوە ئەم چاوە لە حاڵەتی بیرکردنەوەیە لە وێنەکە.

بێجگە لەمانە کۆمەڵێ کەڵەهونەرمەندی تر هەبوون لەناو ڕێبازی سوریالییەت دیارن و کاریگەرییان هەبووە، وەک (ماکس ئێرنست) بەگەورەترین وێنەکێشی سەدەی بیستەم دادەنرێ، هەروەها لە بواری شێوەکارییش کاری دەکرد، لە ژیانی خۆیدا خاوەنی چەندان پێشانگەیە کە هەموویان گرینگی و بایەخی خۆیان هەبووە. سەرەتا دەگەڵ دادابیزمەکان دەبێ، لێ دوای هەرەسهێنانی دادابیزم پێوەندی بە سوریالیزمەکانەوە دەکات. بەشداری لە دامەزراندنی کۆواری (سوریالیزم لە خزمەتی شۆڕش) دا دەکات، خاوەنی چەندان کتێبە وەکو کتێبی (ژنی سەد سەر) تا لە ساڵی (١٩٦٧) لە فەرەنسا مرد.

(مان ڕێی)ی هونەرمەند کە فۆتۆگرافێکی مەزن بوو. لە ساڵی (١٨٩٠) لە ئەمەریکا لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٧٦) لە فەرەنسا مردووە. چەندان پێشانگەی فۆتۆگرافی کردووەتەوە، هەروەها دەیان نووسراوی گرینگی لەبارەی هونەر و وێنەی فۆتۆگرافی هەیە. دەگەڵ سوریالییەکان بەشداری لە بەرەوەپێشچوونی ئەم ڕێبازە کرد. وەکو زۆربەی شاعیر و هونەرمەندەکانی تر سەرەتا لەناو ڕێبازی دادابیزم بووە پاشان پێوەندی بەم ڕێبازەوە کردووە و دەورێکی باڵای گێڕاوە لە بە جیهانیکردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە. هەروەها دەرهێنەری چەندان فیلم بووە وەک (گەڕانەوە بۆ عەقل) کە لە ساڵی (١٩٢٣) دەری هێناوە و بەشداری لە چەندان شانۆ و فیلمی سینەمایی تر کردووە.

هونەرمەندێکی تر (ژان لوی بونوێل) دەرهێنەرێکی مەزنی سوریالی بوو، دەگەڵ سلڤادۆر دالی فیلمی (سەگی ئەندەلوسی)یان دەرهێناوە. فیلمی (روحی لیۆنارا) یەکێکە لە بەرهەمە جوانەکانی ناوبراو، دەقی ئەم فیلمەی لە چیرۆکێکی کورتی (ئەدگار ئالان پۆ)وە وەرگرتووە. لە ساڵی (١٩٦٦) کردی بە فیلم. دەرهێنەر لەم فیلمەدا بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لە مێژووی ئەوروپا دەگەڕێتەوە، ئەم فیلمە باس لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو سەردەم ناکات وەکو کاریگەری،

بەڵکو باس لە ناوەوەی مرۆ بۆ ژیان و خۆشەویستی و مردن دەکات. مرۆ لە ناوەوەی خۆی چلۆن دەڕوانێتە ئەم بابەتانە. پاڵەوانی فیلمەکە ناوی (ریتشارد)ە و خێزانە جوانەکەی (لیۆنارا) پاش ئەوەی لەسەر پشتی ئەسپ بەردەبێتەوە و دەمرێ، هەرچەندە ئەو ئەسپەی زۆر خۆش دەوێت ریتشارد ئەو ئەسپە دەکوژێت و لە تەویلەکە دێتە دەرەوە و شمشێرەکەی دەسڕێت. بۆشاییەکی گەورە لەنێو دەروونی دروست دەبێ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کچێکی تر دەخوازێ بەناوی (کاترین)، لێ ناتوانێت شوێنی خێزانی یەکەمی بۆ بگرێتەوە، دوای تێپەڕینی دە ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە ریتشارد ناتوانێ لیۆنارا لە بیر بکا، هەرچەندە وازی لە هەموو کەسێک هێناوە، هەر لە ناوەوەی خۆی بەدوای خۆشەویستی ئەودا دەگەڕێ، هەروەها لەو شتانەی یادگاری و بۆنی ئەویان لێ دێت. دوای ئەوە کەسێک لە شێوەی تارمایی دێت، لەوانەیە ڕووی دووەمی ریتشارد بێ. پێی دەڵێ: بچێت سەر گۆڕی لیۆنارا هەڵداتەوە ئەو زیندوو دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە نێو ژیان. ئەویش ئەوە ئەنجام دەدات و لیۆنارا دێتەوە ناو ژیان، لێ شێوەیەکی گەرم و ئازاراوی هەیە، وەکو سروشتی خۆی نییە، بۆیە پێویستی بە قەرەبوو هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر شێوەی جارانی، ئەویش بەهۆی قوربانیکردنی جەستە دەبێ، واتە کوشتنی کەسانی تر. یەکەم کەسێک خێزانی دووەمی ریتشارد دەبێتە قوربانی و دواتر منداڵەکانی، لیۆنارا درێژە بەو کوشتارییە دەدات تاکو بەردەوام بێت لە ژیان، بۆیە هەموو خەڵکی کۆ دەبنەوە و داوا لە ریتشارد دەکەن لیۆنارا بکوژێت. ئەگەر سەیری هەرسێ چەمکی (خۆشەویستی، ژیان، مردن) لەم فیلمە بکەین، هەست دەکەین بۆنوێل کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هونەری و فەلسەفییەکانی ئەو کاتە بەتایبەتی تیۆرەکانی فرۆید.

بەگشتی ئەم هونەرمەندانە و چەندانی تر کە لێرەدا جێگەی باسی هەموویان نابێتەوە، دەورێکی گرینگیان لە سەرخستنی ئەم ڕێبازە بینیوە. هونەریش ڕێگەیەک بووە بۆ جوانکردنی ژیان و بەرەو پێشەوەبردنی. کەواتە هونەر دەتوانێ گۆڕان دروست بکا، ڕەنگەکان ڕەنگی تر دروست دەکەن، تام و چێژ دەدەن بۆیە ئەم هونەرمەندانەش لەم ڕێگەیەوە توانییان واقیعێکی بالاتر جگە لەم واقیعەی کە هەیە دروست بکەن و دەورێکی یاخیگەرایییانەیان هەبێ لە بەرەوپێشچوونی سوریالیزم و ژیان.

## بنەماكانی ڕێبازی سوریالیزم

بێگومان هەموو ڕێبازێک دەبێ كۆمەڵێ بنەما و دەستووری هەبێ تاكو لەسەری بڕوات لە خوڵقاندنی بەرهەمەكانی خۆیان پشتی پێ ببەستن. سوریالیزمەكان بەو پێیەی بزووتنەوەیەكی گەنجانە بوون، كۆمەڵێ گەنج بوون دژی هەموو لۆجیک و عەقلێكی باو بوون. بۆیە پەیڕەوی كۆمەڵێ بنەمایان دەكرد كە بوو بە تایبەتمەندی ڕێبازی سوریالیزم گرینگترین بنەماكانیش ئەمانەن:

١- خەون:

خەون یەكێكە لە بنەما هەرە سەرەكییەكانی سوریالییەت، چونكو كاتێک مرۆڤ بەهۆی جەنجاڵی ژیان و ژاوەژاو و بیركردنەوە لە ژیان ماندوو دەبێ پەنا بۆ نووستن دەبات. جا خەون دنیایەكی ئازادە، ئازادییەكی ڕەها. ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە كە سوریالییەكان دەیانویست و پەنایان بۆ دەبرد. هەموو شتێک لە جیهانی خەون دەستكەوتنی ئاسانە، لەم جیهانەدا مرۆ لە كۆت و زنجیری عەقڵ قورتاری دەبێ، ئازادی بە دەست دەهێنێ" داهێنانی سوریالیزم لەمەدایە كە بایەخی خەونی نیشان داوە و هەم لە ڕووی سایكۆلۆجییەوە و هەم لە ڕووی میتافیزیكییەوە، بایەخی خەونیان بە ئەندازەی بایەخی بێداری زانیوە."(٢١) بۆیە خەون بایەخێكی گرینگی لای سوریالییەكان هەبوو، بە باڵی خەون دەفڕین بۆ جیهانی سەرووی واقیع كە جیهانی ڕاستەقینەی سوریالییەكان بوو. بەمەش خەون دەبووە ئامرازێک كە سوریالیزمەكان پەنایان بۆ دەبرد بۆ ئەوەی بگەن بە حەقیقەت. بە بڕوای سوریالیزمەكان خەون كارێكی نا واقیعی نییە، بگرە هیچی لە بێداری كەمتر نییە. لەوێوە شاعیر یاخۆ هونەرمەند دەتوانێ جوانییەكان، ڕاستییەكان ئەو شتانەی كە لە واقیعدا دەستیان ناكەوێ لەوێ بیدۆزنەوە بۆیە هەردەم لەناو خەون و خەیاڵدا دەژیان. بەمەش لە ڕووی سایكۆلۆجییەوە خەون دەورێكی گرینگ لە ژیانی مرۆ دەگێڕێت. هەروەک (فرۆید) كتێبێكی گەورەی لەبارەی خەونەوە داناوە بەناوی (لێكدانەوەی خەونەكان)، هەروەها دەیان خەوننامە دانراون ئەوەی لای ئێمەی كورد زۆر باوە خەوننامەی (ابن سیرین)ە، بۆیە سوریالییەكان وەكو بێداری حیساب بۆ خەون دەكەن.

٢- گەڕان بەدوای شتە نهێنییەکان:

سوریالیزمەکان لە ڕێگەی خەونەوە دەیانویست دەیان شت کە لەم جیهانەدا نهێنین پەی پێ ببەن و بیدۆزنەوە و ئاشکرای بکەن. دەیانویست پەردە لەسەر شتە شاراوەکان هەڵبدەنەوە و داهێنانی مەزن ئەنجام بدەن. خەیاڵیش ڕێگەیەکی تر بوو کە لە ڕێگەیەوە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکان. بێگومان لە ژیاندا هەر ئەو شتانە بوونیان نییە کە ئێمە بە هەستەکانمان هەستیان پێ دەکەین، بگرە لەودیو واقیعەوە دەیان شتی نهێنی و شاراوە هەن کە پێویستییان بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنە. ئەوانیش وێڵی ئاشکراکردنی دوای ئەو نهێنییانە بوون لە جیهان.

٣- شێتایەتی:

کە باس لەمە دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە کە سوریالیزمەکان شێت بن و نەخۆشی دەروونی و عەقلییان هەبێ. بگرە ئەوان بۆ خۆیان دژی هەموو لۆجیک و عەقلانییەتێک بوون، ئەوان لە ڕێگەی ناهۆشیارییەوە دەیانویست جوانییە نائاگاییەکان بدۆزنەوە. زۆرجار مرۆی ئاسایی پەی بە هەندێک شت نابات وەکو ئەوەی شێتەکان پەی بە هەندێک شت دەبەن لە ڕێگەی نەست (لاشعور). هەروەها شێتەکان پێچەوانەی هەموو یاسا و داوونەریتێکی کۆمەڵگا هەڵسوکەوت دەکەن و گوێ بەهیچ شتێک نادەن. بۆیە سوریالییەکان ئەم ڕێگەیەیان گرتە بەر، ئەوانیش شتی سەیریان ئەنجام دەدا کە هەر لە خەیاڵ و کردەوەی شێتانە دەچوو. گوێیان بەو ڕەخنانە نەدەدا کە لەبارەی ڕەتکردنەوەی واقیعەوە لێیان دەگیرا، چونکو ئەوان مەبەستیان بوو جیهانێکی سەروو واقیع دروست بکەن و ژیان بگۆڕن بۆ ئەمەش پێویستییان بەوە بوو عەقل و لۆجیک توور هەڵبدەن. ئەگەر سەیری تابلۆکانی (سلڤادۆر دالی) بکەین دەبینین شێتییەکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیارە، کەواتە سوریالیزمەکان بۆ دەربڕینی ئەو بیر و خەیاڵانەی خۆیان ڕێگەی شێتایەتییان گرتبووە بەر، واتە شێوەیەکی شێتانەیان دەدا بە بەرهەمەکانیان ئەوان شێت نەبوون بگرە شێتایەتییان پەیڕەو دەکرد.

٤- گاڵتە و گەمەکردن:

فرۆید گاڵتە بە میکانیزمێک دادەنێ کە مرۆ وەکو بەرگریکردن لە جیهانی

ئاگـاییی بەکـاری دەهێنێت. کـەسێ لە جـیـهـاندا کـە پێـوەندییـە مـرۆیی و ئەخلاقییـەکانی بە لاواز سـەیر کرا لەلایـەن دەسـەلات و سـتـەمکارەکان باشـترین ئامرازێک ئەوەیە گاڵتە بەو بارودۆخ و دەسـەلاتە بکا. هەروەها کاتێک مرۆ دەروونی پڕ دەبێ لە خـەم و ناڵە باشـترین چەکێک بۆ خـۆ بەتاڵکردنەوە گاڵتـە و گەمـەیە. سـوریالییـەکانیش گاڵتـە و گەمـەیان وەکو چەکێک بـەکاردەهـێنا بۆ ریسـواکردنی دەسەلاتی سـتەمکار و نا دادپەروەران. بەمـەش شتی عەنتیکە و سەیروسـەمەرەیان دەکرد. هەروەها گەمـەکـردن یەکێک بوو لەو ئامـرازانەی کـە سـوریـالییـەکان چ بۆ داهێنانی شـیـعـر یاخـۆ تابلۆ بـەکـاریان دەهێنا. بـۆ نموونە چەند شـاعـیـرێکی سوریالی کۆدەبوونەوە هـەریەکە بۆ خـۆی دەستەواژەیەک یا ڕسـتـەیەکی دەنووسی و دەیدا بەوەکەی تر بێ ئەوەی کـەس بزانێ ئەوەی پێشـتر چی نووسـیوە سـەرەنجـام شیعرێکی جوانی لێ دروست دەبوو. یاخـۆ دوو کەس یەکێکیان پرسـیاری سـەیری لە کەسی بەرامبەری دەکرد کە بە نیشانەی پرسیاری وەکو (کێیە؟، چۆن؟، چییە؟، کەی؟...) دەست پێ بکا و کـەسی بەرامبەر دەبێ یەکسەر وەڵام بداتەوە جا گرینگ نییـە وەڵامەکەی لۆجیکی بێ یاخـۆ نا، ئەمـەشیـان گەمـەیەکی تری سـوریالییەکان بوو. ئەوان ئەم میکانیـزمـەیان بەکار دەهێنا بۆ وێرانکردنـی واقیـع و لۆجیک تاکو بەشـێـوەیەکی جـوانتـر و نـوێتـر دروسـتی بکەنەوە، ئەم گـەمــەیە لەناو ئـەدەبی کوردیشدا کراوە وەکو لە کۆواری (وێران).

٥- سـەیروسـەمـەرەی سـوریالییەکان:

سـوریالـیزمـەکان هـەمـوو کات لە بەرهـەم و کـار و کردەوەکانیـان بـەدوای شـتی سـەیروسـەمەرەوە بوون کـە دەگەڵ عـەقل و لۆژیک نەدەگونجـا. شتی وایان دەکرد یا ئەنجـام دەدا کـە جـێگەی باوەڕکردن نەبوو. بۆ نموونە (سـلڤـادۆر دالی) هـەوڵ دەدا شـتێکی سـەیر دابـهێنێ. داوا دەکات ئۆتۆمۆبێلێکی دێو ئاسـا بەرهـەم بهێنـێ کە لە شێوەی مرۆ بێت لە گەچ دروست کرابێ. پاشان بەجلوبەرگی ژنـان بڕازێنرێتەوە و ئارایشت بدرێت. پاشـان لەناو خـاکدا لە گۆڕ بنرێ و کاتژمێـرێکی دیواری لەسـەر گـۆڕەکـە بچـەقـێنرێ. ئەگـەر سـەیری ئـەم نموونەیە بکەین دەبینـین خـەیاڵێکی نا لۆجیکییـە، ڕەنگە لای کەسانی ئاسـایی باسی بکەین گەمە بە عـەقڵمـان بکەن، لێ ئەمـەش تام و چێژی خـۆی هـەیە تێکشکاندنی واقیـع و لۆجیکە، تەنیـا لە جیـهـانی

خەون و خەیاڵ بوونی هەیە. ئەگەر سەیری پەیکەرەکانی هونەرمەندی سوریالی (ماکس ئیرنێست) بکەین شتی سەیروسەمەرەی بۆ دروست کردووین کە بەهیچ شێوەیەک لە واقیعدا بوونیان نییە تەنیا یاخیبوون وای لێ کردوون ئەم شێوازانە دروست بکەن.

٦- نووسینی لە خۆوە (ئۆتۆماتیکی):

ئەم هونەرە کە سوریالیزمەکان پەیڕەوی دەکەن (ئەندرێ بریتۆن) لە بەیاننامەی یەکەمی سوریالییەکان ڕای گەیاند وەکو دەستوور و یاسایەک چەسپاندی. هەروەک دەڵێ:" سوریالیزم ئۆتۆماتیکییەتی مێشکێکە کە دەخوازێ لە ڕێگەی زمان یا قەڵەم یا هەر ئەوزارێکی تر، ڕەوتی واقیعی کاری بیرکردنەوە و هزرین نیشان بدا و دەرببڕێ. سوریالیزم چەسپاندنی هزرینە بێ حوکمی ئەقڵ و بەدەر لە هەر جۆرە پابەندییەک بە یاسای جوانیناسی و پرەنسیپی ئەخلاقی"[٢٢] هەر لەو بەیاننامەیە داوا لە نووسەرانی سوریالیزم دەکات کە لە شوێنێک بە تەنیا دابنیشن و بیرکردنەوە و هزریان لەبار بێ، بە خێراییەکی وا بنووسن کە دەرفەتی دووبارە خوێندنەوەیان نەبێ.[٢٣]

کەواتە نووسەری سوریالیی هەوڵ دەدات لە دەست ژاوەژاو و قەرەباڵغی شارستانییەت و پێشکەوتن رزگاری بێت و جڵەوی بیرکردنەوەی بداتە دەست قەڵەمەکەی بەئازادی چۆن دەنووسێ و چی دەنووسێ؟ ئەم تەکنیک و هونەرە بە بنەمایەکی سەرەکی سوریالیزمەکان دادەنرێ. لە وێنەکێشانیش هونەرمەند هەوڵ دەدات بچێتە دەرەوەی واقیع و لۆجیک لەوێوە هەموو شتێک بداتە دەست فڵچەکەی دەستی لە خۆوە چۆن هێڵەکان دەکێشێ. بۆیە دەبێ هونەرمەند و نووسەری سوریالیی ئەوەندە بە خێرایی و بەپەلە بنووسێ نەزانێ پێش ئەو وشەیە یا ڕستەیە چی نووسیوە، نەوەک لە خەیاڵ و خەون و نائاگایی بەئاگابێتەوە و بپچڕێت، چونکە نووسەر و هونەرمەندی سوریالی دەبێت خۆی بخاتە حاڵەتێکی نائاگایی و پێوەندی بە جیهانی مادییەوە بپچڕێنێ.

**زمانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمەکان**

سوریالییەکان لە ڕووی بەکارهێنانی جۆر و شێوازی زمان لە ئەدەبەکەیاندا

ئەوەندە بایەخیان بە پێوەندی و ڕێکخستنی نێوان وشە و دەستەواژە و ڕستەکان نەدەدا. ئەوان پێیان گرینگ نەبوو پێوەندی لۆجیکی دەنێوان دەستەواژە و ڕستەکان هەبێ. بەڵکو هەر خۆیان وشە و دەستەواژەی وایان لە تەک یەکتر بەکار دەبرد کە هیچ پێوەندییەک لە نێوانیان نەبوو. لەبەرئەوەی سورياليیەکان پشتیان بە نائاگایی دەبەست و سوودیان لە شێتایەتی دەبینی بۆیە لە شیعرەکانیان و بەرهەمەکانیان هەمان وشە و زمانی شێتانەیان بەکار دەبرد. هەروەها ئەوان زمانی واقیع و لۆجیکیان ڕەت دەکردەوە و دژایەتییان دەکرد.

ئەگەر سەیری شیعرەکانیان بکەین دەبینین وشەی وایان بەکار هێناوە کە سەیر و سەمەرەیە و مرۆڤ دەخەنە پێکەنینەوە، لێ لە پشت ئەم وشانەوە دنیایەکی جوان هەیە کە پڕیەتی لە تام و چێژی هونەری و ئێستێتیکی. دەبینین زمانی ئەدەبی سورياليزمەکان هەر لە زمانی وڕێنە دەچێت دوورە لە ئەقڵ و واقیعی مرۆ. بۆ نموونە (پۆل ئیلوار) لە شیعرێکی خۆیدا ئەم ڕستەیە بەکار دەبات (خاک شینە وەک پرتەقاڵ) یاخۆ (ئەراگۆن) دەڵێت: (میوە بەتامی لم)، ئەگەر سەیری ئەم وشانە بکەین هەریەکەی سەر بە واقیعێکە و ئەم شاعیرانە چەند واقیعێکی جیاوازیان لە تەک یەکتردا کۆکردووەتەوە تاکو ئەم ڕستانەی لێ خوڵقاوە. بۆیە دەمانخەنە تێرامان و بیرکردنەوەیەکی زۆر بەوەی دەبێ بپرسین ئاخۆ لەواقیعدا (میوە بەتامی لم) هەیە؟ وامان لێ دەکات بەدوای ماناکانی پشت ئەم وشانە بگەڕێین، بێگومان چەندان مانا و دەلالەتیان لە دوای خۆیان حەشارداوە و دەکرێ خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، هەریەکەمان بەجۆرێک خوێندنەوەی بۆ بکەین. ئەمەش وا دەکات جموجۆڵییەک بە خوێنەر بدا و عەوداڵی بکا تاکو ماناکانی ئەودیوی ئەم وشە و ڕستانە لێک بداتەوە، نەک هەر ئەوەندەی سەرپێیی شیعرێک بخوێنێتەوە هیچ بیرێکی لا دروست نەکات. ڕەنگە ئەم ڕستانە چەندان بیرکردنەوەی جوان لای مرۆ دروست بکەن.

ئەمە بۆ هونەریش هەمان شتە، هەرچەندە لە وێنەکێشان وشە بەکار ناهێنرێت، لێ ڕەنگ و شێوێنەواری فڵچە و سێبەر و وێنەکان جێگەی وشە دەگرنەوە. هونەرمەندی سوريالیی کۆمەڵێک وێنە و کەرەسەی زۆر جیاواز لە تەک یەکتری دادەنێن و وێنەیەکی سوريالیی لێ بەرهەم دەهێنن. ئەو کەرەسە و وێنانە هیچ پێوەندیەکی لۆجیکی و واقیعی دەنێوانیاندا نییە و هەر یەکەی سەر بەواقیعێکە

وەک تابلۆکانی (سلڤادۆر دالی) و (ماگریت). وەک ئەو تابلۆیەی کە شەمەندەفەرێک لەناو دیواری ئاگردانی ماڵ دێتە دەرەوە یاخۆ هاتنە خوارەوەی سەدان پیاو لە ئاسمان وەکو باران. ئەم وێنانە زۆر نالۆجیکین و عەقڵ قبوڵیان ناکات، لێ کۆمەڵێک دەلالەتیان لە پشتەوەیە دەبێ بینەر بەدوای ئەو مانایانەوە بێ، ئەمەش وا دەکات کە چەندان خوێندنەوەی جیاواز لای خوێنەر بەپێی روئیای خوێنەر دروست بکەن.

ئەم دنیایەی سوریالییەکان یاخۆ ئەو زمانە ئەدەبییەی سوریالییەکان وا دەکات ئێستێتیکایەک بە دەقەکان بدات، وایان لێ دەکات جوان و گەنجانە و نوێخوازانە و یاخیبووانە بن. ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان دەیانەوێ زمان و دنیای کۆن تێک بشکێنن و زمانێکی بالآتر و دنیایەکی نوێتر و بالآتر بئافرێنن، دەیانەوێ لە هەموو لایەنێکی ژیان نوێخواز بن. دژی هەموو لۆجیک و واقیعێک و داوونەریتێک بەبەکارهێنانی وشە و زمانی ناماقووڵ و دوور لە واقیع وەستانەوە. لێرەوەش بۆمان دەردەکەوێ زمانی ئەدەبی سوریالیزمەکان زمانێکی نوێ بووە، زمانێکە یاخییە لە هەموو یاسا و رێساکانی رێزمان، چونکو لە رستەدا ئەگەر دوو وشەی سەر بە دوو واقیعی جیاواز بەکار بێنیت لە رووی واتاسازییەوە ناگونجێ هەروەها لە رووی رێزمانیش بە ناماقووڵ دادەنرێت. بۆ زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکانمان ئەم شیعرەی (پۆل ئیلوار) دەخەینە روو:

روانینی تازە
دەروازەکانی کۆلآن داخراون
جلەکانی خانەوادەیەکی گەورە
تیشکی هەتاو
پیاو دەترسێنێ
مەحکوومە
چونکە خۆی بچووکە و جلەکانی گەورە
شووشە شەرابێک
بەرداخێکی ئاو

دوو جووت عەینەک
یەک دەستە کراس
زۆر
کەمێ کەرە
بەڵام بەیانی سێبەری قاچەکانم
بەڵام چراکانی ئاو
بە گرێبەندی ژنهێنانی باوکم
دەردێنم
ئاسمانی ئاب
کچەکانی کچی منن(٢٤)

**ڕوخساری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمی ئەوروپایی**

ئەگەر باس لە ڕوخساری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمی ئەوروپایی بکەین، بێگومان لە گەلێ لایەنەوە تایبەتمەندی و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەک زۆربەی ڕێبازە ئەدەبییەکانی تری وەکو کلاسیزم، ڕۆمانسیزم، دادایزم، پووچگەرایی...هتد، لێ سوریالییەکان زیاتر فۆرم و ناوەڕۆکیان تێکەڵاو کردبوو. ئەم تێکەڵاوییەش ئەوە ناگەیەنێ کە لەم دوو ڕووەوە تایبەتمەندی خۆیان نەبێ. بۆیە دەتوانین ڕوخساری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالییەکان لەم خاڵانە دیاری بکەین:

١- پابەند نەبوون بە خاڵبەندی، خاڵبەندی هەردەم بۆ ئەدەب گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وا دەکات وشە و ڕستەکان لە ڕووی مانا و تێگەیشتنەوە ڕێک بخات. لێ سوریالییەکان هیچ جۆرە نیشانەیەکی خاڵبەندییان لە شیعر و بەرهەمەکانیان بەکار نەدەهێنا، ئەمەشیان بەلاوە تەکنیک بوو. چونکو بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناواقیعی و لۆجیکی وا دەکات پێوەندی لە نێوان وشەکان نەبێ، کەواتە لێرەدا پێویستی بە خاڵبەندی نابێ.

٢- سوریالییەکان لە شیعر و هونەردا هونەری لێکچوواندنیان بەکار دەهێنا، لێ

ئەوان لێکچوواندنێکی تازەیان داهێنا. ئەویش کاتێک شتێکیان بە شتێکی تر دەچوواند لە واقیعدا دەگەڵ یەکتر ناگونجێن و پێ ناچێت ئەو سیفەتانەیان هەبێ. واتە لە ڕووی لۆجیکی و واقیعییەوە نەدەگونجا، لێ ئەگەر لێی وردبیتەوە ڕەنگە ڕوو بدا ئەو سیفەتە دروست بێت کە زۆر ئێستێتیکی دەبێ.

٣- سوریالییەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە شیعری وێنەییان داهێنا. (ئاپۆلینێر) بە داهێنەری ئەم جۆرە شیعرە دادەنرێ، کە بە شیعر وێنەیەکیان دەکێشا کە تەعبیر لەو وێنە بکا.

٤- سوریالیزمەکان پەخشانە شیعریان دەنووسی کە جۆرێکی ترە لە شیعر، لە ڕووی ڕوخسارەوە جیاوازە. واتە شیعر بەشێوەی پەخشان، وەک پەخشانە شیعرەکانی (ڕۆژێ ژیرۆد) و (پییێر ڕوڤێردی).[٢٥]

٥- لە شانۆدا سوریالییەکان شێوازێکی نوێیان داهێنا، ئەویش بینەران لە ناوەراستی شانۆ دادەنیشتن و شانۆیەکەش لە دەوری بینەرەکان پێشکێش دەکرا. ئەمەش ڕوخسارێکی تایبەتی سوریالییەکانە بۆ ئەوەی بینەر باشتر تێکەڵاوی شانۆیەکە بێ.

٦- ئەگەر سەیری وشە و دەستەواژە و ڕستەکانیان بکەین، وشە و ڕستەی سەیریان بەکار دەبرد، کە پێوەندی لۆجیکی و واقیعی لە نێوانیاندا نییە بەمەش لە ڕووی واتاسازییەوە ناگونجێت، ئەمەشیان بە مەبەست دەکرد تاکو وێنە و تێگەیشتنی سەیر دروست بێ و خوێنەر زیاتر بەدوای ماناکان بگەڕێت، مانا و بیرکردنەوەی جیاواز بەدەستەوە بدا.

### ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمی ئەوروپایی

١- ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی شیعرە سوریالییەکان بکەین دەبینین ناوەڕۆکێکی یاخیبووانەی هەیە، دژی دەسەڵات و بورژوازییەت و شارستانییەتی تازە، چونکو سوریالییەکان شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیان بە چاوی خۆیان دیبوو کە چ وێرانکارییەکی لە دوای خۆی بە جێ هێشت، بۆیە ئەوانیش ئینتمایان بۆ هیچ شتێک نەبوو لە هەموو شتێک یاخی بوون، بەتایبەت لە دەسەڵات و بورژوازییەت.

٢- بابەتەکانیان سەردەمییانە بوو، لەبارەی شتی ناوێزە (شاذ) و نەخۆشی و گیروگرفتەکانی مرۆ بوو. ئەوان بەڕاستی دەیانویست مرۆ لە کۆت و بەندی هەموو لۆجیکێک و واقیعێک ئازاد بکەن، تێ دەکۆشان بۆ دروستکردنی واقیعێکی بالآتر لەو واقیعەی تێدا دەژیان.

٣- ئافرەت لە شیعر و تابلۆکانیاندا بەشێوەیەکی زۆر بڵاو بەرچاو دەکەوێ. ئەوان بایەخێکی زۆریان بە ئافرەت دەدا، تەنانەت خۆشەویستیی ئافرەتیان گەیاندووەتە ئاستی شیعر و بە شیعریان چواندووە. ڕایان وابوو ئەگەر ئافرەت نەبووایە شیعریش نەدەبوو.

٤- لای سوریالییەکان خۆشەویستی ڕێگەیەک بوو بۆ هێنانە پێش چاوی جیهانی داهاتوو، ئەویش خۆشەویستییەکی ڕەها، بەهەمان شێوە ڕێگەیەکە بۆ زانیاری، لە خۆشەویستیدا هەموو قەدەخەکراوێک گونجاوە، ئەوان لەم ڕێگەیەوە جیهانیان نوێ دەکردەوە، بۆیە زۆربەیان خۆشەویستییان کردووە، وەکو (ئەراگۆن) و (سلڤادۆر دالی) ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەناو بەرهەمەکانیان.

٥- بەرهەمەکانیان زیاتر ڕەنگدانەوەی ناوەوەی مرۆیەکان بوو، ئەو شتانەی لە ناخی مرۆدا چەپێنرابوون، وەکو سێکس، گرێ دەروونییەکان، ئەوان سوودیان لێ وەردەگرت بۆ داهێنانەکانیان، بەتایبەتی خەون، بریتۆن کتێبێکی نووسی بەناوی (الأواني المستطرقة) کە تێیدا شیکردنەوەی بۆ بەشێک لە خەونەکانی خۆی کردبوو.

٦- ناوەڕۆکی ئەدەب و هونەرەکەیان بەو ئاراستەیە دەڕۆیشت کە گۆڕان دروست بکا، بەو مانایەی سوریالییەکان دەیانویست ژیان بگۆڕن. دورکەونەوە لەم ژیانە و واقیعێکی جوانتر و بەرزتر بەرهەم بهێنن دەیانگوت دەبێ لە سەرەتا ئەم واقیعە وێران بکەین و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی بالآتر بنیاتی بنێینەوە.

## گرینگی سوریالیزمی ئەوروپایی

ئێمە پێشتر گوتمان سوریالییەت ڕێبازێکی گەنجانەیە، واتە هەموو ئەندامانی سەر بەم ڕێبازە ئەگەر بەتەمەنیش گەنج نەبن ئەوا بە عەقڵ، بە بیرکردنەوە، بە قەڵەم گەنجن. لەلایەکی تر گەنجانەیە بەو مانایەی نوێیە. هەموو دیاردەیەکی نوێش گومانی تێدا نییە گرینگی و بایەخی خۆی هەیە. سوریالیزم ڕێبازێکی تا سەر

ئێسقان یاخیگەراییانە بوو، یاخی لە هەموو شتێک یاخی لە کۆن، یاخی لە عەقڵ، یاخی لەو واقیعەی تێیدا دەژیان، یاخی لە لۆجیک، ئەم ڕێبازە دەیویست ئەمانە هەمووی وێران بکا و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی تازە و جیاواز دنیایەکی جوانتر و بالاترمان بۆ دروست بکاتەوە لە ڕێگەی پشت بەستن بە خەون و خەیاڵ و نائاگایی.

ئەم ڕێبازە وای کرد گەنجەکان ڕاپەڕن و یاخی بن. بۆیە دەبینین زۆربەی ئەندامانی سوریالیزم پێوەندیاین بەڕیزەکانی کۆمۆنیست کرد. دژایەتیی خۆیان ڕاگەیاند بەرامبەر کۆنەپەرست و کۆلۆنیالیزم و شەڕ و عەسکەرتاریەت. بۆیە بیریان لەوە دەکردەوە شۆڕش بکەن، لێ ئەوان شۆڕشێکی چەکداری ناکەن، بگرە شۆڕشێکی عەقڵی و کۆمەڵایەتی بەرپا دەکەن. شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دژی هەموو کۆت و بەند و داوونەریتێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەمەش پشتیان بە پرەنسیپەکانی مارکسیزم بەست. هەر ئەمانەش بوون بناخەیان دانا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی یاخی قوتابییانی ساڵی (١٩٦٨)ی فرەنسا، ئەم شۆڕشە کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا، کاریگەری لەسەر تەنانەت تاکەکەسی ئەو وڵاتەش هەبوو بەوەی هەردەم روحێکی یاخیبووانەیان هەبێ، ئەو کاریگەرییەش تەنیا لە سنووری نێو فرەنسادا نەمایەوە بەڵکو هەموو ئەورووپاشی گرتەوە.

سوریالیزمەکان کۆوارێکیان بەناوی (شۆڕشی سوریالیزم) لە ساڵی (١٩٢٠) و دواتر دەرکرد، کە پێڕەو و پرۆگرام و یاخیبوونی خۆیانیان تێدا بڵاو دەکردەوە.

هەرچی پێوەندی بە گرینگی ئەم ڕێبازەوە هەیە لە ڕووی ئەدەبییەوە ئەوا سوریالییەکان بەشێوەیەکی سەیر و سەرنجراکێش دژی هەموو کۆنخوازی و پیرییەک وەستانەوە. کە بووە هۆی ئەوەی گەلێ فۆرم و شێواز و ناوەرۆکی نوێ بۆ شیعر و ژانرەکانی تری ئەدەبی پەیدا ببێت. شێوازی وایان داهێنا کە جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجراکێشانی خەڵکی بوو. بۆ نمونە ئەوان شیعری وێنەییان داهێنا. هەر بەهۆی هەوڵ و کۆششی ئەوانەوە بوو کە تاکی ئەورووپایی ئازاد بێت، چونکو ئەوان داوای ئازادییەکی ڕەهایان دەکرد، داوایان دەکرد مرۆ ئازاد بکرێت لە هەموو لۆجیک و واقیعێک، بۆ ئەمەش لە ڕێگەی شۆڕشی سوریالیزمەوە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی پێڕەو کرا کە داوای ئازادکردنی مرۆ دەکات لە هەموو لایەنێکەوە.

زۆرێک لە مێژوونووسانی ئەدەب لەو باوەڕەدابوون کە قالب و شێواز و ناوەڕۆکی دنیای ئەدەب بەرزە و ناگۆڕێ، لێ سوریالییەت شۆڕشێک بوو بەسەر ئەو شێواز و ناوەڕۆکانە کە وایکرد شتی نوێ دروست ببێت فۆرمی ئەدەبی نوێ لەدایک بێ. هەروەها گرینگی ئەم ڕێبازە لەوە خۆی دەبینێتەوە کە بووە ڕێبازێکی هەمیشەیی و تاکو ئێستا کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە، لێ زۆربەی ڕێبازەکانی تری ئەدەبی شکستیان هێناوە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەم بەردەوامییەی ئەوەیە ڕێبازێکی گەنجانەیە، واتە گەنج ڕابەرایەتی دەکات، کەواتە تاکو گەنج مابێ سوریالیزم دەمێنێ، بۆیە ئەم ڕێبازە وای کرد کە چاو بە هەموو ژانرەکانی ئەدەب بخشێنرێتەوە و بیر لەوە بکرێتەوە کە گڕ و تینێکی تازە بە شیعر و ژانرەکانی تر بدرێت. سەرلەنوێ بەشێواز فۆرمێکی سەردەمییانە و جیاواز لە سەردەمی پێشتر نووسرا، کەواتە سوریالیزم واتە یاخیبوون، واتە نوێبوونەوە.

پەراوێزەکان:

١- مئة عام من الرسم الحديث، ج. أ. مولر و فرانك ايلغر، ت/ فخری خليل، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٨، ص ١٢٣.

٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە/ د. فەرهاد پیرباڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٢٧.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٧.

٤- سوریالیزم، نەوزدا ئەحمەد ئەسوەد، کۆواری بەیان، ژ٩٥، ١٩٨٥

٥- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رضا سید حوسێنی، و: حەمە کەریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ل ٢٢٢.

٦- المذاهب الأدبية في الغرب (مقدمة)، اعداد: الوسائط الثقافية للنشر الالكتروني، خاص شبكة الألوكة، ٢٠٠٩/٦/٢ ص ٢.

٧- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. فەرهاد پیرباڵ، ل ٢٣١

٨- السريالیە مافوق الواقع من قلق الحروب الى رؤى الأبداع، ت: علاء سعدون، جريدة الأتحاد. ژمارە و ڕۆژی دەرچوونی دیار نییە.

٩- سوریالیزم، وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە/ محەمەد کاکەیی، کۆواری وەرگێڕان، ژ٢، ١٩٩٧، ل ٤٣.

السوريالية: شبان دافعوا عن انفسهم.. وهم انبل الخداع الانساني، فيصل قرقطي،

الحوار المتمدن، العدد: ١٢٨٢، ٢٠٠٥/٨/١٠.

١٠- المذاهب الأدبية من الكلاسيكية الي العبثية، د. نبيل راغب، مكتبة مصر، القاهرة، ص ٨٧.

١١- المذاهب الأدب الغربي، د. عبدالباسط بدر، دار الشعاع، الكويت، ل ٦٥.

١٢- اندرى بريتون، اندريه بوليزوتى، مطبوعات جامعة كالفورنيا، ٢٠٠٤، انترنت.

١٣- قوتابخانە ئەدەبييەكان، و: حەمە كەريم عارف، ل٢٢٢- ٢٢٣.

١٤- ڕێبازە ئەدەبييەكان، د. فەرهاد پيربالّ، ٢٣٠.

١٥- لە نێوان بليمەتى و شێتيدا، هاشم صالح، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، كتێبفرۆشى سۆران، سلێمانى، چ ٢، ٢٠٠٤، ل٦٧- ٦٨.

١٦- قوتابخانە ئەدەبييەكان، و: حەمە كەريم عارف، ل ٢١٧.

١٧- المدرسة السوريالية في الغرب، قحتان بيرقدار، ٢٠١٠/٦/١٠، www.alukah.net

١٨- ئيگۆ و ئيد، سيگمۆند فرۆيد، و: يوسف عوسمان حەمەد، سەنتەرى لێكۆڵينەوەى فيكرى و ئەدەبى نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٣٠.

١٩- ئەدەبى سورياليزم لە ڕوانگەى سايكۆلۆژييەوە، ئادز دوين، و: ئامانج عوسمان حەمەد، گۆڤارى وەرگێڕان، ژ٢، ١٩٩٧، ل ٣٩.

٢٠- هەمان سەرچاوەى پێشوو ل ٤٠.

٢١- قوتابخانە ئەدەبييەكان، و: حەمە كەريم عارف، ل ٢٣١.

٢٢- هەمان سەرچاوەى پێشوو ل ٢٢٢.

٢٣- هەمان سەرچاوەى پێشوو ل ٢٢٢.

٢٤- ڕێبازە ئەدەبييەكان، د. هيمداد حوسێن، دەزگاى موكريانى، هەولێر ٢٠٠٧، ل ٢٣١.

بەشی دووەم

# سوریالیزم لە ئەدەبی عەرەبیدا

ئەدەبی عەرەبی لە کۆنەوە تاکو ئێستا بە ئەدەبێکی دەوڵەمەند دادەنرێ. چ پێش ئیسلام و چ دوای ئیسلام خاوەنی شارستانییەتێکی گەورەیە. ئەدەبی عەرەبی وەکو زۆربەی ئەدەبیاتی جیهان ئەدەبی کۆن و نوێی هەیە. یاخۆ بەمانایەکی تر بۆ نوێبوونەوەی خۆی سوودی لە ئەدەبیاتە زیندووەکانی جیهان وەرگرتووە، هەروەها خۆیشی کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی ئەو میللەتانە هەبووە کە بوونەتە موسڵمان و کەوتوونەتە ژێر رکێفی ئیسلامەوە وەکو (کورد، فارس، تورک...).

لە وڵاتە عەرەبییەکان زۆر رۆشنبیر و نووسەر هەبوونە بەهۆی بارودۆخی سیاسی تاراوگەنشین بوونە لە ئەوروپا یاخۆ خۆیان بۆ خوێندن رۆیشتوون، بەمەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی رێبازە زیندووەکانی جیهان بەگشتی، سوریالییەت بەتایبەتی بەو هۆیەوە توانیویانە شۆڕشێک لەناو ئەدەبی عەرەبی بەرپا بکەن. بەتایبەتی لە میسر و عێراق.

### رێبازی سوریالیزم لە میسر

وڵاتی میسر هەر لە کۆنەوە لانکەی شارستانیەت و نوێبوونەوە و داهێنان بووە. ئەم بزووتنەوەیە (سوریالییەت) هەر لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو لە میسر سەری هەڵدا. دەتوانین بڵێین هەر لە دەوروبەری سەرهەڵدانی سوریالیزم لە ئەوروپا، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم رێبازە لە میسر لە پێش ئەوروپا سەری هەڵدابێت، نەخێر بگرە لەژێر کاریگەریی رێبازە ئەوروپاییەکان سەری هەڵداوە. لێرەدا رۆڵی فرانکفۆنییەکان(*) نابێ لە بیر بکرێ " کە لە ساڵی ١٩٢٨ لە میسر کۆمەڵەی Les Essayistes پێک هێنا کە پێک هاتبوون لە کۆمەڵێک رۆشنبیر کە زۆر کاریگەر بوون بەو رێبازانەی لە ئەوروپای رۆژئاوا سەری هەڵدەدا بەتایبەتی فرەنسا"[١]

ئەم کۆمـەڵەیە بڵاوکراوەیەکـیان بەناوی (un Effort) هەبوو کە زمـان حـاڵی ئەو کۆمەڵەیە بوو. ئەم کۆوارە زۆر لە ڕۆشـنبیـرە فرانکفۆنییـەکانی لە خـۆوە گرتبـوو و چالاکی ئەم کۆمەڵەیەی تێدا بڵاو دەکرایەوە.

لە میسر چەند کەسێک ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لە پێکهێنانی سوریالیزم لە وڵاتی میـسـر کـە نووسـەر (جـۆرج حـەنین) و کـۆمـەڵەی (هـونەر و ئازادی) مـیـسـری بوون. ئەمانە بەرهەمی سوریالییان بڵاو دەکردەوە کە پڕ بوون لە یاخیبوون و نوێبوونەوە.

### جۆرج حـەنین یەکەم سـوریالیسـتی عـەرەب

جـۆرج حـەنین یەکێکە لە نووسـەرە هـەرە یاخـییـەکانی عـەرەب. دەتوانین بەیەکەم نووسـەری سـوریالی عەرەبی دابنێین. چونکو لە سـەردەمێکی زووەوە کەوتووەتە ژێر کـاریـگـەریی ڕێبـازە زیندووەکـانی جـیـهـان بەتایبـەتی ڕێبـازی سـوریالیـزم. جـۆرج حـەنین لە سـاڵی (١٩١٤) لە مـیـسـر لەدایک بووە. شـاعـیـر و نووسـەرێکی گـەورەی عـەرەبـە. بەهۆی ئەوەی مـاوەیەکی زۆر لە ئەوروپا و فـرەنسـا ژیاوە بۆیە سـوودێکی زۆری لە ئەدەبیـاتی نوێی فـرەنسی وەرگرتووە. شـاعـیـر کـاتێک لە سـاڵی (١٩٣٤) گـەڕایەوە قـاهیـرە پێـوەندی بە کـۆمـەڵەی (Les Essayistes) کـرد و بووە یەکـێک لە چالاکـتـرین نـووسـەرەکـانی. دەگـەڵ (جـۆزیف حـەبەشی) بەهـاوبەشی لە سـاڵی (١٩٣٥) بەیـانێکـیـان لەژێر نـاوی (Le Rappei al ordure) دەرکـرد کـە ئـەمـەش ناونیـشـانێکی جـوانە بۆ پـابەندبوون. لە سـاڵی (١٩٣٥-١٩٣٦) جـۆرج حـەنین بە هەموو شێوەیەک لە ڕێبازی سوریالییەت نزیک کەوتەوە " لە ماوەی (١٩٣٦-١٩٤٨) جۆرج حەنین پێوەندی بە کۆمەڵەی سوریالییەکان کرد".[٢]

هەر لە کـۆواری (un Effort) وتارێکی لەژێر ناوی (de l rrealisme) نووسی کـە گرینگی ناوەوەی تاکی دۆزییەوە بـە ڕوونی باسی لە ناخی مـرۆڤ کرد. کە تێـیـدا گوتی: "جیهانی حەقیقی ئەو جیهانەیە کەوا لە ناخمانە و دژی ئەوانی ترە". هەر لە ساڵی ١٩٣٥ لە هەمان کۆوار چیرۆکێکی ناواقیعی لەژێر ناوی (Noumene evade ét resseuscité) نووسـی، یەکـەم هـەوڵدان بـوو بۆ جـێـبـەجـێکردنی شـێـوازی ئۆتۆماتیکی سوریالییەکان.

هەر لەو ساڵە و لە هەمـان کۆوار، ناوبراو تێگەیشتنە شۆڕشگێرییەکەی لەبارەی ڕۆڵی نووسـەر لە گـەیاندنی چەمکە جیـهـانییـەکـان وتارێکی نووسـی کە ئەمـەش

پێـوەندیکردن بوو بە سـوریالیـیـەکـان و نامـەیەک بوو کـە ئاراسـتـەی (ئـەندرێ بریتـۆن)ی کرد،" لە ساڵی ١٩٣٧ جـۆرج حەنین مـوحازەرەیەکی گرینگی دا لەبارەی (پێشمـەرگەی بزووتنەوەی سوریالی) کە تێیدا پێناسـەی سـوریالیزمی کرد، کە ئامانجێکە بۆ گۆڕینی ژیان. هەمان موحازەرەی لە کۆواری (francaises Revue des en orient confereneces) بڵاو کردەوە."[٣]

لە پاریس و لەسـاڵی ١٩٣٨ یەکـەم کۆمـەڵە شـیـعری خـۆی بەنـاوی (لامـبـررات الوجود)[٤]. لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری قاهیرە جۆرج حەنین مانیفێستی (یحیا الفن المنحط)ی بڵاو کردەوە، کە زیاتر لـە (٣١) ڕۆشنبیر واژۆیان لەسەر بەیانەکە کرد کە تێیدا هاتووە (ئێمە لەو باوەڕەین کە توندڕەوی ئاین و سێکس و نیشتمان کە بەشێکی لای تاکەکانی میسر هەیە کە دەیانەوێ میسر دووربێت لە هونەری نوێ) ئـەم بەیانە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە یاخـیـبـوونی زۆرێک لـە ڕۆشنبـیـران و بەئاگـاهاتنـەوە لەو سێ دەردە کـوشندەی (ئاین و سـێکس و نیـشـتـمـان) کـە بەشێوەیەکی زۆر توندڕەوانە زۆر لە گەنجەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەرییان.

هـەروەها جـۆرج حـەنین لە کـۆمـەڵەی (هونـەر و ئازادی) ئیشی دەکرد و زۆربەی ئەندامـانی ئەو کۆمـەڵەیە بە هەمـوو شێوەیەک نزیکی نـاوبراو بوون لە کۆوارەکەیان (Art et liberté) وتاری دەنووسی.

لە سـاڵی ١٩٤٠ هاوڕێی نزیکی جـۆرج حـەنین (ئـەنوەر کـامل) سـەرنووسـەری کۆواری (التطور)ی گرتـە ئەستۆ و ئەو کۆوارەی دەرکرد. کە یەکەم زمانحـاڵی ئەو بزووتنەوە فـیکرییـە نوێیـە بوو کە دژی ئەفـسـانە و خـورافـات بوون، دژایـەتیی ئەو روحەیان دەکرد کە تاکایەتی مرۆڤیان دەکوشت.

ئەو کۆوارە عـەرەبییە ئەدەبی و هونەرییـە درەوشاوەیە پێناسـەی خـوێنەری دەکرد و ڕێنمـوونی دەکرد بەرەو ئاراسـتـە نوێیەکان لە فـیکر و ئەدەب و هونەر بەهۆی ئەو وتارانەی لـەسـەر فـرۆید و شـیکردنەوە دەروونیـیـەکـان بڵاوی دەکـردەوە. هـەروەها لـەبارەی (نیـکـۆلا کـــالاوس و پـۆل ئیـلـوار) و هـونـەری تـەشـکیـلـی و روئیـــــای سـوریـالییـەکان لەبارەی هونـەر و ژیان. لەلایەکی تر ئەو کـۆوارە مـەیدانێک بوو بۆ ڕەخنەی کـۆمـەڵایەتی کـاتێک ئەو وتارانەی لەبارەی ڕەوشـی ئافـرەت و فێـرکـردن دەنووسـران دژی ئـەو هەڵوێسـتـە لاسـاییکەرەوانەی سـەبارەت بە سـێکس و

خۆشەویستی دەدوان. هەر ئەو کۆوارە زۆرێک لە دەقە وەرگێراوەکانی نووسەران و رۆشنبیرانی ئەوروپایی کە کاریگەرییان هەبوو بڵاو دەکردەوە، ئەم کۆوارە پێشەنگی پەخشانە شیعری نوێی لە ئەدەبی عەرەبی بوو.

کەواتە ئەم کۆوارە رۆڵێکی باڵای لە پێشخستن و نوێکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی هەبوو، وای کرد ئەم ئەدەبە لەو بازنە داخراوەی کۆن بێتە دەرەوە و ئاشنا بێ بە دنیای هونەر و داهێنان.

دەتوانین بڵێین جۆرج حەنین بزوێنەری ئەم کۆوارە بوو " بەشێوەی مادی بەشداری کرد، جگە لەوەی دەیان وتاری بۆیان نارد هەروەها هەریەک لە (رەمسیس یۆنان، کامل التلمسانی، علی کامل، ئەنوەر کامل، عبدالحمید الحدیدی) بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵیان هەبوو لە پێشخستنی ئەم کۆوارە"(٥)، لێ ئەم کۆوارە بەهۆی ئەوەی چاودێری سیاسی لەسەر بوو لە ژمارە حەوتەوە لە مانگی سێپتێمبەری ١٩٤٠ راوەستا.

لە ساڵانی شەڕی دووەمی گێتیدا جۆرج حەنین روونکردنەوەیەکی دا بە کۆمەڵەی فرانکفۆرت لەبارەی شیعر و ئەخلاق و سیاسەت. لە ساڵی ١٩٤٤ موحازەرەیەکی گرینگی لەبارەی (روحی شیعری نوێ) دا کە تێیدا تێگەیشتنی سوریالی لەبارەی شیعر روون کردەوە.

ئەمەش ریزبەندی بەرهەمەکانی (جۆرج حەنین)ە :

- لامبررات الوجود ١٩٣٨
- من اجل وعي منتهك للمحرمات ١٩٤٤
- من هو السيد أراجون؟ ١٩٤٥
- هيبة الرعب ١٩٤٥.
- وقت حفيده ١٩٤٧
- االمتنافر ١٩٤٩
- صورتان ١٩٥٣
- العتبة المحرمة ١٩٥٦
- الاشارة الأكثر غموضاً ١٩٧٧

- ملاحظات حول بلد لا جدوى منه ١٩٧٧
- قوة التحية ١٩٧٨
- الروح الضاربة ١٩٨٠
- على مدى الأنسان ١٩٨١
- مسافر اليوم السابع ١٩٨١[٦]

**كۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) لە میسر**

لە قاوەخانەی (النورس) لە ساڵی (١٩٣٢) کۆمەڵێک ڕۆشنبیر ئێواران کۆ دەبوونەوە، گفتوگۆیان لەسەر حاڵی ڕۆشنبیری نوێی میسری دەکرد. باسی پرۆژەی داهاتوویان دەکرد بۆ ئەوەی ڕەخنە لە هەموو شتێک بگرن و هەموو شتێک وێران بکەن. لە ساڵی (١٩٣٦) (ئەنوەر کامل ١٩١٣-١٩٩١) یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانە کتێبێکی بەناوی (كتاب المنبوذ) بڵاو کردەوە. کە تێیدا داوای ئازادی ئارەزووەکانی مرۆڤی دەکرد. بۆیە کۆمەڵێک لە دەوری ئەم نووسەرە کۆبوونەوە کە دواتر ناسران بە کۆمەڵەی (المنبوذين) و ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لە پێکهێنانی کۆمەڵەی (هونەر و ئازادی).

هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێک لە هونەرمەندە شێوەکارەکان لە میسر چالاکی هونەری جوانیان هەبوو، کاریگەر بوون بە سوریالییەت، ناسراوترینیان (يوسف عفيفي، رمسیس یۆنان) هەروەها (کمال وليم، فتحي البكري، فؤاد كمال) ئەندامانی کۆمەڵەی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی نوێ " کە لە ساڵی (١٩٣٨) (رمسیس یۆنان) کتێبی (غاية الرسام العصري) بڵاو کردەوە کە تێیدا ڕوونی کردەوە سوریالییەت واتە بانگەواز بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی نەک ڕێبازێکی هونەری"[٧] ئەمانە بەشێوەیەک کەوتبوونە ژێر کاریگەریی سوریالیزم بە گۆشەنیگایەکی سوریالییانە لە هەموو گۆشەیەکی ژیانیان دەڕوانی.

کاتێک لە ساڵی (١٩٣٨) جۆرج حەنین مانیفێستی (يحيا الفن المنحط)ی بڵاو کردەوە. ئەم مانیفێستە بووە دەرگەیەک بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) لە (٩)ی یەنایری (١٩٣٩). بەشێوەیەک پێوەندی دەنێوان مانیفێست و کۆمەڵەکە هەبوو ئەوەندە لە یەکتر نزیک بوو هەندێک ناویان لێنان کۆمەڵەی (الفن

المنحط). ئەم كۆمەڵەیە ئامانجەكانی لەم خاڵانە كۆ كردەوە:

١- بەرگریكردن لە ئازادی هونەر و ڕۆشنبیری.

٢- بڵاوكردنەوەی دانراوی نوێ، سازدانی چاوپێكەوتن لەگەڵ بیرمەندە گەورەكان لە سەردەمی نوێدا.

٣- وەستاندنی گەنجانی میسری لە بزووتنەوە ئەدەبی و هونەری و كۆمەڵایەتییەكان لە جیهان.(٨)

ئەم ئامانجانە یاخیبوون و نوێگەرییەكی زۆری پێوە دیارە، یەكەم هەوڵیان ڕەخساندنی كەش و هەوایەكی ئازادە بۆ هونەرمەند و ڕۆشنبیران، بەڕاستی وا دەكات هونەرمەند بەئازادی بیر بكاتەوە، هەرچی لە ناخیدا هەبێ بە ئازادی دەری ببڕێ.

لە ساڵی (١٩٣٩) یەكەم ژمارەی كۆواری (Art et liberté) یان بڵاو كردەوە، سەروتارەكەی بەم شێوەیە تێیدا هاتبوو" هونەر پێش هەموو شتێک شێوازی ژیانە هەڵوێستی سۆزداری و ژیاری لەگەڵ ئازادی مرۆ ناگونجێ. " هەروەها وتارێكی جۆرج حەنین كە تێیدا خیانەتی هەندێك لە بەرپرسانی ڕوون كردەوە لە ڕووخاندنی شۆڕشی ئیسپانی بڵاو كرایەوە.

ئەم جۆرە دەربڕینانە و هەڵوێستانە مانای یاخیبوون و نوێخوازییە. ئەوان نەك هەر لە خەمی وڵاتەكەیاندا بوون بگرە هەڵوێستیان بەرامبەر هەموو شتێكی ناشرینی دنیا هەبوو. لە هەمان ساڵدا كۆمەڵە كۆبوونەوەیەكی گشتی بەست كە زیاتر لە (٣٠) كەس ئامادەی بوون. سەردەستەی كۆمەڵی سوریالیزمی ئینگلیزی (ڕۆلاند بزوز) ئامادە بوو. هەریەك لە (احمد شرف الدین، جۆرج حەنین، ئەنوەر كامل، كامل التلمسانی) ئامادە بوون.

لە ساڵی (١٩٣٩) لەسەر لاپەڕەكانی كۆواری (الرسالة) ی رۆشنبیری لە قاهیرە (ئەنوەر كامل) ئامانجەكانی كۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) بەشێوەیەكی گشتی بڵاو كردەوە. هەروەها هەریەك لە (كامل التلمسانی و رمسیس یۆنان) سوریالییەتیان پێشكێش بە خوێنەری عەرەبی كرد.

لە كاتی وەستانی كۆواری (Art et liberté) سووریالییەكانی میسر وتارەكانیان لە كۆواری Quichotte Don بڵاو دەكردەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٠) ئەو

وتارانەی لەو كۆوارە بڵاو كرانەوە هی هەریەك لە (جۆرج حەنین، هنری میشۆ، جاك فاشیە، هنری كالیە) بوون بۆ خوێنەرانی میسر. زنجیرەیەك وتاریان لەبارەی حاڵی شیعر نووسی. ئاماژەیان بەوە دا شاعیر شێتی دژی عەقڵ و واقیع بەكار بێنێ. هەروەك جۆرج حەنین وتارێكی لەبارەی (كامل التلمسانی) نووسی ئاماژەی بەوە دا (هونەر نیشتمانی نییە).

لە نێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٥) كۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) كۆمەڵێك پێشانگەی هونەری ئازادیان كردەوە، ئەمانە هەوڵیان دا چالاكیی لاوە رۆشنبیرەكانی میسر ببەستنەوە بە بازنەی هونەری نوێ، واتە یاخیبوون لە هەموو بازنەیەكی پۆلیسی و ئاینی و بازرگانی. بۆیە جۆرج حەنین باوەڕی وابوو كە وێنە شێوەیەكە لە شێوەكانی بیركردنەوە و خۆشەویستی و ڕق و ژیان.

بەمەش هەم جۆرج حەنین و كۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) ڕۆڵێكی گرینگیان بینی لە رەخساندنی كەش و هەوایەكی ئازاد بەو یاخیبوون و نوێگەراییەی كردبوویانە ئامانجی خۆیان. رۆڵی بزووتنەوەی سووریالی لە پێشكەوتنی هونەری شێوەكاری ڕۆڵێكی بەرچاوە. ئەم بزووتنەوەیە لەسەر دەستی ئەو یاخیبووانە لاپەڕەیەكی جوانی بۆ خۆی لە مێژووی ئەدەبی میسری و ئەدەبی عەرەبی تۆمار كرد.

### عەبدولقادر جەنابی و سوریالییەت

شاعیر لە ساڵی (١٩٤٤) لە شاری بەغدا لەدایك بووە. ژیانی ئەدەبی لە ناوەڕاستی شەستەكان دەست پێ دەكات كاتێك دەستی بە وەرگێڕانی شیعری ئینگلیزی كردووە. لە ساڵی (١٩٧٠) عیراقی بەجێ هشتووە و بۆ لەندەن چووە، دوو ساڵ لەوێ مایەوە لە ساڵی (١٩٧٣) كۆواری (الرعبة الآباحة) ی سوریالی دەركرد. دواتریش هەردوو كۆواری (النقطة) و كۆواری (فرادیس)ی دەركرد. ژمارەیەك لە ئەنتۆلۆجیای بەزمانی فرەنسی بۆ پێناسەكردنی شیعری عەرەبی بڵاو كردووە، لەوانە (Arabe moderne Le poéme) كە نزیكەی (٩٦) شاعیری تێدایە لە سەرەتای پەنجایەكان تاكو سەرەتای هەشتایەكانی سەدەی رابردوو. زۆر لە بەرهەمی فرەنسی وەرگێڕاوە لەوانە (الآفعی بلا رأس ولا ذیل) كۆمەڵێك توێژینەوەی گرینگ.

كۆمەڵێك بەرهەمی شیعری هەیە لەوانە (في هواء اللغة الطلق) و (مرح الغربة

الشرقية) و (حياة ما بعد الياء). ژياننامەیەکی بەناوی (تربيه عبدالقادر الجنابی) لە ساڵی (١٩٩٤) بڵاو کردەوە. کە بۆ چوار زمان وەرگێراوە لەوانە (فرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، کاتالانی). هەروەها دوو کتێبی هەیە لە بواری توێژینەوە یەکەمیان موحازەرەیەکە لەسەر بزووتنەوەی سوریالیزم لە میسر لە زانکۆی (فانکوفر) پێشکێشی کرد. دووەمیان ڕەخنەیە لە سوریالیزمی جیهانی نوێ.

عەبدولقادر جەنابی کەسێکی تا سەر ئێسقان سوریالی بوو. داوای دەکرد گەنجەکان خۆیان لە پێوەست بوون بە ئاین و داوونەریت بپارێزن. هەوڵ بۆ کوشتنی باوک بدەن، کە ئەمانەش هۆیەکن بۆ خۆ دەربازکردن و بەدەستهێنانی ئازادی، کەواتە عەبدولقادر جەنابی یەکێکە لە سوریالییە عەرەبە گەورەکان کە بەڕاستی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نوێکردنەوەی شیعری نوێی عەرەبی هەبووە.

سوریالییەت لە شیعر و ئەدەبی عەرەبی نەبووە، دوای کۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) و جۆرج حەنین و هاوڕێکانی کە عەبدولقادر جەنابی لە ساڵی ١٩٧٣ پێش مردنی ناسیویەتی. هەندێ هەوڵ و جێبەجێکردنی سوریالی هەبووە لێرە و لەوێ وەک کتێبی (الصوفية والسوريالية)ی (ئەندۆنیس) و چەند هەوڵێکی تر، لەلای عەبدولقادر جەنابی گەیشتە لوتکە، بۆیە لەو بڕوایەدان کە سوریالییەتی جۆرج حەنین و کۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) بریتی بوو لە یاخیبوون لە واقیعی عەرەبی، وەک تیۆرێکی ئەدەبی پێشکێشیان نەکرد، بەڵکو ئەوان کردیانە هۆیەک دژی سیاسییەکان.

" عەبدولقادر جەنابی لە سەرەتای ساڵانی بەجێهێشتنی عێراق سوریالییەت و مارکسییەتی بەیەکەوە بەستەوە هەروەک دەڵێ: بەڕاستی مارکسییەتی تەواو لەناو سوریالییەتە بەو مانایەی شۆڕشی سیاسی جیاوازی نییە لە شۆڕشی شیعری."(٨)
کەواتە پرۆژەی سوریالییەت سەرەتا لای عەبدلقادر جەنابی هەڵبژاردەیەکی سیاسی بووە دژی ئەو واقیعە سیاسی و رۆشنبیرییەی عەرەب، کە لە بنکە سەربازییەکان دەیان کەسیان ڕاهێناوە لەسەر هەواڵگری. " تێگەیشتنی عەبدلقادر جەنابی بۆ سوریالییەت لە نووسینی شیعردا ئەوەیە بەتوندی هەموو لاساییکردنەوە و شێوە و شێوازە جیاوازەکان لە شیعری عەرەبی رەت بکاتەوە"(٩)

هەروەها عەبدولقادر جەنابی گەمەی سوریالی دەگەڵ هەریەک لە (ئەدۆنیس،

مـەحـمـوود درویش، سـەعدی یووسف، سرگون پۆلس) ئەنجـام داوە. کـە بەیەکـەوە هەموویان کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی نوێی عەرەبی هەبووە.

شیعرییەتی عبدولقادر شیعرییەتێکی تاکایەتییە بەرامبەر شیعرییەتی عەرەبی کـە هـەردەم لە غـەیبـدا ئیش دەکـات. زمـانی شـیـعـری شـاعـیـر بریندارکـەرە، گاڵتەجـاڕییـە، جوانە، بەو مـانایە بریندارکەرە کـە هەڵوێست لە بەرامـبـەر هـەمـوو شـتێک دەنوێنێ بێدەنگ نییە بەرامـبـەر ناشـرینیـیـەکان، ئەمـەش بۆ ئەوانەی کە ناشـرینی ئەنجام دەدەن، زمانی شـاعیر بەدڵی ئەوان نییـە و دەبێتـە ڕسـتـەیەکی بریندارکەر.

### گەمەی سـوریالی لە ئەدەبی عـەرەبی

ئەم هونەرە هونـەرێکی سـوریالییـە تام و چێژی تایبـەتی خـۆی هەیە، دنـیـایەکی جوان دروست دەکات، وامـان لێ دەکات وشەی پڕ لە شێتی و نالـۆجیکی بڵێین. ئەم گەمـەیە لە نێـوان دوو کەس، دوو (هونەرمـەند، شاعیر، نووسـەر...) ئـەنجام دەدرێ. کە تێیدا یەکێکیان چـەند پرسـیارێک لە بەرامبـەری دەکات کە بە وشەی پرسـیاری (بۆچی؟، کەی؟، کێ؟، چییـە؟... هتد) دەبێ، دەبێ کـەسی پرسـیـارلێکراو یەکسـەر وەڵامی پرسـیـارەکان بەبێ بیرکردنەوە بداتەوە، چونکو هونەر و چێژەکەی لەوەدایە وەڵامەکە پڕ دەبێ لە جوانی و فەلسەفە.

لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەم گەمەیە سێ جار ئەنجام دراوە (ئەوەندەی ئێمـە ئاگەدار بین و لە سـەرچاوەکان بەرچاومـان کـەوتبێ). دوویان لەلایەن شـاعیـر (عـەبدولقـادر جـەنابی) ئەنجـام دراوە، جـاری یەکـەم دەگـەڵ هـەردوو شـاعیری عێـراقی (سـەعدی یووسف و سـەرگـۆن پۆلس)ە و جـاری دووەم دەگـەڵ شـاعـیـر (ئـەدۆنیس)، جـاری سـێیـەم دەگـەڵ (مـەحمـوود درویش). کـەسی پرسـیـارلێکراو دەبێ ئامـادەیی تەواوی هەبێ، واتە لە ڕووی بیـرکـردنەوە و دەروونییـەوە ئامـادە بێ. ئـەو گـەمـانەی ئەنجـام دراون لە ئەدەبـی عـەرەبی لە سـاڵی (١٩٩١) بوو دەگـەڵ (ئـەدۆنیس) کـە لـە ژمـارە (٢)ی کۆواری (فـرادیس)دا بڵاو کـراوەتەوە. لە سـاڵی (١٩٩٥) دەگـەڵ (مـەحـمـوود درویش) ئەنجام دراوە لە ژمارەی (١٠)ی هـەمان کۆوار بڵاو کراوەتەوە. عەبدولقادر جەنابی لـەبارەی ئەو گەمەیەی دەگەڵ (ئەدۆنیس)دا ئەنجامی دا دەڵێ: " پێم وت کە لۆجـیکی گـەمـەکـە ئـەوەیە کـە وەڵامـەکە وەکـو خـۆی دەمـێنـێ تاڕادەی ئەوەی کـە



حەمە مەنتک (٤)

نەگونجێ لەگەڵ لۆجیکی پرسیارەکە، جوانیی گەمەکە لەوەدایە کە نزیکە لە شیعر دەتوانی بە عەقڵی ئاگا و نائاگا (شعور و لاشعور) بەرهەمی بهێنی"[١٠]. ئەم گەمەیە جوانییەکەی لەوەدایە مرۆڤ دەتوانێ بەهۆیەوە خۆی بدزێتەوە لە هەموو یاسایەکی ژیان و لۆجیک، تەواو ئازادە لەم گەمەیە، ڕەنگە وەڵامی وا بداتەوە بە هیچ شێوەیەک دەگەڵ پرسیارەکە نەگونجێ، لەوانەیە هەندێک جار وەڵامەکە زۆر پێکەنیناوی بێت. لێ چێژ و جوانی و خۆشییەکەی لەوەدایە، هونەرەکەی لەوەدایە کە شتی سەیروسەمەرەمان پێشکێش دەکات. لەوێدا هەست دەکەین تەواو ئازادین.

ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەک لەو گەمە سوریالییانە وەردەگرین هەر بەزمانی عەرەبی دەینووسینەوە، چونکو ڕامان وایە ئەگەر وەری بگێڕین ئەو تام و جوانی و چێژەی خۆی نامێنێ، بۆیە وەکو خۆی وەری دەگرین هەریەک لەو گەمانە بەشێکی وەردەگرین:

" الحوار الأول مع أدونيس

ماهي اليقظة؟

أدونيس: ثوب نصف ممزق.

ماهي الحداثة؟

أدونيس: ريح تحاول ان تنام، ولا تستطيع.

ماهو الشعر؟

أدونيس: معنى هو كذلك لا صورة له.

من هو النفري؟

أدونيس: لا احب ان اعرف.

١- الحوار الثاني مع سعدي يوسف:

ماهو النوم؟

سعدي يوسف: نبات لم يجد أرضه بعد.

ماهو التأريخ؟

سعدي يوسف: السماء وطيئة والأرض عالية.

ماهو الشعر؟

سعدي يوسف: أحذية الطائر الخفيفة.

ماهي الحداثة؟

سعدي يوسف: اقتراب غير مجد.

ماهو القلم؟

سعدي يوسف: حمار ذو قلادتين.

لماذا تكتب؟

سعدي يوسف: لأن الدرب طويل.

من هو سعدي يوسف؟

سعدي يوسف: ديك لغير يوم القيامة.

هل للقصيدة رسالة؟

سعدي يوسف: لا.

لماذا؟

سعدي يوسف: لأن الشعب أبقى من الشجرة.

ماهو القارئ؟

سعدي يوسف: مخلوق عجيب لم يجد قدمين بعد.

– الحوار الثالث مع محمود درويش

لنبدأ أولاً من هو بدر شاكر السياب؟

محمود درويش: كأس مليئة بالفراغ الملون.

خليل حاوي؟

محمود درويش: صورة تنتقم من أصلها.

أدونيس؟

محمود درويش: معنى يبحث عن عبارة.

يوسف الخال؟

محمود درويش: لا يعنيني.

سركون بولص؟

محمود درويش: تلهث خلفه القصيدة وهو لا يعلم.

ما هي القصيدة؟

محمود درويش: غيمة على برج.

من هو القارئ؟

محمود درويش: ضابط بحرية في استعراض عسكري.

الى أين الشعر العربي الجديد؟

محمود درويش: الى متحف مغلق في النهار.

ماهي بيرت؟

محمود درويش: كتابة جالسة على محطة الباص.

ما هو الموت؟

محمود درويش: نرجس لا يجد ماء لصورته.

ما هي باريس؟

محمود درويش: تلك التي لا تحب زوجها.

ما هي المرأة؟

محمود درويش: استعارة.

ما هو المستقبل؟

محمود درويش: عكس الشعر.

ما هي الفلسطين؟

محمود درويش: طاولة من زجاج.

ماهي الرواية؟

محمود درويش: رسالة سأكتبها عما قليل.

ما هي هذه اللعبة السوريالية؟

محمود درويش: مكالمة هاتفية في ساعة الضجر.[١١]

پەراوێزەکان:

(*) فرانکفۆنییەکان ئەو کەسانەن کە لە نەتەوەیەکی نا فرەنسین و بەزمانی فرەنسی دەنووسن، وەک ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەی لە فرەنسا دەژین (د. محەمەد ئەراگۆن)، لەناو کوردیش ئەم دیاردەیە هەیە.

١- الحركة السوريالية في مصر، بشير السباعي، ئینتەرنێت.

٢- اعمال مختارة جورج حنين، اختيار وترجمة (بشير السباعي)، منشورات الجمل ١٩٩٦، ص٥

٣- حركة السوريالية في مصر، بشير السباعي، ئینتەرنێت.

٤- اعمال مختارة جورج حنين، اختيار وترجمة (بشير السباعي)، ص ٨.

٥ و٦- أعمال مختارة جورج حنين، اختيار وترجمة (بشير السباعي)، ١٩٩٦، ص ٨.

٧- الحركة السوريالية في مصر، بشير السباعي، ئینتەرنێت.

٨- السوريالية وتحولاتها عند عبدالقادر الجنابي، نصيف الناصري، ص٣، ئینتەرنێت.

٩- سەرچاوەی پێشوو ص٣.

١٠- ئینتەرنێت/www.arabs48.com

١١- مجلة فراديس، عدد (٢)، تموز ١٩٩١ / مجلة فراديس، عدد (١٠)، ١٩٩٥

بەشی سێیەم

# سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا

**دەروازە**

ئێمە کاتێک باس لەم ڕێبازە لەناو ئەدەبی کوردیدا دەکەین، ئەوا ناتوانین خۆمان تەنیا بەیەک ژانری ئەدەبی ببەستینەوە. بەو مانایەی نابێ تەنیا بۆ نموونە باس لە شیعری سوریالی لەو ئەدەبە بکەین، یا چیرۆکی سوریالی. بۆیە کە گوتمان ئەدەب هەموو ژانرەکانی وەکو شیعر، چیرۆک، ڕۆمان... دەگرێتەوە. بۆیە ئێمە لێرەدا بەپێی توانا و ئەو سەرچاوانەی بەردەستمان کەوتوون باس لەم ڕێبازە لە ئەدەبی کوردیدا دەکەین. واتە باس لەو ژانرانە دەکەین کە بیر و بۆچوون و تازەگەریی ئەم ڕێبازەی پێ دەربڕاوە. وەکو هەموو ڕێبازەکانی تر شیعر پشکی هەرە زۆری بەر کەوتووە، واتە شاعیرانمان زۆرن کە لەژێر کاریگەریی ئەم ڕێبازە ئیشیان کردبێت. هەروەها لە نوێکردنەوەی تەکنیک و ناوەڕۆکی چیرۆک و ڕۆمانیش، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو نووسەرانە سەد لە سەد سوریالی بن، نەخێر دەکارێت بنەما و ڕوخساری سوریالی دەنێو دەقەکانیاندا بدۆزینەوە، هەروەک کاتێک هەوڵ دەدەین شیعری کلاسیکی وەربگرین، ئەمە مانای ئەوە نییە، نالی، مەحوی، شێخ ڕەزا شاعیری سوریالیین، بەڵکو دەکرێت بنەما و ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعری سوریالی دەنێو شیعرەکانیاندا بدۆزینەوە، دەنا ئەوان نەیانزانیوە سوریالییەت هەر چشە. کەواتە دەبێ ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە فراوان بێت تەنیا خۆی نەبەستێتەوە بە باسکردنی یەک ژانری ئەدەبی، باسکردنی هەر ژانرێکیش پێویستی بە هەڵوێستە لەسەرکردنێکی ورد هەیە، ئێمە لێرەدا سەرەتا باس لە ژانری شیعر دەکەین و ئەو شاعیرانە دیاری دەکەین کە لەژێر کاریگەریی ئەم ڕێبازە شیعریان نووسیوە هەڵوێستە لەسەر بەرهەمەکانیان دەکەین ڕۆڵیان لە تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەستنیشان دەکەین، دواتر باس لەو چیرۆکنووسانە دەکەین کە بەرهەمی سوریالییان نوسیوە.

## شیعری سوریالیزمی کوردی

### شیعری کلاسیکی کوردی وەکو نموونە

ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین دەبینین زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی ئەدەبی کوردی بە شیعر نووسراوە، تاکو ئەم دواییانە نەبێ بەهۆی ئاشنابوون بە ئەدەبی ئەوروپی و تێکەڵاوبوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانمان بە ئەدەبیاتی دراوسێ و بێگانە جا ژانری تر هاتە ناو ئەدەبی کوردی.

کاتێک باس لە ڕێبازی سوریالیزم دەکەین لە ئەدەبی کوردی دەبێ ئەوە بزانین کە زۆر درەنگ گەیشتە ناو ئەدەبی کوردی. دەتوانین بڵێین دوای ساڵانی ١٩٧٠ لە دیوانی هەندێک لە شاعیرە نوێخوازەکان دەرکەوت. دواتر لەلای شاعیرە گەنجەکانی دەیەی هەشتاکان وەکو گرووپی (پێشڕەو) وشاعیرانی تری وەک: (جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، سەباح رەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەراج، فەرید زامدار...). برەویان بەم ڕێبازە دا. لێ ئەوەی کە بەتەواوی سوریالییەت لەناو بەرهەمەکانیان ڕەنگی دایەوە و ئیشیان لەسەر کرد چەند کەسانێک بوون کە دواتر هەڵوێستە لەسەر بەرهەمەکانیان دەکەین. پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەهۆی ئەو ئازادییەی کە پەیدا بوو، شاعیران و نووسەرانی دوورە وڵات گەڕانەوە نیشتمان، بەهۆی ئەو ئاشنایەتییەی کە هەیانبوو دەگەڵ ئەدەبیاتی ئەوروپی توانییان کاریگەرییەک لەناو ئەدەبی کوردی لە هەموو ژانرەکان دروست بکەن. توانییان فۆرمی تازە بهێننە ناو ئەدەبی کوردی و گرۆتینێکی تازەیان بە ئەدەبی کوردی دا. ئەگەر سەیری میللەتی عەرەب بکەین، بەهۆی ئەو نووسەرانەی کە لە دەرەوە دەژیان وەکو (جۆرج حەنین، عەبدولقادر جەنابی، ئەدۆنیس، محەمەد ئەراگۆن، سەرگۆن پۆلس... هتد) زۆر لە تەکنیکی تازەیان هێنایە ناو ئەدەبی عەرەبی، بەکورتی ڕۆڵیان لە تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی هەبوو. بۆ ئەدەبی کوردیش بەهەمان شێوە، دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ئەو نووسەرانەی لە تاراوگە

دەژیان گەڕانەوە، بێگومان لەوێ کەوتبوونە ژێر کاریگەریی تەکنیک و فۆرمی نوێی ئەدەبی، ئەوانیش دەستیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەبوو، پێشتر نموونەی شیعری سوریالی هەبوو لەناو ئەدەبی کوردی، لێ کە ئەوان گەڕانەوە گروتینێکی تریان بەتەکنیک و بنەمای سوریالی دا، ئەوانەی کە جێ پەنجەیان دیارە (فەرهاد پیربالّ، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ئەحمەدی مەلا) و چەند کەسێکی تر، ئەمانە کۆوارێکی سوریالییان دەرکرد بەناوی (وێران) لەساڵی (١٩٩٤) تاکو ئێستاش بەردەوامە، دواتر ڕۆڵیان هەبوو لە دەرکردنی کۆوارە شێوە سوریالییەکانی وەکو (شین، شیعر).

بێگومان هەر ڕێبازێک، ڕەوتێک، ئایدیۆلۆجیایەک کە سەرهەڵدەدات لە ناکاو و کتوپڕ سەر هەڵنادات. دەبێت پێشتر زەوینەی بۆ خۆش کرابێت و نموونەی سەرەتایی هەبێت. شیعری سوریالیزمی کوردیش سەرەتای ڕەگوریشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکی و ئەوانی دواتریش. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شاعیرە کلاسیکییانە ئاگایان لە ڕێبازی سوریالیزم هەبووبێت، نەخێر، چونکو ئەو سەردەم هێشتا ئەم ڕێبازە لەناو خودی ئەوروپاش بە فەرمی ڕانەگەیەنرابوو، لێ دەکارێ بنەما و ڕەگەزەکانی ئەم ڕێبازە لەناو بەرهەمەکانیان دەدۆزرێتەوە، دەنا ئەوان نەیانزانیوە سوریالییەت مانای چشە، لێ شیعرەکانیان بۆ سەردەمی خۆیان وێرانەکەر بووینە، ئەو بابەتانەی ئەوان باسیان کردووە، عەیبەیەکی گەورە بووە لەناو خەڵک، تەکنیکی خەونییان بەکار بردووە بۆ دەربڕینی فیکرەکەیان. هەروەک سوریالییەکانی ئەوروپا، ئەگەر سەیری (ئەندرێ بریتۆن) بکەین زۆر سەرسام بووە بە (رامبۆ)ی شاعیر کە بناخەی ڕێبازەکەی لەسەر بیروڕا و بەرهەمە یاخییەکانی ئەو داناوە، (ڕامبۆ) شیعری وای نووسیوە کە زۆر سوریالین، تەنانەت ئەم سوریالییەتە لەناو ژیانیشی ڕەنگی دابوویەوە.

ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی وەکو (نالی) و (مەحوی) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و چەند شاعیرێکی تری کلاسیکی بکەین، دەبینین شیعری سوریالی لەناو دیوانەکانیان بەرچاومان دەکەوێ. کە بۆ ئەو سەردەم تازە و وێرانکەر و یاخیبوونیان تێدا بووە بەرامبەر ئاین، کۆمەڵگە، دەسەڵات، داوونەریت، عەقڵیەتی ئەو سەردەم، هەروەها بنەما و پەیڕەو و پرۆگرامی سوریالییان تێدا دەدۆزینەوە و بەشێوەیەکی سوریالی نووسراون.

(نالی) یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کلاسیزم. ئەم وەسفە بۆ ئێستا، لێ بێگومان بۆ سەردەمی خۆی شاعیرێکی نوێخواز بووە، بەو بەڵگەی لەسەر دەستی ئەو شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بووە شێوەی نووسینی ئەدەب. خاوەن قوتابخانەیەکی شیعرییە لە باشووری کوردستان، چەندان قوتابی و پەیڕەوکاری هەبوو دوای خۆی.

(نالی) ئەو شیعرەی کە بۆ وەسفی کەرەکەی نووسیوە بەڕاستی تەواو سوریالییە و فەلسەفەیەکی قووڵی تێدایە. ڕەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارە بکەن قوتابخانەی نالی چ پێوەندییەکی بە سوریالیزمەوە هەیە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر جوانە و وەڵامەکەشی زۆر ئاسانە، من لە سەرەوە ئاماژەم بەوە دا کە نالی نازانێت سوریالییەت چییە؟ و ئەو سەردەم هێشتا لەناو ئەوروپاش لەدایک نەبووبوو، لێ ئێستا ئەو نموونانەی لە شیعری (نالی)مان وەرگرتووە دەکارێ بنەما و ڕوخسارێکی سوریالییان هەبێ، ئەم شیعرە لە (١١) دێر پێک هاتووە. تاکو دێری نۆیەم بەشێوەیەکی وەستایانە و هونەرییانە باس لە کەرەکەی دەکات. لە دێری نۆیەمەوە شاعیر دژی لۆجیک و عەقل دەجوولێتەوە. شتێکی وا سەیروسەمەرەمان بۆ باس دەکات کە دوورە لە هەموو لۆجیکێک، ئەویش بەخشینی سیفەتی عەقڵە بە ئاژەڵ. ئا لێرەدا سوریالییەکان دژی لۆجیک و عەقل دەجوولانەوە، شتی سەیر و سەمەرەیان دەکرد، کاتێک نالی خاسیەتی عەقل بەو ئاژەڵە دەدا، بێگومان فەلسەفەی خۆی هەیە کە دواتر دێینە سەری، (نالی) ئەم ئاژەڵە دەگەیەنێتە ئاستی مرۆڤ:

عاقلێ بوو ناوی کەر بوو، قاطیعی ڕێگەی سەفەر
خۆش سلووکتر بوو لە صەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ [١]

ئەگەر سەیری ئەم بەیتە بکەین تەواو سوریالییە، بەوەی شاعیر خاسیەتی عاقڵبوونی بە (کەر) داوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا وامان لێ دەکات پرسیار لە خۆمان بکەین بۆچی شاعیر ئەم خاسیەتەی بە کەر دا؟ بۆیە دەبێت ئاگەدار بین و بە مرۆڤبوونی خۆماندا بچینەوە، ئەم هەڵوێستە سوریالییەی نالی وا دەکات بەهۆش خۆمان بێینەوە، دروستکردنی پرسیار بۆ ئەوەی دیاردەکان دەستنیشان بکەین ئەرکی سوریالییەکان بوو. بەم شێوەیە هەوڵی گۆڕانیان دەدا، شاعیر لێرەدا دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە وامان لێ بکا بیر لەم دێرە بکەینەوە و بەدوای وەڵامی ئەو

پرسیـارەدا بگەڕێین کە بۆچی کەر وەکو ئێمە عاقڵە. ئەم ڕەتکردنەوەی لۆجیکە کە تەنیا مرۆڤ لەسەر زەوی عاقڵە و بە عەقڵ لە ئاژەڵ جیا دەکرێتەوە هەڵوێستێکی سوریالییانەیە، بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردی کە کەر گێلترین و بێ عەقلترین ئاژەڵە، بۆیە شاعیر ئەم ئاژەڵە دەگەیەنێتە ئاستی مرۆڤ و بەڵکو دەڵێت مرۆڤ دڕندەترین ئاژەڵی سەر زەوییە. نالی کەرەکەی لە سەد برادەری گێژ پێ باشترە، بێگومان هەر بوونەوەرێک عەقڵی هەبوو دەبێ زمانیشی هەبێ، کە زمانی بوو دەبێ بیریش بکاتەوە بۆیە (نالی) لە دێری یازدەم دەڵێت:

چەندە پێم خـــۆش بوو زوبانی حـــاڵی دەیوت (نالیـــا)
هەردوو حـەیوانین، ئەتۆ گوێ کـورت و ئەمنیش گـوێدرێژ (٢)

لێرەدا کەری عاقل دێتە قسەکردن بە (نالی) شاعیر دەڵێ و بانگی دەکات، (نالی) ئێمە جیاوازیمان نییە، هەردووکمان ئاژەڵین تەنیا ئەوەندە نەبێ تۆ گوێت کورتە و منیش گوێدرێژ. شاعیر زۆر سوریالییانە لەسەر زوبانی کەرەکە دەدوێت کە ئێمە جیاوازیمان لە ڕووی عەقڵ و بیرکردنەوە نییە تەنیا لە ڕووی شێوە و فۆرم نەبێ، شاعیر بەشێوەیەکی نالۆجیکی و ناعەقڵانی دەدوێت " لێرەوە نالی جیهانبینییەکی پێچەوانەی جیهانبینی (دیکارت)ی بەرهەم دەهێنێ کە تێیدا ئاگایی و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ بوون و بۆ بەسەنتەرکردنی ئینسان لە گەردووندا (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم)"(٣) ئەم جیهانبینییەی کە شاعیر دروستی کردووە دژی لۆجیکە و دەیەوێت ئەو لۆجیکە بروخێنێ کە عەقڵ و بیرکردنەوە تەنیا هیی مرۆڤە. شاعیر پێچەوانەی هەموو دەستوورێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و داوونەریتێک دەوەستێتەوە، ئەو لۆجیکە تێک دەشکێنێ کە دەڵێ مرۆڤ تاکە بوونەوەری عاقڵە لەسەر زەوی. شاعیر خۆی ئەوەندە پێ سادە و ساکارە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان خۆی و ئاژەڵبوونی ئەم کەرە نابینێ بەڵکو شاعیر خۆی دابەزاندووە بۆ ئاستی ئەو ئاژەڵە، نەک خۆی بەرز بکاتەوە. ئەم شێوە سوریالییە وا دەکات لە ڕێگەی ناماقووڵیەت و نالۆجیکی نالی شتێکمان پێ بڵێت کە مرۆڤ بەکردەوە دڕندانەکانی وا دەکات زەوی ناشرین بکا و ببێتە دڕندەترین بوونەوەری سەر زەوی، هەرچەندە ڕەنگە ئەم شیعرە بچێتە خانەی ئەدەبیاتی ناماقووڵیش، لێ دژ وەستانەوەی نالی بەرامبەر لۆجیک و واقیع،

هەوڵی تێکشکاندنی دابە باوەکانی سەردەم کە خاسیەتی سورياليیەکان بوون، دەکارێت لەم شیعرەشدا بیدۆزینەوە، تەنانەت مرۆڤ لەم کەونەدا ئەویش ئاژەڵێکە و دروست کراوە هەرچەندە بیرکردنەوەی هەیە، لێ کە بەکاری نەهێنێت ئەوە دەبێتە گێلترین ئاژەڵ هەر خەریکی داگیرکردن و وێرانکردن و لەناوبردنی ڕەگەزی بەرامبەریەتی، کەواتە مرۆڤ دەگەڵ ئاژەڵەکانی تر جیاوازی نییە تەنیا لە فۆرمدا نەبێت. بەڵگەش بۆ قسەکانمان ئەو هەموو ناعەدالەتی و وێرانکارییەیە لەم جیهانە ڕوو دەدات، سەیری ئەو تەقینەوانە بکەن کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن کە ئەو مرۆڤانە (ئاژەڵانە) چۆن بەناوی ئاین و جیهادەوە سەدان کەس لە ڕەگەزی بەرامبەریان دەکەنە قوربانی و بە دڕندەترین شێوە لەناویان دەبەن. سەیری رەوشی ئافرەت بکە چۆن بازرگانی پێوە دەکرێت و ئەو ئێستێتیکەی لە بوونی ئافرەت هەیە بۆ ڕێکلام بەکار دێ و باسی مافی ئافرەتیش دەکرێت، سەیری شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بکە کامە ئاژەڵ وا لە ڕەگەزی بەرامبەری دەکات. بۆیە نالی دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە واقیعێکی جوانترمان بۆ دروست بکا. دەیەوێت ئەو لۆجیکە وێران بکا و سەرلەنوێ بنیاتی بنێتەوە.

(نالی) شاعیر لەو قەسیدەیەی کە بۆ (مەستوورە)ی ئەردەڵانی نووسیوە (هەرچەندە ڕەنگە مەستوورە کەسێکی تر بێ یا ناوێکی خوازراو بێت) پەنا بۆ خەون دەبات. بێگومان سورياليزمەکان یەکێک لە بنەماکانیان پەنابردنە بەر خەون بووە، لەم ڕێگەیەوە بیروراکانیان دەربڕیوە. خەون جیهانێکە تەواو ئازاد، ئازادییەکی ڕەها لەوێ هەموو شتێک بەئاسانی بەدەست دەهێنرێت. لەوێ مرۆڤ چۆنی بوێت دەتوانێ وا بیر بکاتەوە، کەس ناتوانێت ڕێگری بێ. دەتوانیت جیهانێکی سەروو واقیع دروست بکەیت " لە ڕوانگەی فرۆیدەوە ئەو جۆرە دنیایە نیشاندەری ئارەزوو و مەیلە نائاگا و حەزە نەگوتەنییەکانی ئێمە و مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی وردکردنەوە و شیکردنەوەیانەوە بگاتە ڕادەی خۆناسینی تەواو"[٤] لێرەدا شاعیر لەنێو ئەو هەموو کۆت و زنجیرەی داوونەریت نازانێ چی بکا، دەست بۆ هەر لایەک دەبات هەر حەرامە. بۆیە پەنا بۆ خەون دەبات لەوێوە هەچی حەز و ئارەزوو و پێناسەی مرۆڤبوونی خۆیەتی دەیدۆزێتەوە. سەرەتای قەسیدەکەش ئەمەیە:

مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بەحیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ[٥]

ئیتر هەموو قەسیدەکە (٤٩) دێڕە کە ناکرێت ئێمە لێرەدا شەرحی هەمووی بکەین، ئەوەی گرینگە بۆ ئێمە ئەوەیە چۆن نالی وەکو سوریالیستێک پەنای بۆ خەون و خەیاڵ بردووە؟ دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە چیمان پێ بڵێت؟ لەم دەقەدا شاعیر خەونی بە مەستوورە بینیوە لە سەرەتای دێڕی یەکەم ئەومان پێ دەناسێنێ، لەو خەوەدا مەستوورە هاتووەتە خەوی نالی و عوقدەیەکی هەیە یاخۆ گرێیەکی لە دڵە کە بەنالی نەبێت بەکەسی تر ناکرێتەوە و شەرح ناکرێ. دواتر مەستوورە لەسەر زوبانی نالی عەورەتی خۆی بە چەندەها شت دەچوێنێ وەک (ئەستێرەی سوها، خەیمەی دوو ئەستوون، خرچی مودەوەر)، زەکەری نالیش بەمانە دەچوێنێ (دێوانە، دەستی دوعا، عەصا، مەتنی مەتینی نائیم...). تا لە کۆتاییدا نالی لە خەوەکەی بەئاگا دێتەوە و دەڵێت:

(نالی) وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ
روو ڕەش مەکە پێی صەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ
تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێش و گەدا شاه و، دەبێ شاه گەدابێ
وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسرای هودا بێ
نەک بەحشی سرور و عەلەم و بادی هەوا بێ(٦)

دەبینین شاعیر لەم قەسیدەیە بوێرانە ئەو کۆت و کۆسپ و دیوارانە تێک دەشکێنێ لە ڕێگەی خەونەوە. کە لەو سەردەم باسکردنی ئافرەت بەو شێوە ئێرۆتیکییە قەدەغە و ئابڕووچوون بووە، بەتایبەتی بۆ کەسێکی مەلا و زانای وەکو نالی کە پیاوێکی ناوداری ئەو سەردەمی سلێمانی بووە لای میرانی بابان ڕێزی خۆی هەبووە. لێ شاعیر بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی یاخی دەبێ و ئەو لۆجیکە لەناو دەبات. کە لەو سەردەمە کەس بیری لەو جۆرە یاخیبوونە نەکردبوویەوە، شاعیر ئەم عەقڵیەت و داوونەریتەی لەناو برد، ئەمەش تەنیا لەلای کەسانی سوریالی دەبینرێت، شاعیر لە ڕێگەی خەونەوە باسی چێژ و لەزەتی ئافرەت دەکات (با نالیش مەبەستی هەجووکردنی مەستوورە بێت)، شاعیر لە ڕێگەی ئەم قەسیدەیەوە ڕەخنە لە عەقڵیەتی دواکەتووی ناو ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە دەگرێت کە لەسەر هەموو مرۆڤێک پێویستە زانیاری و ڕۆشنبیری لەسەر سێکس هەبێت،

لەسـەر تـەواوی جـەسـتـەی ئـافـرەت هەبێ، هـەروەها بەپێـچـەوانـەوەش ئافـرەت ڕۆشنبـیـری سـێکسی لـەسـەر جـەسـتـەی پـیـاو هـەبێ، تاکـو کـاتێک پرۆسـەی هاوسەرگیری دەکەن نەکەونە ناو بارێکی دەروونیی ناجێگیر. بەم شێوەیە نالی لەو سەردەم سوریالیزمانە ڕەخنە دەگرێت و یاخی دەبێت.

نالی هەر لەم قەسیدەیە باسی ئازادی لە جیهانی خەون دەکات، کە لەو جیهانە هەموو کەسێک چۆنی بوێت ئاوا دەبێ. لەوێدا هەژار دەبێتە پاشا و پاشا دەبێتە هەژار. ئەم جیهانە جیهانێکە پڕیەتی لە داهێنان و جوانی. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین (نالی) بۆ پەنای بۆ خەون بردووە؟ تاکو ئەو شتەی لە مێشکیەتی بەشیعر دەری ببڕێ، هەروەک پێشتریش باسمان کرد شاعیر لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و دواکەوتوو ژیاوە لەژێر یاسا ڕەهاکانی ئاین و داوونەریتی نێو کۆمەڵ، بۆیە بەم خەونە دەیەوێت قسەکانی خۆی لە هەموو قەدەخەیەک بپارێزێت، تاکو ئەگەر تووشی پرسیاریش هات بڵێت تەنیا خەونێکە و بەس. هەروەها جیهانی خەون ئازادییەکی ڕەهای هەیە مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی بیەوێت لەوێدا پرۆسەی بکا. کەواتە خەون ئازادییەک بۆ قسەکردن دابین دەکات کە لە کاتی ئاسایی ڕەنگە لەو سەردەمدا نەتوانرابا بەو شێوەیە باسی ئەندامی زاووزێی پیاو و ئافرەت بکرێت.

هەرچەندە دواتر شاعیر لە سێ دێری کۆتایی بەئاگا دێتەوە و گلەیی لە خۆی دەکات بۆچی باسی شتی لەو جۆرە دەکات کە هەموو دیوانێک و کتێبێک بەم جۆرە قسانە ڕووڕەش دەبێت. بەخەون و خەیاڵ هیچ شتێک دروست نابێت، بە بڕوای ئێمە ئەوەشی بۆیە گوتووە تاکو پاساو بۆ مەلایەتی و کەسایەتی خۆی لەناو کۆمەڵ بهێنێتەوە. دەبینین شاعیر لە ڕێگەی خەونەوە زۆر سوریالییانە قالبی چەقبەستووی ئاین و کۆمەڵگە تێک دەشکێنێ، یەکێک لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی سوریالییەت بەکار دێنێ بۆ دەربڕینی ئەو بیرە نوێخوازییە و ئاگادارکردنەوەی خەڵک و زانیاری پێدان لەسەر ئەندامی زاووزێی مرۆڤ (نێر و مێ). باسی پرۆسەیەکی روحی و جەستەیی وایان بۆ دەکات کە لەو سەردەم لە ڕووی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەوە تا ئەوپەڕی قەدەخە قەدەخەکراو بوو، لێ شاعیر زۆر یاخییانە باسی ئەو بابەتە دەکات کە ئەمەش (یاخیبوون) سیفەتی سوریالیزمەکانە.

هەروەها نالی دنیایەکی سەیر و سەمەرەمان بۆ دروست دەکات، مەبەستمان ئەوەیە بۆ ئەو سەردەم سەیر و سەمەرە بووە، چونکو هەروەک گوتمان ئەم جۆرە

بابەتانە حەرام و قەدەخەکراو بوونە وەکو ئێستا نییە کە مرۆڤ دەتوانێت بە جۆرەها ڕێگە زانیاری لەسەر هەر شتێک بوێت دەستی دەکەوێت، رادیۆ، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، کتێب...هتد جۆرەها شێوەی تر تاکو رۆشنبیریی سێکسی زیاد بێت. لێ بۆ ئەو سەردەم عەیبە بووە ڕەنگە هەر کەسێک ئەم شیعرەی دەست کەوتبێ لەبەر عەیبە بە دزییەوە خوێندبێتییەوە.

کەواتە نالی زۆر بوێرانە دەرگەی ئەم باسەی لەو سەردەم کردووەتەوە و وای لە خەڵک کردووە کە زانیارییان سەبارەت بەم بابەتە هەبێت، چونکە ئەم بابەتانە ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە ژیانی مرۆڤ خۆیەوە هەیە بەشێکە لە ژیان. وەکو خۆراکێکە بۆ جەستە و روح. کەواتە نالی رەچەشکێن و نوێخواز بوو (بۆ ئەو سەردەم) یاخی بوو لە هەموو یاسایەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەخلاقی داکۆکی لەو مافە جەستەیییانەی ئافرەت و پیاو کرد داوای ئازادیی بۆیان کرد.

شاعیرێکی تر لە کلاسیکییەکان کە رەگوڕیشەی سوریالیزم لەناو شیعرەکانی دەدۆزرێتەوە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە. ئەو شاعیرێکە بە شیعرە هەجووەکانی بەناوبانگە، شیخ رەزا وەکو شاعیرێکی رەچەشکێن زۆر بەئاشکرا و ڕوونی باس لە پێوەندیی سێکسی نێوان پیاو و ئافرەت دەکات، بە شیعری ئێرۆتیکی دەناسرێ، کە بەڕاستی پێشتر لەلای هیچ شاعیرێکی تر بەرچاو ناکەوێت تەنانەت شیعرەکەی (نالی)یش کە لەبارەی مەستوورەیە وەکوو شیعرەکانی شێخ رەزا وا بەئاشکرایی نییە. تەنانەت شاعیر باسی لە سێکسی هاورەگەزی کردووە وەکو لە نێوان نێر و نێر یا مێ و مێ. کە پێشتر زۆرتر منداڵبازی باو بوو، یاخۆ کەرگان کە مرۆڤەکان زەوقی خۆیان بە کەر دادەمرکاندەوە. شاعیر زۆر بەوردی پەنجەی لەسەر ئەوانە داناوە. کە شێخ ڕەزا یەکێکە لەو شاعیرانەی بەڕاستی کە ئیرۆتیکای باس کردووە واتە ئێستاتیکای سێکسی باس کردووە.

ئەم ئازادییەی شاعیر وای کرد ڕێگەخۆشکەر بێت، هەرچەندە شاعیر مەبەستی بووە هەجووی بەرامبەری بکا، لێ هونەرێکی وای تێدا بەکار هێناوە کە خوێنەر دەباتە دنیایەکی ئێستاتیکی پڕ لە جوانی و چێژ و سەروو واقیع:

پوورە شوکری بەسیە با نەتگێم و سمتت لەق نەکەم
دایکە کیر خۆرت، هەواڵەی سووری سەر ئەبلەق نەکەم[٧]

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە بڵێین شاعیر زۆر سوریالییانە ئەو تەوقە دەشکێنێ کە

باسکردنی ئەندامی زاووزێی مـــرۆڤ حـــەرام بووە ئەو لەو ڕێگەیەوە توانی ئەو بەربەستانە ببڕێت. شکاندنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و داوونەریتەکان تەنیا کاری یاخیبووان و نوێخوازانە هەرچەندە زۆر قوربانیی دەوێت. شاعیرانی تر بەهەر هۆیەک بێ لەبەر عەیبە و داوونەریتی کۆمەڵگە نەیانتوانیوە باسی ئەم بابەتانە بکەن. لایەنێکی تر ئەوە بووە کە شاعیر لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەونەوە باسی لەم لایەنە کردووە وەکو (نالی) شاعیر. دواتر لایەنێکی تر هەتیوبازەیە یا بەمانایەکی تر منداڵبـازی کـە بەچەندان شـیـعـر بـاس لەم لایەنە دەکـات و بەشـێـوەیەکی ئیرۆتیکییانە دەری دەبڕێت. لە هەموو شیعرەکانیش خۆی پاڵەوانە و باسی بەهێزی ئەندامی زاوزێی دەکات. وەک لە شیعری (کوڕێکی بولغاری) کە باس لە کوڕێکی بولغاری دەکات و شەو بردوویەتییە ماڵەوە و گاویەتی. لە شیعری (هەتیوێکی سنەیی) بەهەمان شێوە دەڵێ:

لێک گەیشتن هەر لە ئەوەڵ فرسە تا چووینە خەلا

تێم کوتا و هێنام و بردم تاکو ژارم کردە ژوور(8)

کەواتە شێخ ڕەزا شاعیرێکی ڕەچەشکێنە و یاخی بووە لە هەموو یاسایەکی کۆمەڵگە، دەتوانین بنەچە و بنەماکانی سوریالییەت لە شیعرەکانی بدۆزینەوە، هەرچەندە جێگەی زیاتر بایەخپێدانە لێ قسەکانمان زیاتر بۆ شاعیرە تەواو سوریالییەکانی کورد دەنێو شیعری نوێی کوردیدا تەرخان دەکەین.

پەراوێزەکان:

١- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مـەلا عـەبدولکەریم مـودەریس و فـاتیح عەبدولکەریم، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٢٢٨.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٨.

٣- کتێبی نالی، ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای موکریانی، ٢٠٠١، هەولێر، ل ١٩٤.

٤- قوتابخانە ئەدەبییەکان، سید رضا حسینی، و: حەمە کەریم عارف، ل٢٢٩.

٥ و ٦- دیوانی نالی، ملا عبدالکریم مدرس.

٧- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ١١٩.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٧.

## سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا

### باسی یەکەم

عەباس عەبدوڵڵا یووسف ئاوەژووکەرەوەی وشە

ئەم شاعیرە یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی نێو جیهانی شیعری کوردی. دەنگێکە هەردەم یاخییە و لە پێشەنگی یاخیبووانە. هەردەم لە بەکارهێنانی وشەدا نالۆجیک بووە، بەواتایەکی تر وشەکانی بەشێوەیەک بەکار هێناوە کە دەگەڵ عەقل و لۆجیک نەگونجێن. بەمەش سوریالییەتی خۆی سەلماندووە، هەروەها یاساکانی ڕێزمانی بەجۆرێکی نائاسایی بەکار هێناوە، گوێ بەهیچ لۆجیکێکی ڕێزمانی نادات. بەشێوەیەک وا دەکات لە هەمان کاتدا مانا دەدا بەو وشە و ڕستە ئاوەژووکراوانە. بۆیە خوێنەر دەبێت بکەوێتە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی چۆن مانای ئەو وشە و ڕستانە بدۆزێتەوە. (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) هەموو کات هەوڵی داوە ئەرکی تەواوی شیعر جێبەجێ بکا. ئەویش ئەوەیە وشەی کەم و چڕ دەرببڕێت بۆ ئەوەی زۆرترین مانا بەدەستەوە بدا. هەروەک دیارە شیعر ئامانجە، شاعیر هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کورتترین ڕێگە بدۆزێتەوە ئەویش کورتبڕییە.

شاعیر دوای هەردوو نامیلکەی (ئاو–١٩٧٤) و (لم نیازمە – ١٩٧٨) هەرایەکی گەورەی لەناو ئەدەبی کوردی دروستکرد، گڕ و تینێکی تری بە شیعری نوێی کوردی دا، جگە لەوەی دەیان شیعر و هۆنراوەی تاکدێری بڵاو کردووەتەوە، لە کۆ شیعری (کلکی کتکی پرسیارە) و کۆشیعری (ئۆدیسیۆس نێرە یا مێیە؟) خۆی سەلماندووە. لەم کۆشیعرانە وشەی سەیر و سەمەرەی بەکار بردووە، ئەمە یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری سوریالی، شاعیر ئازادییەکی ڕەها دەدات بە خۆی بۆ دروستکردنی جیهانێکی سەروو واقیع کە تێیدا سەرڕێژ بێت لە جوانی بۆ ئەوەی گۆڕانێک دروست بکا.

سەرەتای ئاشنابوونی شاعیر بە ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی و ڕێبازی

سوریالیزم بەتایبەتی بۆ ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە. دەتوانین بەشاعیرێکی سوریالی لە ئەدەبی کوردیدا دابنێین. "لە ناوەڕاستی شەستەکان ئاشنایی ڕێبازە نوێیەکان بووە وردە وردە زانیاری پەیدا کردووە بە جووتە ڕێبازی دادایی و سوریالی بە ڕێگەی بینینی پێشانگەکانی سەر بەم ڕێبازە ئاشنا بووە، هەروەها بەڕێگەی چاپکراوی لبنانی بە پلە یەک ئاشنایی پەیداکردووە و زۆر کاریگەر بووە بە تابلۆکانی (سلڤادۆر دالی) و لە نووسینیش کاریگەر بووە بە "ئەندرێ بریتۆن"(١). ئەمەش وایکردووە شاعیر هەردەم شێوەیەکی یاخیگەری وەربگرێت هەم لە هەڵسوکەوتی و هەم لە شیعرەکانی. ئەویش وەکو سوریالییەکان پەنا بۆ جیهانی خەون دەبات لە عەقلی ناوەوەی شتی نوێمان پێشکێش بکا. بۆیە دەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری نوێخواز و یاخی بەرهەمێکیان بەناوی (جوایەز) دەرکرد کە پڕیەتی لە جوانی و نوێخوازی تا ئێستا دوو بەرگی لێ بڵاو کراوەتەوە. هەروەک لە شیعری (ئۆقیانووسێکی ئاسنین) دەڵێ:

ئاگر ناکێشم مەی ناخۆم
بەیانیان گۆپاڵەکەم چەور دەکەم
نەوەک مۆرانەی دار بێ
خەنە لە سمێڵم دەدەم
لە بانیۆیەکدا خۆم بە زیواو دەشۆم و

چ یاسایەک نادۆزمەوە
هەتاو لەبەر خاتری گوڵەبەڕۆژە دەسووڕێتەوە(٢)

ئەم شیعرە تەواو سوریالییە، بەبەڵگەی ئەوەی زۆر وێنەی خەیاڵی و پێچەوانەی بۆ دروست کردووین، هەر لەناونیشانی شیعرەکەوە بگرە کە ناوی ناوە (ئۆقیانووسێکی ئاسنین) کە ناونیشانێکی تەواو نا لۆجیکییە. لێرەدا وێنەی پیرەمێردێکمان بۆ وێنا دەکات کە جگەرە ناکێشێ، شاعیر وشەی (ئاگر ناکێشم)ی بەکار هێناوە ئەمەش هێمایەکی جوان و پڕ لە مانایە کە جگەرە جگە لە ئاگر هیچ شتێکی تر نییە. لێرەدا ئەو هێمایە پڕ لە تەمومژەی بەکار هێناوە کە دواتر وشەی سەیر و سەمەرەی لێ دروست کردووە. ئەم پیرەمێردە وەکو ژیانی

ئاسـاییی خـۆی گـۆپاڵەکـەی چەور دەکـات لە ترسـی مـۆرانە کـە ئەمـەش، دەلالەتە لەوەی پیـرەکـان لە ترسـی مـۆرانەی گـەنج هەردەم پارێزگـاری لە خـۆیـان دەکـەن نەوەکو گـەنجـەکان لە ڕەگـوریشـەیان دەربێـنن و گـۆڕانێک دروست بکەن. کـاتێ لە بانیـۆیەک خـۆی دەشـوات هیچ یاسـایەک نـادۆزێتـەوە، لێرەدا مـەبەسـتـی ئەوەیە کـە (ئەرخـەمـێدس) لەناو ئاودا یاسـای بـەسـتـەی ئاوی دۆزییـەوە، لێ لێرەدا کـەس بیـر ناکـاتـەوە بۆ ئەوەی داهێنـان بکا. هیـچ گـۆڕانێک نیـیـە بۆ هەنگـاونان بۆ ژیانـێکی باڵاتر، بۆ نوێبـوونەوە. پێچـەوانەکردنەوەی دیاردەی لۆجیکی و عـەقلانی کـە شـاعیر لەم شـیـعـرەدا دروسـتـی کـردووە ئەویش سـووڕانـی خۆرە لەبەر خـاتری گـوڵەبـەڕۆژە، ئەم وێنەیەش پـێچـەوانەی لۆجیکە، چونکو لە ڕاسـتـیدا گـوڵەبەڕۆژە لەبـەر تیـشکـی ڕۆژ دەسـووڕێتـەوە. ئەمەش هـەوڵدانی شـاعیرە بۆ وێرانکردنی واقیع و لۆجیک تاکو بەشـێـوەیەکی نوێتـر دروسـتـی بکاتەوە. هـەروەها بەکـاربردنی وشـەی نالۆجـیکی و عـەقـلانی یەکـێکی ترە لە خـاسـیـەتەکـانی ئەم شـاعـیـرە، وەکـو لەم شـیـعـرەدا دەیدۆزینەوە (ئاگر ناکێشم، خـۆم بەزیواو دەشـۆم، هەتاو لەبەر خـاتری گۆڵەبەڕۆژ دەسووڕێتەوە) ئەم وێنەیەی دوا دێر خەیاڵێکی جوانی شاعیر بۆ نابێت هەتاو لەبەر گـوڵەبەڕۆژە بسـووڕێتـەوە. ئەمـانە هەمـوو بنەمـا و خـاسـیـەتی سـوریالیین دەنێـو شیعرەکانیدان.

شـاعیر لە کۆشـیـعری (کلکی کتکی پرسـیـارە) تا ئەوپەڕی سـوریالیـیـەت بەکار دەبات. هـەرچی مانا هەیە لەودیو وشـەکانی دەشـارێتەوە، دەگـەڵ بەکاربردنی وشـەی سـەیر و سـەمـەرە کە هـەندێک جـار مـرۆ لە مـاناکـان ناگـات، ڕەنگە پێکەنینت لا دروست بێت بەرامبـەر شـاعیـر کە ئەو شـتـە بێ مـانایـە چییـە نووسـیـویەتی، بەڵام ئەگەر بە وردی لە وشەکان وردبینەوە دەبینین جوانترین و فراوانترین مانای بەکار هێنـاوە لەو چەند ڕسـتـەیەی کـە نـووسـیـویەتی. دەبینین شـاعـیـر شـێـوازی باوی شـیعری ئەمڕۆی کوردی تێک شکاندووە کە ئەو شیـعرە درێژانەی نەفەسـێکی زۆر درێژی دەوێت و خـوێنەر تووشی بێـزاری دەکـەن. کـە ئێـسـتـا هـەر شـاعـیـرێک و چەندان لاپەڕە بە شـیـعرێکی نەفـەس درێژ دەنووسـێت کە تەنیا درێژدادڕی تێدایە، شـاعیرەکەمـان دێت بە چەند وشـەیەکی کورت زۆرترین مـانا و دەلالەت دەردەبڕێت، فەلسـەفەیەکی جوانیشی لەودیو خۆی حەشار داوە:

چ گەمژەڵە هەنگ
هەنگوین
بۆ مرۆڤ دروست دەکات[٣]

ئەم چەند وشەیەی سەرەوە دەبینین مانای زۆری تێدا حەشار دراوە کە باس لە بێوەفایی و دڕندەیی مرۆ بەرامبەر خۆی و هەرچی لە سروشتدا هەیە دەکات، بەو مانایەی هەنگ ئەو خواردنە نایابە بۆ مرۆ دروست دەکات کەچی مرۆ بە هەموو مانایەک بەرامبەر ئەو و بەرامبەر خودی خۆیشی خراپەکارە. مرۆ بەزەیی بەرامبەر بە ڕەگەزی خۆی نییە کە مرۆیە و هەزاران ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ لەناوبرنی ڕەگەزی خۆی جا چۆن بەرامبەر سرووست دەبێت. هەروەها دێت ئەو هەنگوینە هەمووی لە مێشەکە دەبات، لێرەدا هەنگوین هێمایە بۆ هەموو ئەو شتانەی لە سروشت بۆ مرۆ بۆ خواردن و سوود لێبینین دەست دەدەن. ئەمەش ڕەخنەیەکی سوریالییە لە مرۆ کە هەردەم سروشت بۆ حەزەکانی خۆی لەناو دەبات.

کە چووینە نێو جەنگەڵەوە
چیمان کرد؟
ئەوەی دەعبای دڕندە دەیکات
کردمان...[٤]

ئەم زەمینەی کە ئێمە لەسەری دەژین جۆرێکە لە جۆرەکانی جەنگەڵ، ئێمەش جگە لە گیانەوەر چیی تر نین. چۆن لە جەنگەڵ یاسا و ڕێسایەک نییە بۆ بەڕێوەچوونی ژیان، تەنیا هێز دەسەلات و یاسایە، ئاواش لەسەر زەوی یاسایەک نییە بۆ ژیان، کەس بەکەس نییە، بەهێز و بەدەسەلاتەکان بێ هێزەکان دەچەوسێننەوە. ڕاستە بەنووسین و بەقسە یاسا لە هەموو ناوچەیەک هەیە، لێ یاسا تەنیا لەسەر بێ دەسەلاتان جێبەجێ دەکرێ. لێرەدا مرۆ بەدڕندە دەچوێنێ. ئەمەش ئەوپەڕی گاڵتەکردنە و ڕەخنەگرتنە لە مرۆ، ئەم گاڵتەکردنە سوریالییە هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتە بەئاگا بێنێتەوە لەو هەموو ناشرینییەی کە ڕوو دەدات بۆ ئەوەی گۆڕانێک دروست بکەن بۆ ژیانێکی جوانتر و

بالاتر. لێ ڕۆژانە بەهێزەکان ئەو یاسایانە پێشێل دەکەن و کەسیش لێپرسینەوەیان دەگەڵ ناکات، چونکو هەر خۆیان حاکم و دەسەلاتدارن. هەرچی کاولکاری و ماڵوێرانی کە بەسەر سروشت و زەمین و خودی مرۆ دێت هەر مرۆ خۆی ئەنجامدەری تاوانە، تەنانەت ئاسمان و زەمینەکەش بۆ ئەم ئارەزووانەی بەکار دێنێ.

پێت وایە
ئاسمان صافە؟
پێت وایە
ئاسمان ئازادە؟
خەشیمی... مەگەر
بارانی چڵکن و فڕۆکەی جەنگیت
نەبینیوە..(٥)

مرۆڤ ئەوەندە دڕندەیە تەنانەت ئاسمان کە هیی مرۆیش نییە، ئەویشی داگیر کردووە بۆ لەناو بردنی هاوڕەگەزی خۆی بەکار هێناوە. لە پشتی ئەو وشانەوە دنیایەک مانا خۆیان حەشار داوە، کە مرۆ ئاسمان لە باڵندەکان زەوت دەکات و دەیکاتە مەیدانی فڕۆکەی جەنگی بۆ وێرانکردنی یەکتری و سروشت کە ئەمەش ڕەخنەیەکی توندە لە مرۆ. مرۆ کاری وا سامناک دەکات بەرامبەر سروشت و ئاژەڵ بۆ سڕینەوەی ئەو ڕەگەزانە کار دەکات. دەیەوێت خۆی بکا بە دیکتاتۆر هەموو شتێک بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی، بۆیە مرۆ ئاسمانیشی پڕکردووە لە دووکەڵ و پاشماوەی مووشەک کە وای کردووە بارانیشی لێ پیس کردووین چ لە زەمین و چ لە ئاسمان پاشماوەی دروستکراوی خۆی فڕێ داوەتە ناو سروشت کە وای کردووە کە ئاسمان بە ناوچەیەکی ئازاد ناودەبرا ئەویشی داگیر کردووە و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێناوە. لێرەدا هەڵوێستی سورياليیەکانمان بیر دێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕی دووەمی گێتی، شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، ئەمەیە ئەرکی شاعیر بۆ گۆڕینی واقیع و دروستکردنی واقیعێکی بالاتر.

هەر لە شوێنێکی تر دڕندەیی مرۆ دەچووێنێ بە دڕندەیی ئاژەڵە دڕندەکان

بەمەش وێنەیەکی سوریالیمان دەداتێ دەگەڵ ئەوەشدا وامان لێ دەکات کە بیر لە خۆمان بکەینەوە تاکو بزانین چەند بەرامبەر خۆمان و ژینگە و سروشت خراپین:

– ئەوانەی ناو لە منداڵەکانیان دەنێن
گورگ– سەگ– مار– مەیموون– ڕێوی
چەند ڕاستگۆن
مرۆڤ گورگە
مرۆڤ سەگە
مرۆڤ مارە
مرۆڤ مەیموونە
مرۆڤ لەوانە خراپترە
حاشاکی ئەو بەڕێزانە(٦)

ئەگەر سەیری ئەو نموونە شیعرە سوریالییە بکەین مرۆی چواندووە بەم ئاژەڵانە تەنانەت لەوانیش خراپترە. بەمەش وا دەکات دژی هەموو لۆجیکێک بوەستێتەوە، لێرەوە پێمان دەڵێت ئێمە تاکەی خراپ بین، لەم کردەوە ناشرین و دڕندەکانی مرۆ کە ڕەگەزی خۆمانە ئاگەدارمان دەکاتەوە، ئەرێ بەڕاست دەبێت وابێت؟ دەبێت مرۆ ئاوا دڕندە بێت؟ ئەم پرسیارە پێویستی بە وەڵامێکی پڕ لە بیرکردنەوەیە بۆیە دەڵێین بەڵێ تەنانەت دڕندەترین بوونەوەرە. ئەی ئەو هەموو شەڕ و کاولکارییە چییە؟ ئەی کێ ئەو سروشتەی وێران کردووە؟ ئەو کوشتنانەی کە ڕۆژانە لەسەر بیر و ئایدیۆلۆجیا ڕوو دەدەن چییە؟ بێگومان هەر مرۆ ئەم کردەوە ناشرینانەیە ئەنجام دەدا، کەواتە مرۆ تەنانەت داهێنانە تەکنەلۆجیایەکانی لە بواری مەدەنی و جەنگی بۆ لەناوبردنی یەکتری دروستی کردوون. ئەم چوواندنەی مرۆ بەو ئاژەڵە دڕندانە خۆی لە خۆیدا گاڵتەکردنە بە مرۆ بەتایبەتی کاتێک دەڵێت: (حاشاکی ئەو بەڕێزانە) ئەمەش ئەم شاعیرە لە سوریالییەت نێزیک دەکاتەوە، چونکو دەیەوێت ناشرینییەکان پێشان بدا.

شیعرەکانی ئەم شاعیرە هەموو کات هەڵگری پرسیاری جیدی و جوانن، کەواتە ئەو بەهۆی ئەو کورتە هۆنراوانەی چەند ساڵێکە خەریکیەتی ڕووبەڕووی

پرسیارمان دەکاتەوە هەندێک لە هۆنراوەکانی پرسیارن و هەندێکی تریان لەودیو هۆنراوەکە، یان بە خوێندنەوەی هۆنراوەکە پرسیارمان لا دروست دەکات. ئەم خاڵی نەبوونەی هۆنراوەکانی شاعیر لە پرسیار وا دەکات بە مرۆ بڵێت تۆ هەردەم دیلی ئەم گەردوونەی، چونکو دەیان نهێنی هەیە هێشتا پەیت پێ نەبردووە، یان بەشێوەیەکی تر مرۆ ڕەنگە دەیان کردەوە بکا خۆی پێ ڕەوا بێت، لێ نازانێت گەورەترین زیان لە خودی خۆی و مرۆی بەرامبەری دەدات.

پرسیار دروستکردن یەکێکە لە خاسیەتی سوریالییەکان، کە دیارە پرسیار هەبێ دەبێ وەڵام بدرێتەوە، بەمەش شاعیر دەیەوێت دیاردەکان دیاری بکا لە ڕێگەی پرسیارەوە بۆ ئەوەی گۆڕانێک دروست بکا و جیهانێکی بالاتر بۆ مرۆ بینا بکا. دروستکردنی جیهانێکی بالاتر لەو جیهانەی تێیدا دەژین هەوڵدانە بۆ ژیانێکی جوانتر و نوێتر. ئەمەش بەهۆی پرسیاری نوێ و شێواز و ناوەڕۆکی نوێ و داهێنانی نوێ دەبێ. هەروەها دروستکردنی گومان لای مرۆ کە ئەمەش وا دەکات مرۆ، یان خوێنەر پرسیاری لا دروست بێ، یەکێکە لەو شێوازە سوریالییانەی کە لەناو شیعرەکانی (ع. ع. یووسف) بەرچاو دەکەوێ، ئەم گومان خستنە ناو دڵی خوێنەر خۆی لە خۆیدا بەمەبەستی دروستکردنی پرسیارە، هەروەک (بەختیار عەلی) دەڵێ: من لە نووسینەکانمدا دەمەوێت گومان دروست بکەم لای خوێنەر و تاکی کورد. کە ئەمەش هەنگاونانە بۆ دروستکردنی پرسیار بەمەش بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت کە بەدوای وەڵامیشدا گەڕا گۆڕان لای دروست دەبێ. ئەم پرۆسەیە لای شاعیر دەبینرێ.

– هەموو نەخشەکانی جیهان
نا ئەندازەیین(٧)

ئەم پرسیارەی لەم تاک هۆنراوەیەدا دروست دەبێت ئەوەیە بۆ نەخشەکانی وڵاتانی جیهان ئەندازەیی نین؟ بەمەش وا دەکات مرۆ بخاتە ناو پرۆسەی بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای ئەو وەڵامە، دیارە ئەم نائەندازەییە هەر بەهۆی داگیرکاریی وڵاتانی ترەوە بووە. بۆیە شاعیر شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "پرسیار و خەون شیعر دروست دەکەن". کەواتە پرسیارکردن وا دەکات بەرەو جیهانێکی نوێمان ببات و خەونیش ئەو دنیا فراوانەیە کە ئازادییەکی ڕەهای تێدایە و هیچ

سنوور و کۆسپێک لەو دنیایەدا نییە. سوریالیزمەکان تاکە جیهانێک کە پشتیان پێی بەستبوو جیهانی خەون بوو. بۆیە شێرکۆ بێکەس هەڵەی نەکردووە کە خەونی بە دروستکەری شیعری نایاب و جوان داناوە.

– لە شوێنی جارانی دڵ، لە دڵ مەگەڕێ، دڵ کەوتۆتە
نێو جزدانە پارەوە(۸)

سەیری ئەو وێنە سوریالییە بکە کە شاعیر بۆمانی دروست کردووە، ئەویش ئەوەیە دڵ کەوتۆتە نێو جزدانی پارەوە، ئەم وێنەیە وێنەیەکی نا لۆجیکی و ناعەقلانییە، شاعیر باسی ئەو دنیا پڕ لە ناشرینییەمان بۆ دەکات کە دڵ لە شوێنی خۆیدا نییە، بگرە بە پارە هەزاران دڵ دەکڕی. ئەو شوێنەی پێشتر دڵی تێدا بوو ئێستا خاڵییە، ئێستا دڵ هەمووی بەدوای پارەوەیە، ئەگەر پارەت هەبوو کەواتە تۆ بەئاسانی دەتوانی هەرچی دڵێکت بوێ بیکڕی، واتە هەر کەسێکت بوێ دەتوانی بیکەی بە کۆیلەی خۆت. لێرەدا وێنەی ئەو دنیایەمان پێشان دەدا کە پێشتر مرۆ تەنیا بەدوای ڕاستی و وەفاداری و خۆشەویستی ڕاستەقینەوە بوو، لێ ئێستا شوێنێک بۆ سۆزداری نەماوە شاعیر ئەو واقیعەمان پێشان دەدات و دەیەوێت ئەو واقیعە لەناو ببات و بەشێوەیەکی جوانتر دروستی بکاتەوە، شاعیر باس لەو لۆجیکە نادادپەروەرییە دەکات کە ڕەنگە خۆشەویستی لەم سەردەمەدا (بێگومان هەمووی نا) زۆربەی هەر بۆ ناشرینکردن بێت، کەواتە پارە و ماڵ و سامان هەموو شتێکی لە مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێستامان سەندووەتەوە، ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ بوونی خۆشەویستی و دادپەروەرییەکی جوان و پڕ لە روحانییەت ئێستا زۆر کەم بووە. ئێستا پارە جێگەی ئەو شتانەی گرتووەتەوە.

– گوێم لە چپە چپی مانگە، هەر بەدەنگوباسی B.B.C
دەچوو هەر هەمووی هەر سیاسی بوو دڵباسێکی تێدا نەبوو(۹)

شاعیر لێرەدا وێنەیەکی تری سوریالیمان بۆ دەکێشێ، پێشتر شاعیرانی ڕۆمانسی زۆر بەشێوەیەکی ڕۆمانسییانە مانگیان دەهێنایە گفتوگۆ یان دەگەڵدا دەکرد، لێ ئێستا ئەم قسە و باسە ڕۆمانسییانەش دەگەڵ مانگ بووەتە سیاسەت. سیاسەت هەموو لایەکی ژیانی داگیر کردووین، هەر لە منداڵمانەوە تاکو پیرمان

قسـه له سـیاسـەت دەکات، پیرەمێردەکانی بن دیواری مزگەوتان و فەرمانبەر و عـارەبانچی بازاڕ و هەمـوو کـەسـێک بـووەتە شـیکەرەوەی سـیـاسـی. شـاعـیـر بەشـێوەیەکی سوریالی باس لەو بێمـانایەی تاکەکانی کۆمـەڵگەی کوردی دەکات، چونکو هەر هەمـووی خـۆی بەباسی سـیـاسـی خـەریک کـردووە، ئەوەندە خـۆیان بەباسـەکانی تری ژیانەوە خـەریک ناکەن، ئەوەندە گـرینگی بە ژیان نـادەن. ئەگەر سـەیری مـاڵەکـانی شـاری هەولێـر بکەین هەر کـە دەبێـتە کـاتژمێـر (٨)ی ئێـوارە هەمووی سـەیری هەواڵەکان دەکات، لێ ئەگەر بەرنامەیەکی ئەدەبی، یان فیکری یا زانسـتی هەبێ کـەس سـەیری ناکـات، شـاعـیـر دەیـەوێ ئەم واقـیـعە بگۆڕێت بۆیە ڕەخنەیەکی توند لەمـە دەگرێ. ئەمەش لە ڕووی کۆمـەڵایەتییەوە کاریگەریی خراپی دەبێ، تـەنانەت منداڵانیش لە زۆر بەرنـامـەی بەسـوود بێبـەش دەبن، هەرچەندە ئێسـتـا لە ڕاگـەیاندنەکان بەرنامـەی فیکری و ڕۆشنبـیری و بەسـوود زۆر کـەمـە، ئەمەش کاریگەری لەسـەر تاکی کورد بەجێ هێشتووە. شاعیر دەیەوێ بەگژ هەموو ئەو واقـیـعـەدا بـچـێـتـەوە و دەیەوێت وێرانی بکـا و سـەرلـەنوێ دنیـایەکی پڕ لە ئێستێتیکامان بۆ بنیات بنێ. دەیەوێت ئەو واقیعە بگۆڕێت، خەڵک گرینگی بە شتی تریش بدەن، بەڕاسـتی سـیاسـەت تەنیـا یاریکردنێکە بـەخـەڵک، درۆیەکی گەورەیە، ئەوانەی باس لـە نیشـتـمـان دەکەن وەک (دلاوەر قـەرەداغـی) دەڵێ: نیشـتـمـان لای سیاسـییانی ئێمـە تەنیـا سمێڵ ڕەشکردنەوە و مۆنیکا و ڤێلایە. نیشـتمان تەنیـا هۆیەکە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئێمە، ئەوانە نیشتمان بۆ ئەوە باس دەکەن تاکە خەڵکی پێ بکڕن و کوردایەتیمان پێ بفرۆشن. بۆیە شاعیر لەوە ئاگەدارمان دەکاتەوە کە ئێمـە بگەڕێینەوە سـەر باسـەکـانی دڵ، سـەر پرسـیـارە جیـدییـەکانی ژیان، سـەر گیروگرفتەکانی خـەڵک، بگەڕێینەوە سەر خۆشـەویستی و ژیانێکی پڕ لە جوانی و داهێنان.

## تێکشکاندنی زمان

## (عەباس عەبدوڵلا یووسف و ئیشکردن لەناو زمان)

شـاعیر بەشـێوەیەک ئیش لەنـاو زماندا دەکات کە زۆر سـەیرە، بەو مـانایەی زۆر جار خـۆی بە یاسـا و ڕێسـاکانی ڕێزمـان نـابەستێتـەوە. ئازادییـەکی ڕەها دەدات بەخـۆی بۆ ئیـشکردن لە زمـان لـەناو شـیـعـرەکـانیـدا شـاعـیـر نەک هـەر تەنیـا لە

ناوەرۆک و چەند لایەنێکی تری تەکنیکی شیعری، دەیەوێ خۆی ئازاد بێت بەڵکو وەک گوتمان لە زمانیش دەیەوێت ئازاد بێ. لێرەشدا دەقی شیعری شێوەیەکی ئیستێتیکی بەرز وەردەگرێت " لێرەدا ئەو دەقە شیعرییە ئیستێتیکایەک لە خۆ دەگرێت شێوازێک لە جوانکاری وشە و وێنەکان لە پێکهاتەی شیعرەکەدا بەرجەستە دەبن، هەڵبەتە تەوزیفکردنی وشە، یان گەمەی زمانەوانی، لەو دەقەدا لە ڕێی فۆرمی ئەو ئیستێتیکایە کاتێک خوێنەر دەقەکە دەخوێنێتەوە هەست دەکات فۆرم و وێنەی شیعری تازە و جوانە"(١٠) کەواتە یەکێک لە ئیشە سەرەکییەکانی شاعیر لێرەدا ئیشکردنە لەسەر زمان بۆ ئەوەی ئیستێتیکایەک بداتە فۆرمی شیعرەکە، ئیشکردن لەناو زمانیش توانا و لێهاتوویی دەوێت، شارەزاییەکی باشی دەوێت لە ڕووی ڕستەسازی و وشەسازی و واتاسازییەوە، بە کورتی دەبێت شاعیر لە هەموو ئاستەکانی زمان شارەزا بێ بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێ و شێوەیەکی ئیستێتیکی بەرز بەشێوازی دەرەوەی دەقەکە بدات و لە کاتی گەمەکردن بە وشەکان بەسەریاندا زاڵ بێ.

(عەباس عەبدوڵڵا یووسف) چەند گەمەیەک بە وشە دەکات کە زۆر کەس خۆیان بە ڕەخنەگر دەزانن و باس لە شیعرەکانی دەکەن، لێ بەهیچ شێوەیەک سەیری دواوەی ئەم گەمەکردنە ناکەن. بیر لەوە ناکەنەوە کە شاعیر بۆ وای کردووە؟ دیارە هونەرێکی تێدایە دەنا شاعیر بۆ بەو شێوە سەیرە و پێچەوانەی یاساکانی ڕێزمان ئیش دەکات.

لێرەدا ئێمە دەمانەوێ باس لەو ئیش و تەکنیکانە بکەین کە شاعیر لە ئەزموونی شیعری خۆی کاری لەسەر کردووە تا ئێستا لای شاعیرانی تر بەدیار نەکەوتووە، کە ئەمەش یەکێکە لەو لایەنانەی کە سوریالییەتی شاعیر دەسەلمێنێ، ئیشکردنەکانیشی زۆر شتی سەیر و سەمەرەمان پێشکێش دەکات.

دەتوانین بڵێین شاعیر لەسەر هەرسێ ئاستی زمانەوانی ئیشی کردووە لەسەر ئاستی (دەنگ) و (وشە) و (ڕستە)وە. لەمانەش داهێنانی مەزنی کردووە.

لەسەر ئاستی دەنگسازی زۆر بایەخی بەدەنگ داوە ڕەنگە دەنگی وا هەبێ دەنگی ڕەسەنی کوردیش نین لێ شاعیر چۆن لەناو خەڵکی هەیە ئاوهای بەکار دێنێت وەک لەم دێرە دەڵێ:

صەگێک لێی فڕاندن و زوو صندانی کرد
شەش و چوار دەقە و یەک چرکە[11]

دەنگ لای شـاعیـر بـایەخی تایبـەتیی خـۆی هەیە بـۆ دەربڕینی هـەسـتـەکـانی ناوەوەی خۆی، مرۆ بەدەنگ دەتوانێت زۆر چەمک و دەلالەت بە بەرامبەری بگەیەنێ، شـاعیـرەکەمـان لە ڕێگەی دەنگەوە تـوانیـویەتی زۆر شـتـمـان پێ بـڵێت، وەکـو لەم نموونـەی سـەرەوەدا دیارە دەنگی (ص)ی وەکـو خـۆی بـەکـار بردووە، چونکو ئەو دەنگە عـەرەبییـە. یەکێکی تر لە ئیشـەکانی شاعیر لەناو زماندا ئەوە بووە یاسـا و ڕێسـاکـانی زمـانەوانی و ڕێزمـانی تێک شکانـدووە، ئەمـەش وا دەکـات خـوێنەر تووشـی شـتی سـەیر بکا. تەنـانەت هەندێک کـە گوایە ڕەخنەیان لە شـیـعرەکـانی گرتووە و لێیـان کۆڵیوەتەوە، لێ لەراستیدا چونکو نەیانزانیوە شاعیر چی دەڵێت و بۆ ئاوای گـوتووە خـۆیان تووشی هەڵە کردووە، ئەم وشـە سـەیرانەی شـاعیـریان بەکەمـوکوڕی داناوە، لێ لـە راسـتیـدا ئەمـە داهێنانە کەموکوڕی نییـە، بۆیە ئەوانە نازانن داهێنان چۆنە و چییە؟. ئەم یاخیبـوونەی شاعیر بـۆ تێکشکاندنی ڕێزمان و زمـان خـۆی لە خـۆیدا تـەکنیکە و تازەگـەرییـە. چەندان شـاعـیـرمـان هەن تـاکـو ئێستـاش هەر لەسـەر یەک شێواز دەڕۆن و گـۆڕانکاری و نوێبـوونەوە لە شێـوازیان بەدی ناکرێ. ئەمـانە هیچ گۆڕانکارییـەک لە ئەزمـوونی شیـعریان نەکراوە بەمـەش ناتـوانن هیچ داهـێنانـێک بکەن و خـۆیـان بەرەو نوێبـوونەوە و گـۆڕان ببـەن. بـۆیە شاعیرەکەمان نەک هەر لە بابەتی نێو شیعرەکانی دژی لۆجیک و عەقل بووە، بگرە لە ستایل و شـێوازی نووسینیش دژی لۆجیک بووە بەوەی یاسـاکانی ڕێزمانمان بۆ تێک دەشـکێنێ. ئەمـەش یەکـێکە لە خـاسـیـەتی سـوریالییـەکـان کـە ئامـانجیـان تێکشکاندنی هەمـوو لۆجیکێک بوو. دواتر سەرلەنوێ بەشـێوازێکی نوێ دروستیـان دەکردەوە.

لەسەر ئاستی وشـەسازیشدا بەرکاربردنی وشـەی نوێ لە شیعرەکانی شـاعیردا بەتەکنیک و شتێکی تازە دادەنرێ. مەبەستمـان لە وشەی نوێ ئەوەیە شـاعیر خۆی وشـەی نوێ دروست دەکات، یان دای دەتاشێت، یان وشـەی نێـو فۆلکلۆری کوردی بەکـار دێنێ. ئەوەی جـێگەی سـەرنجـە شـاعـیـر لە هەمـوو دیوانێکی خـۆیدا فـەرهەنگۆکـەیەکی دەگـەڵ بڵاو دەکـاتەوە، پڕیـەتی لە وشـەی نوێ کـە خـۆی دای

تاشـیـون، یان دای هـێناون. هیچ بەرهەمێکی شـاعیر نییـە کە فەهەرنگی نەبێت، تەنانەت ئـەو شـیـعرانەی لـە کۆوارەکـانیش بڵاوی دەکـاتەوە فـەرهـەنگۆکـەیەکی بۆ داناوە. لێرەدا ئەم کـارە نوێیـە وای کردووە چەندان وشـەی نوێ دروست ببێت کـە بایەخـێکی یەکـجار گـەورەی بۆ فـەرهـەنگ و زمـانی کـوردی هـەیە، دروسـتکردنی فـەرهـەنگیش هـەروا ئاسـان نییـە و مـاندووبـوون و شـەونخـوونی دەوێت. هەروەها گەڕان لەناو مێژوودا و زیندووکردنەوەی ئەو وشـانەی کە پێشتر زۆر بەکار دەبران و ئێسـتا مردوون یەکێکە لـەو ئەرکانەی کە شاعیر خسـتوویەتیە سـەر شـانی خۆی، ئەگەر هەندێک لەو وشە نوێیانە بە نموونە بهێنینەوە وەک:

" مژاردن، دڵبـاس، شـاسـتـان، خـاپینۆک، حـەژ، لۆقنتـە مـۆرکـاو، منێـمـە، مـاژە، مێلەش، ڕەنگـامـە، نەندازە، هـاورۆ، مـاژەدار، زاقی" ئەم وشـانە یا کـورتکراونەتەوە یاخـۆ داهێنراون بـۆ نموونە وشـەی (مـژاردن) لە جـیـاتی (ژمـاردن) هـاتووە، یان (مـێلەش) واتە (لەشـی مـێ) ئەم وشـانـە جـوانی دەبەخـشن، تام و چێژی ڕەسـەنی کوردییـان لێ دێت. لەو وشـە قەبـانە باشترن کـە هـەندێک لە ڕۆشنبیـران بەکـاریان دەهێـنن بەتایبـەتی لە بواری فـیکر و فـەلسـەفـە کـە بەس بـۆ ئەوەی بڵـێن چەند ڕۆشنبیرە.

شـاعـیـر لە شـیـعـری (نووناو) دا چەندان ناوی نوێمـان بۆ دادەهێنێ، هەر لە ناونیـشـانی شـیـعـرەکـەوە کە خـۆی پێـمـان دەڵێ: (نوونـاو) واتە (ناوی نوێ) کـە وشـەیەکی جـوانی دروست کردووە بـا سـەیری هـەنـدێک لە کـۆپلەی ئەو شـیـعـرانە بکەین:

ڕەگ ناوی زەگوەگ بێ
بەچار دەنگە، گاز دەکات
دا ..... هـێ..... دا ..... هۆدا(١٢)

لەم دێرانەدا تـووشـی چـەند نـاوێکی تـازە دروسـتـکراو دەبـینـەوە وەک دەڵێت: با (ڕەگ) ناوی (زەگوەگ) بێت کە ئەمـەش ناوێکی تازەیە بۆ ناو فـەرهەنگی کوردی. وشەی (گاز دەکات) کە لەناو کورددا (گاز) بەمانای گازگرتنی سـەگ، یان منداڵ، یان هەرشێک کە گاز لە مرۆ یا شـتێکی تر بگرێت دێت، لێ شـاعیر لێرەدا وەکو وشـەیەکی نێو کوردەواری بەکـاری دەهێنێت کە بـەمـانای (بانگکردن) دێت، تاکو

ئێستاش لەناو کوردەواریدا کەم کەس دەڵێت بانگی فلان بکە، هەر دەڵێن گازی فلان بکە، ئەم هەوڵەی شاعیر بۆ زیندووکردنەوەی ئەم وشانە جێگەی بایەخە، ئەو نایەوێت ئەم وشە ڕەسەنانە بمرن. لە دواتر دێت وشەی (هۆدا) کە ئەویش بۆ بانگکردنی (دایک) بەکار دێت. لێرەدا وشەی (دا)ی لە جیاتی (دایکە) بەکار هێناوە کە ئەوەی یەکەمیان زیاتر لەناو خەڵکی لادێ بەکار دێت. نموونەیەکی تر لە هەمان شیعر دەڵێت:

جانتا، بەگمچان بێ ناو دێر بکرێت
نانێک، زگبرسییەکانی هەر پێنج کیشوەر تێر بکات
چەقۆ، ناوی ژڤگ بێ(١٣)

لێرەشدا چەند ناوێکی تری نوێی بۆ داهێناوین وەک بۆ وشەکانی (جانتا و چەقۆ) هەریەک لە وشەکانی (بەگمچان و ژڤگ)ی داهێناوە کە ئەمانەش لە فەرهەنگی کوردیدا وشەی نوێن.

ئەم وشانەی سەرەوە چەند نموونەیەکی کەمن کە شاعیر لەناو شیعرەکانیدا بەکاری بردوون. هەندێکیان دروستکراون و هەندێکی تریان داتاشراون، یان لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراون. ئەم ئیشکردنە لەسەر وشە ڕۆنان ئەرکێکی زەحمەتە، کەسێکی دەوێت لە زمان و فەرهەنگدا شارەزا بێت، شاعیرێکیش کە داهێنەر بێت دەبێت هەموو ئەو خەسڵەتانەی تێدا بێت، ئەمەش وا لە شاعیرەکەمان دەکات کۆشش بۆ دروستکردنی دنیایەکی پڕ لە ئیستێتیکی بکا، ئەم ئیشکردنەش لە ستایلی شیعر بە نوێخوازی و تازەگەری دادەنرێت، چونکو شاعیرەکەمان دژی هەموو لۆجیکێکی وشە ڕۆنان و ڕێزمان دەوەستێتەوە " تەکنیک و بنیاتی دەقێک ڕەنگە لە پیتێکدا لە وشەیەکدا، یان لە وێنەیەکدا لە کۆپلەیەکدا چۆن بیناسازانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەی، ئەوەش دەچێتە خانەی تەکنیکی شیعرییەوە و ئیدی سرووش و خەیاڵ و حاڵەتە دەروونییەکانی شاعیر و ساتی نووسین دەبنە پرۆسەیەکی سانەوی"(١٤)

کەواتە بنیاتی زمانەکە بۆ دەق زۆر گرینگە با هەر وێنە و خەیاڵی جوان هەبێت کە زمانێکی شیعری پتەو و پەتی و ڕەوان و پڕ لە جوانیت نەبێت ئەوا ئەو وێنە و

دەربڕینە لاواز و پڕ لە کەموکوڕی دەبێت. لێرەدا زمانێکی شیعری پڕ لە داهێنان و جیاواز و نوێ دەتوانێت چێژ و خۆشی بە خوێندنەوەی شیعرەکە دەدا.

ئیشێکی تری شاعیر بریتییە لە ئاوەژووکردنەوەی وشەکان و دووبارەکردنەوەیان و ئاوێتەکردنیان ئەمەش خۆی لە خۆیدا توانایەکی بەرزی شاعیریەتی دەوێت، ئەم ئیشکردنە زیاتر دەچێتە خانەی ڕستەسازییەوە. بەمەش شیعرێکی سوریالی بەرزمان پێشکێش دەکات کە تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنێکی زۆری دەوێت شاعیر وات لێ دەکات کە دەتخاتە ناو دنیایەکی سەیری هونەری و شیعری بەرز بۆ نموونە لەم شیعرەی خوارەوە دەڵێت:

ویبق how؟

ویبق when؟

ویبق where؟

ویبق why؟

ویبق what؟[١٥]

ئەم تێکەڵاوییە سەیر و پڕ لە داهێنانە تووشی تێڕامانمان دەکات. وامان لێ دەکات بکەوینە نێو بیرکردنەوە، لێرەدا ئامرازی پرسی لە زمانی ئینگلیزی هێناوە دەگەڵ دەنگی (وییق)ی داناوە کە دەنگێکە زیاتر مراوی دەری دەبڕێت. ئەم وشە پرسانە بۆ پرسیارکردن لە چۆنیەتی و کات و شوێن و چی بەکار دێن دەگەڵ ئەم دەنگەی بەکار هێناوە شێوازێکی سوریالیی بەرزی دروست کردووە کە تێڕامانێکی قووڵی دەوێت.

هەروەها لە دووبارەکردنەوەی وشەکان بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر شاعیرانە تەکنیک و شێوازێکی داهێنەرانەی بە ڕووخساری شیعرەکە داوە وەک دەڵێت:

دیس... هەمدیس

هەمدیس... دیس

دووبارە و سێبارە و چەندبارە و تا دوا جار

ئەو بارە بارەیە بۆ دۆمینە باشە[١٦]

ئەوەی شـیعرەکـەی جوان کـردووە دووبارەکردنەوەی وشــەی (بارە) و (دیس)ە، زیاتر ئیشکردنە دەنێو ڕستـەسازیدا، کە هیچ کاریگەرییـەکی لەسـەر شیعرەکە دروست نەکردووە کە ببێتە هۆی ئەوەی شیعرەکە کەموکوڕی تێ بکەوێ. بێگومان لێـــرەدا بەبێ هۆ و مـــەبەست ئەم گـــەمـــەیەی نەکـــردووە، بگرە هونەری ئەم دووبارەکردنەوەیە ڕەنگدانەوەی ژیانی تاکی کوردە کە هیچ گۆڕانێک لە ژیانیاندا ڕوونادات. ڕووداوەکـان ڕۆژانە وەکـوو خـۆی دووبارە دەبنـەوە. کـەواتە شـاعیـر دەیەوێت ئەم واقیـعە بگۆڕێت بۆ ئەوەی تاکی کوردیش وەکو میللەتانی تر هەموو ڕۆژێک لە نوێبوونەوە دابن، نەک ئەمڕۆیان هەر وەکو دوێنێ و پێرێ بێت.

(عـەباس عـەبدوڵڵا یووسف) هەر لە پرۆســەی ئیشکردن لەناو زمـاندا وشـە و دەستــەواژەی فۆلکلۆری بۆ جـوانکردن و دەوڵەمـەندکردنـی شیعـرەکـانی بەکـار بردووە. هەر بەوەندە نەوەستاوە بەڵکوو زۆرجار وشـە و دەستەواژەی شێوەزارێکی بەکـار بردووە بـەتایبـەتی نـاوچەی هەولێـر و دەوروبـەری. زۆر داهێنەرانە ئیش لەم بوارە دەکـات. سـەدان وشـەی بەکـار بردوون و لە مـردن پاراسـتـوونی، یان وشـە مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو وشانەی لەسەر زاری خەڵکی سادەن، ئەو وشانە بەشێوەیەک بەکار دەبات کە بابەتە هەنووکەیی و سـەردەمـیـەکانی پێ دەردەبڕێت. بێگومان ئیشکردن لەناو فۆلکلۆر کارێکی هەروا ئاسان نییە پاشخان و ڕۆشنبیـرییـەکی فۆلکلۆری بەرزی دەوێت ئەو دەست دەکـات "بەکارکردن لەسـەر تارماییەکانی فۆلکلۆر و تێکەڵکردن بە ڕەمز و بابەتە هەنوکەییەکان"(١٧)

شاعیر بەم کارەی زمانە شیعرییەکەی دەوڵەمەندتر و تۆکمەتر دەکات. وا دەکات ئەم وشـانە بگونجـێنێت، ئەگـەر بە نموونە باس لەم لایەنـەی ئیشکردنی شـاعیـر بکەین لەســەر فـۆلکلۆر ئەوا دەبینین وشـە فـۆلکلۆرییـەکـانی نـاوچەی هەولێـر و دەوروبەری بەتایبەتی لە حـەیران و بەستـە و قسـەی دەشتـی هەولێر بەکار بردووە، زیاتر لـەناو شـیـعـرەکـانـی ڕەنگ دەداتەوە، لەمـەشـدا زۆر داهێنان و جـوانکاریی بەرزی کردووە. ڕەنگە لێرەدا شتێک جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن بێت شاعیر بۆ تەنیـا خـۆی خـەریک کـردووە بە فـۆلکلـۆری ناوچەیەکی دیاریکراو؟ بەمـەش دەڵێین هەمـوو کەسێک زیاتر شـارەزای فۆلکلۆر و داوونەریتی ناوچەکەی خۆیەتی، ڕەنگە شاعیر شارەزای فۆلکلۆری ناوچەکانی تری کوردستان بێت، لێ وەکو ئەوە نییە کە لەو ناوچەیە ژیاوە و زانیاری زۆری تێدا بەدەست هێناوە.

بسکان لووس مەکە
کچێ لێ گەڕێ...
لوول بن، لوولم دەدەن[١٨]

***

جووت مەمکەکەت
یەک بۆ دەسبازییە
ئەوی دیکەشت
بۆ شیری ساواکەت[١٩]

ئەگەر سەیری ئەم دوو شیعرەی سەرەوە بکەین دەبینین وێنەی لەم شێوەیە لە ناوچەی دەشتی هەولێر زۆرە، شاعیر لێرەدا ئەمەی زیندوو کردووەتەوە دەنێو شیعری نوێی کوردی تێکەڵی کردووە، یان بەمانایەکی تر شیعری خۆی بەو وشە و دەستەواژانە نوێ کردووەتەوە و داهێنانی تێدا کردووە. بەشێوەیەکی داهێنەرانە مەبەستێکی ئەم سەردەمەی پێ دەربڕیوە. ئەم ئیشکردنە لەناو فۆلکلۆر و تێکەڵکردنی بە ئەدەبی نوێ بەکاربردنی بەشێوەیەکی تازە بێگومان سوود و بایەخی خۆی هەیە، شاعیر چەندان وشە و دەستەواژەی فۆلکلۆری لەم ڕێگەیەوە لە فەوتان دەپارێزێ.

نەترسام
لە دیداری دێوی بەسام
مەمکی چەپی بەسەر شانی راست و
مەمکی راستی بەسەر شانی چەپەوە
نەترسام
لەو (x) ی ڕادەمام
پیتە یا نیشانەی لێکدانە[٢٠]

سەیری ئەم بەکارهێنانە بکە چەند داهێنەرانەیە، ئەم چیرۆکی دێوە کە مەمکی چەپکی بەسەر شانی ڕاست و مەمکی ڕاستی بەسەر شانی چەپەوەیە،

لەئەفسانەکانی کوردی زۆرە بەتایبەتی کاتێک (ئەحمەد) پاڵەوانی نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کوردی دەچێت بۆ کوشتنی ئەم دێوە ئەم دیمەنە دەبینێت. شاعیر ئەم ئەفسانەیەی تێکەڵ بەشیعری خۆی کردووە، شێوەیەکی نوێی تێدا بەکار هێناوە، شاعیر ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات کە مەمکەکانی شێوەیەکی نواندووە کە لە نیشانەی لێکدان دەچێت ئەمەش زیندووکردنەوەی فۆلکلۆر و چیرۆکی فۆلکلۆری ئەفسانەییە.

کراسی بەرت ماریمارە
چاوان تێر چێژ دەکات
دەستەکانیشت.... هیچ
پەرداخ، پەرداخی ماریمارە
نە کەس تێر مەی دەکا، نە تێر ئاو
پێڵاوی لە پێی ماریمارە
(ئۆی چەند جوان)ێکی
بێ (ماشەڵڵا)ی بۆ گوت
ساتمەی پێ کرد
کراسی هەڵدرایەوە و
دەستەکان زوو فریاکەوتن
تێر چێژ بوون و
(هیچ) یان لە بیر کرد(٢١)

لێرەدا شاعیر شێوە گوتنێکی حەیرانی بەکار هێناوە بۆ دارشتنی ئەم شیعرە. ماریمار کچە پاڵەوانی یەکێک لە زنجیرە تەمسیلەکی مەکسیکی بوو کە دۆبلاجی عەرەبی کرابوویەوە لە کەناڵە ناوەخۆیەکانی کورد لە کۆتاییی نەوەدەکان پێشان دەدرا. کە هەموو خەڵک بەشێوەیەکی مودمینانە سەیریان دەکرد، خێزانی وا سەرقاڵ کردبوو بەتایبەتی ئافرەتی کورد. کە خەڵک زۆربەی کاروباری رۆژانەیان تەنیا بۆ بینینی ئەم زنجیرە تەمسیلییە فەرامۆش دەکرد. بەشێوەیەک بوو

کاریگەری لەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی خەڵک هەبوو. شاعیر دێت ئەم واقیعەمان بۆ باس دەکات و هەوڵی گۆڕانی دەدات، چونکو بەتایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری زۆر بوو چەندان کێشەی خێزانی لێ کەوتەوە، چەندان جیابوونەوەی ژن و مێرد ڕوویان دا. شاعیر دێت ناوی ئەم زنجیرە تەلەڤزیۆنییەی وەرگرتووە لە شێوە گوتنی حەیران دای ڕشتووە، ئەمەش تێکەڵکردنێکی جوانی فۆلکلۆرە کە دیاردەیەکی سەردەمی نوێی پێ دەربڕیوە، ئەم دیاریدەیە شیرازەی زۆربەی خێزانی کوردی لەبەین بردووە، هەروەها ئەم زنجیرەیە کاریگەری لەسەر زۆر لایەنی تری ژیانی خەڵکی کوردستان هەبووە بەتایبەتی ئەوەی لە بازاڕ بەرچاو دەکەوت لە شتومەک و کاڵا بەو ناوە (ماریمار) ناو دەبرا بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ کاڵاکانیان پەیدا بکەن زۆرترین فرۆشی هەبێت. ئەم کاریگەرییەی ئەم زنجیرەیە شاعیر بەشێوەی حەیران دەری بڕیوە شیعرێکەی سوریالی پڕ لە ڕەخنەی بەرهەم هێناوە.

تێکەڵکردنێکی تری شاعیر ئەوەیە دەستەواژە و ناوی زانایان و فەیلەسووفانی تێکەڵ بەشیعرەکانی کردووە. لێرەشدا شاعیر شارەزاییی لەم بوارە هەیە، بەوەی دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە چەندان پرسیاری جیدی دەورووژێنێ. پرسیار دروستکردنیش واتە شاعیر دەیەوێت گۆڕان دروست بکا. مەبەستێکی تری شاعیر ئەوەیە دەیەوێت لە ڕێگەی ناوهێنانی زانا و فەیلەسووفان پەیام و گەورەیی زانست و فەلسەفە و شیعرمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

کۆرەی مەعەڕڕە
دەستم دەگرێت
بە کۆرە ڕێیان دەمباتە ناو بەهەشت.[٢٢]

شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێت کە شاعیری داهێنەری عەرەب (ئەبوعەلای مەعەڕڕی) ئەوەندە کاریگەری لەسەر شاعیر هەبووە، هەرچەندە (ئەبوعەلا) کوێر بووە، لێ دەستی شاعیری خۆمانی گرتووە و بەرەو خۆشیی زانست و ڕۆشنبیری بردووە، وای کردووە زۆر داهێنان لەژێر سایەی ئەم شاعیرە گەورەیە بکا. شاعیری ڕێنوێنیی کردووە بۆ بەهەشتی شیعر دەستی گرتووە، بەهەشتی شیعری نیشان داوە.

وەک دەزانین شاعیر کەم ئاوڕی لێ دراوەتەوە و لەسەر بەرهەمەکانی نووسراوە، هەندێک کەس گوایە لەسەری دەنووسن و لە بەرهەمەکانی دەکۆڵنەوە، لێ چونکوو ئەو توانایەیان نییە بۆیە لە ئەنجامی قسەکردن لەسەر بەرهەمەکانی تووشی لاڕێ و هەڵەی گەورە دەبن، چونکو ناتوانن داهێنانە وردەکانی شاعیر بدۆزنەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە بەرهەمەکانی شاعیر جێگەی ڕەخنە و کەموکوڕی نین، لێ لێکۆڵینەوە و ڕەخنە بەشێوەیەکی ورد و زانستییانە دەبێت، نەک هەڕەمەکی. بۆ نموونە:

کەرێک دەحەپێ
بە حەپینەکەی
گوڵە دەمەشێر دەپشکوێ(٢٣)

ئەو ڕەخنەگرەمان ڕەخنەکەی ئەوەیە دەڵێت کەر (ناحەپێ) بەڵکو (دەزەڕێ) ئەمەی بە کەموکوڕی شاعیر داناوە، لێ بێ ئاگایە لەوەی ئەگەر شاعیر ئاوای بەکار بردبا هیچ داهێنانێکی نەدەکرد جگە لە گواستنەوەی واقیع نەبێت، ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردووە بۆ شاعیر ئاوای بەکار بردووە دیارە هونەرێکی تێدایە. هەروەک ئەدۆنیس دەڵێت: " من بەهۆی ئەم (ئەدەب- واقیع)ە ساختەیەوە دووچاری سڵەمینەوە دەبم، ئەوەی کە ئەمرۆ باو و بڵاوە، ئەوەی بە نموونە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: چووم بۆ قاوەخانە، چایەکم خوارد چەند کەسێکم بینی.. هتد. لێرەدا ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە بینیویەتی و ئەو شتانەی لە بەرچاویدا ڕوویان داوە، ئەمە سوودی چییە؟ ئەمە لە ڕاستیدا بەرهەم هێنانەوەی ئەم پووچییەیە کە سەرلەبەری ڕۆژگارەکانی ئێمەی پڕ کردووەتەوە. ژیانیش پێویستی بەو شتانە نییە کە لە ڕێی زمانەوە جارێکی تر بەرهەم بهێنرێنەوە. ژیان پێویستی بەوەیە کە لە ناوەوەدا ڕوون بکرێتەوە، ئەمە واتە ژیان بخوڵقێنرێتەوە و جارێکی تر دروست بکرێتەوە، ژیان بوونەوەری مرۆڤ ناخوڵقێنێ، بگرە بوونەوەری مرۆڤ ژیان دەخوڵقێنێت"(٢٤) ئەمە ئەو سورياليیەتەیە کە ئەدۆنیس باسی دەکات و شاعیرەکەمان بەم شێوەیە ئەنجامی داوە نەک بێت واقیعمان بۆ باس بکا، بەڵکو شاعیرەکەمان لەو واقیعە یاخی دەبێت و واقیعێکی ترمان بۆ دەخوڵقێنێت کە زۆر بالاترە لەو واقیعەی تێیدا دەژین ئەمە ئەرکی شاعیرە نەک نووسینەوەی.

کەواتە مرۆ دەبێت داهێنەر بێت، داهێنەرێکی شێت. نەک هەر بێت واقیع کۆپی بکات. هەروەک سورياليیەکان مرۆ دەبێت لە لۆجیک و واقیع یاخی بێت، بەدوای جیهانێکی بالاتردا بگەڕێت. نووسەر دەبێت کەسێک بێت دژی لۆجیک و عەقڵ بجووڵێتەوە، چونکو جیهانی عەقل و لۆجیک جیهانێکی سنووردارە و ئازادی تێدا ڕێژەیی و سنووردارە. هەروەک ڕەنگە ئاگەدار بین ئەو لێشاوە نووسینەی ئەمرۆکە دەنێو ئەدەبی کوردیدا هەیە لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی ئەدەب جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، لەناو هەرچی ڕۆژنامە و کۆوار و چاپخانەکانە فلتەر کەمە بۆ ئەوەی نووسین و بابەتی لاواز و بێ سوود لە نووسین و بابەتی بە نایاب و داهێنەرانە جیا بکەینەوە. ڕۆژانە دەیان کتێب و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و کۆوار دەردەچن بەبێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەک هەبێت، ئەمەش دیاردەیەکی خراپە و ڕەنگە زەرەری هەبێت " ئەو نووسینەی ئەمرۆ بە مۆدێرن ناو دەبرێت ئامێرێکی زەبەلاح پێک دێنێت، ئامێرێک لە ئاخاوتن و ئامێری وشە. گومانی تێدا نییە کە لێرەدا هەموو کات نووسین هەیە، هەموو کات شاعیر و نووسەران هەن، خۆ ئەگەر ئاگەداری ڕووداو و گۆڕانکارییەکان نەبن، ئەوسا وشەی داهێنان لەناو دەچێت لە بری وشەی داهێنان وشەی بەرهەمهێنان دادەنرێت، ئیدی پاشان بەرهەمهێنانی تێکستی ئەدەبی دەبینین لە شێوەی بەرهەمهێنانی رستن و چنین، یان هەر شمەکێکی تر"(٢٥) ئەمە تەواو بەسەر نووسینی ئەدەبی کوردیدا دەچەسپێت. ئێمە ناڵێین داهێنان نییە هەیە، لێ ئەویش دەنێو ئەو هەموو وشە و نووسینە بەرهەمهێنراوانە تواونەتەوە، بەو مانایەی ڕەنگە خوێندنەوەی باشیان بۆ نەکرێت کاریگەرییان نەبێت، یان خوێندنەوەی بە هەڵە و سەقەتیان بۆ بکرێت. ڕۆژانە دەیان نووسینی کرچوکاڵ لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بڵاو دەکرێنەوە وەک شاعیر دەڵێت:

بەپەڕی ڕۆژنامە
تەنی شووشەی لامپام
خاوێن کردەوە(٢٦)

لێرەدا مەبەستی شاعیر لە تەنی، تاریکییە کە بەسەر عەقڵی مرۆدا لەم کۆمەڵگایەدا هاتووە. ئەگەر لە ڕۆژنامەکان ڕۆژانە بابەتی داهێنەر و بە نایاب

بنووسـرێت بێگومـان دەبێتـە هۆی گـۆڕان و پرسـیـار دروستکردن، کەوایە بێگومـان ئەم تەنییـەی کەلەسـەر مێشکمانە خاوێن دەکاتەوە. لێ ڕۆژنامـە ئەم ڕۆڵەی خۆی لە دەست داوە بەهۆی ئەوەی ئەوەندە نووسینی کرچوکاڵیان تێدا ئەنووسرێت چەندان ژمارەی لێ دەردەچێ کـەچی، یان دەبێ بەسەر فەرمـانگەکان دابەشی بکەن، یان لە بازاڕ دەمـێنێتـەوە. بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆژنامـانە یەک پرسـیاری جیدی لای خـوێنەری کورد دروست بکەن، یان ڕەخنەیەکی چاک و بنیاتنەرانەی تێدا بێت، جگە لە چەند دانەیەکی زۆر کەم نەبێت کە لە پەنجەی یەک دەست تێپەڕ ناکەن. چەندان ڕۆژنامە و کۆوار هەن تەنیا لەبەرئەوەی فرۆشـیان هەبێت دەچن چاوپێکەوتن دەگەڵ نووسەر و ئەدیبـە چالاکـەکـانی ناو ئـەدەبی کوردی دەکـەن، یان بـابەتەکـانی ئەوان دەکـڕن ئەمـەش سـیاسـەتێکی ترە کـە دەیگرنە بەر، بـەم هۆیەش دەنگی داهێنـەر دەکوژن، لێرەدا ماوە بڵێین ئەم شاعیرە شیعرەکانی تەواو سوریالییـە بەهۆی ئەو تەکنیکە نوێیـانـەی کـە لـە ڕووی زمـان و نـاوەڕۆک و بابـەتەوە دای هـێنـاون بۆ ئـەوەی لەم واقیعەی کۆمەڵگە یاخی بێت و واقیعێکی بالاتر دروست بکاتەوە.

پەڕاوێزەکان:

١– ع.ع. یووسف لە نێوان دادایزم و سـوریالیزمدا، حـەمەدەمین ناوپردانی، کۆواری شین، ژ/٢، دەزگای ئاراس، ل ٢٤.

٢– ع.ع. یووسف، جوایەز، هەڵبژاردەی (٩) شاعیری هەولێر، ١٩٩٩، ل١٣

٣– کلکی کـتکی پرسـیـارە، کورتـە هۆنراوەی عـەباس عـەبدوڵلا یووسف، دەزگـای ئاراس. ٢٠٠٧، ل٢٤

٤– سەرچاوەی پێشوو ل ١٥.

٥ و ٦– سەرچاوەی پێشوو.. ل ٤٩.

٧– سەرچاوەی پێشوو ل ٧٨.

٨– پەنجا هۆنراوەی تاکدێری، ع.ع. یووسف، کۆواری ڕامان، ژ/ ١٣٢، ٥/٥/٢٠٠٨، ل٥.

٩– سەرچاوەی پێشوو ل٥

١٠– ئیستاتیکای شیعر، فەرەیدون سامان، کۆواری کاروان، ژ/ ٢٢٧، ل ٦٦.

١١– کاتژمێر... بەسەعات و دەقە و چرکە، ع. ع. یووسف، کۆواری ڕامان، ژ/ ٨٦–٨٧، ٢٠٠٤، ل ١٣٠.

١٢ – نووناو، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، کۆواری ڕامان، ژ/ ٧٢، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٦٧

١٣– سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٧.

١٤– ئیستاتیکای شیعر، فەرەیدون سامان، کۆواری کاروان، ژ/ ٢٢٧، ل ٦٨.

١٥– کلکی کتکی پرسیارە، ع.ع. یووسف، ل ٥٤.

١٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٥.

١٧ – هەموو نەخشەکانی جیهان نائەندازەیین، تارزەنگ، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ/ ٤٥٥، ٢٠٠٨/٩/٧، ل ١٦.

١٨– کلکی کتکی پرسیارە، ع. ع. یووسف، دیوان، ٢٠٠٧، ل ١٢٦.

١٩– سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٦.

٢٠– سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٧.

٢١– سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٠.

٢٢– سەرچاوەی پێشوو ل ٧٨.

٢٣– سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥.

٢٤– شوناسی تەواو نەکراو، ئەدۆنیس، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بڵاوکراوەی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥٦.

٢٥– سەرچاوەی پێشوو ل ٥٨.

٢٦– کلکی کتکی پرسیارە، ع.ع. یووسف، دیوان، ل ٩٦.

## باسی دووەم

### سەباح رەنجدەر شاعیرێکی پڕ لە خەون

سەباح رەنجدەر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە رێچکەی شیعری کوردییان شکاند. دەگەڵ گرووپی (پێشڕەو) کە لە کۆمەڵێک شاعیری داهێنەر پێک هاتبوون لە سالآنی هەشتاکاندا رێرەوی شیعری کوردییان گۆڕی. شاعیر لە دیوانەکانی خۆی کە بریتین لە: (زێوان – ١٩٨٨، رووەکەکانی خواوەند–١٩٩٩، خەون وا خۆی گێڕایەوە–٢٠٠٤، شەڕی چل ساڵە – ٢٠٠٥، مردوویەک ئاگای لە هەموانە – ٢٠٠٨، سەدو یەک شەوە– ٢٠٠٨) بەردەوام نوێخواز و خاوەن دیدگای دەگمەن بووە. لە هەردوو دیوانی (زێوان و خەون وا خۆی گێڕایەوە)دا کە سوریالیەتییەکی تەواو لە شیعرەکانی رەنگی داوەتەوە. لە دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)دا یەکەم خاسیەتی سوریالی کە شاعیر پەیرەوی کردووە نووسین و بڵاوکردنەوەی مانیفێستێکی شیعری بوو، کە دواتر بە تێروتەسەلی باسی یاخیبوونی شاعیر لەم مانیفێستەدا دەکەین.

خەون یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە سوریالییەکان تەواو پشتیان پێدەبەست، لەبەرئەوەی سوریالییەکان هەر سنووردانانێک و لە قالبدانێکیان رەت دەکردەوە، چونکو ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئازادی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک قەتیس بکرێت. ئەوانیش داوای ئازادییەکی رەهایان دەکرد. بێگومان جیهانی خەونیش تەواو ئازادە، ئازادییەکی رەهای تێدایە، هیچ کۆسپ و سنوورێک لەخۆوە ناگرێت. ئەمەش هانی شاعیر دەدات هەردەم بەدوای ئەو جیهانی خەونییەوە بێت بۆ ئەوەی ئازادییەکی رەها لە شیعرەکانیدا بهێنێت. هەردەم هەوڵی دۆزینەوەی جیهانی خەون دەدات بۆ ئەوەی کاری تێدا بکا، ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە شاعیرێکی سوریالی و سوریالییانە بیر بکاتەوە. دەیەوێت لە رێی خەونەوە چارەسەر بۆ کێشەکانی تاکی میللەتەکەی بدۆزێتەوە. دەیەوێت لە رێگەی خەونەوە ژیانمان بۆ وێنا بکا، ژیانمان بۆ روون بکاتەوە، جوان بکا، شیرین بکا.

تێکەڵاوکردنی شیعر و خەون وا دەکات ژیان بنووسێت، ئەمەش وا دەکات شاعیر داهێنان بەرپا بکا. چونکو ئەو پێوەندی دەنێوان شیعر و خەونی دۆزیوەتەوە و شیعری بۆ خەون گێڕاوەتەوە (هەروەک لە مانیفێستەکە ئاماژەی بۆ دەکات). دۆزینەوەی ئەم پێوەندییە شتێکی نوێیە و داهێنانیش بەهۆی شتی نوێوە بەرهەم دێت، ڕێچکەیەک بۆ خۆی دیاری دەکات، نەک وەک زۆر شاعیری تر کە ناتوانن گۆڕان بکەن و ڕێچکە بۆ خۆیان دیاری بکەن، شاعیر لەسەر ڕێچکەی ئەوەی پێش خۆی ناڕوات، چونکو ئەمە دەبێتە لاساییکردنەوە، ئەم قسەیەشمان مانای ئەوە نییە بەرهەم و داهێنانی ئەوەی پێش شاعیر کۆنە و داهێنانی تێدا نەکراوە و ڕەت بکرێتەوە، نەخێر ئەوانیش لە سەردەمی خۆیان نوێ بوونە و شتی جوانیان داهێناوە. ئەوانیش لە سەردەمی خۆیان کاریگەرییان دروست کردووە، ئەزموونی کۆن گەنجینەیەکی بەنرخی شتی نوێیە.

کاری یاخیبوون یەکێکە لە خەسڵەتە سورياليیەکانی شاعیر. ئەو خۆی تەنیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی داهێنان بەرهەم بێنێت، هەمووومان دەزانین داهێنان بە یاخیبوون ئەنجام دەدرێت، کەسێک یاخی نەبێت ناتوانێ داهێنان بەرهەم بێنێت، بێگومان یاخیبوون بەمانای ڕەتکردنەوەی بەرهەمی پێشتر نایەت، بگرە بەمانای داهێنانی دەقی جیاواز و نوێتر لە بەرهەمی پێشتر دێت. بۆیە ڕەتکردنەوەی بەرهەمی پێشتر ناڕەوایە، بەڵکو ئەوەیە ئەو سەردەمە پێویستی بەو بەرهەمانە نابێت، چونکو بارودۆخێکی تر هاتووەتە ئاراوە، داواکاریی تر دروست بوونە کە پێویستی بەدەقی تر و بەرهەمی ترە. چونکو گۆڕان و نوێبوونەوە ڕووی داوە، بۆیە سەردەمیش پێویستی بە شتی نوێ هەیە، ئەوەی نوێ ناتوانێت ئەو بەرهەمانە وەربگرێت، چونکو لە ئاست بیر و فیکری ئەواندا نین، بەمانایەکی تر ناتوانێت چێژیان لێ وەرگرێت و جوانییان تێدا بەدی ناکات، بۆیە هەوڵی شتی نوێ دەدات، هەر ئەمەشە وای لێ دەکات لەو سەردەمەی یاخی بێت و هەوڵی یاخیبوون بدا بۆ ئەوەی کاری نوێ و جوان پێشکێش بکا. لێرەدا شاعیر کاری داهێنان دەگەڕێنێتەوە بۆ کاری تاکەکەسی، خۆی جیا دەکاتەوە.

## شێوازی خەونی دە مانیفێستی شیعریی
## (سەباح رەنجدەر)دا

لە ساڵی (١٩٩٩–٢٠٠٠) شاعیری یاخی و نوێخواز و ئەزموون جیاواز (سەباح رەنجدەر) مانیفێستێکی شیعری بڵاو دەکاتەوە، لە دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە) لە ساڵی (٢٠٠٤) لە دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر چاپکراوە. ئەم مانیفێستەش وەکو زۆربەی مانیفێستەکانی پێشتر کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی بڵاو کراونەتەوە گرینگی و تایبەتیی خۆی هەیە، لێرەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند پرسیارێک وەکو: ئاخۆ شاعیر لەم مانیفێستەدا چیمان پێ دەڵێت؟ ئاخۆ دەیەوێت بەهۆی ئەم مانیفێستەوە ڕێچکە و ئاراستەیەکی شیعری بۆ شیعری کوردی دیاری بکا؟ کاریگەریی ئەم مانیفێستە لە شیعری کوردی چی بوو؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە دەبێت گەڕانێک بەناو ئەو مانیفێستەدا بکەین، هەروەها دنیای شیعری ئەم شاعیرەش شەنوکەو بکەین.

بێگومان (سەباح رەنجدەر) یەکێکە لە شاعیرانی گرووپی (پێشڕەو) کە لە سالآنی هەشتاکان و دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ڕێچکەی شیعری کوردییان شکاند دەگەڵ (ع.ع. یووسف، هاشم سەڕاج، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، ئەنوەر مەسیفی...) فۆرمی نائاسایی و قووڵیان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، چونکو لەلای زۆربەی خوێنەران شیعرەکانیان بەئاسانی وەرنەدەگیرا بۆیە لەلایەن خوێنەری هۆشیارەوە ناوی گرووپی (پێشڕەو)یان بەسەردا برا. لێ ئەمانە هەر یەکەیان شێواز و ڕێچکەی تایبەتیی خۆی هەیە. (سەباح رەنجدەر)یش لە دیوانەکانی (زێوان – ١٩٨٨، ڕووەکەکانی خواوەند – ١٩٩٩، خەون وا خۆی گێڕایەوە – ٢٠٠٤، شەڕی چل ساڵە – ٢٠٠٥، مردوویەک ئاگای لە هەمووانە – ٢٠٠٨، سەدو یەک شەوە–٢٠٠٨) بەردەوام نوێخواز بووە هەردەم بەدوای داهێنان و وشەی نوێ و دەستەواژەی تازەوە بووە.

پێشتر مانیفێستی ئەدەبی و شیعری تر لە ئەدەبی کوردیدا بڵاو کراونەتەوە، هەریەکەیان گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری دروست کردووە وەکو بانگەوازی: (ڕوانگە – شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، کاکە مەم بۆتانی) و (گرووپی کفری– لەتیف هەڵمەت، فەرهاد

شاکەلی) و مانیفێستی کۆواری وێران. ئەم مانیفێستەی (سەباح رەنجدەر) تا ڕادەیەکی زۆر پتەوتر و شیعریترە لەوانی پێشتر، پشتی تەواو بە خەون دەبەستێت. شێوازی خەونی گرتووەتە بەر و دەیەوێت لە دوای ئەم مانیفێستەوە دەقی خەونی بخوڵقێنێ.

ئەم شاعیرە دەیەوێت پرسیارەکانی ژیان بکا، بۆ ئەمەش پەنا بۆ شیعر دەبات و لە ڕێگەی شیعرەوە پرسیار دروست دەکات. کەسێک بیەوێت پرسیار بکا دیارە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت، دەیەوێت شتێکمان بۆ ڕوون بکاتەوە یاخۆ فێری پرسیارکردنمان بکا بۆیە لەم مانیفێستەدا دەڵێت"خەون کاریگەری بوون بەشیعری تێدا بەهێزە، جیهانبینی منی لێوە ڕوون بووەتەوە و بووەتە پێوەستێکی پتەو لەگەڵ پرسیارەکانی ژیان"[١] کەواتە خەون و شیعر تێکەڵاوی یەکترن لە ڕێگەی شیعرەوە دەبێ خەون ببینین، چونکو خەون و شیعر پێوەندییەکی توندوتۆڵیان دەگەڵ پرسیارەکانی ژیان و بوون هەیە، مرۆڤ ئەگەر خەونی نەبێت ناتوانێ بیر لە داهاتوو بکاتەوە، ناتوانێ داهاتووی هەبێت، هەروەها داهێنان بکا.

شاعیر لەم مانیفێستەدا هەوڵ دەدات پێمان بڵێت کە ئەو جیا لە هەموو شاعیرەکانی تر پێوەندی نێوان شیعر و خەونی دۆزیوەتەوە و شیعری بۆ خەون گێڕاوەتەوە، کەواتە ئەم گێڕانەوەیە دەبێت ڕێچکەیەکی نوێ بێت لەناو ئەدەبی کوردیدا. واتە پێشتر شیعر و خەون پێوەندییان لە نێوان هەبووە و پێوەست بوونە بەیەکترەوە، لێ لێک دابڕاون و وایان لێ کراوە ئەم پێوەندییەیان دەنێواندا نەمێنێت.

دیارە داهێنان بەهۆی شتی نوێوە ئەنجام دەدرێت دەبێ ڕێچکەی نوێ بگیرێتە بەر ئەگەر هەر لەسەر ڕێچکەی پێشتر بڕۆین کەواتە کارمان تەنیا لاساییکردنەوەیە ئەم پێوەندی گەڕاندنەوەی نێوان شیعر و خەون وا دەکات داهێنان بەرهەم بێت و کاری نوێ پێشکێش بکرێت. خەون بیرکردنەوەیە و پرسیارکردنە لە ژیان، لە پاکییەتی ژیان، شیکردنەوەن بۆ لایەنەکانی ژیان. لەم ڕێگەیەوە شاعیر دەیەوێت ژیانمان بۆ وێنا بکا، ژیانمان بۆ پێناسە بکا، جوانی بکا، شیرینی بکا. تێکەڵاوکردنی شیعر و خەون وا دەکات ژیان بنووسێت. شاعیر پەیامێکی پێیە ئەویش ئەوەیە دەڵێت:"من ژیان دەنووسم، لەبارەی ژیانەوە

نانووسم"[٢] واته ژیان رابردووه، ئەو ژیان دەنووسێت، خودی ژیان داهاتووه، واته شاعیر ژیانێکی نوێمان بۆ دەنووسێت کە زۆر جیاوازە لەم ژیانەی ئێستامان، ئەو خەونی هەیە، خەونبینین نووسین و دروستکردنی ژیانێکی نوێیە.

شاعیر لەم مانیفێستەدا دەیەوێت خۆی جودا بکاتەوە لە هەموو گرووپ و کەسێک، واتە خۆی بە لایەنگر و سەر بەهیچ گرووپ و تاقمێک نازانێت. بێگومان ئەمەش کاری یاخیبووانە، کاری داهێنەرانە، کاری نوێخوازانە، کەسێک بیەوێت یاخی بێت، داهێنان بەرهەم بێنێت، دەبێت لە کەسی تر نەچێت، هەموو کارێکی نوێو تازە رەچەشکێن داهێنەرانەیە. "لە ڕووی هیچ رەگەزێکی ئەدەبی حەزم نەکردووە وەک کەس بم، کەسیشم لە بەرچاو نەگرتووە، هاوڕێی ئەو کەسانەم کە پێش من پرۆژەی داهێنانیان هەبووە، ئەوانەی هاوچەرخن، ئەوانەی دوای منیش دێن و دەبن بە نووسەری خاوەن پرۆژە."[٣] کەواتە ئەم خۆ جیاکردنەوەیە خۆ دوورخستنەوەیە و تاکخوازییە دەبێت پرۆژە بێت، واتە شاعیر دەبێت پرۆژەی هەبێت. کاری تاکخوازی و گرتنەبەری ڕێگەی جیاواز بە پرۆژەی داهێنەرانە ئەنجام دەدرێت. شاعیر کاری داهێنان بە کاری تاکخوازی دادەنێت، واتە بەلای شاعیرەوە تاک بە تەنیا دەتوانێت داهێنان بەرهەم بێنێت بەبێ چوونە ناو هیچ گرووپ و کۆمەڵەیەکی ئەدەبی، لەبەرئەوە داهێنان و کاری تازە دەبەستێتەوە بەتاکییەتی. تاک وەکو مرۆڤێک دەتوانێت لە زۆر ڕێگەوە خۆی دەوڵەمەند بکا و پرسیار دروست بکا هەرنا پرسیار بوروژێنێ و زەوینەی بۆ خۆش بکا بۆ ئەوەی گۆڕانێک ئەنجام بدا.

تاکی کارا دەتوانێت زۆر شت بکات، چونکو خاوەن قسەیە، خاوەن هاوارە، یاخییە ئەگەر بەتەنیا بێت دەتوانێت گۆڕان دروست بکا. تاکە ڕێگەی شاعیر شیعرە، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت ژیانێکی نوێ دروست بکا لەوێوەش داهاتوویەکی نوێ و تازە بۆ مرۆڤی کورد دروست بکا. دەرچوون لەم قالبەی ئێستای کە تاکی کورد تێدایەتی یاخیبوون و هاوارێکی زۆری دەوێت تەنانەت ئەو کەسانەی دەیانەوێت یاخیبن رەنگە قوربانییەکی زۆر بدەن هەر لەوەوە بگرە کە رەنگە دەیان ناو و ناتۆرەیان لێ بنێن و بەدەیان وتار و بەرهەڵستکاریان بکرێت ئەمەش سوننەتی هەموو کارێکی نوێیە کە هەموو شتێکی تازە و نوێ بەرهەڵستی دەکرێت تووشی رەخنەی نامەقووڵ و نازانستی دەبێتەوە لەلایەن کۆنخوازەکان، بۆیە

(سـەباح رەنجـدەر) تووشـی ئـەم ڕووبەڕووبوونەوەیـە و دەمـەقـاڵێـیـە بووە دەگـەڵ کۆنخوازەکان، چونکو ئەو پرسیاری پێیە و دەیەوێت داهاتوو دروست بکا و فۆرم و شێـوەی تازەی بۆ شیـعر و ژیان پێـیـە و جیـایە لە هەمـوو کـەسێکی تر "خـۆم لە دەرەوەی هـەمـوو نەوەیەکدا دەبینم، تەنانەت لە هەندێ شیـعردا سـەر بەشیـعری لە پێشتری خۆشم نیم، سەر بە ئەزموون و ئەفسانەی ئەو شیعرەم کە دوا شیعرمە و لە نووسـیـندام..... ناچمـە ناو هـیـچ گـرووپێکی ئـەدەبی، خـۆشم بە هـیـچ گـرووپێک نەزانیـوە.لە بنـەڕەتدا ئەدەب و داهێنان کـاری تاکـیـیـە، چـوونە ناو بازنەی گـرووپ دەرکردن و چەواشەکردنی ئەم تاکییە لە بازنەی ئەدەب و داهێنان."[٤] شاعیر تاکە چەک کە لەدەستی بێت شیـعرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسـانەی کە شـەڕی پێ دەفرۆشن. لەبەرئەوە ئەم شاعیـرە بەرامبـەر شیـعر زۆر ئـەمەکدارە و بەشێـوەیەکی ڕەها کردوویەتی بە پەیامی خۆی بەمـەش وای لە دوژمنانی خۆی کردووە (مەبەست لە دوژمن ئەوانەی ڕەخنەی نابەجێی لێ دەگرن و ناو و ناتۆرەی بۆ دروست دەکەن) کـە هەست بەشـەرمـەزاری بکەن و بەرامـبـەر ئـەم شـاعـیـرە یاخی و نوێخـوازە دەسـتـەوەسـتـان بووەسـتن "شـیـعـر بۆ من پەیامی ڕاچلەکـاندن و ئەو ئاگـرەیە قـەت ڕووی لە خـامۆشـی نییـە تەواو بڕوام پێی هێنـاوە و ئەمەکدارم بۆی. دوژمنەکانم لە ناوەوەیدا لە ئاست ئەم ئەمـەکـدارییـەی من داتـەپیـون خـۆیان بـە گـوڕنەتـەڵە و چەوسـاوەی دەقـەکـانم دەبینن. منیش لە شـەڕە بێـفـەڕەکـان خـۆم پاراسـتـووە و فەرامۆشیان دەکەم."[٥]

کەواتـە شاعیـر لە شـەڕێکی بەردەوامی دوژمنەکانییەتی ئەمـەش بێگومان دنـیـای کەسێکی یاخییـە، هـەر مرۆیە چالاکەکان و خاوەن پرۆژەکان ئەم دنیـایەیان هـەیە. هـەر ئـەوانن تـووشـی دەیـان شـــەڕی نامــاقـــووڵ دەبنەوە، بـەڵام ئەوان کـــۆڵ نادەن بەردەوام بەهـۆی شـیـعـرەوە بێت، یان هـەر ژانـرێکی تری ئـەدەبی کـە بە شـێـواز و فـۆرم و ناوەرۆکـێکی نوێ و تـازە دای دەهێنن پـەرەی پێ دەدەن بۆ ئـەوەی هـەمـوو کۆسپ و دیوارەکان تێک بشکێنن، لێ شتێکی زۆر گرینگ لەلای (سەباح رەنجدەر) لەم مـانیـفـێسـتـەدا هەیـە کەوا ئـەو نەهاتووە جـیـهـانی کـۆن، دەسـتـووری کـۆن، بڕووخـێنێ و لەناوی ببات بگرە هاتووە لەناو ئەو جیـهـانە کۆنە جیـهـانێکی تازە و نوێ و ڕوون بدۆزێتەوە. هەموو شاعیر و مانیفێستەکانی پێشتر بەتەواوی جیهانی کۆن و ئەوانی پێشتری خۆیان ڕەت کردووەتەوە بەشێوەیەکی ڕەها هـێڵی ڕاست و

چەپیان بەسەردا هێناون. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەتایەکی کوشندەیە، چونکو ئەوەی ئێستا کۆنە لە سەردەمی خۆی نوێ بووە، ئەگەر ئەوەش نەبووایە ئەوانیش ناتوانن داهێنان و نوێخوازی بەرهەم بێنن. بۆیە ئێمە کارێکی زۆر هەڵە دەکەین کە کۆن بەشێوەیەکی ڕەها و تەواوەتی ڕەت بکەینەوە. لەبەرئەوە ئەم شاعیرە ئەم یاسایەی تێک شکاند، ئەوەی ڕەت کردەوە کەوا وەکو ئەوانی پێشتر کە دەیانەوێ گۆڕان بکەن لەناو ئەدەبیات و شیعری کوردی کە کۆنیان بەهەموو جوانییەکەی و شتە نایاب و ناشرینییەکانی ڕەت دەکەنەوە. ئەو هات ئەمەی ڕەت کردەوە و دەڵێت: کۆن نارووخێنم بگرە لەسەر ئەو کۆنە، لەناو ئەو کۆنە دەیەها شتی جوان هەیە، شتی ناوازە و نایاب هەیە، ئەو تەکنیکە جوان و نایابانەی بەشێوەیەکی نوێ و تازە داهێنم کە دەبێتە شتێکی تەواو جیاواز لە کۆن. هەرچەندە ئەم مەسەلەیە لەناو ئەدەبیاتی کوردی مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کردووە (مەسەلەی کۆن و نوێ) هەر لە وتارەکەی (سیاپۆش- عەبدوڵڵا جەوهەر)ەوە تا ئەو وتار و دەمەقاڵێیانەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە کۆنەکانی سالانی (١٩٤٠، ١٩٣٠، ١٩٢٠...) بەسەرەوە تا ئێستاش بەردەوامە هەموویان دژی کۆن بوون و ڕەتیان دەکردەوە. (سەباح ڕەنجدەر) لەم مانیفێستەیدا دەڵێت" نەمویستووە جیهانی کۆن برووخێنم و جیهانی نوێ بنیات بنێم. تێکۆشاوم لەناو جیهانی کۆن جیهانی تر بدۆزمەوە و بیکەم بە نموونەی ڕوونی و خاوێنی بەهەشتی تا هەتایە"(٦)

لایەنێکی تری شاعیر کە لەم مانیفێستە گرینگی پێ دەدات و بەلایەوە گرینگە شوێنە. ئەگەر شوێن نەبێت هیچ جووڵە و ڕووداوێک ڕوو نادات. شوێن جێگەی یادەوەری و خەیاڵ و خەونە. شوێن زەوینەی جێبەجێکردنی کارە، دەتوانین لەسەر شوێن مومارەسەی خەونەکانمان بکەین. تاکو ئەو خەونانەی هەمانە بیانکەین بە واقیع، وا بکەین بەهۆی ئەو خەونانەوە گۆڕان دروست بکەین، دەبێت لەسەر شوێن جێبەجێیان بکەین. شوێن نەک هەر لە شیعر بگرە لە ژانرەکانی تری ئەدەبی وەکو چیرۆک و ڕۆمان کۆڵەکە و بنیاتێکی سەرەکین بۆ چیرۆک و ڕۆمانی سەرکەوتوو. ئەم شاعیرەش گرینگی ئەمە دەزانێت و بایەخێکی یەکجار زۆری پێ دەدات بۆ دروستکردنی گۆڕان تاکو سەر زەمینێکی هەبێت بۆ خەونە تازەکانی هەروەک دەڵێت:" پێوەندیشم لەگەڵ شوێندا پێوەندییەکی گیانییە، یەکەم خەیاڵگەی بەپیتمە، هەموو یادەوەرییەکانم لە شوێن خەوتوون کە چاو بواری نییە کۆیان بکاتەوە و

بیـانگرێت مـەگـەر لە ڕێگەی خـەونبـینینـەوە بەئاگـایان بـهێنمـەوە ئـاوی چاوی تیشکهاوێژم بدەم، بیانخەمە ناو چالاکیە هەستی و خەونییەکانم. ئەگەر ڕۆژێک بەهەسـتی دەسـتی نیـانی هەتاوی شـوێن لەخـەو بەئاگـام نەهێنێت وا دەزانم ئەو شـەوە چالاکی هەسـتی و خـەونی تێـدا نەبووە. شـوێن لە دەقدا خـەیاڵ و ڕوانین و خـەونی شـاعیـر دای دەمـەزرێنێ، جـیاوازە لەو زەوییـەی ڕۆژانە بەسـەریدا گوزەر دەکەیت."[٧] لێ شـتێکی تر هـەیە، ئەو زەوییـەی کـە شـاعیـر دەیەوێت مـومـارەسـەی خەونەکانی تێدا بکا جیاوازە لەو زەوییـەی کە مرۆڤەکان ڕۆژانە هـاتوچۆی بەسـەردا دەکەن. تەنانەت دنیای شـاعیر دەگەڵ دنیای مرۆیەکی ئـاسـایی جیاوازە، ئەمەش وا دەکـات خـەونەکـانیـان، هیـواکـانیـان، جیـاوازبێت هـەتا بگرە هـەڵسـوکـەوت و قسەکردنیان جیـاوازە لە خەڵکی تر. چونکو ئـەوان بە چاوێکی تر دەڕواننە ژیان و بوون. خـوێندنەوەی شـاعیـر و ڕۆشنبـیرەکـان لەبارەی ژیان و مـردن جیـاوازە لە خوێندنەوەی کەسێکی ئاسایی بۆ ئەم شتانە بۆیە دەبێت خەونیشیان جیاواز بێت. شـوێنەکـان لە خـەیاڵگەی شـاعیر پاشـمـاوەی خـۆیان بە جێ دەهێڵن بۆیە دەتوانین ناوی بنێین (شـوێنی خـەونی) ئەو شـوێنەی خـەون تێـیدا مـومـارەسـە دەکرێت. ئەو شـوێنەی شـاعیـر دەیەوێت تێیدا مـومـارەسـەی خـەونەکـانی خـۆی تێدا بکا بەپێی خـەیاڵ و ئاراسـتـەی خـۆی دای دەمـەزرێنێ بێگـومـان دەبێت باکگراوندێکی هـەبێت واتە ئەو شـوێنانەی لە منداڵی خـۆی شـوێنیـان جێ هێـشـتـووە، ئەو شـوێنانەی بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان کـاریگەریـیان لـەسـەر خـەیاڵ و خـەونی بەجێ هێـشـتـووە لەسـەر ئـەمـانە شـوێنێکی خـەیاڵی دروست دەکـات و بەپێی خـەون و خـەیاڵی خـۆی تاکو بە چێژێکی زۆرەوە خەونەکانی تێدا جێبەجێ بکات.

ئەو شتـەی ئەم شـاعیرە دەیـەوێت لە دنیای شـاعیری و شیعـریەتی خۆی پەیڕەوی بکا، بریتییـە لە مـەسـەلەیەکی گرینگ ئەویش پێڕەوکردنی (شـێوازی خـەونی) یە. کـەواتە شـاعیر دەیەوێت پێمـان ڕابگەیـەنێت کـە ئەو خـەون دەنووسێت. ئـەو شیـعر بەشـێوەی خـەون دەنووسێ. خـەون گرینگی و بایەخی تایبـەتی لای شـاعیـر هـەیە. یاخـیبـوون و نوێبـوونـەوە لە خـەوندا دەدۆزێتـەوە. کـاتێک شـێـوازی خـەونی پێڕەو بکرێت بێگـومـان دەقی خـەونی لەدایک دەبێت. دەقی خـەونی واتـە دروسـتکردنی پرسـیـارەکـانی ژیـان، نووسـینـەوەی ژیان کـە تێـیدا لەبارەی ژیـان دەدوێت، ژیان بەهـەمـوو مـانایەک. لە ڕێگەی دەقی خـەونی داهـێنانی جوان دەکرێت و دەقی نایاب

بەرهەم دەهێنرێت. شێوازی خەونی ئەو شێوازەیە کە لە ڕێگەیەوە پرسیار دروست دەبێت ئەم پرسـیـارانـەش ئاراسـتـەی دەسـەڵات و کـۆمـەڵگە دەکـرێت بـۆ ئەوەی گۆڕانێک دروست بکەن.

بەهۆی دەقی خەونی دەتوانین ناخی شتەکان بە خودی شاعیرەوەش بخوێنینەوە و شـارەزایان بین. لـە ڕێگەی خـوێندنەوەی ئەم دەقـانەوە ئەو پرسـیـارانەی شـاعیـر دەیەوێت ئـاراسـتـەمـان بکات لەبارەی ژیان و ناشـرینیـیـەکـان و دیاردەکـانی ناو کـۆمـەڵگە و دەسـەڵات پـەردەیان لەسـەر لابدەین و ئێـمـەش بەدوای وەڵامـی ئەو پرسـیـارانە بگەڕێین و لە خـۆمـانی بکەین، لێ شـتێکی گرینگ هەیـە ئەویش ئەوەیە شـاعیـری ڕاسـتـەقـینە لەم مـانیـفـێسـتـەی سـەباح ڕەنجـدەر ئەو کـەسـەیە لەناو شیـعـرەکـانیدا بـەشـێوازی خـەونی نووسـراوە وەڵامی پرسـیـارەکـانی ژیان هـەبێت، چونکو ئـامـانجی شـاعیـر لە دەقـی خـەونیـدا گـەڕانە بەدوای دۆزینەوەی گـەوهـەری مرۆڤ لە ڕێگەی پرسیارەوە.

دەقی خەونی کە ئەم شاعیرە بەرهەمی دەهێنێت جەربەزەیی و ڕیزپەڕی تێدایە، بەو مـانـایەی دەقی خـەونی مـانا و وشە کۆت و زنجیر ناکـات، بەڵکوو ئەو سنوورەی کـە بۆ دەسـتـەواژە و ڕسـتـەکـان دادەنرێت لە دەقـەکـانی تر لە دەقی خـەونی ئەو سنـووره نامـێنێت. کـەواتە دەقی خـەونی بـە بەزێنەری سنوورەکـانی مـانا و دەسـتـەواژە دادەنرێت. گـوێ بەهیچ شـتێک نـادات هەمـوو کـۆت و پێـوەنـدەکـان دەبەزێنێت. بەمەش دەتوانێت هەموو پرسیارێک بورووژێنێت، چونکو کاتێک دەقێک هەڵسـێت بە شکاندنی دیوارەکان و لە هـیچ شـتـێک سڵ ناکـاتەوە ئەوا پرسـیـاری جەوهەری دەکات، بێگومان بۆیە پرسیار دەکات گومـانی هەیە. لەلای ئەم شـاعیرە لە دەقی خـەونیـدا ژیان دەبێـتـە گـومـان، بۆیەش پرسـیـارکـردن لـە ژیان و بوون سـەرهـەڵدەدات تاکـو ئـەو گـومـانە بـڕەوێنێـتـەوە کـاتێک گـومـان دەڕەوێتـەوە کـە حەقیـقەتی دۆزییەوە. هەر دەقێک بەلای ئێمەوە پەنجە لەسـەر دیاردەکان دانەنێت و پرسیار و گومان دروست نەکات ئەوا دەقێکی نوێ نییە، نایاب نییە، داهێنانی تێدا نەکراوە. بۆیە ئەم شـاعیـرە گومـان و دڵەڕاوکێ بە بناخـە و هەوێنی دەقی کراوە و فرە ئاراستە خەونی دادەنێت.

لە ڕێگەی دەقی خەونییەوە شاعیر دەیەوێت هەروەک گوتمان گۆڕان دروست بکا،

بێگومـان گۆڕان بەهەمـوو کەسـێک ناکرێت و پێویستی بە یاخـیبـوون و شۆڕشـێکی فـیکری و ئەدەبی گـەورە هەیە، کـە هـەمـوو شـتـێکی کـۆنی دواکـەوتوو لەناو ببـات. کەواتە شـۆڕش پێویسـتـە بۆ گـۆڕینی دنیـابینیی تاکی کـۆمـەڵگە. شـاعـیر گـۆڕان بە ئەرکێکی سـەرەکی خۆی دەزانێت کە لە ڕێگەیەوە دەقی کراوە و ئێستێتیکا دروست بکا.

هەر لەم مانیفێستەدا شاعیر بۆ ئەوەی ئەرکی گۆڕان ڕاپەڕێنێت پەنا دەباتە بەر رەخنە، بۆیە رەخنە لای شاعیر دۆزینەوەی داهێنانە لەناو دەقدا. ئێمە کە باسمان لە گۆڕان کـرد دەبێتـە هـۆی گـۆڕینی تێڕوانـین و دنیـابینیی تـاک، مـەبەسـتـمـان لە هەمـوو لایەنێکی ژیانە، مـەبەسـتـمـان لە هەمـوو زانسـتـێک و لایەنێک هەیە کـە ژیان جـوان دەکـەن. ڕەخنەش بەیـەکـێک لەو هـۆکـارانە دادەنرێت کـە دەبێـتـە هۆی دەسـتـنیـشـانکردنی لایـەنی لاواز و بـەهێـزی دەق. بۆیە ڕەخـنە هـەنگاوێکە بۆ هێنانەدی گۆڕان. لە رەخنەشدا نابێت بەهیچ شێوەیەک بترسین کەوا ئێمە رەخنە لە کێ دەگـرین؟ لە چ دەگـرین؟ ئێـمـە دەبێت لە رەخنـەدا بەدوای داهێنانـی دەقـدا بگەڕێین، با واز بـهێنین لە دەسـتنیشـانکردنـی خـاڵی لاواز و بەهێزی دەقـەکان با چیی تر دەق لە بەهێزی و لاوازی قـەتیس نەکەین. بگرە بەدوای ئەو هونەرە وردانە بگەڕێین کـە نووسـەر (شـاعیر) لـە دەقەکەی دای هێناوە، با رەخنەگران دۆزینەوەی داهێنان لـە دەقـدا بکەنە یەکـەم ئـامـانجی ڕەخنەگـرتن، بـەمـەش ڕەخنـە لەو بارودۆخـەی ئێـسـتـا تێی کـەوتووە رزگـاری دەبێت. ئەمـەش بۆ یەکـەم جـارە لەم مانیـفێستـەدا ئاماژە بۆ ئامـانجێکی وا گرینگ کراوە کە بەڕاسـتی من بەپێویستی دەزانم لەمـەودوا پێـڕەو بکرێت ڕەخنـەگـران لـەسـەری بڕۆن. بـۆیە رەخنـەگـری سـەرکـەوتوو خـۆی بەدەقـێک خـەریک ناکات کـە هـەستی نەجـوولێنێت، چێـژی پێ نەبەخشێت. خۆی بەدەقێک سەرقاڵ دەکات کە دەقەکە ئەمسەر و ئەوسەری پێ بکا و وای لێ بکـا بە قـووڵی تێکەڵـی خـۆی بکا، بەڵام مـەخـابن ئەم رەخنـەگـرانەی بەم شـێـوەیە بیـردەکـەنەوە چـەند دانەیەکن، لە دنیـای ئەدەبی کـوردی ئەم نووسـینە ناکاملانە زۆرن کە خـۆیان بەڕەخنە لە قـەڵەم دەدەن. پڕ بووە لە ڕەخنەی لاواز و بێ بنـەمـا. لاپەڕەی هەر کـۆوار و ڕۆژنامـەیەک هەڵدەدەیتـەوە کـەسـێک خـۆی وەک ڕەخنەگر پێشکێش دەکات و لەسـەر بابەتێک یان دەقێک دەنووسێ سـەرەتا بە شان و باڵی خـاوەن دەق هەڵدەدات دەیگەیەنێتە لووتکەی کەسایـەتییـەکی داهێنەر دواتر

بەئارەزووی خـۆی دەکـەوێتـە شـەنوکـەوکردنی دەقـەکە، لـێ بێ ئاگـایە لەوەی هـەم دەقـەکـە و هـەم نـووســینەکـەی لاوازە و دەبێـتــە هۆی دابەزینـی ئاسـتـی ڕەخـنە. لەبەرئەوە ئەم شـاعیرە دەیەوێت هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسـەر ئەو جۆرە ڕەخنانە دابهێنێت، ئەرکی ڕەخـنە لە دۆزینەوەی داهێنان لە دەقدا دەستنیـشان دەکات ئێمە ناوی دەنێـین (روحی دەق) کـەواتـە گـەیشـتن بە روحی دەق و دۆزینـەوەی وا دەکـات هـەم نرخ بۆ دەقەکە دادەنرێت و نرخی خۆی پێ دەدرێت هـەم ڕەخنە بەمانای ڕەخنە ئەزمــوون دەکـرێت. کـەواتـە ڕەخنەگـرەکـان تاکـو نـەگـەن بە روحی دەق ناتـوانن پرۆسەی ڕەخنە ئەنجام بدەن.

شـاعیر بەڕاسـتی هـەندێک داهێنانی کردووە، ئەمـەش هـەروا قسـەیەکی بێ بەڵگە نییـە. وەک (ڕەگەزی کت و پڕی) هـەروەک خـۆی ئاماژەی پێ دەکات" جۆرێک پەرتی و بایەخنەدان بە یەکەتیی بابەتم وەک ڕەگەزی کتوپڕی پەیڕەو کردووە" ئەم ڕەگەزی کتوپڕییە هونەرێکی وردە و تا ئێستا هیچ کەسێک هـەستی پێ نەکردووە، بەڕاسـتی دیاریکردنی ئەم هونەرە نوێیانە و قسە لەسـەرکردنیان ئەرکی ڕەخنەگرە، بەڵام کام ڕەخنەگـر؟ سـەباح ڕەنجـدەر شـاعیـرێکە پێـویسـتـە مـرۆڤ زۆر بـە وردی لێی ورد بێتـەوە. هونەری ورد لەناو شیعرەکانی هـەیە. پێویستی بەگـەڕان و پشکنینی قووڵ هـەیە، چونکە بەڕاسـتی هـەر وا ئاسان نییـە. ئەم هونەرانە دەستنیشـان بکەین. ئەم شـاعیـرە لـەناو شـیـعـری کوردی ڕێچکەیەکی بۆ خـۆی دیاری کـردووە و هونەرێکی هـەیە کـە پێی دەناسـرێتـەوە. ئەم ڕەگـەزی کـتـوپڕیە لەلای شـاعیـر بەو شـێوەیە دێت لەناو شـیعـرەکانی چەندان وێنە دەهێنێتـەوە لـە نێوان دوو وێنە دێرێک دەهێنێتـەوە کە ئەم دێڕە نە پێوەندی بە وێنەی پێش خۆی هـەیە نە پێوەندی بە وێنەی پاش خۆی هـەیە. وا لە خوێنـەر دەکات بەشێـوەیەکی کتـوپڕ تووشـی ڕاچڵەکینـی بکا. وا دەکات خـوێنەر زوو زوو لەناو فەزای دەقـەکە بەئاگا بـهێنێتـەوە بۆ ئەوەی بە وردی دەقەکە بخـوێنێتـەوە، ئـەمـە تاکو ئێسـتـا لەناو شـیـعـری کـوردی نەبووە، ئەمـەش شـێواز و هۆکارێکە بۆ جیاوازبوونی سەباح ڕەنجدەر.

شتـێکی تر کە لای ئـەم شـاعیـرە زۆر جێگەی سـەرنجە ئەویش ئەوەیە ڕاسـتگۆیە، کە لەلایەکی تر مانیفێستەکەمان بۆ پتەوتر دەکات. کە تا ئێستا لە مانیفێستەکانی تر ئـەمــە بەرچـاو ناکــەوێت. ئەو ئـەم هونەرەی ســەرەوەی داهێناوە، لێ بەســوود وەرگرتن لە شـاعیـرانی کلاسیک وەک (نالی، سـالم، مەحـوی، حاجی قادری کۆیی،

مەولەوی، وەفایی...)، ئێمە دەڵێین بە سوودوەرگرتن نەک لاساییکردنەوە، هەروەک دەڵێت "ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکی فێر بووم لە شیعری کلاسیکی یەکەتیی بابەت نییە، بەڵکو یەکەتیی دێڕ هەیە، من ئەم یەکەتیی دێڕەم گۆڕیوە بۆ یەکەتیی وێنە" کەواتە شاعیر لەم مانیفێستە راستگۆییانە قسان دەکات. نەک هەموو شتێک رەت بکاتەوە، بگرە راستگۆییانە دەڵێت سوودم وەرگرتووە لە شاعیرانی کلاسیک لەسەر ئەو سوودوەرگرتنە داهێنانم کردووە ئەویش (یەکەتیی وێنە)یە. بێگومان ئەمەش راستەقینەیی شاعیری داهێنەر و رەچەشکێنە، چونکو لاسایی نەکردووەتەوە بەڵکو سوودی لێیان وەرگرتووە. ئەمەش مافی هەموو کەسێکە سوود لە ئەزموونی کەسانی داهێنەر وەربگرێت، بەڵام نابێت وەکو ئەو بەکاری بهێنێت، چونکو دەبێتە لاساییکردنەوە.

دەسەڵات بەهەموو جۆرەکانییەوە، کاریگەرییان لەسەر شاعیر و نووسەران هەیە. ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە نووسەر و شاعیری حزب و دەسەڵات نییە. بەو مانایەی هەردەم دەسەڵاتەکان نووسەر و شاعیرە داهێنەرەکانیان ئازار داوە، ئازارێکی روحی وا کە تەنانەت لە خودی خۆیان بێزار بوونە گەیشتووەتە ئەو رادەیەی بیر لە خۆکوشتن بکەنەوە. رەنگە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا ئازاری جەستەییش دراون.

بۆیە لەم مانیفێستەدا کتێبخانە بە تەکیەی خۆی دەزانێت کاتێک دەیانرەنجاند پەنای بۆ دەبرد زیکری روحی لەوێ دەکرد. پرسیارەکانی بوون و ژیان لەوێ سەریان هەڵدەدا، کەواتە کتێبخانە لە هەموو ماڵێک پێویستە. مرۆ لەناو کتێبخانە دەتوانێت جوانترین بیر بخولقێنێت. ماڵی بێ کتێب ماڵێکی بێ بیرکردنەوە، پرۆسەی بیرکردنەوەی تێیدا بەڕێوە ناچێت. مرۆ تاکو زیاتر ئاشنای کتێب بێت ئەوا دەتوانێ زیاتر خەون ببینێت، کاتێک خەونیشی بینی پرسیاری جەوهەری لە خۆی دەکات لەبارەی شتە گرینگەکانی ژیان و سەردەم. کەواتە شاعیر لەم مانیفێستە گرینگی بەم لایەنە دەدات. بەبایەخەوە سەیری دەکات بۆیە بە (ئەنوای خەون) ناوی دەبات. بەڕاستی کاتێک مرۆڤ هەوڵ دەدات بنووسێت بێجگە لە بەهرە و ئارەزووی نووسین دەبێت خاوەنی کتێب و کتێبخانە بێت، کتێب هاوڕێی راستەقینەی بێت. بۆیە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە ئەم مانیفێستە زۆر قووڵتر لەوانی تر لە دنیای شیعر و ئەدەبی روانیوە هەروەک (د. ئازاد حەمە شەریف) لە

ژمارەی (١٣٦)ی کۆواری رامان لە بارەی ئەم مانیفێستەوە دەڵێت: (ئەوەی سەباح رەنجدەر زۆر لەوانەی پێش خۆی رێکوپێکتر و قووڵتر و شیعریترە). بەبایەخەوە لایەنەکانی رۆشنبیری کوردی لەم مانیفێستە ئاماژەی پێ کراوە.

کەواتە شاعیر بۆ ئەوەی ئەزموونی دەقی خەونی بکا یان دەقی خەونی دابهێنێت دەبێ زمانێکی باڵا و پتەوی هەبێ بۆ ئەمەش سوود لە زمانی شیعری کلاسیکی دەبینێت، لێ زمانێک تایبەت بەخۆی دادەهێنێت بە سوودوەرگرتن لە زمانی کلاسیکی بۆ ئەوەی ئەزموونی دەقی خەونی بکا لەوێوە پرسیارە جەوهەرییەکان بکا.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بەرەخنە دا لەم مانیفێستە کە شاعیر پشتگیری تەواوی لە رەخنەی بنیاتنەرانە کردووە، بەو مانایە رەخنەیەک بەدوای دۆزینەوەی هونەرە وردەکانی ناو دەقەکە یاخۆ داهێنانی ناو دەقەکە بدۆزێتەوە.

شاعیر هەر لەم مانیفێستەدا ئاماژە بۆ شتێکی گرینگ دەکات ئەویش ئەو نەخۆشییەیە کە زۆربەی نووسەرانی ئێمەی گرتووەتەوە کە هەریەکە خۆی لەوی تر بەبەرزتر دەزانێت. هەریەک لە رۆشنبیرانمان دەڵێت فلان رستە من دام هێناوە، فلانە وشە من لە فلان ساڵ وام وتووە، فلان هونەر هی منە. لێ ئێمە دەپرسین ئاخۆ وشەی زمان موڵکی یەک کەسە؟ ئەگەر وا بێت هەر کەسێک وشەیەک لە رستەیەک دەرببرێت بە موڵکی خۆی بزانێت کەسی تر مافی ئەوەی نەبێت بەکاری بهێنێت، ئەوا وشە و رستە نامێنێت خەڵکی تر بەکاری بهێنێت. ئەمەش بایەخی ئەم مانیفێستە و فراوانی ئەم مانیفێستەمان بۆ دەردەخات ئەگەر بە وردی بخوێندرێتەوە ئەوا هەموو کەسێک دەتوانێت بیکاتە رێباز و رێچکەیەک لەسەری بڕوات، هەرچەندە شاعیر ئەم مانیفێستەی لەناو ئەزموونی بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی هەڵێنجاوە کەوا زیاتر باس لە ئەزموونی خۆی دەکات، بەڵام هەموو کەسێک دەتوانێت بۆ داهێنان سوودی لێ وەگرێت.

لەم مانیفێستەدا هەموو شتێک دەگەڕێنێتەوە بۆ خەون، خەون وا لە شاعیر دەکات"پێوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان و جیهان بدۆزێتەوە"(٨)

شاعیر لەم مانیفێستەدا زۆر پێداگری لەسەر نوێبەخشی دەکات و نوێبەخشی تاکە مەرجە بۆ داهێنانی نوێ و جوان، بەڵام بە چ شێوەیەک نوێبەخشی دەکرێت؟

نوێبـەخـشی بەڕاسـتی بە گـۆڕان دەکـرێت، گـۆڕانێک لە ڕەگـوڕیشـەوە ڕوو بدات. نوێبـەخشی بەو مـانـایە من بەکاری دەهێـنم کە گۆڕان لـە هەمـوو بنەمـاکـانی دەق بکرێت، من نـاڵێم شـتی دوێنێ کـۆنە و باوی نـەمـاوە و دەبێت فـڕێ بدرێتـە ناو زبڵـخـانەی مـێـژووەوە، ئەمـە دەسـتـەواژەیەکی زۆر دواکـەوتووە بـێ مـانـا و بێ سـەروبەرە، بگرە دەبێت بەبایەخـەوە هەڵبگیـرێت، چـونکە ئەگـەر دوێنێ نـەبووایە ئەمـڕۆش بنیـات نـانرێت. هەروەهـا دوێنێ بەگـوێرەی ڕۆژ و سـەردەمی خـۆی نوێ بووە.

لێ دەتوانین بـەهـۆی لاسـایینەکردنەوەی ئـەو شـێـواز و تەکنیکانـە بتوانین شـتی نوێ دابهێنین، بەو مـانایەی سـوود لەو شـێواز و تەکنیـکانە ببینین و بەشـێـوازێکی نوێ داهێنان بکەین. بۆیـە ئەوانەی هەردەم بەهەڵە لە نوێبـەخشی دەگەن وا دەزانن نوێبەخشی واتە ڕەتکردنەوەی بەرهەمی نەوەی دوێنێ. شاعیر زۆر بە ڕوونی ئەمەی لەم مانیفێستەدا ڕوونکردووەتەوە.

لەلایەکی تر هەردەم نـوێبــەخــشی و نـوێخــوازی دوژمـنی خــۆی هـەیە و دژی دەوەسـتنەوە، وەک ئەوەی بەسـەر خودی شـاعیـر سەباح ڕەنجدەردا هات کاتێک لە هەشـتـاکان (زێوان)ی بـڵاو کردەوە بە وڕێنەیان دانـا، بەڵام ئەو کۆڵی نەدا، لـەگەڵ ئەوەش کـەسی نوێخـواز دەبێت باکگراوندی فیکری و فـەلسـەفی و ڕۆشنبـیـرییـەکی نوێی هـەبێت. مـرۆڤ ئەگـەر خـاوەنی ئەم جـۆرە باکگراوندانە نەبێت و پاشـخـانێکی وای نەبێت ناتوانێت داهێنان بکا.

لە کـۆتاییـدا دەگـەینە ئـەو بڕوایەی کـەوا ئەم شـاعـیـرە بـەوردی پەنجـەی لەسـەر زۆربەی لایـەنەکـانی نێـو ڕۆشنبـیـری کـوردی داناوە و هـەوڵی داوە بەڕوونـی ئەو کـەمـوکـوڕیانە دەسـتنیـشـان بکا کـە ئەدەبی کوردی و شـیـعـری کـوردی پێـوەی دەناڵێنێت. ئەمـانەی لەم بەشـەدا قـسـەمـان لـەسـەر کـردن بەبـنەمـا و خـاسـیـەتی سوریـالی دادەنرێن، وەکوو بەکاربردنی خەون، لاسـایینەکردنەوە چەندان شـتی تر، سوریالییەتی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنن.

## (زێوان) سەفەری شیعر و منداڵی

(سـەبـاح ڕەنجـدەر) لە چامـەی (زێوان)دا کە سـوریـالییـانـە نووسـیویـەتی باسی منداڵی خـۆیمان بـۆ دەکات. زۆر سـەرنجـڕاکێـشـانە باسی ئـەو سـەردەمـەمـان بۆ

دەکات. هەر دەگەڵ گەڕانەوەی بۆ دنیای منداڵی دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، ئەمەش وا دەگەیەنێ جیهانی (منداڵ) و (سروشت) پێوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە هەیە، چونکو هەردووکیان خەسڵەتی پاکیان تێدایە. دەگەڵ دەرچوونی دیوانی (زێوان)دا شاعیر هاواری کرد و یاخی بوو خۆی جیا کردەوە. ئەو کات زۆر لەو کەسانەی ئەو دیوانەیان خوێندبوویەوە بە ورێنەی گەنجێکیان دەزانی، تەنانەت چەندان جار ڕەت کرایەوە بۆ ئەوەی چاپنەکرێت. ئەمەش بەڵگەیە لەبارەی ئەوەی ئەوان (کۆنخوازەکان کە دژی جوانین) نەیانتوانی قبووڵی دەقێکی وا زیندوو و سووریالی بکەن. کە لە هەموو ڕوویەکەوە نوێ بوو. با یەکێک لە بۆچوونی ئەو ڕۆشنبیرانە وەربگرین کە دەڵێت: " ئەمە شیعرێکی ئاڵۆزە کۆمەڵێک ورێنەی لاوێکە کە هێشتا لە شیعردا خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەم شاعیرە یەکێکە لەو گرووپەی دەیانەوێ دوای (ڕوانگە) وەک بزووتنەوەیەکی شیعری خۆیان بناسێنن. (مەحموود زامدار) ڕابەرایەتی و پروپاگەندەی گەورەیان بۆ دەکات، ناوی لێ ناون (پێشڕەو-تەلیعی). ڕەگی ئەم گرووپە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەهاتووە پێڕەوی ئەدەبی ئەورووپی دەکەن، ڕەوا نییە ڕێگە بۆ ئەوانە خۆش بکرێت ئەم ئاژاوەیە بنێنەوە و بیهێننە ناو ئەدەبی کوردی"[٩] ئەمە بۆچوونی نووسەرێکە کە ڕێگەی لە نوێخوازەکان دەگرت تەنانەت بە ناڕاستەوخۆ داوا لە دەسەلات دەکات کە ڕێگە بەو کەسانە نەدرێت لە ڕێگەی شیعرەوە مومارەسەی پرسیارەکانی بوون و ژیان دەکەن، بەبیانووی ئەمە دوورە لە داوونەریتی کوردەواری، لێ با بپرسین چ شتێکی ئەم دیوانە دوورە لە کوردەواری سەیری وشەکانی ناو دیوانەکە بکەن، سەیری وێنە شیعرییەکانی ناو دیوانەکە بکەن، جا تێ دەگەن کوردەوارییە یان نا، تاکە هۆ ئەوە بوو ئەو دیوانە وێرانکەری کورسیی ئەدەبی ئەوان بوو، دەیوست چیی تر بەرهەمەکان لاساییکەرەوە نەبن، (زێوان) وای کرد عەرشی ئەدەبی ئەوان بکەوێتە لەرزین و ڕێگەی بۆ وێرانکردنی دنیای ئەوان خۆش کرد، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە دنیایەکی نوێ و جیهانبینییەکی تازەوە بنیاتی بنێنەوە.

شاعیر بەم بەرهەمەی توانی ورێنە وێرانکەرەکانی خۆی بلاو بکاتەوە، توانی بە کۆنخوازەکان بڵێت دەنگی من دەگمەن و جیاوازە، زمانم دەگمەن و جیاوازە، وشە و خەونم دەگمەن و جیاوازە، تەنانەت ڕەنگیشم دەگمەن و جیاوازە. شاعیر لەم بەرهەمەی کە لە ساڵی (١٩٨٨) چاپی کردووە و پاشان لە دیوانی (خەون وا خۆی

گێـڕایەوە) دووبارە بڵاوی کردەوە. سـەفـەرێک و گـەڕانەوەیەک بۆ دنیـای منداڵی و هـەروەها سـروشـتیش دەکـات. لەم سـەفـەرەشـی بۆ ناو سـروشت دەبێت، لەوێوە لە ڕێگەی سروشـتـەوە دەڕوات بۆ ناو دنیای منداڵی و شـوێنی منداڵی. دەیان وێنەی سـوریالیـمان پێشکێش دەکات. دنیـای منداڵی شـاعیـر زۆر ناخـۆش بووە، تەنانەت نەیانهێشتووە چێژی منداڵی بکا:

ڕێکخراوی جانەوەران بەدەستە بەدەکانیان
رووناکییان لەبن دروشمەکانیان درۆزن کرد
نەیانهێشت منداڵیم تێر خەو بێ
بە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی بنازێ(١٠)

ئەم غەدرەی لە منداڵی شاعیـر کراوە وای کـردووە شاعیـر هەست بە کەمـوکوڕی ژیان بکا. ئەوانەی خـاوەن دروشـمی زەق بوونە، لـێ ئەم دروشـمـانەیان تەنیـا بۆ کوشـتنی جـوانیی داهێنان بەکار هێنـاوە. جیـهانی منداڵی چێـژ و جوانی تایبـەتیی خۆی هـەیە. ئەگەر کـەسێک چێژ لەم دنیایە پەپوولە ئاسـایە وەرنەگرێت ئەوا تا ماوە لێی دەبێت بە گرێیـەکی دەروونی، بۆیە زۆربەی داهێنەرەکانی ئەدەبی کە جوانی و داهێنانیان خـوڵقاندووە بەشێوەیەک لە شێوەکان جیهانی منداڵییان ناتەواو بووە، بەرهەمـەکـانیـان ڕەنگدانەوەی جیـهـانی منداڵی بووە، واتـە قـەرەبووی منداڵییـان کردووەتەوە کە لە دەروونناسـی پێی دەڵێن (تعویض النفسي)، نموونەمـان زۆرە بۆ نموونە (شـێـرزاد حـەسـەن) کـە بـەو چیرۆکە نایابانـەی کـە ڕەنگدانەوەی جیـهـانی منداڵییەتی داهێنانی کردووە. چونکو ئەمانە وەک منداڵی ئاسایی مومارەسەی ئەم جیهانەیان نەکردووە، هـەروەها ئەگەر سـەیری (ئەدۆنیس) شاعیری گەورەی عەرەب بکەین ئەویش هەمـوو کات دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەو دنیایـە، کەواتە غـەدرکردن لە مرۆ لە کـاتـی منداڵی، یان بە مـانایەکی تر ئـەگـەر مـرۆ لە منداڵی وەک منداڵ نـەژیا بەهـەر هۆیەک بێت، ئابووری، کۆمـەڵایەتی، خێزانی... هتد. ئەوا لە داهـاتوودا بـەشێوەیەک لە شێـوەکان دەیەوێت قـەرەبووی بکاتەوە شـاعیـر و نووسـەرەکان دێن بە شیـعر بێ، یان هـەر ژانرێکی تر سـەردان و سەفەری ئەو دنیایە دەکەن. گەڕانەوەی شاعیـر بۆ شـوێنی منداڵی و ئەو شـوێنانـەی کە چرکـەیەک لە چرکـەکانی ژیانی تێدا بەسـەر

بردووه، وای لێ دەکات هەست بە چێژگەیێن بکا.

شاخێ شوانان و کانییان دەسرازەی ڕیشەدار و بە گوڵینگی پشت لانکن
گڵکەند و مەچکۆش کۆتی داچۆڕاوی ناو خوێن و ئێسک و گیان(١١)

دوای ئەوە دێت و ڕووی ئاراستەی بەرامبەرەکانی دەکات و پێیان دەڵێت من داهێنانم کردووە تەنانەت خۆی بە جیاواز لەوانی تر دەزانێت:

بۆ نابینن من ڕەنگێکم لە پەلکە زێڕینە زیاد کردووە

شاعیر دێت پشت بە خەون دەبەستێت، وەکو سوریالیستێک دێت خەون بینین دەکاتە تاکە سەرچاوەی داهێنان و ژیانی خۆی. لەوێوە داهاتوو بنیات دەنێت، خەون بە جیهانی خۆشبەختی دەبینێت. شاعیر هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونیەوە بۆ قوتابخانە خەون دەبینێت ئەمەش یاخیبوونی شاعیر دەسەلمێنێت، هەر لەوێوە هەوڵی داوە لە ڕێگەی خەونبینینەوە جیهانێکی تایبەت بە خۆی دروست بکا و هەوڵ بدات زمان و داهێنانی خۆی پەرە پێ بدات ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی سوریالییەکان:

خەونبینین هاوتای جانتای گەشت و خۆشبەختییە
خەون ئەی کراسی بۆنخۆشی
یەکەمین ڕۆژی چوونە قوتابخانە
بە دەنگێکی خودایی شتێک بدرکێنە(١٢)

هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەیەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە دەنگێکی جیاواز بێت و یاخی و دەگمەن بێت، بۆیە هەوڵ دەدات خەون ببینێت، ئەو دەنگە دەبێت دەنگێکی سەرکەش و شکۆدار بێت، لەوێوە لەو جیهانە خەونەدا هەوڵ دەدات پرسیارەکانی ژیان بکا. ئەو پرسیارانەی دەبێت کەسە داهێنەر و بیرمەندەکان و یاخییەکان بیکەن، یان هەوڵی ورووژاندنی بدەن بۆ ئەوەی هەموو شتێک بخەنە ژێر پرسیار و بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز و باڵاتری ببەن. ئەم خەونبینینە یەکەم هەنگاوی سوریالیەتی شاعیرە بۆ هەڵگەڕانەوەی لە هەموو ناشرینی و دواکەوتووییەک، شاعیر لەبەرئەوەی هەموو ئازادییەکی لێ زەوت کرابوو بۆیە پەنا

بۆ خـەون دەبات و لەوێوە مـومـارەسـەی ژیان و دروسـتکردنی واقـیـعێکی باڵاتر و جوانتر دەکات.

دەبینین شـاعـیـر هـەر لە دروسـتکردنی دەنگێکی جیـاواز بۆ خـۆی بـەشـێـوەیەکی نەترسـانە و شکۆمـەندانـە لە ڕێگەی شـیـعـرەکـانیـەوە ڕووبەڕووی گـەورەترین و داپڵۆسێنەرترین دەسەڵاتی ئەو سەردەمە دەبێتەوە و ڕەخنەی ئاراستە دەکات:

نواڵە هێندەی ئاگری شەست و سێ دڕندەی
گوندی گەنجینەی منداڵیمی کرد بە پاشماوەی باخچەیەکی سڕ
نواڵە هێندەی ئاگری حەفتا و پێنج دڕندەی
گوندی گەنجینەی منداڵیمی کردەوە پاشماوەی باخچەیەکی سڕ(١٣)

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی شـاعـیـر لە هـەڵوێست وەرگـرتن بەرامـبـەر بە دڕندەترین دەسەڵاتی ئەو سـەردەمە، کە دوو ڕووداوی گەورە وایانکردووە منداڵی شاعیر وێران بکەن نەیانهێشتـووە ئەم و منداڵانی تری هاوتەمەنی ئەو چێژی ژیان بکەن.ئەو دوو ڕووداوەی شـاعـیـر بـە وێرانکردنـی منداڵی خـۆی دەزانێت (کـە منداڵی شـاعـیـر ڕەنگدانەوەی هـەموو ژیانی تاکێکی کوردە). ڕووداوی شەست و سێ کە هـاتنە سـەر دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسە کە لە دوای خـۆی دەیان ماڵوێرانییـان هێنا یەکێک لەوانە ئەو کـات ڕووی دا هـەمـوو گـوندێکیـان سـووتاند، تاکو ئێسـتـاش بە سـاڵی حـەرەس قـەومی دەناسـرێت. بۆ گـەلی کـورد تـاکـو ڕووخـانی یەکجـارەکی لە سـاڵی (٢٠٠٣)، هـەرچەنـدە (نواڵە) ڕەنگـە ناوێک بێت، چونکو وا دیارە ئـازارێکی زۆری شـاعـیـری داوە، ئەو ئازارە ئەوەندە بـە ئازار و جـەرگبڕ بووە بەقـەد ڕووداوی حـەرەس قـەومی سـاڵی (١٩٦٣). ئەم ڕێژیمە هـەمـوو جـوانیـیـەکـانی تاکی کـوردی لەنـاو برد، هـەر هـەوڵێکی تاکی کوردی سـەرکوت دەکرد کاتێ یاخی دەبوو بۆ بەدەسـهێنانی ئازادی. کـارەسـاتی نسـکۆی شـۆڕشی کـورد لە سـاڵی حـەفـتـا و پێنج ئەویش وێرانکردنی ئومـێـدی تـاکی کـورد بوو، لێـرەدا دوو ڕووداوی هـێنـاوەتەوە کـە یەکـەمـیـان سـەرهەڵدانی دوژمنێکی گەورە کە تاریکییـەکی تەواوی بـەسـەر ئاسـمـانی کورددا هێنا، دووەمـیـان کـوژانەوەی تاکـە ڕووناکی و مـەشـخـەڵی کـورد کە هەڵکرابوو بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تاریکییە، ئەم ئازارەی نواڵە دیسان بەقـەد نسکۆی حەفتا و پێنج

بەئازار بووە. ویستی گۆڕانکاری لە ناخی شاعیردا ویستێکی خۆڕسکە، شاعیر چ لە ڕوخسار و چ لە ناوەڕۆکدا هەوڵ دەدات گۆڕانێکی مەزن بهێنێتە دی. بەتایبەتی لە ڕووی زمانەوە، چونکو شاعیر زمان بە نیشتمانی خۆی دەزانێت. ئەگەر سەیری دنیای ئەدەبی ئەمڕۆ بکەین بە لێشاو ڕۆژانە شیعر بڵاو دەکرێتەوە چ بەدیوان، چ لە ڕۆژنامە و کۆوارەکان، نووسین وەکو باران دادەبارێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە چەندیان دروستکەری پرسیاری لە دڵەوەن؟ چەندیان جوانن؟ چەندیان نوێ و داهێنانیان تێدا کراوە؟ ئەمانە تەنیا چەند دانەیەکیان نەبێت هیچیان ڕوحی داهێنانیان تێدا نییە، جوان نین. ئەوەندە شاعیرمان زۆر بووە وای لێهاتووە ئەوەی بێ ئیش بێت شیعر دەنووسێت. ئەدۆنیس لەبارەی شیعری عەرەبی دەڵێت "پێم وایە لە نێو عەرەب بەهرەی شیعری زۆر هەیە، بەڵام ئەزموونی مەزن لە شیعردا کەمە ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات شیعری عەرەبی لە پرسیاری هەبوونایەتی کورت دەبێتەوە"(١٤) ئەم بۆچوونەی شاعیری گەورەی عەرەب بەسەر جیهانی ئێستای شیعری کوردیشدا پێڕەو دەبێت. بەڕاستی شیعری ئێستای کوردی زۆربەی تەنیا بۆ خۆ خافڵاندن و ئارەزووە، بەڵام ئەزموونی جوان کەمە کە ببێتە هۆی دروستکردنی پرسیارەکانی ژیان و بوون.

لە ئەزموونی (زێوان)دا دەبینین شاعیر داوای گۆڕان دەکات، هەوڵ دەدات گۆڕان دروست بکات بەشێوەیەکی سوریالی پەنا بۆ خەون دەبات هەر لەم شیعرەدا پێمان دەڵێت یاخیبوون و دروستکردنی گۆڕان پێویستی بە ماندووبوون و قوربانییە:

خواردنەوەی ئاو چەند کانی
گفتوگۆی ئا و نای چەند قۆناغی
هێنانە خوارەوەی تاجی چەند پاشای
شکانی سەهۆڵبەندانی چەند ڕێگای دەوێ(١٥)

ئەم هەوڵە سوریالییەی شاعیر بۆ وێرانکردنی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژی و ڕووبەڕووبوونەوەی لۆجیک هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ ئەوەی دنیایەکی جوانمان بۆ دروست بکا زۆر بالاتر بێت لەو واقیعەی کە هەیە، لێ شاعیر پێمان دەڵێت ئەم

هەوڵدانە دەبێت سەرەتا خۆت ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی شۆڕشێک بەرپا بکەیت تاکو ڕێگە خـۆشکەر بێت، چونکو دروسـتکردنی دنیـایەکی جـوان و پڕ لە داهێنان پێویستی بە ماندووبوونە، پێویستی بەوەیە کە چەندان دیواری داوونەریت و عەقڵی دواکەوتووی نێو کـۆمـەڵگە برووخـێنیت، دەنگە ناشرینەکـان کپ بکەیتـەوە، هەوڵ بدەیت کە جیاواز بیت، ڕەنگی تایبـەتی خۆت هەبێت، دەنگی تایبـەتیی خۆت هەبێت و تەنیا خۆت بیت.

ئەگەر سـەیری ئەم چامە (زێوان) بکەین بۆ ئەو سـەردەم ئەم شـێوە شـیـعرە لە شـێـوەی چامـە و ڕۆمـانە شـیـعـردایە، زۆر ڕەخنـەی لێ گـیـراوە کـەوا لـە وڕێنـەی گـەنجـێک زیاتر نیـیـە، هەروەها بەکـارهێنانی وشـەی نالۆجـیک و ناواقـیـعی کـە بەهەمـوو شـێوەیـەک مانای ڕووبەڕووبوونـەوەی لۆجیک و واقیعی ئەو سـەردەم بووە تەنـانەت تێکی شکاندوون. چـەندان وشـەی وای بـەکـارهـێناوە کـە چەندان مـانا و دەلالەتی لە پشـتـەوەی خـۆی هەڵگرتووە، ئـەم بەکار هێنانی وشـانە خـۆی لە خـۆیدا هەڵوێست وەرگرتن بووە لەو سـەردەم کە وشـەکانی بۆ ئەو سـەردەم ناواقیعی بوون، هەرچەندە شـاعیری تری بە ئەزموون هەبوونە بەم شـێوەیە لە هەمـوو شتێک یاخی بوونە. ئەو وشـانەی شـاعیر بەکاری هێناون کە یاخیبوون و سوریالییەتییان تێدایە گەلێک بەرچاون، ئێمە بۆ نموونە هەندێک لەو وشانە دەنووسین:

" تای بەفـر، سـۆبـەی باران، پەنگری با، ئاوەدانی خـەون، ژووری ئاسـوودەیی، سـزای دانیشـتـوان، هەتاوی نزم، دەمـوچاوی ئـاو خـوریکە لێی دا، وڕێنەی زەوی، دڵپاکی مانگەشەو، دڵڕەقی ئاو...هتد"

ئەم وشـانـە و چەندان وشـەی تری سـوریالی کـەوا دەسـەلمێنن شـاعیـر لە ڕێگەی زمـانەوەش هەوڵی داهـێنان بدا، هەرچەنـدە زمـان لای شـاعـیـر بەشـێـوەیەکی زۆر ژیرانە و داهێنەرانە مـامەڵەی دەگەڵ کراوە، وات لێدەکات بەرامبەر هـەر وشـەیەکی ڕابمێنی و هەڵوێسـتـەی لەسـەر بکەی، چونکو زیاد لە مـانایـەک لە خـۆیان کـۆ دەکەنەوە و دەبەخشن کـە دوای ئەمـە باسی گەمـەی زمـان و وشە لای ئەم شـاعیرە دەکەین.

## گەمەکردن لەناو زمان

(من زمان دەنووسم لەبارەی زمانەوە نانووسم)

سەباح رەنجدەر (خەون وا خۆی گێرایەوە)

(سەباح رەنجدەر) یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشێوەیەکی سەیر و دەگمەن مامەڵە دەگەڵ زماندا دەکات. هەموو توانا و بیرکردنەوەی لەناو زماندا دەبینرێتەوە. ئەگەر سەیری شیعرەکانی بکەین دەبینین بەشێوەیەکی سوریالییانە و داهێنەرانە مامەڵەی دەگەڵ وشە و ڕستەدا کردووە. ئەم ئیشکردنەی شاعیر لەناو زماندا شێوەی داڕشتن و بەکارهێنانی وشە و ڕستەکان دەگرێتەوە، ئەم ئیشکردنە لەناو زماندا وای کردووە شێوەی دەرەوەی (ڕوخساری) شیعرەکە زۆر جوان و داهێنەرانە بێت. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی شاعیرە لە زۆربەی شاعیرانی تر. هەروەک (ئەدۆنیس)ی شاعیر پێی وایە (فۆرم) یان شێوە یەکەمین نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی داهێنەر لە لاساییکەرەوە.

شاعیر هەر لە یەکەم بەرهەمی تا دوا بەرهەمی داهێنانەکانی لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام داوە "بەهای شیعری لەناو زماندایە نەک لە ماناو مەبەست، بەڵام چێژ لە ئاستداری زمان و مانا و مەبەستدا دروست دەبێت"[١٦] کەواتە شاعیر شیعرییەت و داهێنانی شیعری لەناو زماندا دەدۆزێتەوە. شاعیر دەنا و شیعرەکانی گەمە بە زمان و وشە و ڕستەکان دەکات" هەوڵ دەدات زمان لەناو شیعردا زمانی ڕەهابوون و تایبەت بێت، شیعر لە پێناو زماندا دەنووسێت نەک زمان لە پێناو شیعردا ئەمەش نهێنییە سەرەکییەکانی بوونی شیعری (سەباح رەنجدەر) ن"[١٧] ئەو ڕەهابوونەی شاعیر دەیەوێت لە ڕووی زمانەوە لەناو شیعردا بەدەستی بهێنێت سوریالییەتی ئەو دەسەلمێنن، چونکو شاعیر دەیەوێت خۆی لە هەموو کۆت و بەندێکی زمانەوانی چ لە ڕووی ڕێزمان، یان واتاسازی، یان ڕستەسازی رزگار بکا. بەو مانایەی شاعیر دەیەوێت ئازادییەکی ڕەها بۆ گەمەکردن و داڕشتنی وشە بۆ خۆی برەخسێنێ، ئەم ئازادییەش بە یاخیبوون لە هەموو یاسایەکی زمانەوانی دەبێت، بۆیە بۆ ئافراندنی داهێنان دەست بەگەمەکردن دەگەڵ زماندا دەکات.

دەوڵەمەندی بوون و خۆدەوڵەمەندکردن لە ڕووی فەرهەنگەوە پێویستییەکی گرینگی هەموو نووسەرێکە، چونکو هەر نووسەر و شاعیرێک لە ڕووی فەرهەنگی

زمـانەوە لاواز بوو ناتوانێ داهێنان ئـەنجـام بدات، بەمـانایەكی تر نـاتوانێ مـانا و دەلالەتی ئێستێتیكی جوان دروست بكا تا وا لـە خوێنەر بكا سەراسیمە بێت لە ئاست ئەو داهێنانە. هەموو شیعرەكانی دنیا دەبینین خودی خۆیان فەرهەنگ و ئینسكلۆپیدیایەكی وشەی زمانەكەی خۆیانن، ئەدەبی كوردیش لەو شاعیرە پڕ لە وشە جوانەكان بێبەش نییە وەك: (لەتیف هەڵمەت، شێركۆ بێكەس، عەبدوڵلا پەشێو، سەلاح شوان، ئەنوەر قادر محەمەد، عەباس عەبدوڵلا یووسف) چەندانی تر كە ئەمانە ئەركێكی گەورەیان خستووەتە سەر شانی خۆیان بەوەی هەزاران وشەی فۆلكلۆرییان بەهۆی شیعرەكانیانەوە پاراستووە، هەروەها هەزاران وشەی مـردوویان زیندوو كـردووەتەوە، لەلایەكی تر هەزاران وشـەی تازەیان بەمـانا و دەلالەتی تازەوە دروست كـردووە جا چ لە وشـەی تر، یان وشـەیەكی نوێ. ئەگەر هاتوو ئەمانە فەرهەنگێك بۆ زمانی كوردی دابنێن، یان دیوانەكانی ئەمانە بگەڕێین هەزارەها وشەی پەتی رەسەن و نوێی كوردی بەدی دەكەین كە هەندێكیان لەلایەن شاعیرەكان داهێنراوە.

ئەم شاعیرە یەكێكە لەو شاعیرانەی كە لە ڕووی فەرهەنگی وشەوە دەوڵەمەندە، وشە و ڕستەی وامان پێشكێش دەكات ڕەنگە چەندان مانای جیاواز و زمانەوانی و فەرهەنگی لە پشتەوەی خۆی هەڵگرتبێت. بەوەش وشەكانی دەگەنە ئاستی بە سوریالیی بوون، كە خوێنەری ئاسایی ناتوانێ پەی بە ماناكانی ئەودیو وشەكان ببات، چونكوو ئەم شاعیرانە جۆرە خوێنەرێكیان دەوێت كە وەك خۆیان گەڕۆكێكی بە ئەزموون بێت بۆ دۆزینەوەی ماناكان، چۆن شاعیر و نووسەری بەئەزموون هەوڵ دەدات بۆ كـەشـفكردنی نهـێنیـیـەكـانی ژیان و بوون، ئەو خـوێنەرانەش دەبێت لێكدەرەوەی ئەو داهێنانـە بن كە شاعیر و نووسـەرەكان هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن. ئەو شاعیرانە بەردەوام لەخۆ نوێكردنەوەدان، بەردەوام لەناو پرۆسەی یاخیبوونن.

هەموومان دەزانین بنیاتی دەقی شیعری (زمان و وێنەی شیعری و مۆسیقایە) كە زمان بنیاتێكی سەرەكی دەقەكە دەگرێتەوە، چونكو بەهۆی زمانەوە دەتوانرێت جوانترین ئیستێتیكا و داهێنان بخوڵقێنرێت. وێنەی شیعری و مۆسیقا هەر لە ڕێگای زمانەوە دروست دەكرێن. مۆسیقا لە ڕێگەی ئەو وشانە بەدی دێت كە بەكار دەهێنرێن. بۆیە زمان ئەو ڕۆڵە گرینگەی هەیە لەناو دەقی شـیـعـریدا هەروەك (باتسۆن) دەڵێت " مێژووی شیعر بەشێك لە مێژووی زمان پێك دەهێنێت" كەواتە

سـەرهەڵدانی زمـان و شـیـعـر لە یەک کـاتـدا بووە و ناتوانین لـە یەکـتـریـان جـیـا بکەینەوە، یان مێژوویەک بۆ هەریەکەیان دابنێین. " زمان کـەرەسـتـەی سـەرەتاییی شـیـعـرە، بـەکـارهێنـانی زمـان لە نووسـینی زانسـتی و ژیانی ڕۆژانەدا تەنیـا بۆ گـەیاندنی بیرە، بەڵام لە شـیـعر، یان (ئەدەب) دا زمـان دەگۆڕێت بۆ ڕەمـز چونکە زمـانـی شـیـعری ئامـرازێک نیـیـە بۆ بەجـێـهـێنانی شـتێک، بگرە خۆی لە خـۆیدا ئامانجێکە"(١٨)

ئەگەر سـەیری وشـەکانـی ناو شیـعری ئەم شـاعیـرە بکەین دەتوانین بڵێین هەر وشـەیەک وەکو ڕەمز و مـەتەڵێکە پێویسـتی بەسـەیرکردنی ئەودیوی وشـەکە هەیە، ڕەنگە چـەندان خـوێندنەوەی جـیـاواز لەیـەک کـاتدا لـە خـۆی هەڵبگرێت، بـەمـەش وشـەکان لە قسـەی ئاسـاییی خـەڵک تێ دەپەڕن و شێوە و مـانایەکی تر بەدەستـەوە دەدەن، ڕەنگە وشـەکـەش هـەمـان وشـەی ناو فـەرهـەنگی خـەڵکی بێت، لـێ شـاعـیـر گـەمـەیەکی وای لە تەکدا کـردووە، بەشـێـوەیەکی شـیـعری بەرزی وا بـەکار هاتووە مـانا و دەلالـەتی تر لە خۆ دەگـرێت. با سـەیری ئەم ئـەم وێنە شـیـعرییـە بکـەین کە شاعیر بە زمانێکی سوریالیی دەگمەن بەکار هێناوە:

خەون
کیسەڵ
کیسەڵ هێلکەکانی بە لم سپارد
بەلایەوە گرینگ نییە
بگەڕێتەوە سەری یان نا
کوێر و کەڕ و لاڵە
لە ئاست تروکان(١٩)

شـاعیـر بەشـێوەیەکی زۆر سـوریالییـانە بـاسی گرینگی و جـوانـی خـەونمان بۆ دەکات، لەم ڕێگەیـەوە پێمان دەڵێت کـەسێک خـەونی نەبێت داهاتووی نابێت. باسی جـوانی خـەونمان بۆ دەکات کە پێویسـتـە لە ژیانی هەمـوو تاکێکی کۆمـەڵ هـەبێت، چونکو دواڕۆژی ڕووناک دەبێت. بـە زمـانێکی شـیـعری پڕ لە ئێـسـتـێـتـیکا ئەو وێنەیەمـان بۆ دەکێشێت کە کـیـسـەڵ هێلکەکـانی لەناو لم بەبێ گرینـگی پێدان و

ترس بە جێ دەهێڵێت، لێ چونکو خەونی هەیە، چونکو خەون بە هێنانەدی کیسەڵی تر و ئەوەی نوێ دەبینێت بەلایەوە هیچ شتێک گرینگ نییە. جارێکی تریش نایەتەوە لایان، شاعیر ئەو گەمە زمانییەی لە تەک ئەم دیمەنە کردووە چ واتایەکی جوان لە پشت ئەم شیعرە هەیە، ئەگەر سەیری ڕستەی (کوێر و کەڕ و لاڵە لە ئاست ترووکان) بکەین مەبەستی شاعیر ئەوەیە کەسێک خەونی بەرز و جوانی هەبێت، هەوڵی داهێنان و شتی ناوازە بدا گوێ بە ڕەخنە و داوونەریت و حزب و دەسەلات و ئاین نادات، بەلاشیەوە گرینگ نییە تا چەند سەرکەوتوو دەبێت، بگرە ئەوەی بەلاوە گرینگە ئەنجامی بدات و پێشانی بدات جا لەلایەن کۆمەڵگە و خەڵکەوە، یان دەسەلاتەوە ڕەخنەی ئاراستە بکرێت ئەوە بەلایەوە گرینگ نابێت. بۆیە خەون بینین واتە بوونی پرۆژەی جیاواز. واتە داهێنانی سوریالییانە، ئەم زمانەی شاعیر وا دەکات چەندان خوێندنەوەی جیاواز هەبێت ئەمەش ئەوپەڕی گرینگیدانی شاعیرە بە زمان بەڕاستی نیشتمانی شاعیرە تاکو پرۆسەی ژیانی نوێ و جیاواز و جوانی تێدا بکا.

خەیاڵ پرچی شەپقەیەکی ئەستوورە
پەنجەکانی پێی پۆتینێکی ناڕەنگی
ڕاوم دەنێ
بۆی ناگیرێم
خەیاڵ دڕندەیەکی بەبەزەییە
بۆی بگیرێم(٢٠)

سەیری ئەم گەمە جوانانەی شاعیر بە وشەکان بکە، چۆن ئەم وشە سوریالییانەی بەکار هێناوە بۆ وەسفکردنی خەیاڵ، وێنەیەکی سوریالیی دروست کردووە. باسی خەیاڵمان بۆ دەکات، کە پرچی وەک شەپقە وایە پەنجەکانی وەک پۆتینی ناڕەنگی. کە ئەم وشانە تەواو سوریالیین. باشە دەکرێت بپرسین بۆچی خەیاڵ ڕاوی کەسێکی وەکو شاعیر دەنێ؟ ئاخۆ خەیاڵ ڕاوی شاعیر دەنێت، یان شاعیر ڕاوی خەیاڵ دەنێت؟ ئاخۆ خەیاڵ و شاعیر بۆ ڕاوی یەکتر دەنێن؟ ئەم پرسیارانە زۆر ئاسان وەڵام دەدرێنەوە بەوەی نە شاعیر بێ خەیاڵ دەژیت. نە

خەیاڵیش بێ شاعیر، بگرە ئەوانە تەواوکەری یەکترن بۆ ئەوەی دنیایەکی سەروو واقیعمان بۆ دروست بکەن و ئەم واقیعەی تێیدا دەژین وێران بکەن و جیهانێکی پڕ لە ئازادی ڕەهامان بۆ دروست بکەن. ململانێی شاعیر و خەیاڵ ململانێیە لەسەر ئەوەی کامیان ئەوەی تر لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکار دەهێنێت. شاعیر بە زمانێکی سوریالییانە باسی ئەو ململانێیەمان بۆ دەکات، کاتێک شاعیر دەستەمۆی خەیاڵ دەبێت لە جیهانێکی ئازاد دەژیت و ڕەهایانە بیر دەکاتەوە لە ژیان و بوون.

ئیشکردن لەناو زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ماندوو بوون و لە هەمان کاتدا شارەزاییەکی زۆری دەوێت. دروستکردن و لێکدانی وێنەکان دەبێت بە زمانێکی بەرزی هونەری بێت تاکو لە ڕووی ئێستێتیکییەوە شیعرەکە بەرەو کامڵبوون بڕوات. دەربڕینی ئەو وێنانە شاعیر بەگەمەکردن دەگەڵ زمان و ڕاوکردنی خەیاڵ دەبێت. خەیاڵ و زمان دوو جەمسەری یەک شتن. دروستکردنی وێنەیەکی پڕ لە داهێنان و جوانی کە پێکهاتەکەی خەیاڵ و خەون بێت وشە و دەستەواژەی سوریالیی بەرزی دەوێت. (سەباح ڕەنجدەر) کەسێکی پڕ لە خەون و خەیاڵە و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشە و ڕستەی جوانی هەیە بۆ خوڵقاندنی داهێنانەکانی سوودێکی زۆریان لێ دەبینێت، تاکو بە دنیابینییەکی پڕ لە جوانی دەریان ببڕێت، هەروەها خەیاڵ و خەونی شاعیر هەڵقوڵاوی ناو کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە شاعیر ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ ڕووبەڕووی ئەو واقیع و لۆجیکە ببێتەوە بۆ وێرانکردن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بەشێوەیەکی تازە و پڕ لە ئازادی و جیهانبینیی ڕەها.

ئیشکردنی شاعیر لەناو زماندا ئیشکردنێکی لە دڵەوەیە بەو واتایەی تەواو پشت بە زمان لە داهێناندا دەبەستێ. ئەو زمانەی کە شاعیر لە بەرهەمەکانیدا بەکاری دەهێنێت. زمان ئەو پانتایییە فراوانەیە شاعیر دەتوانێت لەوێوە بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆی پێ دیاری بکا و دەری ببڕێت، زمان هۆیەکە بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکا چێژ وەرگرێت، هەموو شیعرێک، یان بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر بە زمانێکی پڕ لە ئێستێتیکی و داهێنان نەنووسرا ئەوا خوێنەر زوو هەست بە بێزاری بەرامبەر بەرهەمەکە دەکات. لە ڕێگەی زمانەوە شاعیر دەتوانێت کەشفی زۆر شتمان بۆ بکا. هەروەک شیعری (ڕێزمانی کۆڵانەکان) لە دیوانی (ڕووەکەکانی خواوەند) لە ڕێگەی ئەو زمانەی کە بەشێوەیەکی ئێستێتیکی بەکاری هێناوە باسی

گەردوونمان بۆ دەکات سەفەرێکی پڕ لە داهێنانی ناو گەردوونمان پێ دەکات.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئامانجەی شاعیر لە ڕێگەی گەمەکردنی بە وشە و ڕستەکان داهێنانی خۆیمان پێشکێش دەکات. زمانێکی سوریالیی وا بەکار دەهێنێت بەتایبەتی لە دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە) زیاتر لە هەموو بەرهەمەکانی تری سوریالییەتیی تێدا ڕەنگداوەتەوە، هەر بە سوریالییش نووسراوە چ لە ڕووی دەرکردنی مانیفێستەوە بێت، یان لە بەکارهێنانی زمانەوە بێت. هەروەها پشتی تەواوی بە بنەماکانی سوریالیزم وەک خەون و ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و لۆجیک تێکشکاندنیان. لەلایەکی ترەوە دەقەکانی شاعیر کراوەن و مانای زۆر و خوێندنەوەی قووڵ هەڵدەگرن بێگومان ئەم فراوانی و فرەدەنگییەش زۆربەی لە ڕێگای زمانەوە ئەنجام داوە، هەروەها هەروەک پێشتریش باسمان کرد و نموونەمان هێنایەوە وشەی سوریالیی بەکار هێناوە واتە ئەو وشانەی سەیرن و نالۆجیکی و ناواقیعین. هەروەها بەلای شاعیرەوە ئەو زمانە کاتێک دەگاتە لووتکەی کامڵبوون هەستێک لای خوێنەر (مرۆ) دروست بکەن و وای لێ بکا کە مەست و خومار بێت هەست بە چێژ و خۆشییەکی ڕەها بکا.

## شیعری وێنەیی لە ئەزموونی سەباح ڕەنجدەردا

ئەم جۆرە شیعرە لەناو ئەدەبی کوردیدا نوێیە، ئەم فۆرمە شیعرییە لای هەندێک شاعیری کورد هەیە دیارترینیان (فەرهاد پیربال)، (فەرید زامدار)، (عەباس عەبدوڵڵا یووسف). گومانی تێدا نییە ئەم فۆرمەی شیعر لەناو خۆرئاوا هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی، یاخیبوونێکە بەسەر فۆرمی شیعری پێشتر. ئەم جۆرە بە شیعری کۆنکرێتیش دەناسرێت " لەم جۆرە شیعرەدا پیتەکان وەک نەخش و زەخرەفە بەسەر پەڕەکەدا دابەش دەکرێن جاری وا هەیە وێنەی شتێک پیشان دەدات"[٢١] کە مانا و مەبەستی خۆی هەیە. شاعیر بەمەبەست وا دەکات تاکو شیعرەکە وەکوو تابلۆیەک سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بۆ گەمەکردن و ئێستێتیکا و یاخیبوون ئەم فۆرمە بەکار دەهێنێ.

نموونەی ئەم جۆرە شیعرە سوریالییە و نوێیە لەناو شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەرچاو دەکەوێت کە جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن و خوێندنەوەیە. ئەگەر هاتوو سەیری دیوانی شاعیرانی سوریالیی و کۆوارە سوریالییەکان بکەین دەیان


نموونەی وامان بەرچاو دەکەوێت.

شاعیر ئەم فۆرمە شیعرەی تاقی کردووەتەوە و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە، توانیویەتی داهێنان بەهۆی ئەم فۆرمە شیعرییەوە بکا و زیاتر یاخی بێت. لەم فۆرمە شیعرییەش زیاتر وێنەکە دەدوێت نەک وشەکان، مۆسیقا و وشەکان بەرامبەر ڕۆڵی وێنە و ئەو هێلانەی کە کێشاونی ڕۆڵیان نامێنێت. لەم فۆرمە ڕەنگە نەتوانین بە دەنگ دەقە شیعرییەکە بخوێنینەوە وەک ئەوە وایە بە کۆنکرێت لەسەر لاپەڕەکەدا داڕێژرابێت و وێنەکە مانا و دەلالەتی خۆی بەدەستەوە دەدات. بۆ نموونە لە شیعری (مەرگی ئاوێنە) لە دیوانی (ڕووەکەکانی خواوەند) نموونەی ئەم فۆرمەمان بەرچاو دەکەوێت:

ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
چەند ساڵ ژیام     ژیان
چەندین ساڵی تریش بژیم ژیان
ناتناسم       ژیان
ژیان ژیان ژیان ژیان  ژیان(٢١)

لەم شیعرە وێنەییەدا شاعیر باسی ژیانمان بۆ دەکات کە ئەوەندە کورتە بەشی ئەوە ناکات تەنانەت بە تەواوی بیری لێ بکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو نهێنییەکانی بزانین. ژیان ئەوەندە قووڵە سەدان نهێنی و پرسیار هەیە. تاکو ئێستا هەر بە بزری و بێ وەڵامی ماوەتەوە. سەدان زانا و بیرمەند و فەیلەسووفی بەخۆیەوە خەریک کردووە، لێ تاکو ئێستاش بەرامبەر پرسیار و نهێنییەکانی ژیان دەستەوەستان ماونەتەوە. ژیان فەلسەفەیەکی قووڵە، دەتوانین ناوی بنێین (دوورگەی نهێنییەکان) ئەو دوورگەیەی هەرچەند تێیدا بگەڕێی و لێی بکۆڵیتەوە کۆتاییی نایەت.

دەتوانین وێنەی شیعرەکە لەم هێلکاریە روون بکەینەوە:





ئەم هێڵکارییە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەوا ژیان ماوەیەکی سنووردارە و پڕ لە نهێنی گەورەیە، سەرەتا و کۆتاییی هەیە و ماوەیەکی دیاریکراوە ماوەی ئەوە بە مرۆ نادات کە هەموو شتەکانی جیهان بناسێت. تەنانەت ماوەی ئەوەشمان نییە کە خۆشمان بناسین، کەواتە پرۆسەی ناسین پرۆسەیەکی سەختە و پێویستی بەکاتێکی زۆر درێژ هەیە بۆ پەیبردن بە نهێنییەکان. شاعیر لێرەدا پرۆسەی ژیان و مردنی بەتابلۆیەک بۆمان کێشاوە کە تەنیا بەچەند وشەیەکی دووبارەوەبووی وەکو وشەی (ژیان) پێناسەی ژیانمان بۆ دەکات.

هەر بەرامبەر بە ژیان شاعیر وێنەیەکی ترمان بۆ دەکێشێت کە ئەویش تاکو ئێستا نهێنییەکی ڕەهایە و کەس پەی پێ نەبردووە:

مردن مردن مردن مردن مردن
چەند ساڵ مردم مردن
چەندین ساڵی تریش بمرم مردن
نووسینی سەر کێلی خۆمم بۆ ناخوێندرێتەوە مردن
مردن مردن مردن مردن مردن

بەهەمان شێوە شاعیر وێنەی پرۆسەی تەلیسمی مردنمان بۆ دەکێشێت، بەو مانایەی مردنیش مەتەڵێکی گەورەیە تاکو ئێستا تەنیا وەکو حەقیقەتێکی ڕەها ماوەتەوە تاکو ئێستاش کەس نەیتوانیوە سنووری مردن ببڕێت و بزانێت لەودیو مردن چی هەیە وەک لەم هێڵکارییەی وێنەکە دیارە:



شاعیر سوریالییانە وێنەی مردنمان وەک نهێنییەکی گەورە بۆ دەکێشێت، باس لەوە دەکات کە مردنی چەندان کەسی بینیوە، لێ ئەم تەلیسمە هەر ئاشکرا نەبووە، هەر مرۆیەک کاتێکی دیاریکراو لەناو ژیاندا دەمێنێتەوە کە مرد ئیدی زانیاری لەبارەی ئەو کەسە نامێنێت. کەسیش نازانێت دوای ئەوەی کە دەمرێت چی بەسەر دێت و چی ڕوو دەدا. هەرچەندە دەقە ئاینییەکان ئاماژە بە ژیانێک دەکەن لە دوای مردن، لێ وەک واقیع تا ئێستا هیچ نەزانراوە، هەر کەسێک چووبێت نەگەڕاوەتەوە تاکو باسی ژیانی ئەودیومان بۆ بکا، ئەمەش بێگومان نهێنی خۆی هەیە. شاعیرەکەمان وەکو فەیلەسووفان ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت لەبارەی ژیان و مردن و دەیوروژێنێت کە ئاخۆ دوای مردن ژیانێکی تر هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنە؟ لێ ئەو پرسیارانە تاکو ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە لەلایەن زانایان و فەیلەسووفان بەڵکو هەر خەریکی ئاشکراکردنی ئەو نهێنییانەن. تاکە زانیاری سەرچاوە ئاینییەکانن.

هەرچەندە ئەم شێوە شیعرییە تازەیە کە بەگۆڕینی تۆبۆگرافیای شیعریش دادەنرێت لە سالآنی سی و چلەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمەوە ڕووی داوە، لێ گۆڕینەکە تەنیا لە شێوەی کلاسیکی گۆڕاوە بۆ شیعری ئازاد وەکو وێنەکێشان نەبووە. واتە وێنەیان بە شیعر نەکێشاوە وەکو شاعیرانی نوێخوازی ئێستا.

ژ ی ا ن
م
ر
د
ن
چاو بانگ دەکات
ئاو لە دەستی منداڵ بڕژێ
لە گێژەی خەیاڵ وێنەی
ئاگر
پۆلیس

پەیکەر
زمان لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد
چەتر
گەراج
دەرگا(٢٣)

ئەگەر سەیر بکەین وشەی (ژیان) و (مردن) پیتەکانی لە یەکتر جودا کراونەتەوە. ئەوەش بەمەبەستی شیکردنەوەی ئەو دوو وشەیە، کە لە ڕێگەی تێکشکاندن و لێک هەڵوەشاندنەوەی وشەکان بۆ ئەوەی ماناکانیان بزانێت و پرسیاریان لەبارەوە دروست بکا. چونکو ئەرکێکی سەرەکیی شاعیر ئەوەیە پرسیاری (ژیان) و (مردن) و (بوون) بکا. بەمەبەستی ئەوەی بەدوای خۆیدا بگەڕێت. تەکنیکێکی تری نوێی شاعیر لەم دەقەدا بەکاری هێناوە ئەوەیە دوای هەر پارچەیەک لەم دەقە بە نووسینێک هاتووە شتی لەبارەوە نووسیوە. ئەم پارچە نووسینەی نێو کەوانەکان هەر شیعرن. چونکە بە زمانی شیعر نووسراون، لێ لە شێوەی پەخشانێک، یان نووسینێکی ئاسایی بەزمانێکی پڕ دەلالەتی شاعیرانە نووسراون. ئەم پارچە شیعرە شێوە پەخشانییە ڕوونکردنەوەیەکە لەبارەی پارچە شیعرەکەی پێش خۆی، یان دەتوانین بەتەواوکەری ئەوەکەی پێش خۆی لە قەڵەم بدەین ئەمەش تەکنیکێکی نوێ و تازەیە. ئەمەش نوێخوازی و یاخیبوون و سوریالییەتی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنێ.

پەراوێزەکان:

١- خەون وا خۆی گێڕایەوە، سەباح رەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٥.

٢- سەرچاوەی پێشوو ل ٧.

٣- سەرچاوەی پێشوو ل ٦.

٤- سەرچاوەی پێشوو ل ٦.

٥- سەرچاوەی پێشوو ل ٩.

٦- سەرچاوەی پێشوو ل ٩.

٧- سەرچاوەی پێشوو ل ١١.

٨- سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤.

٩- لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا، سەباح رەنجدەر، كۆواری نەوشەفەق، ژ/ ٥٧، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل ٦٠.

١٠- خەون وا خۆی گێڕایەوە، سەباح رەنجدەر، ل ١٣١.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٥.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٨.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٩.

١٤- ئەدۆنیس ئەفسوونكاری وشەكان، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای وەرگێڕان، ٢٠٠٧، ل ١١٨.

١٥- خەون وا خۆی گێڕایەوە، ل ١٦٧.

١٦- لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا، سەباح رەنجدەر، كۆواری نەوشەفەق، ژ/ ٥٧، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل ٥٨.

١٧- لینزی شیعریی لە شیعری نوێی كوردیدا، سەلاح حەسەن پاڵەوان، كۆواری هەنار، ژ/ ٣٢، ٢٠٠٨، ل ٧.

١٨- ئیستاتیكای دەقی شیعری كوردی، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٩٠.

١٩- شەڕی چل ساڵە، سەباح رەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٨٤.

٢٠- ڕووەكەكانی خواوەند، سەباح رەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١١٥.

٢١- ئیستاتیكای دەقی شیعری كوردی، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٠٢.

٢٢- ڕووەكەكانی خواوەند، سەباح رەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٠٧.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو ل ١١٠.

## باسی سێیەم

### فەرهاد پیربال دەنگێکی هەردەم یاخی

"من دێرە شیعرێکی تەنیا و یاخی و عەنتیکەم، بۆیە باو و باپیرانم لە هیچ دیوانێکدا دایان نەناوم"

فەرهاد پیربال، شیعری (ن)

فەرهاد پیربال ئەو دەنگە گەنجانەیە کە هەرچەندە تەمەنی بەرەو پیری بڕوات ئەو زیاتر خۆی نوێ دەکاتەوە، بەو مانایەی هەردەم بیرکردنەوەیەکی نوێخوازانەی هەیە و یاخیبوون بەشێکە لە پێکهاتەی ڕوحی و جەستەیی ئەو شاعیرە، ڕۆماننووسە، چیرۆکنووسە، لە هەموو ئەو ژانرانەی کە دەینووسێت سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە. شاعیر لە نەوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، ئەو نەوەیەی هەردەم تاکو ئێستاش یاخیبوون بەرنامەیانە. ئەم نەوەیە شۆڕشێکیان لەناو ئەدەبی کوردیدا بەرپا کرد بەتایبەتی لە ژانری شیعر کە شیعری کوردییان بەرەو ئاراستەیەکی تری جیا لە ئاراستەی شەست و حەفتاکان برد. ئەم نەوەیە جگە لەوەی لە شۆڕشی سیاسی کوردیش بەشداربوونە کە لە شاخ زۆر بەرهەمی جوانیان نووسیوە. گەلێک فۆرم و تەکنیکی نوێ و تازەیان هێنایە ناو ئەدەبی کوردی، وەک گرووپی (پێشڕەو) کە بریتی بوون لە (عەباس عەبدوڵڵا یووسف، جەلال بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا، هاشم سەراج، ئەنوەر مەسیفی).

شاعیر دوای ئەوەی بەهۆی بارودۆخی سیاسی بەرەو ئەورووپا سەفەری کرد و وەکو پەناهەندەیەک سالآنێکی زۆر لەوێ ژیا، خۆی بەرامبەر کولتوور و ئەدەبێکی نوێ و جیاواز بینییەوە. لەوێ ئاشنای (ئەندرێ بریتۆن و سلڤادۆر دالی و رامبۆ و لامارتین و ڕۆدان) و چەندان نووسەر و هونەرمەندی مەزن بوو، ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە، چونکو کاتێ بەراوردی لە نێوان ئاستی داهێنانی نێو ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ئەوان کرد زۆر لە یەکتری جیاواز بوون. کاتێ ئەو هەموو

نوێبـوونەوە و یاخـیـبـوونەی بینی بیری لەوە کـردەوە دەبێت ئەدەبی کـوردیش بەو ئاراسـتـەیەدا بڕوات تاکـو پڕ بێت لە داهێنانی جـوان و مــەزن. بیـری لـە گـۆڕان کــردەوە، بۆیـە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) خــۆی و یاخــیــبــوون و پڕۆژەی (وێران) گەڕایەوە کـوردسـتـان. زۆر شـتـی وێران کرد، یەکەم ئیـشـی مـانیـفێـسـتێکی بڵاو کردەوە. ئەم پڕۆژەی (وێران)ە تاکو ئێستا سێیـەم خولیەتی و سێ مانیفێستی بڵاو کردووەتەوە.

دوای گەڕانەوەی شـاعیـر زۆر سـوریالییـانە بیـری دەکردەوە ئەمـەش لە کۆواری (وێران)دا تەواو ڕەنگی دابوویەوە، تەنانەت قسـەکردن و هەڵسـوکەوتی ڕۆژانەشـی هـەر سـوریالیـیـانەیە. ئەم دەنـگە نوێخـوازە هـەردەم بە نوێخـوازانە بیـر دەکـاتەوە گەلێک تەکنیک و شتی تـازەی هێنایە ناو شیـعر و چیرۆکی کـوردییەوە. شـاعیر لە ژانری شیعردا کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری بڵاو کردووەتەوە لەوانە (Exil، ئیبراهیم خەلیل، بەبیـرم دێ، جوایەز، سپیاییـەکانی ناو ڕەش و ڕەشاییەکانی ناو سپی، بۆ ڕۆدانی کوڕم، خەوننامـە) جگە لەوەی چەندان چیرۆک و ڕۆمانی هەیە، ئێمە لێرەدا بەکورتی و بەچڕی لەبارەی ئەو بەرهەمانەی دەنووسین کە بە سوریالی نووسـراون و نموونەی سـوریالیـیـان تێدا دەدۆزینەوە و یاخیبوون و داهێنانیـان تێدا ئەنجام دراوە، باسـی ئەو فـۆڕم و تەکنیکە نوێیـانە دەکـەین کـە نوێن لەلای شـاعـیـر و ڕێچکەیەکی بۆ خۆی پێ دیاری کردووە لەناو ئەدەبی کوردی.

شـاعیـر لە بەرهەمی (Exil) کە زیاتـر ڕۆمـانسـیـیـەتێکی زۆر قـووڵی پێوە دیارە بەهـۆی ئەوەی ئەو کــات شــاعــیــر لـە پەناهـەندەیی و دوورە وڵاتـی ژیاوە، هـەمــوو شـیـعـرەکـانی بە ڕاناوی سـەربەخـۆی کـەسـی یەکـەم (من) دەست پێ دەکـات هەر بەوەش کۆتایی دێت. (د. ئەحـمەدی مـەلا) لەبارەی وشـەی Exil دەڵێت: "petit Rob-ert بەم شـێوەیە وشـەی (Exil)مـان بۆ ڕاڤـە دەکات: ڕەچەڵەکی ئـەم وشـەیە لاتینییـە بەکارهێنانی لە زمـانی فرەنسـیدا دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵی (١٠٨٠) بە واتای لە وڵات دەرکردنی کەسێک دێت کە گەڕانەوەی لێ قەدەخە کرابێت" کەواتە لەم ڕاڤەکردنەوە دەزانین بۆ شاعیر ئەم ناونیشانەی بۆ ئەم شیعرانەی هەڵبژاردووە. چونکو شـاعیر خـۆی لە وڵات دەرکـرابوو. چوونەوەشـی لێ قـەدەخـە کـرابوو، نەیدەتوانی بۆ وڵات بگەڕێتـەوە. ئەگەر سـەیری ناوەڕۆکی بەرهـەمـەکە بکەین هەموو شـیعرەکانی باسـی غەریبایەتی و دوورەوڵاتی دەکەن. لەوێدا ئازار و مەینەتییەکانی خۆی بـاس دەکات

ئێمە لێرەدا زۆر لەسەری ناوەستین چونکو هەندێک لە ناوەڕۆکی باسەکەی ئێمەوە دوورە.

بەرهەمێکی تری شاعیر (ئیبراهیم خەلیل)ە، کە یاخیبوون و جەربەزەییەکی زۆری تێدایە، لە سەردەمێک نووسراوە کە هەر کەسێک بچووکترین ڕەخنەی بگرتایە ژیانی دەکەوتە مەترسی. لەو کاتە شاعیر یەکێک بوو لەوانەی نەفرەتی لە شەڕی ناوخۆ کرد، چونکو خۆی پێشتر هەمان ئەزموونی دیتبوو لە شاخ کە چ ماڵوێرانییەک بۆ گەل و میللەت دەهێنن. شاعیر دەنگی یاخیبوونی هەڵبڕی و هەڵوێستی خۆی دەربڕی، هەردوو حزبەکەی بە تاوانباری هەموو ئەو وێرانکارییانە دانا کە لەو سەردەم بەسەر کورددا هات، کە لە پێناوی سامانی گومرگی ئیبراهیم خەلیل شەڕێکی خوێناویان بەرپا کرد. ئەمەش هەڵوێستێکی سورياليیانەیە، چونکو یەکێک لە خاسیەتەکانی ناوەڕۆکی بەرهەمی سوريالي یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەیە کە تێیدا دەژین، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە. ئەو دەنگانەی کە هاوار دەکەن یاخی دەبن تاکە مەبەستیان ئەوەیە ڕەخنەیەک بگرن کە ئەو واقیع و لۆجیکانە تێک بشکێنن و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی ئێستێتیکانە بنیاتی بنێنەوە، بارودۆخەکە باشتر بکەن، شاعیر لەو شیعرەدا زۆرجار هێما بەکاردێنێ لە شێوەی دایلۆگ قسان دەکات دەگەڵ کەسی دووەم کە (ئیبراهیم خەلیل)ە. باسکردنی شەڕی ناوخۆ زۆر هەڵدەگرێت، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە شاعیر لە ڕێگەی ئەدەبەوە وەکو ئەرکێکی مرۆییانە ڕەخنە لەو کاولکارییە دەگرێت کە زۆر دەستکەوتی میللەتی کوردی خستە ژێر خاک.

ئیبراهین خەلیل پێی دەگوتم:
ئەم حکوومەتە دیموکراسییەمان
بناغەیەکی زۆر پتەوە بۆ دامەزراندنی
دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و
رزگارکردنی سەرتاسەری خاکی داگیرکراوی کوردستان(١)

کەواتە ئەوان وشەی دیموکراسی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیان بە میللەت دەفرۆشت، لە ڕاستیدا ئەگەر کورد تووشی ئەو شەڕە نێوخۆییە نەبووایە ئەوا لە سەربەخۆیی نزیک دەبوو. ئەوان بانگەشەی خزمەتکردنی میللەتیان لەو سەردەم

دەدا، کەچی بەپێچەوانەوە لەو سەردەم وڵاتیان وێران کرد. چەندان هەزار گەنج و مرۆڤ لەسەر بیروباوەڕ و ڕەنگ و پەرۆ کوژران. زۆربەی بەرپرسەکان بەڵێنی زۆر گەورەیان دا کەچی تەنیا ژیانی منداڵ و خێزانەکانی خۆیان خۆش کرد.

ئیبراهیم خەلیل پێی دەگوتم: بەگیانی پاکی هەموو شەهیدان
سوێندمان خواردووە
کە وردە وردە
هەرچی ناحیە و قەزا و گوند و گوندی وێرانکراون
سەرلەنوێ ئاوەدانیان بکەینەوە
هەرچی ئاپارتمان و دووکان و مزگەوت و خانووبەرەی خاپوورکراون
سەرلەنوێ دروستیان بکەینەوە.(٢)

شاعیر دێت بەشێوەیەکی سوریالییانە ئەم بەڵێنانەی بەرپرسانمان بۆ دەنووسێتەوە. ئەم بەڵێنانە لە واقیعدا بوونیان هەبوو، لێ هەموویان بە قوربانی بیروڕاکانیان کرد. شاعیر یاخیبووانە لە دەسەڵات بەرگری لە میللەت دەکات و هاوار دەکات کوا ئەو بەڵێنانە؟ لە جیاتی ئەمە وێرانییان بۆ میللەت هێنا. ئەوان بەیارمەتی خەڵکی گوندەکان شۆڕشیان کرد. شاعیر هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت بێ ئەوەی سڵ لە هیچ دەسەڵاتێک بکاتەوە، چونکو ئەو تەنیا حەقیقەت باس دەکات. ویستوویەتی لەم ڕێگەیەوە گۆڕانێک دروست بکا بۆ وێرانکردنی ئەو واقیعە ناشرینە. کاتێک ئەو شەڕە ماڵوێرانکارییە دەستی پێ کرد ئیتر مانایەک بۆ ژیان نەما، کەس هەستی بە بوونی خۆی نەدەکرد بۆیە ئەرکی شاعیر و نووسەران بوو وەک سوریالییەکان دەربکەون و هەوڵی گۆڕانی واقیع بدەن بۆ ژیانی جوانتر و مانایەک بۆ ژیان بگەڕێننەوە. مردن و ناشرینی لە هەموو لایەک وەک دێوەزمەیەک سەری هەڵدابوو. ئەمانەش کاریگەرییان بۆ سەر بیرکردنەوەی شاعیر هەبوو، شاعیریش لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی هەڵگیرسێنەرانی ئەو کاولکارییە کرد. هەوڵی دا خەڵک و دەسەڵات لەوە بەئاگا بێنێتەوە کە شەڕ زۆر ناشرینە بەتایبەتی لەناو یەک میللەت. بانگی دەکردن بۆ دروستکردنی واقیع و لۆجیکێکی بالاتر، ئەویش بە وەبیرهێنانەوەی ئەو بەڵێنانەی کە بەرپرسان بە خەڵکیان دابوو. بۆیە بەگاڵتەجارییەوە باسی ئەو کاتەمان بۆ

دەکـات کـە هـەمـوو شـتـێک دوو ناوی هەبوو. ڕەنگ دوو ڕەنگ بوو، شـار دوو بەش بوو، بیرکردنەوەی خەڵکیش بووبوو بە دوو بەش:

ئیبراهیم خەلیل بە نوێژی نیوەڕۆ روتی کردینەوە
ئیبراهیم خەلیل ژیانی هەموومانی کۆر کرد و
ئیبراهیم خەلیل بێ نان و بێ کارەبا و بێ ئاوی کردین
ئیبراهیم خەلیل ڕێگای مەسیف و هەولێری لێمان داخست
ئیبراهیم خەلیل دەرگای کۆڵێژ و زانکۆکانی لێمان قوفڵ دا.[٣]

تا لە کۆتاییی شـیـعـرەکە سـوریالیـیـانە هاوار دەکات و دەڵێت:" گوو بەشـەرەفی ئیبـراهیم خـەلیل" هەرچەندە ئەم شـیـعـرە خـوێندنەوەی زیاتر هەڵدەگـرێت، چونکو یاخـیـبـوونێکی تەواوی تێدایە، لێ زۆر باس لە بابەتی شـەڕی ناوەخـۆ کـراوە بۆیە ئێمە بەوەندە واز دەهێنین.

شـاعیـر لە بەرهەمی (سپیاتییەکانی ناو ڕەش و ڕەشـایییـەکانی ناو سـپی) توانی ئەزموونێکی جیاواز بۆ خۆی تۆمار بکا، توانی لەوێوە ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی لە شیعری نوێی کوردی دیاری بکا. خۆی لە هەموو شاعیر و کەسـێک جیا کردەوە. لەو بەرهەمەیدا ئەوپەڕی سوریالییەت ڕەنگی داوەتەوە. لەوێوە مـانیفێستی دووەمی خۆی بڵاو کـردەوە. ئەوەی بایەخـی ئەم مـانیـفێـسـتـەی زیاتر کـرد جـەختکردنەوە بوو لەسـەر بەرهەمی نوێ و تازە و یاخی. هەر لەو مانیفێستە ئەوەی ڕاگەیاند کە هەر نووسـەرێ تەمـەنی گـەیشـتـە سـەروو (٤٠) سـاڵییـەوە پێـویسـتـە بەرهـەمـەکـانی توور هەڵبدرێت و نەخـوێنرێتـەوە، هەرچـەندە ئێـمــە دەگــەڵ ئەم بیــروڕایەدا نین، چـونکو داهێـنان و نوێخـوازی بە تەمـەن نییـە، نووسـەر و هونەرمەندانـی سـوریالیی هـەرچـەندە تەمەنیـان زیاتر دەبوو، لێ شـێتـانەترین و جـوانترین بەرهـەمـیان پێشکێش کـردین، هـەروەها لە کۆواری (وێران) وەسـیـەتنامەی خـۆی نووسـی و ڕای گەیاند و گـوتی : من تەمەنم بوو بە (٤٠) سـاڵ بۆیە لەمەودوا هەموو بەرهەمەکانم بخەنە ناو زبڵخانەوە، ئەم نووسینی وەسـیـەتنامـەیە لەناو ئەدەبی کـوردی شـتـێکی نوێ بوو، چونکو لەم ڕێگەیەوە پێـمـان دەڵێت بـا هـەر گـوێ لە پیـرەکـان نەگـرین بگرە دەیان گـەنجـمـان هەیە شـتـی جـوان دەنووسن، لێ ڕێگەیان بۆ ڕۆشن ناکرێتەوە و یارمەتی نادرێن.

وەک گـوتمان ئەوەی شـاعیـر جەختـی لەسـەر دەکاتەوە بـەرهـەمی نوێ و جیـاوازە،

چەند مەرج و خاسیەتێک بۆ بەرهەم و داهێنانی نوێ دادەنێت لەوانە:

١- ڕوانینێکی زۆر شەخسی و تاکڕەو لە بەرهەمەکەدا هەبێت، ڕوانینێکی وێرانکەرانە دژ بە زەوق و چێژی باو، دوژمنکارانە بۆ سەر دیاردە و ڕوانینە سەلەفییەکان.

٢- فۆڕمێکی سەیر، شێوازێکی سەیر، تەکنیکی سەرسوڕمێنی هەبێت.

٣- بەرهەمی نوێخواز پێویستە ناجۆر و ناوێز بێ، هەڕەشە لە بەرژەوەندی ئەدەبی و سومعەی هونەری ئەو نووسەر و هونەرمەندانە بکا کە تەمەنیان لە (٤٠) ساڵ زیاترە.

ئەو مەرجانە لە هەر بەرهەمێک هەبێت دەبێت بە بەرهەمێکی تەواو سوریالی و نوێخواز و وێرانکەر. هەر بەرهەمێک وێرانکەر بێت دیارە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و تاک دەبێت. هەروەها بەرهەمی کرچوکاڵ و ناشرین لە بەرامبەر ئەو بەرهەمە نوێیانە خۆی ناگرێت. بۆیە بەرهەمی نوێ فۆرم و تەکنیکی جیاوازی هەیە کە جیایە لە هەموو بەرهەمەکانی پێشتر. شاعیر لەم بەرهەمەی دەنگێکی جیاوازی بۆ خۆی دروست کرد، شیعرەکانی ئەو بەهۆی ئەو فۆرمە تایبەتەی خۆی لە هەموو شوێنێک دەناسرێتەوە، چونکو فۆرم و وشە و دەستەواژەکانی تایبەتن بەم شاعیرە. بۆیە لە کۆتاییی ئەو مانیفێستەدا داوا دەکات ئەو مانفێستە و نامیلکە شیعرەییەکەی فڕێ بدەین، بەو مانایەی ئێمەش لاساییی ئەو نەکەینەوە بەڵکوو شێوازێکی نوێ و تایبەت بەخۆمان دروست بکەین و یاخی بین لە هەموو شتێک، ئەمانە وامان لێ دەکات خۆمان بین نەک کەسێکی تر. شاعیر گۆڕانی لەناو شیعری کوردی دروست کرد، زۆر فۆڕمی شیعری هەڵوەشاندەوە و زۆر فۆرمی نوێی تری هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، هەرچەندە ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرێت، لێ شاعیری نوێخواز و یاخی وەکو سوریالییەکان سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە. گومانیش لەوەدا نییە هەموو بەرهەم و فۆرمێکی تازە و نوێ ڕەخنەی زۆری ئاراستە دەکرێت و هەوڵ دەدرێت ڕێی لێ بگیرێت لەلایەن ئەو کەسانەی دژی نوێخوازی و داهێنانی نوێن.

## فەرهاد پیرباڵ و تەکنیکی نوێی شیعری

فەرهاد پیرباڵ لە بەرهەمی (سپیاتییەکانی ناو ڕەش و ڕەشاییەکانی ناو سپی) داهێنانی جوانی کردووە لە ڕێگەی هەندێک تەکنیکی نوێ کە تا ئەو کات لەناو

ئەدەبی کوردی بوونی نەبووە، بەمەش توانی شێوازێکی تایبەت بە خۆی دروست بکا لەناو مێژووی شیعری کوردی ئەم تەکنیکە نوێیانەش جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنن.

یەکێک لە تەکنیکە نوێکانی شاعیر ئەوەیە لە سەرەتای دەستپێکردنی، دیوانەکەی دابەش کردووە بەسەر چەند فەرهەنگێک، هەر فەرهەنگێکیش دیارە ڕوونکردنەوەی بابەتێکە. دیارە فەرهەنگیش بۆ ڕوونکردنەوەی وشە و دەستەواژەی زمانێک بۆ زمانێکی ترە، لە فەرهەنگیش نەک تەنیا مانای وشەکە لێک بدرێتەوە، بەڵکو لە فەرهەنگی باش و زانستییانە دەبێت ڕوونکردنەوەی تەواو لەسەر وشەکە بەدەستەوە بدا.

لە فەرهەنگی یەکەم باسی ژیانی دوورەوڵاتی خۆی دەکات لە ڕۆیشتنی تاکو گەڕانەوەی لەساڵی (١٩٩٤) باس لە بچووکترین چرکە ئازاراوییەکانی خۆی دەکات. ئەم فۆرمە شیعرییە دیارە لەناو ئەدەبی کوردی دەتوانین بڵێین نییە، شاعیر چ لە شیعرەکانی و چ لە چیرۆکەکانی زیاتر ئیش لەسەر ڕوخساری بەرهەمەکانی دەکات، چونکو پێی وایە هەردەم بابەت و ناوەڕۆک ئامادەیە و بوونی هەیە، لێ بە چ شێواز و فۆرمێک دێیت ئەم بابەتە دەردەبڕی ئەمەیان نوێخوازی و داهێنانی دەوێت. بۆیە شاعیر توانیویەتی لەم لایەنەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. تێکشکاندنی ڕوخسار و دەربڕینی بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە بەرهەمێکی جیاواز و سوریالیمان دەداتێ، ئەم یاخیبوونەی شاعیر زۆرجار بە شتی بێ مانا لە قەڵەم دراوە، لێ نەماندیت کەس وەکو ئەو لە ڕوخساری بەرهەمەکانی یاخی بێت، چونکو یاخیبوون کارێکە هەموو کەس ئەو توانایەی نییە پرۆسەی بکا.

لە فەرهەنگی دووەم بەپێی پیتی ئەبجەدی زۆر سوریالییانە لێکدانەوە بۆ وشەکان دەکات. هەندێکیان بە گاڵتەجارییەوە و هەندێکیشیان بە هێما لێک دەداتەوە، کە لەم فەرهەنگەیدا بەو پەڕی سوریالییانە دەمانخاتە بیرکردنەوە و هەڵوێستە لەسەرکردنی وشەکان هەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە کە سوریالییە (کەسک و سۆری شینێک). وشەی سەیروسەمەرەی بەکار هێناوە کە ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتی سوریالییەکان وەک لە لێکدانەوەی وشەی (باج)دا دەڵێت: "باج: کوڕی پووری ئیبراهیم خەلیل"[٤] بۆیە لەم فەرهەنگە سوریالییەتێکی جوان

بەرچاو دەکـەوێت. هەر لە بەکـارهێنـانی وشـەی سـەیروسـەمـەرەوە کـە (فـەرهـاد پیـربـاڵ) هەروەک لە مـانیـفـێـسـتی دووەمی وێراندا جـەخـتی لەسـەر دەکاتەوە کـە بەرهەمـی نوێخـواز دەبێت سـەیروسـەمەرە بێت، هەروەهـا ئەو فـۆرمـەی شـیـعـری پێـدەنـووسـێت تاکـو ئێـسـتـا لەناو ئەدەبی کـوردی بەیەکـێک لە فـۆڕمــە یاخی و نوێخوازەکان دادەنرێت. ئەم فۆرمـەش تایبەتە بە شیعری ئەم شاعیرە کە شیعری کوردی بەئاراستەیەکی نوێ و جیـاواز بردووە. لە فـەرهـەنگەکانی تر تا فـەرهـەنگی حەوتەم هـەر یەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز نووسراون و فۆرمی جیاوازیان هەیە.

لە فـەرهـەنگی سـێیـەم باس لە فـایلی کـەسـێک لە مـاوەی یازدە سـاڵی سـەربـازیدا دەکـات. لـە فـەرهـەنگی چوارەم لە ڕێگەی لێکدانەوەی پیـتـەکـانی (کـوردسـتـان) دەگەڕێتـەوە بۆ رابردووی کـوردسـتـان و مـێـژووی کوردسـتـانمان بۆ دەگـێـڕێتـەوە. ئەوەی زیاتر لـە شـیـعـرەکـانی شـاعـیـر دیارە و جـێگای هەڵوێسـتـە لەسـەر کـردنە شـیـعـرەکانی بۆ کـەسـێک، شـوێنێک نووسـیـوە، ئەمەش زیاتر نزیکە لە شـیعرەکانی (ئالان جینسبێرگ) شـاعـیری نەوەی (بیت) لە ئەمـەریکا کـە کـۆمـەڵێ شـاعـیـر و نووسـەری گەنج و یاخی ئەمـەریکی بوون لە پەنجا و شـەسـتـەکانی سـەدەی رابردوو بە ڕابـەرایەتـی (جـاک کـرواک) کــە ئەمــانە ژیـانێکی ســەیریـان هـەبـوو لەســەر شـەقامەکان دەژیان و مادە بێهۆشکەریان بەکار دەهێنا دەستیان لە هەموو شتێکی دنیا شووشتبوو.

شـاعـیـر لە شـیـعـری پارچـەکانی (TNT) هـەر پارچەی بـۆ کـەسـێک، گـەڕەکێک، شارێک دیاری کردووە تەنانەت بـۆ خودی خۆشی نووسیوە کە رۆژ و مـانگ و سـاڵی مردنی خـۆیشی نووسـیوە وەک پێشـبینییەک کە ڕێکەوتی (٢٠٣٤/٥/١٥)ی دیاری کردووە. دیارە شاعیر و رۆشنبیر و فەیلەسووفان پێشبینی داهاتوو دەکەن.

هـەروەهـا داهـێـنـانێکی تری شـاعـیـر، یان تەکنیکێکی تـری نوێی شـاعـیـر ئەوەیە شــیـعــری شــێـوەکــاری هێنایە ناو ئـەدەبی کــوردی کــە نـووســیـنێک، یان پـارچە شـیعرێکی کۆن دێنێت و ئیشی لەسـەر دەکات و هـەندێک وشـەی بەدیار دەخات کـە ئەم وشـانە شـیـعـرەکـە پێک دەهێنن و شـێوەکەش تەعبیر لە شـیـعـرەکە دەکەن. بۆ نموونـە دەست دەکـات بـەڕەشکردنـەوەی وشــە و دێرەکــان وەکــو شــێــوەکــارێک شـێـوەیەکی لێ دروست دەکـات تەنیـا چـەند وشـە و دەسـتـەواژەیەکی دەخـاتە ناو لاکێشـە، یان چوارگۆشـەیەک ئەمەش هەموو شـیعرەکەیەتی کە دەگەڵ ئەو شێوەیەی

که دروستی کردووه یەک مانا و دەلالەتیان دەبێت وەکو شیعری (سپیاتییەکانی ناو ڕەش و ڕەشاییەکانی ناو سپی) و (شیراتۆن لەبەر باراندا) و چەند شیعرێکی تری. هەمووشیان ڕەخنەن و هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە.

کەواتە دەتوانین بڵێین شاعیر هەوڵ و کۆشش و ئەنجامی هەبووە لە داهێنان و تەکنیکی نوێ لەناو شیعری کوردی، لە ڕێچکەی شیعری کوردی لای داوە و ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ خۆی دروستکردووە، کەسێک بووە هەردەم بیرکردنەوەی تایبەت بووە بە نوێخوازی و شتی سەیروسەمەرە. ئەم شاعیرە وێڵە بەدوای وشەی نوێ، فۆرمی نوێ، ناوەڕۆکی نوێ، داهێنانی جوان. جوانی لای شاعیر جەختێکی زۆری لەسەر دەکرێتەوە، بێگومان بەرهەمی جوان داهێنانی جوانی تێدا دەکرێت، تەنانەت خوێندنەوەی جوانیشی بۆ دەکرێت بەمانایەکی تر خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت.

هەموو بەرهەمێکی سوریالیی دەبێت بەمەبەستی گۆڕینی واقیع بنووسرێت تاکو واقیع و لۆجیکێکی بالاتر دروست بکرێتەوە. بۆیە دەبێت وێرانکەر بێت. ڕەگەزێکی سەرەکی بەرهەمی سوریالیی داهێنانی جوانە بەمانای داهێنان و یاخیبوون. غوربەتیش، یان دوورە وڵاتی کە دەبێتە هەوێنی داهێنانی جوان و تازە لەلای شاعیر زۆر رەنگی داوەتەوە. هەموو شیعرەکانی بەرهەمی (Exil) بۆ غوربەت و دەردی دوورەوڵاتی نووسراون. کە ئەم بابەتە زۆری لەسەر نووسراوە بەتایبەتی وتارەکەی (د. ئەحمەدی مەلا) بەناوی (ئەوێ: لێرە) کە زۆر بەشێوەیەکی جوان ئەم بەرهەمەی لێک داوەتەوە و خوێندنەوەیەکی وای بۆ کردووە هەموو داهێنان و جوانییەکانی ناو ئەو بەرهەمەی دەست یشانکردووە. شاعیر لە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی کەسایەتی سەرەکی بەرهەمەکانی خۆیەتی تەنانەت ئەمە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیشی هەر وایە ئەمەش ئاڵۆزیی ژیانی ئەومان بۆ دەستنیشان دەکات کە بووەتە هۆی ئەوەی داهێنانی جوان و پڕ لە چێژمان بۆ بکا.

ئەم شاعیرە لە تاراوگە و دوورەوڵاتیدا خۆی پێ گەیاند. هەروەک خۆی لە چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان) باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو کاتێ لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە زێڕی دەگەڵ خۆی هێناوەتەوە، لێ خەڵک پەتاتەیان ویستووە کە پەتاتە هێمایە بۆ (پارە) و زێڕیش بۆ ئەو داهێنان و نووسین و دیکۆمێنتانەی سەبارەت بە کورد هێنابوویەوە، لێ کەس بایەخی پێ نەدان.

شاعیر له دەقەکانی خۆیدا زیاتر مامەڵەی دەگەڵ نووسەرە گەورە و فەیلەسووف و داهێنەرە مەزنەکانی جیهان و ناوخۆ بووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی رۆشنبیرییەکی فراوانی شاعیر بەهۆی ئەوەی کە ئەمانە هەموو دەناسێت و لە نزیکەوە بەرهەمەکانی ئەوانی خوێندووەتەوە. کە شاعیر گەڕایەوە کوردستان ئەدەبی کوردی لە قەیرانێکدا بوو، بەو مانایەی قەتیسبوونێک لەناو ئەدەبی کوردی هەبوو، داهێنانی جوان کەم بوو. یاخیبوون کەم بوون، لێ دوای ئەوەی ئەم شاعیرە و کۆمەڵێک رۆشنبیری تر لە ئەوروپا گەڕانەوە توانییان هێز و تینێک بە ئەدەبی کوردی بدەن. ئەوان دوای ڕاپەڕین شۆڕشێکیان لەناو ئەدەبی کوردی بەرپا کرد بەهۆی ئەوەی ئەوان بەخۆیان و خەرمانەیەک لە داهێنان و فۆرمی تازە و تەکنیکی رۆژئاوایان لەگەڵ خۆیان هێنا و داهێنانیان لەناو ئەدەبی کوردی پێ دروست کرد و بەمەش ئەدەبی کوردییان لەو قەتیسی و ڕاوەستاوییە رزگار کرد. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە (فەرهاد پیرباڵ) لە هەموویان دەوری زیاتر بوو، چونکو ئەو گوێی بەهیچ شتێک نەدەدا، تەنانەت بۆ ئەوە تێ دەکۆشا کە هەرچی بێ مانایی و ناشرینی و داوونەریتێکی دواکەوتوو هەیە لەناوی ببات، شاعیر زۆر سوریالییانە هەوڵی دەدا.

شاعیر هەردەم گەنجانە شیعرەکانی دەنووسێت، ئەو دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە دروستکردنی شیعری وێنەیی دەگەڵ چەند شاعیرێکی تری نوێخواز لەناو شیعری کوردی. (شیعری وێنەیی) یەکێکە لە داهێنانەکانی سوریالیزمەکان. شاعیریش بەهۆی ئاشنایەتی زۆری لە ئەدەبیاتی ئەوروپی زوو ئاشنای ئەم فۆرمە بووە. ئەوەندەی من ئاگەدار بم لەناو ئەدەبی کوردی ئەم تەکنیکە نوێیە و دوای ڕاپەڕین لەسەر دەستی ئەم شاعیرە و چەند شاعیرێکی تری خاوەن ئەزموون جیاواز و نوێخواز سەری هەڵدا. ئەگەر نموونە لە شیعرەکانی شاعیر وەرگرین نموونەی جوانمان بەرچاو دەکەوێت کە خاوەن جیاوازی و مۆرکێکی تایبەت بە شیعری شاعیرن، بۆ نموونە شیعری (i) شاعیر ئەم تەکنیکەمان پێشان دەدا زۆر جوان و سوریالییانە ئەم فۆرمەمان بۆ دەکێشێت، شیعرەکە هەر لە ناونیشانەکە کە ئەم دەنگە پێی دەڵێن (ئای) ئەم وشەیەش لە زمانی کوردی بۆ ئاخ هەڵکێشان و حەسرەت دەربرینە کەسێک شتێکی لە دڵ بێت و پێی نەگات ئەم وشەیە دەردەبڕێت، ئەم شیعرەشی لەتاو دووری لە شاری هەولێر نووسیوە. وێنەی بورجی

(ئیڤل)مان بۆ دەکێشێت کە بورجی (ئیڤل) هەموو شوێنێکی لێ دیارە تەنیا شاری هەولێر نەبێت، شاعیر ئەوەندە بیری ئەم شارە دەکات تا ڕادەی عاشقبوونێکی سەرسەخت. ئەو شارەی ئەگەر زوڵم و زۆری دەسەڵات نەبووایە زۆر زەحمەت بوو جێی بهێڵێت وێنەکەمان بەم شێوەیە بۆ دەکێشێ:

لە
پاریس
جار جار
دەچم
لەسەر
بڵندترین
دوندی
بورجەکەی
ئیڤێل
ڕادەوەستم
هەموو شوێنێکم لێوە دیارە
تەنیا هەولێر نەبێ

هەروەها شاعیر لە شیعری (خلود) بەهەمان شێوە بە وشەی خلود وێنەی دارێکمان بۆ دەکێشێ، کە لەم فۆرمە شیعرییانەدا شاعیر دەیەوێت نەک تەنیا وشەکە، بەڵکو خوێنەر لە ڕێگەی وێنەکەش بتوانێ خوێندنەوەی بۆ بکا، لە شیعری (شیراتۆن لەبەر باران)دا شاعیر وێنەی شیراتۆنمان بۆ دەکێشێت کە لە شەڕی ناوخۆ وەکو باران گوللەی بەسەردا دەباری، دیارە بەو وێنەیەش پێمان دەڵێت شیراتۆن چی بەسەر هات. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شیعری وێنەیی لای (فەرهاد پیرباڵ).

تەکنیکێکی تری شاعیر ئەوەیە کە هاتووە کرۆنۆلۆجیای ژیانی خۆی، یان وڵاتەکەی لە ڕێگەی شیعرەوە باس کردووە. کرۆلۆنۆجیا و شیعری تێکەڵاوی یەکتر کردووە. شاعیر بەشێوەی کرۆنۆلۆجیا دێت ژیانی دوورەوڵاتیی خۆیمان بۆ

دەگێڕێتەوە کە لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەمەش تەکنیکێکی نوێیە، بەشێوەیەکی سوریالیی جوان دادەنرێت. ئێمە لێرەدا هەموو شتێک دژی واقیع و لۆجیکی ئەدەبی کوردی بێت و یاخیبوون و نوێخوازی تێدا بێت بە بەرهەمێکی سوریالیی لە قەڵەمی دەدەین. لێرەدا شاعیر بەشێوەیەکی سوریالییانە باس لە هەر ساڵێکی ژیانی خۆی دەکات. چەندان داهێنانی جوانمان پێشکێش دەکات بۆ نموونە لە شیعری (قاموسی یەکەم/ بیرەوەرییەکانی دوورە وڵاتیم) هەر لە ساڵی (١٩٨٤) کە لە شاری تاران پەناهەندە بووە دواتر بۆ شاری دیمەشق و دواتر بۆ ئەوروپا تاکو گەڕانەوەی لە ساڵی (١٩٩٤) بۆ کوردستان باس دەکات. ئەم باسکردنە لە شێوەی کرۆنۆلۆجیا لە شیعردا وەکو خوێندنەوەی ژیاننامەی شاعیر وایە، تام و چێژی تایبەتیی خۆی هەیە، لێ لە شیعردا وشە و دەستەواژەی شیعری وامان لێ دەکات بەدیار شیعرەکەوە بوەستین تاکو مانا و دەلالەتی ناو شیعرەکە لێک بدەینەوە، چونکو شیعرەکە جوانی و تایبەتیی خۆی هەیە.

هەروەها لە شیعری (سەرەتای بەدبەختییەکانی ژیانم) کە باس لە مێژووی کوردستان دەکات لە شێوەی کرۆنۆلۆجیا تا ساڵی (١٩٢٦) کە چ بەدبەختی و داگیرکاری وماڵوێرانییەکی بەسەر هاتووە. کە چۆن داگیر کراوە و لە ساڵی (١٥١٤) دابەش دەکرێت و لە سەدەی بیستەمیش چەندان جار بەیاننامەی لەسەر مۆر دەکرێت و دابەش دەکرێتەوە. ئەمەش ئێمە بە یاخیبوونی شاعیری لە فۆرمی شیعری لەناو ئەدەبی کوردی دادەنێین.

شاعیر لە ئەزموونی شیعری و ئەدەبی خۆی توانیویەتی دیدێکی تایبەت بەخۆی، شێوازی تایبەت بەخۆی دروست بکا. ئەمەش سیفەتی نووسەری بەتوانا و سەرکەوتوو و داهێنەرە، کەسایەتییەکی ئەدەبی یاخی بۆ خۆی دروست کردووە. هەبوونی دید و ڕوانینێکی تایبەت ئەوە دەگەیەنێت کەسێکە شێتی داهێنانە کەسێک ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت بێگومان دەبێت هەردەم بەدوای فۆرم و تەکنیکی نوێوە بێت.

تەکنیکێکی نوێی تری شاعیر کە زیاتر سوریالیی بوونی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە، بەهۆی بڕینی وشە و دەستەواژە و ڕستە لە ڕۆژنامە کۆوارەکان و پاشان لێکدانیان، بەمەش شیعرێکی جوان و پوختی لێ دروست دەکات. ئەم فۆرمەش هەر لەلایەن سوریالییەکان پێڕەو دەکرا. شاعیرەکەمان لە

شیعری (بانگەواز) پێڕەوی لەم جۆرە فۆرمە کردووە. ئەم هونەرە نوێیەی شیعری هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی کوردی. لەم شیعرەیدا شاعیر هەڵوێستێک بەرامبەر شەڕی براکوژی و هەڵگیرسێنەرانی دەنوێنێت، کە بەهۆی ئەم شەڕەوە دەیەها دەردی کوشندەی کۆمەڵایەتی وەکو دزی و سەرپێچیی یاسا و چەندان دەردی تر پەیدا بوون. هەر خودی هەڵوێست وەرگرتنەکە هەڵوێستێکی سوریالییە، یاخیبوونێکە. دروستکردنی ئەم فۆرمە تازەیە لەناو شیعری کوردی وا نیشان دەدات کە شیعری کوردی لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی نوێخواز بەهەموو ماناکانییەوە نوێ بووەتەوە و دەگەڵ ڕەوتی شیعری جیهانی دەڕوات هەردەم بەهۆی ئەو نوێخوازانەوە خۆی نوێ دەکاتەوە و بەرەو جوانی و داهێنان هەنگاو دەنێت.

له شیعرەکانی (فەرهاد پیربال) هەردەم وشەی سەیروسەمەرە بەرچاومان دەکەوێت کە هەر لە زمانی وڕێنە دەچن. وشەکان هەریەکەیان سەر بەواقیع و لۆجیکێکن، تێڕامان و بیرکردنەوەی تەواوی دەوێت تاکو ئەودیوی وشەکان بخوێنینەوە کە دەلالەت و مانای تریان هەیە. وەک ناونیشانی هەندێک لە شیعرەکانی (شینێکی ڕەشاو لێ داچۆڕاو)، (مۆرێکی باریکی زەرد هەڵگەڕاو)، (ڕەشترین شین)، یان ناونیشانی هەندێک لە شیعرەکانی تەنیا بەم پیتە وەک شیعری (م) و شیعری (ن) و شیعری (i) کە ئەمانە زۆر نالۆجیکی و نا واقیعین. کە وامان لێدەکات خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکەین کە سیفەتی دەقی فراوانە، چونکو خوێندنەوەی فراوان هەڵدەگرن. تاکو ئێرە ڕەنگە توانیبێتمان گەڕانێک بەناو شیعرە سوریالییەکانی (فەرهاد پیربال)دا بکەین، هەرچەندە زۆری تر ماوە و زیاتر هەڵدەگرن، لە شوێنی تر لەسەر ئەوانی تر نووسراوە کە پێویست ناکات ئێمەش هەمان شت دووبارە بکەینەوە.

پەراوێزەکان:

١ و ٢ و ٣ _ شیعری ئیبراهیم خەلیل، کۆبەرهەمی شیعری فەرهاد پیربال، ئینتەرنێت (www.xozga.com)

٤– سپیاتییەکانی ناو ڕەش و ڕەشاییەکانی ناو سپی، فەرهاد پیربال، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران، هەولێر، ١٩٩٩.

## باسی چوارەم

### ئەنوەر مەسیفی و بەیانی چوارەمی فۆرمی گران

شاعیری کۆچکردوو (ئەنوەر مەسیفی) لە ژمارە (١) ی کۆواری (شین) لە ئاداری (٢٠٠٤) بەیانی چوارەمەمی خۆی بڵاو کردەوە. ئەم بەیانەش چوارەم بەیانیەتی تایبەت بەشیعری خۆی کە بە فۆرمی گران ناسراوە. ئەم فۆرمەی ناوبراو پێی دەنووسی بەڕاستی شتێکی سەیر بوو، یاخیبوونی تێدایە و ئەزموونێکی تازەی شاعیر بوو. لێ ئەوەی جێی داخە ئەم شاعیرە زۆر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە لەلایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانەوە. منیش ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ئەو شێوازەی ئەو پێی دەنووسی سیستەمێکی ئاڵۆزە و بیرکردنەوەیەکی قووڵی دەوێت، پڕە لە کۆد و نهێنی، گرانە پەی بە نهێنی و جوانییەکانی شیعری شاعیر ببەین. ڕەخنەگری خاوەن ئەزموون و وردبینی دەوێت. هەروەها شاعیر خاوەنی ستایلی تایبەتی خۆی بوو بەناوی (فۆرمی گران) کە زۆربەی خوێنەران نەیاندەتوانی هەرسی بکەن و بەهەموو شێوەیەک دژایەتی دەکرا. لێ ئەم شاعیرە بە وشە و شیعر نوێخوازە تاکو کۆچی دواییکردنی بەردەوام بوو.

هەرچەندە ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە باسی ئەزموون و شیعری شاعیر بکەین، چونکو ئەویش یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشێوەیەکی سوریالی شیعری دەنووسی، کە ئەم ڕایە دەدەین مەبەستمان هەر ئەوە نییە کە یەکە بەیەکەی بنەما و یاساکانی سوریالیزمی پێڕەو دەکرد، بگرە هەموو ئەو شاعیرانەی کە بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان یاخیبوون و تەکنیک و فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ و یاخیگەرانەیان هێنابێتە ناو ئەدەبی کوردی دەکارێت ناوبیرێن بە سوریالییەت، چونکو سوریالییەت واتە دژایەتیکردن و لەناوبردنی ئەو واقیع و لۆجیکە باوەی سەردەم دروستکردنی واقیع و لۆجیکێکی باڵاتر، شاعیر تەنانەت لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشی یاخیبوون و خەسڵەتی سەیروسەمەرەی هەبوو. شاعیر هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دژایەتی کراوە خۆیشی دانی بەوەدا ناوە وەکو لەو

دیمانەیەی فەرزین دەگەڵی ساز کردووە. شاعیر تاکە هەوڵی ئەوە بوو ئازادییەکی تەواو بداتە خوێنەر بۆ ئەوەی بەپێی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی خۆی مامەڵە دەگەڵ ئەو دەقەیدا بکا. وەکو خۆی دەبێژی نەک بە فەرمانی داخوازی لە شیعردا فەرمان بەسەر خوێنەردا بکەن، وەکو لای زۆربەی شاعیرانی تر بوونی هەیە.

تایبەتمەندییەکی تر کە شاعیر شیعری پێ نووسیوە، زمانەکەیەتی، خۆی ناوی لەو زمانە ناوە (گرامەری ستوونی) ئەو بڕوای وابوو دوو جۆر گرامەر هەیە، یەکیان ئاسۆییە کە زۆربەی زۆری خەڵک قسە و گفتوگۆی پێ دەکەن، یەکێکی تریان ستوونییە کە ئەو پێی دەنووسێ. شاعیر بەشێوەیەک دەیڕوانییە زوبانی کوردی کە زوبانێکی دەوڵەمەندە، لێ شاعیران توانایان بەسەردا ناشکێ. بۆیە دەبینین شێوازی نووسینەکەشی بەشێوەیەکی ستوونی بوو، هەموو شیعرەکانی ئەم شێوەیەیان هەیە. واتە ئەو زوبانەی شاعیر مامەڵەی دەگەڵ دەکات، زوبانێکە زۆر جوداوازە دەگەڵ ئەو زوبانەی خەڵکی سڤیل پێی دەپەیڤی، بۆیە زۆربەی خەڵکی تێی ناگات و لای نامۆیە. هەموو ئامانجی شاعیر ئەوە بووە کە فۆرمێک دابهێنێت تەنیا قەتیس نەبێت لە وڵاتی خۆی، بەڵکو فۆرمێک دابهێنێ کە جیهانگەراییی بێت، واتە بۆ هەموو جیهان بگونجێت. ئەوەش بەڕاستی ئەرکێکی قورسە، هیچ شاعیرێکی کورد نییە ئەو بیرکردنەوەی هەبێت، زۆربەی شاعیرانی کوردی خۆمان تەنیا بەدوای ئەوەوەن کە لەسەر لاپەڕەی یەک دوو ڕۆژنامە و کۆواری ناوەخۆ لەسەریان بنووسرێت ئیدی خۆیان لێدەبێتە شاعیرێکی داهێنەر، لێ با ئەو پرسیارە بکەین، ئاخۆ ئەو بابەتانەی لەسەریان دەنووسێت تا چەند دەتوانێت دەقەکە جوانتر بکا؟ لێ دەقەکانی ئەنوەر مەسیفی تاکو ئێستاشی دەگەڵ دابێ کەم کەس هەیە خۆیان دەقەرە بدا، مەگەر ئەوانەی زۆر شارەزای تەکنیک و فۆرمی جیهانی نوێن، شاعیرمان هەیە لەناو کورد هەموو هەفتەیەک، مانگێک بابەتێکی لەسەر دەنووسرێت، تەنیا بە هۆکاری برادەرایەتی و بەرژەوەندی، لێ شاعیرێکی وەکو ئەنوەر تەنیا چلەی بۆ ساز کرا، تاکو ئێستاش یەکێتیی نووسەران، بەتایبەتی لقی هەولێر یادێکیشیان بۆ ساز نەکردووە، ڕاستی وابوو هەموو ساڵێک لە یادی ئەودا کۆڕ و سیمینار بگیرابایە، لێ لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران ئەگەر لە مانگی جارێک کۆڕێکی شیعری ساز بکەن، ئەویش تەنیا شیعر خوێندنەوە دەبێت لە ماوەی نیو کاتژمێرێکدا، بەبێ ئەوەی ڕێگە بدرێت لێکدانەوە و

ڕەخنە و گفتوگۆ بێتە کایەوە.

ئەم بەیانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، تاکڕەوی شاعیر پێشان دەدات. ئەم بەیانە باسی شتێکی زۆر گرینگمان بۆ دەکات ئەویش ڕاگەیاندنی مردنی سروشت کە ئێمە ناوی دەنێین (مەرگی سروشت)، شاعیر دێت مەرگی سروشتمان بۆ ڕادەگەیەنێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی شتێکی گەورەتر دێت و جێگەی ئەو دەگرێتەوە ئەویش کەونە. کەون لای شاعیر بەمانای دنیای نوێ دێت، چونکو شاعیر لێرەدا پێمان دەڵێت با چیی تر شیعر خۆی بە شتی سروشتەوە خەریک نەکات، لەبەرئەوەی چاخی سروشت تەواو بووە کە ناوی دەنێت (چاخی ئاسۆیی). ناوی کەونیش دەنێت (چاخی ستوونی)، لێ ئەوەی جێگەی پرسیارە شاعیر بۆ ئەمە دەکات؟ شاعیر لەم ڕێگایەوە دەیهەوێ ئیش لەسەر هەموو کەون بکا، نەک تەنیا دەگەڵ بۆ نموونە سروشتی کوردستان، ئەو خۆی بەشاعیرێکی کەونی دادەنێت، شاعیر کەسێکە هەموو کەون دەناسێت، یان بەمانایەکی تر دەیەوێ هەموو کەون بناسێت. بۆ نموونە کاتێ دێت باسی شاخ دەکات، ئەو باسی هەموو شاخەکانی گێتیی دەکات، نەک تەنیا شاخەکانی کوردستان، شاعیرانی تر کاتێ مامەڵە دەگەڵ سروشت لە شیعرەکانیاندا دەکەن تەنیا خویان بە سروشتی کوردستانەوە گرتووە، لێ ئەنوەر بەپێچەوانەوە پەل بۆ هەموو گەردوون دەهاوێژێ. ئەم خۆ بە گەردوونی کردنە هەنگاوێکی زۆر بوێرانەیە، توانا و ڕۆشنبیرییەکی تەواوی دەوێت. ئەو خۆی بە مرۆ دادەنێت، مادامەکی مرۆییشە کەواتە هەموو کات دەبێ لە بیرکردنەوەدا بێت، ئەو لەو دیمانەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا دەڵێت من حەز دەکەم درەخت ورچ بگرێت، واتە بەری درەختەکە ورچ بێت، هەرچەندە ئەوە بیرکردنەوەیەکی سوریالییانەیە، لێ ئەو بەشێوەیەکی کەونی بیر دەکاتەوە، بەمانایەکی تر ئەو دەیەوێت تایبەتمەند بێت لەسەر ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی، ئەو نایەوێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ شتێک. دژایەتیکردنی شاعیر بۆ سروشت ئەوەیە کە لەم مانیفێستەدا مەرگی سروشت ڕادەگەیەنێ وەک دەڵێت: " من لۆ خۆم پێڵاوم لە گوڵ جوانترە"

– من لۆ خۆم کارەبام پێ لە ئەستێرە درەوشاوەترە.

– من لۆخۆم تۆپێکم پێ لە هەنارێک هاوچەرخانەترە.

– من لۆ خۆم چێژ لە پەیکەرێک دەبینم نەک لە دارستانێک.

– من لۆ خۆم دەنووسم:

پێڵاو کەپوومانە

نانووسم:

پێڵاو لەپێکەن.

من لۆ خۆم دەنووسم.

مانگ لەناو کەپوومان هەڵدێ.

نانووسم:

ئەی مانگ لە کوێی؟

من لۆخۆم دەنووسم:

پێکەنین کەپووی ژیانە.

نانووسم:

پێکەنین لە کەپوومان هاتەوە"(١)

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم چەند ڕستانەی سەرەوە بکەین یەکەم شت دەبینین کە شاعیر زۆر تاکڕەوانە قسان دەکات. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە شاعیر تەنیا خۆیەتی و سەر بەهیچ گرووپێک نییە وەک بە دەستەواژەی (من لۆ خۆم...) کە دەستەواژەیەکە ئازادی و سەربەخۆبوونی ئەومان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەم تاکڕەوییەی شاعیر وەکو شیعرەکانی تایبەتە.

هەروەک پێشتر گوتمان شاعیر لەم بەیانە مەرگی سروشت ڕادەگەیەنێ بەو مانایەی شاعیر پێمان دەڵێت با شاعیر و شیعر چیی تر باسی گوڵ و باخچە و مانگ و ئەستێرەمان بۆ نەکەن، بەڵکو پەل بهاوێن بۆ هەموو شتێکی ناو کەون. بانگەشەیە بۆ ئەوەی کە شاعیر پێمان دەڵێت: (کەون) بەشێوەیەکی ستوونی دێت. ئەگەر زیاتر لەم دەستەواژانە وردبینەوە دەبینین هەموو پێشکەوتنێکی جیهانی لە سروشت پێ باشترە و پڕ لە ئێستێتیکی ترە. وەک دەڵێت: کارەبام پێ لە ئەستێرە درەوشاوەترە. بەو مانایەی چیی تر سروشت ئیلهامبەخشی شاعیر نییە. چیی تر شاعیر پێویستی بەوە نییە گوڵێک، دارستانێک سەرنجی رابکێشێت.

لەم ڕێگەیەوە شاعیر لەم بەیانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مرۆڤی کورد پێویستە خۆی لە سێ ئیلهامی سروشت بپارێزێت، بەو مانایەی ئەو سێ شتەی شاعیر باسی دەکات بوونەتە هۆی لە قالبدان و وەستاندنی ڕەوتی پێشکەوتن و نوێبوونەوە. ئەوانیش لای شاعیر کە لەم بەیانە پێمان دەڵێت: (فەرمانسالاری، پەرستن، قەبرستان) ئەگەر سەیری ئەم سێ وشەیە بکەین بەڕاستی هەرسێکیان وشەیەکن کە ئەم وڵاتەی ئێمەیان وێران کردووە، چونکو ئەم سێ وشەیە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، ئێمەی داڕزاندووە. وای کردووە کۆمەڵگەکەمان هەر لە خێڵێک بچێت. لە هۆزێکی گەورە بچێت. تەنانەت هەروەک (فاروق رەفیق) دەڵێت: " ئەم حزبانەی ئێمە بەتایبەتی دوو حزبە گەورەکە هەر لە دوو هۆز و خێڵ دەچن" ئەوان فەرمان دەدەن کەسانی ژێر دەستیان دەیانپەرستن و جێبەجێی دەکەن پاشان لە پێناو هۆز (حزب) و سەرۆک هۆز (سەرکردە) دەکوژرێن و یەکسەر بۆ گۆڕستان. لەلایەکی تر شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە با چیی تر شاعیرەکانمان فەرمان لە شیعرەکانیان لەسەر خوێنەر دەرنەکەن، ئەو دەیەوێت زوبانی داخوازی دەنێو شیعردا تووڕ هەڵدات، فەزایەکی ئازادانە بۆ خوێنەر بخوڵقێنێت. چونکو ئەگەر زوبانی داخوازی دەنێو شیعردا هەبێت ئەوا خوێنەر وەکو بەندەیەکی لێ دێت، ئەو کاتە شیعر چ جیاوازی نامێنێت دەگەڵ ئاین، چونکو ئاین زیاتر فەرمان دەردەکات، ئەوە بکەن، ئەوە مەکەن. بۆیە شاعیر دەهەوڵی ئەوەدایە ئەو فۆرمەگەلە تێک بشکێنێت و هەر وایشی کرد. ئەو کە نایەوێت زوبانی داخوازی بمێنێت هەر لەو بەیانەدا جێگرەوەیەکی بۆ داناوە ئەویش وشەی (ئازادی)یە، واتە لە جیاتی وشەی (فەرمانسالاری) وشەی (ئازادی) کردووەتە جێگرەوەی.

وشەی دووەم (پەرستن)ە کە شاعیر داوا دەکات خۆمانی لێ بەدوور بگرین، واتە زیاتر مەبەستی لە شاعیرانی ترە، چونکو تاکو ئێستاش زۆربەی شاعیرانمان بەبێ پەرستنی شتێک ناتوانن شیعر بنووسن. یان شتێکیان کردووە بە رەمز بۆ خۆیان، وەکو، (قوبادی جەلیزادە) بێ ئافرەت ناتوانێت شیعر بنووسێ، (کەریم دەشتی) بێ وشەی (ئاو)، (هیوا قادر) و (بەختیار عەلی) بێ باران و یار و... هتد. شاعیرەکەمان تکا دەکات ئەوانە خۆیان لەو پەرستنانە رزگار بکەن و چیی تر خوێنەر لە بۆتەی ئەو وشە و دەستەواژانە دیل نەکات. هەروەها خۆشیان لەو وشانە قەتیس نەکەن و باسی هەموو شتێکی نا گەردوون بکەن و بیرکردنەوەی

خوێنەر سنووردار نەکەن، بەرامبەر ئەو وشەیە ئەنوەر مەسیفی وشەی (کبریا)ی وەکو جێگرەوە داناوە تاکو خوێنەر ئازاد بێت و گەورەیی خۆیی هەبێ.

وشەی سێیەم (قەبرستان)ە، داوا دەکات شاعیران خۆیانی لێ بپارێزن و ئەوەندە باسی نەکەن، شاعیری کورد نییە باس لە مردن نەکات، ئێمە ناڵێین با باس نەکرێ، چونکو مردنیش جوانی خۆی هەیە و حەقیقەتێکە، لێ زۆربەی شاعیرەکانمان بەشێوەیەک خوویان پێوە گرتووە، لە هیچ شیعرێکیاندا نییە باسی مردنی تێدا نەبێت و ڕەشبینانە بیر نەکاتەوە، ئەنوەر مەسیفی دێت لە جێگرەوەی ئەوە وشەی (ژیان) دادەنێت لەم مانیفێستەدا، واتە ئەو دێت باسی ژیان دەکات، باسی خانوو، ئافرەت، پشیلە، شاخ، دار، بەرد نازانم چی؟ هەمووی دەکات، واتە ژیان دەبەخشێتە شتەکان. هەردەم بە گەشبینانە دەڕوانێتە ژیان، ئەو شتانەی ئەو دەیانخاتە بۆتەی دەقەوە هەموویان گرینگن بۆ ژیان، واتە ژیان لە هەموو ئەو شتانە پێک دێت و مانای هەیە. کەواتە ئەوەی شاعیرەکەمان گرینگی پێ دەدات و دەیکاتە پێڕەوی شیعر خۆی (ئازادی، کبریا، ژیان)ە، ئەمانەشن شاعیر دەکەن بە کەسێکی گەردوونی و داهێنانەکانیشی گەردوونی دەردەچن، لە چوارچێوەی شاعیرێکی کوردیدا نامێنێتەوە، بگرە دەبێتە شاعیرێکی گەردوونی، چونکو بیرکردنەوەیەکی گەردوونییانەی هەیە. ئەوەی لێرەدا سوریالییەتی شاعیرمان بۆ دەردەخات یەکەم شت دەرکردنی چەند بەیاننامەیەکە، دووەم ئەو دژایەتیکردنەی شاعیرە بەرامبەر سروشت و کۆمەڵگەی کوردی. هەوڵدان بۆ وێرانکردنی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بەشێوەیەکی نوێتر و جوانتر. وەک پێشتر باسمان کرد بەدیلی بۆ ئەو ژیانەی ئێمە دۆزیوەتەوە.

یاخیبوونی شاعیر لە هەموو شتێکی ئەم وڵاتە و خۆدوورخستنەوە لە ڕۆمانسییەتی شیعری کە چیی تر خۆی بە ناڵانەوە و نووزانەوە خەریک ناکات، چیی تر قسە دەگەڵ ئەستێرە و مانگ ناکات، بگرە قسە دەگەڵ هەموو شتێکی ئەم وڵاتە دەکات بۆ ئەوەی لێیان یاخی بێت و شتێکی نوێ و تازە دروست بکاتەوە. ئەو ئازادییەکی ڕەها بەخۆی دەدات و گوێ بەهیچ شتێک نادات وەک دەڵێت:

من لۆ خۆم دەنووسم:

– پێڵاو کەپوومانە.

شاعیرەکەمان لێرەوە تێمان دەگەیەنێ ئەو ئازادە لەوەی چی دەنووسێت جا

خەڵک ڕازین یان نا ئەوە گیروگرفتی شاعیر نییە، ڕەخنەی لێ دەگرن یان نا ئیشی ئەو نییە. ئەم ئازادییە ڕەهایەی کە شاعیر بۆ خۆی دروستی دەکات تەواو سوریالییە. لە کۆتاییدا شاعیر باسی ئەو جیهانەمان بۆ دەکات کە ناوی ناوە (چاخی هەوای ستوونی) کە چاخێکە، سەردەمێکە خاڵییە لە فەرمان دەرکردن و بانگکردن و قەبرستان " لە چاخی هەوای ستووندا شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێ کە پڕی فەرمانی داخوازی بوون، شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێت کە ئاوسابوون بە ئامرازی بانگکردن و هانابردن و هەروەها ئەو خوێنەرانەی نامێنێ کە دوو کێلیان دەست بوون.(٢)

پەراوێزەکان:

١- بەیانی چوارەمی فۆرمی گران، ئەنوەر مەسیفی، کۆواری شین، ژ١/، ئاداری ٢٠٠٤، ل ١٤، ١٥، ١٦.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٦.

## شیعری ئۆتۆماتیکی لە ئەدەبی کوردیدا

ئەم جۆرە شیعر نووسینە یەکێکە لەو هونەرانەی کە سوریالیزمەکان شیعریان پێ دەنووسی، هونەرێکی نوێیە. ئەمەش هەوڵدانە بۆ ئەوەی شاعیر ئازادییەکی ڕەها وەرگرێت و بیرکردنەوەیان ئازاد بکەن. نەک دابنیشن و بیرکردنەوەی خۆیان بگوشن بۆ نووسینی شیعر. شاعیری شیعری ئۆتۆماتیکی ڕاستەوخۆ ئەو وشە و ڕستانە دەنووسێ کە لەو دەمەدا بە مێشکیدا دێت، زۆر بەپەلە دەنووسێ بەبێ ئەوەی خۆی بە واقیع و ئەم دنیایە جەنجاڵە ببەستێتەوە، هەوڵ دەدات خۆی ئازاد بکا لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە، بگەڕێتەوە بۆ سروست، شاعیر لێرەدا دەیەوێت خۆی لە عەقل و لۆجیک ڕزگار بکا.

سوریالیزمەکان هەروەک پێشتریش باسمان کرد پشتی تەواویان بە خەون و نەست (لاشعور) دەبەست بۆ داهێنان "بەڵام ئەندرێ بریتۆن باوەڕی وایە کە نووسینی خۆبەخۆ (ئۆتۆماتیکی) دەبێ بەردەوام و لە هەموو حاڵێکا نزیکە دەستی هەموو کەسێک بێ و بەم پێیە لەگەڵ خەوی دەستکرد و موگناتیسدا جیاوازی هەیە"(١) ئەوەی (بریتۆن) باوەڕی پێیەتی ئەم جۆرە شیعرە لە شاعیر نزیکە، بیری جوان و پڕ لە ئێستێتیکی بە شاعیر دەدا.

ئەم جۆرە هونەرەی سوریالیزمەکان بە چەند جۆرێک دێتە بەرهەم، یان ئەوەتا بە کۆمەڵ دەبێت وەک ئەوەی کۆمەڵێک شاعیر دێن بەیەکەوە شیعرەکە دەنووسن یەکێکیان دەینووسێ ئەوەی تر لەو شوێنەی کە شاعیری یەکەم ڕاوەستاوە دەست پێ دەکات بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی شاعیری یەکەم چی نووسیوە و چی گوتووە. یاخۆ شاعیر دوای ئەوەی لە خەو هەڵسا هەرچی لە نائاگاییدا هەیبوو دەینووسێ. یاخۆ شاعیر خۆی تەنیا دەکاتەوە و لە شوێنێک بە تەنیا دادەنیشێت و خۆی دەگەڕێتەوە ناو سروشت هەرچی لەو دەمەدا بە مێشکیدا هات دەینووسێ، لێ بۆ هەموو ئەمانە دەبێت مەرجێکی سەرەکی هەیە دەبێت ڕەچاو بکرێت ئەویش ئەوەیە شاعیر دەبێت خۆی لە هەموو کۆت و بەندێکی ئەو واقیع و لۆژیکەی تێیدا دەژیت لەو کاتەدا ڕزگار بکا. واتە لەو کاتە دەبێت لە دەرەوەی واقیع و لۆجیک بێت، هەروەها مەرجێکی تریش ئەوەیە شاعیر نابێت پێشتر خۆی بۆ نووسینی ئەم جۆرە شیعرە ئامادە کردبێت.

ئەم جۆرە شیعرە لەناو ئەدەبی کوردیدا بوونی هەیە، لەسەر دەستی چەند شاعیرێک ئەزموون کراوە و سەرکەوتن و هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە. بێگومان دوای ئەوەی زۆرێک لە نووسەرانمان بەرەو ئەوروپا لەدەستی دەسەڵات ڕایان کرد، لەوێ بەهۆی هەوڵ و ماندووبوونیان ئاشنایەتییان دەگەڵ زۆرێک لە تەکنیک و فۆرمی تازەی ئەدەبی پەیدا کرد. ئەمەشیان بۆ ناو ئەدەبی کوردی گواستەوە. هەندێکی تر لە شاعیرەکانمان هەر لە ناوەوەی کوردستان بەهۆی گەڕان و خوێندنەوەی خۆیان توانییان ئاشنایەتی دەگەڵ ئەو تەکنیک و فۆرمە تازانە پەیدا بکەن وەک (ع. ع. یووسف، هاشم سەراج).

دەتوانین یەکەم تاقیکردنەوە و ئەزموون کە شیعر بەشێوازی ئۆتۆماتیکی نووسرابێت دەستنیشان بکەین، لەلایەن هەردوو شاعیری تاراوگەنشین (فەرهاد پیربال) و (ئەحمەدی مەلا) لە پاریس ئەزموون کراوە، ئێوارەیەک هەردووکیان دەگەڕێنەوە ماڵە بچووکەکەی (فەرهاد پیربال) و لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٦/٦) پازدە ناونیشانی وەک یەک بۆ شیعرەکانیان ئامادە دەکەن ئەوانیش: (باران، جانتا، تەلەفۆن، گیروگرفت، ئەوروپا، شۆڕش، قەرەوێڵە، پەنجەرە، ئاگر، پاسەپۆرت، گوڵ، کوردستان، تەلەڤزیۆن، عارەب، ڕۆژنامە) ئەم دوو شاعیرە لە ژیانی تاراوگەیی و دوور لە کوردستان لە شاری پاریس بڕیار دەدەن هەریەکەیان لەسەر ئەم

ناونیشانانەی سەرەوە شیعر بنووسێ، بەبێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێت کە ئەوەکەی تر چی دەنووسێ، ئەمەش خۆ ڕەهاکردن و خۆ ئازادکردنە لە هەموو لۆجیک و واقیعێک. (ئەحمەدی مەلا) لەبارەی ئەم ئەزموونە دەڵێت: "لە ژوورێکی بچووکی تاریکی شاری گەورەی پاریسدا، دوو کوردی ئاوارە، دوور لە زێد و نیشتمان یەک ناونیشانیان هەڵدەبژارد و دوو شیعریان دەنووسی، ئەمیان شیعرێک و ئەویان شیعرێک، هەردوو شاعیر لە یەک کاتدا و بەیەکەوە دەستیان بەنووسین لەبارەی ناونیشانەکە دەکرد بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەریەکەیان بە دید و هەژانی تایبەتی خۆیەوە شیعرەکەی لێ دادەچۆڕا"(٢)

ئەم ئەزموونە بەیەکەم ئەزموونی شیعری ئۆتۆماتیکی سوریالیی لەناو ئەدەبی کوردی دادەنرێت، ئەوان لە هەموو فۆرم بابەتێکی شیعری خۆیان جودا کردەوە و ئەوان لۆجیکی شیعری کوردییان وێران کرد و بەشێوەیەکی سەیری پڕ لە داهێنان و نوێخوازی شیعریان نووسی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە نووسەری کوردیش هەردەم بەدوای نوێگەری و تازەبوونەوەیە و ئاشنایەتی دەگەڵ ڕێبازە جیاجیاکانی ئەدەبی هەیە.

ئەزموونی دووەم لە ئێوارەی ڕۆژی (١٩٩٤/٧/٢٧) بوو لە شاری هەولێر لەلایەن شاعیران (هاشم سەراج، ع. ع. یووسف، ئەحمەدی مەلا، فەرهاد پیربال) چەند وشەیەکی وەکوو (شەکر، چا، ساوەر، دۆلار، دینار، سەفەر، خانوو، ئۆتۆمبێل، قەرز، تۆپ، تەیارە، برنۆی ژمارە ١٧، ژن، سوێد، ئیمارات، هۆڵەندا، پەساپۆرتی قاچاخ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، شەڕی براکوژی، شووتی، پەتاتە، دواکەوتنی مووچەی مامۆستایان...)

ئەم چەند شاعیرە ئەم وشانەیان داوە بەیەکتر و شیعرێکی ئۆتۆماتیکی پڕ بەهای جوانیان لێ بەرهەم هێناوە، کەواتە ئەم هونەرە بەکورد و شاعیری کورد نامۆ نییە، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەوان لاساییان کردبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوان سوودیان لەو تەکنیکە وەرگرتووە و داهێنانیان پێ کردووە. با نموونەیەک لەو شیعرە ئۆتۆماتیکییە وەرگرین کە سوریالییەتی تێدا دەبینینەوە:

شیعر درێژترین ڕستەیە لە دونیادا
کورتترین ڕستەی شیعریش: مەحچەچە خەجێیە

شیعر خوێن لەبەرچوونە، تەوریشە
باسی تەور مەکە چونکە شیعرەکانم قووت دەدا
ملم وەک مەڕی ناو دەمی گورگ بەئاسانی خۆی تەسلیم دەکا
باسی تەور مەکە چونکە دژی شیعرە
شیعر درێژەی هەیە
هەموو درێژدادڕییەک ناخۆشە
شیعر خۆشە وەک گووکردنی دوای تەنگاوی
وەک بینینی ژنێکی ڕەنگینی ڕووت
منیش هەر کۆنەخوازم
تا ئەو کاتەی دوا کڵاو ڕەشەبا دەیبات و منیش دەکەومە دوای باهۆز
شیعر حکوومەتە دەتوێتەوە
کەرە دەبێتە هەڵم(٣)

دەبینین ئەم شیعرە پارچەیەکە لە هەموو شیعرەکە شێوەی نووسینی ئۆتۆماتیکییە، تەواو دژی عەقل و لۆجیکە، شاعیرەکان لێرەدا ئازادییەکی ڕەها بە خۆیان دەدەن، گوێ بەهیچ یاسایەکی ڕێزمانی و زمانی و واتایی و کۆمەڵایەتی نادەن. ئەم ئازادییە وا لە شاعیر دەکات هەرچی بەبیریدا بێت دەری ببڕێت. وشەی وایان بەکارهێناوە کە لەناو کۆمەڵ عەیبە و ناپەسەندە ئەمەش لەلایەکی تر سوریالییەتی ئەم شاعیرانەمان بۆ دەسەلمێنێ. وەک :" شیعر خۆشە: وەک گووکردنی دوای تەنگاوی" بەڕێگەی ئەم جۆرە شیعرانەوە شاعیرەکان دەیانەوێت ڕەخنەی جوان و زانستی لە ژیان و واقیع بگرن. بۆ ئەوەی بیگۆڕن و هەوڵی چاکسازی دەدەن. بۆ نموونە ئەم شاعیرانە دژایەتی خۆیان بۆ شەڕی براکوژی بەشیعر دەربڕیوە و هەوڵ دەدەن بیگۆڕن، ئەم هەڵوێست وەرگرتنە بەڕاستی ئەرکی شاعیران و ڕۆشنبیرانە وەک:

کەرکووک بۆ سەدام حوسێن
مەککە بۆ مەلا و حاجییە چاو بەکلەکان
تەسبیح بۆ سەرکردە کوردەکان
بارەگا و باڕ بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد

بۆڕی و چیمەنتۆ بۆ وەزارەتی ئەشغال
ڕۆشنبیر بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری
پاک و تەمیزی بۆ کوێتییەکان
پیبسی کۆلا بۆ ئەمەریکییەکان
گیا بۆ بەرازەکان، حیز بۆ قەحپەکان
دۆلار بۆ وەزارەتی دارایی(٤)

سەیری ئەم بەگژداچوونەی شاعیرەکان بکە بەڕووی واقیع و سەرکردە کوردەکان، چونکو نەیانتوانی کەرکوک دوای ڕاپەرین بۆ سەر کوردستان بگەڕێننەوە بۆیە دەڵێت: (کەرکووک بۆ سەدام حوسێن) ئەوان لە جیاتی کەرکووک بە تەسبیح خەریکی ژماردنی شتی تر بوون. ئەم شیعرە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی کوردییە. ئەو وێنانەی لەم جۆرە شیعرانەدا دروست دەبن وێنەی سەیروسەمەرەن بەو مانایەی ئەو وێنانە ڕووبەڕووی ژیان دەبنەوە. وێنەیەکی وا لەلای خوێنەر دروست دەکەن، بەرامبەر دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە هەست بەگاڵتەجاڕییەک بکا. کە دەڵێت: (بارەگا و بار بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد) لێرەدا هەڵوێست وەرگرتنە لەسەر ئەوەی کە بارەگاکانی ئەم یەکێتییە تەنیا جێگەی چا خواردنەوە و دانیشتنە، نەک جێگەی هەڵوێست وەرگرتن لەسەر دیاردەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی واقیع، بۆ نموونە ئەوە ئەرکی ئەم یەکێتییەیە کە هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر ئەو فەوزایەی نووسین و کتێب کە بە لێشاو دەردەچن، بەرامبەر ئەو هەموو ڕۆژنامە و کۆوارى دەردەچن کە لە چەند دانەیەکی کەم نەبێت زیاتری لێ سەرف نابێت. ئەوە ئەرکی نووسەرانە، ئەرکی ڕۆشنبیرانە کە هاوار بکەن و دیاردەکان دەستنیشان بکەن.

ئەزموونێکی تری شیعری ئۆتۆماتیکی لەناو ئەدەبی کوردی هەر لەلایەن شاعیرە نوێخوازەکانی شاری هەولێر ئەزموون کراوە ئەویش لە کۆڕێکی شیعریدا هەریەک لە (فەرهاد پیربال، ع. ع. یووسف، هاشم سەراج، ئیسماعیل بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی) بوون. کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شیعریان گوت لە ساڵی (٢٠٠٠). بەبێ ئەوەی پێشتر خۆیان بۆ ئامادە کردبێت. ئەمانە هەریەکەیان لە دوای یەکتری شیعریان گوت کە هەرکەسە هی ئەوی تری تەواو دەکرد.

ڕۆشنبیر و نووسەرێکی زۆر ئامادەی بوون، هەراوهۆریایەکی زۆری نایەوە چ لە دوای تەواوبوونی کۆڕەکە و چ دواتر لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و کۆوارەکان. بۆ نموونە دوای ئەوەی کۆڕەکە تەواو بوو دەرگەی گفتوگۆ کرایەوە، هەندێک دەستخۆشییان کرد و بەشتێکی تازەیان دانا و هەندێکی تر زۆر بەتوندی ڕەتیان کردەوە بەقسەی قۆڕ و بێ مانایان لە قەڵەم دا. یەکێکی وەک (خاڵە حەمرین) گوتی: "من ئەمانەی ئەم برادەرانە کردیان بە شیعریان نازانم، ئەمانە نوێخوازی دژی شیعرن"(٥) تەنانەت هەندێکیان بیروڕایەکەیان وەکو هەڕەشە وابوو وەک (عەبدولقەهار شێخ) کە گوتی: "حەمکۆ پێشتر زۆر شتی لەم بابەتانەی کردووە ئەم برادەرانە کە ڕەمزی شیعری کوردین، ئەم کۆڕە کفنی ئەوان بوو، هەمووما لەم مەهزەلە مەسئولین کەس نابێت لێیان قبووڵ بکا."(٦) ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەم هونەرە نوێیە و زۆر کەسی نێو ئەدەبی کوردی بەم ئەزموون و هونەرە نائاشنان ناتوانن قبووڵی نوێخواز بکەن.

کەواتە دەتوانین بڕیار بدەین کە ئەم چەند شاعیرەی کورد بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستیان لە نوێبوونەوە و تێکشکاندنی فۆرمە باوەکانی شیعر و ئەدەبی کوردی هەبووە، ئەدەبی کوردییان بەرەو تازەگەری بردووە. ئەمانە وایان کرد کە ئەدەبی کوردی بەزۆر هونەر و تەکنیکی نوێی دنیا ئاشنابێت نەک هەر لەیەک بازنە و چوارچێوە خول بخوات و خۆی نوێ نەکاتەوە، هەرچەندە زۆر دژایەتییان کراوە و ڕەخنەی ناماقووڵ و نابەجێیان لێ گیراوە لێ هەر بەردەوامن لە نوێخوازی و هونەری نوێ.

پەڕاوێزەکان

١- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رضا سید حوسێنی، و: حەمەکەریم عارف، دەزگای موکریانی، ل ٢٣٨.

٢- کۆواری شین، ژ١، ئاداری ٢٠٠٤، ل ٥١.

٣ و ٤- کۆواری شیعر، ژ١، جانیوەری ٢٠٠٦، ل ٢٩- ٣١.

٥ و ٦- کۆواری شین، ژ٢، نیسانی ٢٠٠٤، ل ٥٤.

بەشی چوارەم

# چیرۆکی سوریالیزمی کوردی

ژانری چیـــرۆک لەناو ئەدەبی کـــوردیدا گـــرینگی زۆری پێ دراوە و چەندان چیرۆکنووسی بە توانامان هەن کە داهێنانی جوانیان لەم ڕێگەیەوە کردووە. ئەم ژانرە لەناو ئەدەبی کوردیدا زۆر چیرۆکنووسی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە کە بەشێوەی سوریالی چیرۆکەکانیان نووسیوە، یاخیبوون و هەڵوێستی جوانیان هەبووە. چیرۆکیش وەکو شیعر توانیویەتی کاریگەری خۆی لە زۆر بواری ژیاندا هەبێت، تەنانەت لە جیهاندا بایەخی چیرۆک و ڕۆمان پێش شیعریش کەوتووە، ئەوانەی ساڵانە خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرن لە ئەدەبیات زۆربەیان لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانن، لێ لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا شیعر هەر لە پێشەوەیە. ئێمە لێرەدا باسی ئەو چیرۆکانە دەکەین کە شێوەیەکی سوریالی یاخۆ بۆنی سوریالییان لێ دێت. کە دەڵێین بۆنی سوریالیی مەبەستمان لەوەیە کە ئەو چیرۆکانەی کە دژی هەموو باو و لۆجیکێک بوونە، ئەو چیرۆکانەی ویستوویانە شۆڕشێک بەرپا بکەن. ئێمە لێرەدا چەند چیرۆکنووسێکمان وەرگرتووە کە خاوەن ئەزموونێکی پڕ لە داهێنان و جوانیان لێ دەبارێت. ئەو چیرۆکنووسانەی لە هەموو شتێکی دواکەوتووی سەردەمی خۆیان یاخی بوونە بۆ ئەوەی گۆڕانێک دروست بکەن. ئەمـــانە دەســـتـــیـــان هەبووە لە داهێنانی تەکنیک و فـــۆرمی تازەی چیرۆکنووسین، خۆیان جودا کردووەتەوە لە هەموو کەسێکی تر، واتە توانیویانە بۆ خۆیان ئاراستەیەک و ڕێچکەیەکی تایبەتی دروست بکەن.

ئەو چیرۆکنووسانەی ئێمە لێرەدا قسەیان لەسەر دەکەین ڕەنگە بەرهەمیان زۆر بێت، لێ لەوانەیە ئەوەی بۆ باسەکەی ئێمە دەست بدات یەک دوو بەرهەمی بێت، تەنیا نووسەرێکی وەکو (فەرهاد پیربال) نەبێت کە دەتوانین هەموو چیرۆکەکانی بە سوریالیزم و یاخیبوون لە تەکنیک و ناوەڕۆکی پێشتر لە قەڵەم بدەین. بۆیە تەنیا

تیشک دەخەینە سەر ئەو بەرهەمانەی بەشێوەیەکی سوریالیی نووسراون. ڕەنگە چیرۆکنووسی تریش هەبن کە بەشێوەی سوریالیزم چیرۆکیان نووسیبێ، ڕەنگە ئێمە نەماندیبێت یاخۆ ئاگەداری ئەو بەرهەمانەی نەبووبین.

## باسی یەکەم

### عەبدوڵڵا سەڕاج ئەزموونێک پڕ لە هەڵوێست

کەس نییە کە خووی بەئەدەب و خوێندنەوە و نووسینەوە گرتبێ (عەبدوڵڵا سەراج) نەناسێ. کەسێکە لە مێژووی ئەدەبی کوردی خاوەنی دنیایەک جوانی و داهێنانە لە چیرۆک و کورتەچیرۆک و شانۆنامە و ڕۆماندا. تا ئێستا لە کۆبەرهەمی (لاکێشە ڕوونەکان و ئەوانی تر) کە کۆی بەرهەمەکانیەتی (٩٧) چیرۆک و کورتەچیرۆکی نووسیوە، جگە لە دە ڕۆمان کە هەریەکەیان دنیایەک داهێنان و جوانی تێدایە. دوا ڕۆمانیشی بەناوی (ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە) زۆر بنەما و خاسیەتی سوریالیی تێدا دەبینینەوە.

لێکۆڵینەوە لەبارەی بەرهەمەکانی چیرۆکنووس زۆر هەڵدەگرێ، ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێت، چونکو هەمەڕەنگن. لە ڕووی تەکنیک، ناوەڕۆک، هونەری، ئێستێتیکا باسی تایبەتی و سەربەخۆی دەوێت. بۆیە ئەوە کارێکی زەحمەتە باس لە هەموو چیرۆکەکانی بکرێت. ئێمە باس لە سوریالییەتی چیرۆکنووس دەکەین، باس لە یاخیبوونی چیرۆکنووس دەکەین لە واقیع و ژیان بەگشتی. ئێمە لێرەدا دوو چیرۆک و ڕۆمانی (ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە) وەردەگرین، ڕەنگە چیرۆک یاخۆ ڕۆمانی تری هەبێت کە وێنەی سوریالی و بۆنی سوریالییەتیان لێ بێت وەکو لە ڕۆمانی (کاولاش)دا کاتێک (برایم) پاڵەوانی ڕۆمانەکە کاتێک ماچێک لە ڕوومەتی کچە دەکات جێگەکەی دەبێت بە خاڵ ئەمە وێنەیەکی سوریالی جوانە، لێ هیچیان وەکو ئەم دوو چیرۆک و ڕۆمانە سوریالی نین.

چیرۆکنووس خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، چەندان تەکنیک و هونەری جیهانی تاقی کردووەتەوە، لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و داهێنانی تێدا کردوون. دەقەکانی زوو خۆ بەدەستەوە نادەن، ئەگەر ڕەخنەگرێکی

ئاشنا بەرێبازە ڕەخنەییەکانی جیهان نەبێت، بەڕاستی دەرەقەتی دەقەکانی نایەت، لێکۆڵەر (ڕەخنەگر) خاوەن وردبینی و شارەزا بە تونێڵەکانی هونەر و تەکنیک نەبێت ڕێگەی لێ بزر دەبێت و ناتوانێ لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی چیرۆکنووس سەرکەوتوو بێت.

ئەو دوو چیرۆکەی ئێمە هەڵمان بژاردووە چیرۆکی (کۆمەڵگەی ئاسنین ١٩٧٤) و چیرۆکی (دانپیانان ١٩٩٤)، بەمانایەکی تر ئەو دوو چیرۆکەی (عەبدوڵڵا سەراج) چیرۆکی سوریالین، با بزانین ئەم چیرۆکانە لە چ ڕوویەکەوە سوریالین و چ یاخیبوون و داهێنانی تێدا کراوە.

## مرۆڤ دڕندەترین بوونەوەر

چیرۆکی (کۆمەڵگەی ئاسنین) کە لە ساڵی (١٩٧٤) نووسراوە، ئەم چیرۆکە ڕەخنەیەکی توندە لە جیاوازی چینایەتی. لێرەدا چیرۆکنووس بەشێوەیەکی زۆر سوریالییانە دیمەنی شارێکمان بۆ وێنا دەکات، یاخۆ سەفەری شارێکمان پێ دەکات کە جیاوازە لەم واقیع و شار و مرۆیانەی ئێرە، واتە واقیعی ژیانی سەر زەمین.

کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە لە گازینۆیەک دانیشتووە و بیر دەکاتەوە، لە ناکاو خۆی لە شارێک دەبینێتەوە کە هەموو خانوو و دیوار و شتێکی لە ئاسن دروست کراوە، تەنانەت دانیشتوانیشی هەر لە ئاسن و مس و پۆڵا دروست کرابوون. خواردنیان بورغی و ئاسنە. ئەم وێنە سوریالییە جوانە پڕە لە هەڵوێست. چیرۆکنووس لەناو ئەم چیرۆکەیدا جیاوازی چینایەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەم چیرۆکە کاتێک کەسایەتی چیرۆکەکە لەشارەکە کەسێک دەبێتە هاوڕێی کە تەنیا ئەو لەم شارە ئاسنینە مرۆیە. دەچنە هەر شوێنێک جیاوازی هەیە.

شتێکی تر کە لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە سوریالییە دەیزانین ئەویش مرۆیە. مرۆ بە سەرچاوەی دروستبوونی چینایەتی دادەنێت وەک دەڵێت: " هاوڕێکەم وتی: ئێرە بازاڕی ئازووخەیە، هەر کەسێک بە گوێرەی پلەکەی خواردەمەنی دەکرێت. پرسیم: دیارە لێرەش چینایەتی هەر ماوە؟ وەڵامی دایەوە: هەتا مرۆڤ مابێت ئەم بەربەرەکانێیە هەرگیز نابڕێتەوە لە نێواندا جا ئەمە ڕای منە تۆش ئارەزووی خۆتە"(١)



حەمە مەنتک (١٠)

کەواتە تاوانباری یەکەم لە دروستبوونی ئەم چینایەتییە خودی مرۆ خۆیەتی، بۆیە چیرۆکنووس ئەم وێنە سوریالییەی بۆمان کێشاوە تاکو بزانین مرۆ بۆ بەرژەوەندی خۆی ئامادەیە ڕەگەزی خۆی لەناو ببات و بیچەوسێنێتەوە بەمەش دەبێتە دڕندەترین بوونەوەر. هیچ گیاندارێکی تری ناو ئەم سروشتە ڕەگەزی خۆی لەناو نابات بگرە ئامادەیە بەرگری لێ بکا. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا چەندان وێنەمان پێشان دەدات کە جیاوازی چینایەتی دەردەخەن بۆ نموونە:

" _ هەژار و کەم دەرامەت ئاسنی ژەنگاوی و سکراپ و پارەدار و هەبووش پۆلا و مس و جاروباریش پلاتین دەخۆن."(٢)

" _ لەبارەی کووتاڵ و بەرگدوورەوە پرسیارم لێکرد وتی: لێرەدا تەنیا بۆیاغخانە هەیە دیسان مرۆڤی دەستکورت بەدەست بۆیە دەکرێت و دەوڵەمەندیش بە ترومپا و ئامێر."(٣)

ئەمانە چەند نموونەیەکن لەبارەی چینایەتی لەناو میللەتی کورد، شارێکی وا سوریالیی نموونەی واقیعی شارەکانی کوردستانە. دروستکردنی شارێکی وا سوریالیی لەلایەن چیرۆکنووس هەڵوێستیەتی بەرامبەر هەموو ناشرینییەکانی ئەم وڵاتە، ئەو لەو کات جیاوازی نێوان ئاغا و جووتیار و دەوڵەمەندی شار و کرێکاری ماندووی دەدی کە بووەتە هەوێنی ئەم چیرۆکەی، لێ بەشێوەیەکی داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە. چیرۆکنووس بەم وێنە سوریالییە نالۆجیکییە هەوڵی داوە رەخنە لە واقیعی ژیانی ئەم وڵاتە بگرێت و کەموکورییەکان دەستنیشان بکا. هەوڵی گۆڕینی بدا و واقیعێکی باڵاتر و جوانتر دروست بکا. بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕێبازە لەلای چیرۆکنووس ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە چیرۆکنووس شارەزاییی هەبووە لەبارەی ئەم ڕێبازە و کاریگەری لەسەری هەبووە، یاخیبوونی چیرۆکنووسە لە هەموو ناشرینییەکی ئەم وڵاتە و هەوڵدانە بۆ گۆڕانکاریکردن کە ئەرکی راستەقینەی هەموو ڕۆشنبیرێک و نووسەرێکە.

چیرۆکی (دانپیانان) کە لە ساڵی (١٩٩٤) نووسراوە، باس لە ڕووداوی کوشتنی حاجی لەقلەقەکەی سەر منارەی مزگەوتی خانەقای شاری هەولێر دەکات. ئەمە ڕووداوێک بوو کە هەموو شاری هەولێری هەژاند، چونکو ئەم باڵندەیە مێژوویەکی دەگەڵ شاری هەولێر هەیە، لێ بوو بە قوربانی شەڕی ناوەخۆ. زۆر لە ڕۆشنبیران

و نووسەر و شاعیران هەڵوێستی خۆیان بە نووسین بەرامبەر ئەم ڕووداوە دەربڕی، یەکێک لەوانە (عەبدوڵڵا سەراج)ە.

چیرۆکەکە باس لە بکوژی حاجی لەقلەقەکە دەکات، کە بەمنداڵی باوکی مردووە و دەستی کردووە بە ئیشکردن، ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی لە ئیش بۆ ماڵ دەبینێ دایکی دەگەڵ کابرایەک سێکس دەکات، دایکی جلە ڕەشەکەی تاسەر ناوکی هەڵکردووە و کابراش جلێکی سپی لەبەرە، ئەم دیمەنە ڕەش و سپییە دەبێتە گرێیەکی دەروونی و هەموو دیمەنێکی ڕەش و سپی کاری لێ دەکات. ڕۆژێک لەسەر قەڵات دادەنیشێ و حاجی لەقلەقەکە دەبینێ و دیمەنە ڕەش و سپییەکە دێتەوە بەرچاوی گوللەیەکی پێوە دەنێت، دواتر دەدرێتە دادگەی ئاژەڵان.

ئەم ڕووداوە تاوانێکی گەورە بوو لە مێژووی شاری هەولێر کرا، هەتاکو ئێستاش هێلانەکەی لەسەر منارەکە ماوە، لێ بەتاڵ بێ بوونی ژیان لەناوی، زەمینێک بوو بۆ باڵندەیەک کە ساڵانە لە دوورترین شوێنی دنیاوە بۆی دەگەڕایەوە، لەوێ هێلکەکانی دەترووکاند و ژیانێکی نوێی دروست دەکرد، بەشاری هەولێری دەگوت تۆ لە دێرزەمانەوە لانکەی ژیان بوویتە بۆیە بۆ لات دەگەڕێمەوە. لەوێ بێچووەکان جوانی زیاتریان بە دیمەنی کۆنە گەڕەکی خانەقا دەدا، لێ بەداخەوە دەستی مرۆی درندە هەردەم بۆ تێکدان و شێواندنی سروشتە جوانەکەیە.

ئەم چیرۆکە بەشێوەی گێڕانەوە نووسراوە. واتە پێک هاتووە لە پێشەکییەکی یەک دێری و دیمەنی کۆتایی و دیمەنی ناوەڕاست و دیمەنی سەرەتا، هەرچەندە ئەم شێوەی گیڕانەوەیە زۆر باوە، لێ ناوەڕۆکی چیرۆکەکە سوریالییە، بەو مانایەی ناشرینییەکمان پێشان دەدات و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە دەدات. ئەم شێوە گێڕانەوەیە پێچەوانەی ئەو یاسایەیە کە ئەرستۆ بۆ شانۆی داناوە (سێ یەکێتییەکە) کە بەزنجیرە ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک ڕوو دەدەن (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)، لێ دواتر (هۆمیرۆس) لە هەردوو داستانی (ئەلیادە و ئۆدێسە) ئەم یاسایەی تێک شکاند، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لە ناوەڕاستەوە دەست پێ کرد.

ئەوەی سوریالییەتی ئەم دەقەمان بۆ دەسەلمێنێ لەدادگەدانی تاوانبارانە لەلایەن ئاژەڵان. شێر دادوەرە و دوو پڵینگیش یاریدەدەری دادوەرن، منارەی خانەقا بۆ

شـاهێـدی بانگ کـراوە و شـاهـێدی دەدات، سـەیری ئەم فـەزا سـوریالیـیـە بکە چ گاڵتەپێکردنێکی دادگەی مرۆیە، چونکو چیرۆکنووس پێمان دەڵێت لەناو کۆمـەڵی مرۆدا یاسا و ڕێسـایەک بۆ دادپەروەری و سزادان بـوونی نییە. ئەگەر لە ڕاسـتیدا یاسا لەلای مرۆ و لەم وڵاتەدا هەبووایە ئەوا بکوژ دەبووایە بدرێتە دادگە و بەسزای خۆی بگەیشـتبا. لێ لەبەر شـەڕ و بەرژەوەندی و کورسـی و دەسـەڵات کـەس لە یاسا ناپرسێتـەوە، زۆربەی بەرپرسانمان خۆیان پێشـێلی یاسا دەکەن ئیتر یاسا بەسـەر کێـدا بسـەپێنن. بۆیـە منارە شـاهێـدی دەدات و دەڵێت: " ئەم زەلامـە لەو بـەرزییـەوە چاوی لە چـی دەگێـرا؟ عـەودالّی چی بـوو؟ هەتا فـەرامۆشـی خـۆی بـە خـوێنی ئەم حـاجـیـیـە مـیـوانە بداتەوە: منی منارە سـەرم لـە ڕەفـتـاری مـرۆڤ دەئاوسێ"(٤) بەڕاسـتی هەر وایـە کێ سـەری لە کردەوەی ناشـرین و دڕندەی مرۆ دەردەچێ، لەم ڕێگە سـوریالییـەوە بەهـەمـوو خـەڵکی کوردسـتـان دەڵێت: منارە شـاهێدە تـا دنیا مـابێت خـەڵک دەزانێت ژیـانێک لەسـەر ئەو منارەیە هەبـوو، ئەو هێـلانەیە پێـمـان دەڵێت : ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمە ماڵی حاجی لەقلەقێک بوو.

ئەو ڕەخنەیەی کە چیرۆکنووس ئاراستـەی کردووە بۆ گۆڕین و ئاگەدارکردنەوەیە کـە با چیی تر یەکـتـر نـەکوژین، تەنانەت بە کـوشـتنی براکـەیان نـاوەستن دەست دەبەن بۆ کوشتنی باڵدارێکی بێ گوناه کە هەموو ساڵێک دەبێتە میوانی ئەم شارە دێرینـە. بێگومـان تاوانبـاریش لێـرەدا پاسـاوی خـۆی هێناوەتەوە کـە گـرێـیـەکی دەروونی بەرامبـەر ڕەنگی ڕەش و سپی هەیە، لێ ئەمە پاساو نییە بۆیە بە سـزای سێ سـاڵ گـیـرۆدەی عـەزابی ویژدان سـزا دەدرێت. ئەم سـزایـەی چیـرۆکنووس بەکاری هێناوە نیشـانەی ئەوەیە کە لـەم وڵاتە شـتێک بوونی نیـیـە بەناوی ویژدان ئەگـەر ویژدان هەبووایە ئەو هەمـوو خـەڵکە لـە شـەڕی براکـوژیدا نەدەکـوژران. بۆ ئەوەی هەموو مرۆیەکان هەست بە ویژدان بکەن بۆیە ئەم سزایە دەدرێت.

هەر لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە مێژووی ئەم تاوانەمان بۆ دەنووسێت کە ڕێکەوتی (١٩٩٤/٥/٢٢)ە. ئەم ڕێکەوتە لەلایەن کەسێکی لاوەکی ناو چیرۆکەکە دەگوترێت، لێ کـەسـێکی تـری پیـر دەڵێت: بلێ مـانگی (خـەرمـانە) ئەمـەش ڕەخنەیەکی تری چیـرۆکنووسـە لـەم کۆمـەڵگەیەی ئێمـە دەیگرێت، یاخـۆ بـەمـانـایەکی تر هەوڵێکی تریەتی بۆ گۆڕانکاریکردن کە ئێمە ناوی مانگ و سـاڵی کوردیمان هـەیە تەنانەت ڕۆژژمێـری کوردیمان هـەیە کە سـاڵی کوردییـە کەچی ئیـشـی پێ ناکـەین، ڕەنگە

بگوترێت ئەم ڕۆژژمێری زاینی شتێکی جیهانییە، ئەمە ڕاستە، لێ تاکو هی خۆمان هەبێت بۆ هی بێگانە بەکار بهێنین. زۆر لە وڵاتان ڕەسەنایەتی و کولتوور و مێژووی کۆنی خۆیان زۆر خۆش دەوێت و دەیپارێزن وەکو فرەنسییەکان، عەرب، فارس کە تاکو ئێستاش میللەتی فارس بە ڕۆژژمێری هەتاوی کار دەکەن، عەرەب بە کۆچی کار دەکەن، لێ ئێمە ڕێز لە مێژوو کولتووری خۆمان ناگرین. ئەوەتا باڵندەیەک دەیان ساڵە دەبێتە میوانی ئەم شارە کە سیمایەکی جوانی بەخشیبووە ئەم شارە پڕ لە مێژووە کەچی کوشتیان.

کەواتە هەڵوێست وەرگرتن لەلایەن چیرۆکنووسەوە سیمایەکی دیاری هەیە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەم عەقلیەتە دواکەوتووەی نێو کۆمەڵگە لە ڕێگەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی. لێرەدا بە تێکەڵکردنی ڕووداوێکی واقیعی و دروستکردنی وێنەیەکی سوریالی (دادگای ئاژەڵان) چیرۆکێکی پڕ لە ئێستێتیکای دروست کردووە، هەوڵی گۆڕانکاری دەدات بە پێشاندانی چەندان دیمەن لە ڕێگەی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە واقیعییە وەک (دڕندەیی مرۆڤ، نەبوونی ویژدان، خیانەت، ڕێزنەگرتنی کەلەپوور و مێژوو و کولتوور، خۆشویستنی چەک) ئەمانە تاکو ئێستاش لەناو میللەتەکەمان نەگۆڕاوە و بوونیان هەیە.

## فانتازیای هونەر

## لە ڕۆمانی (ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟)ی

## عەبدوڵڵا سەڕاجدا

هەموو نووسەرێک بۆ نووسینی دەقێکی ئەدەبی خۆی دەتوانێت سوود لە زانست و هونەر وەربگرێت، بۆ ئەمەش لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا نموونەی ئەو نووسەرانەمان زۆرە کە لە دەقەکانیاندا سوودیان لە زانست و هونەر وەرگرتووە. لەم بارەوەش لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە کە ئێرە جێگەی باسکردنی نییە، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەم کە بەهۆی سوودوەرگرتنی زانست و ئەدەب لە یەکترەوە ڕۆمانی زانستی پەیدا بوو، هەروەها زۆر لە نووسەران سوودیان لە زانستەکانی وەک: سایکۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی، ئەفسانە... هتد وەرگرتووە. هونەریش بەهەموو پاژەکانییەوە لەلایەن نووسەرانەوە بۆ داهێنانی ئەدەبی سوودی لێ وەرگیراوە، جا ئەوەی دەتوانێت ئەو داهێنانە جوانتر و چێژدارتر بکا، تێکەڵکردنی فانتازیا و

هونەرە لەناو دەقی ئەدەبی. هەرچەندە فانتازیا هەڵقولاوی ناو واقیعە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت لە دەرەوەی واقیع فانتازیا بئافرێنرێت. بۆیە " فانتازیا دواندنی چینە خەوتووەکانی ناومانە. ئەو چینانەی ئارەزوو و خەیاڵە کوژراوەکانمان تێیاندا خەوتوون، لەبەرئەوەی بەبێ توانای پشکنینی قووڵی ناوەوە فانتازیایەکی کاریگەر و جوان بەرهەم نایەت"(٥) کەواتە فانتازیا لە ناخی هەموو نووسەرێکدا بوونی هەیە، لێ کەسێکی دەوێت ئەو ئارەزووە لەناو ناخی خۆیدا بەئاگا بێنێتەوە و دەگەڵ واقیعی بگونجێنێ بۆ ئەوەی داهێنانی پێ بکا.

من لێرەدا هەوڵ دەدەم کار لەسەر فانتازیای هونەر لە ڕۆمانی (ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟)ی عەبدوڵڵا سەراجدا بکەم. هەروەها ئەو ڕایەڵانەش ئاشکرا بکەین کە ڕۆماننووس لە ڕێگەیەوە سوودی لە هونەر بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی بینیوە و بەپێی مێتۆدی ڕەخنەی شیکاری کار لەسەر ئەم بەرهەمە بکەین. هەرچەندە بەبڕوای ئێمە ئەرکی ڕەخنە دۆزینەوە و کردنەوەی کۆدەکانی هەر دەقێکە، بۆیە چیی تر ئەرکی ڕەخنە لەوەدا کورت ناکرێتەوە کە ئاخۆ ئەو دەقە چ کەموکورییەکی هەیە و چ جوانییەکی هەیە، ڕاستە بەشێک لە ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە ئەو کەموکورییانە و جوانییانە دەستنیشان بکا، لێ هەموو ئەرکی ڕەخنە و ڕەخنەگر ئەوە نییە " ئەگەر ئەدەب هۆکارێک بێت بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتەکان ئەوا ڕەخنەش تێگەیشتنێکی ترە لە حەقیقەت، بەڵام ئەم جارەیان دەرخستنی نادیارەکانی ئەو حەقیقەتەیە کە تێکست ڕاستەوخۆ هەموویمان پێشکێش ناکات"(٦). لێرەدا من بەپێی توانا خۆم خەریک دەکەم بە کردنەوەی کۆدەکانی ئەم دەقە و هەڵوێستەیان لەسەر دەکەم، هەروەها سوریالییەتی ئەو دەقەش دەسەلمێنین.

سەرەتا لەناونیشانی ڕۆمانەکەوە دەست پێدەکەین (ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟)، ئەمە مانای ئەوەیە کە ڕۆماننووس هەر لەسەرەتاوە ئەفسانەی کردووەتە کرۆکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، لە ڕێگەی ئەفسانەشەوە بۆ فانتازیا چووە، چونکو فانتازیاش ڕەگێکی لە ئەفسانەوە هاتووە، لەم ڕێگەیەشەوە ئیشی لەسەر ڕەنگ کردووە، لێ بەشێوەیەکی فانتازی و ئەفسانەیی، بۆ ئەمەیان دواتر دێینە سەری کە پێوەندی بەتابلۆی سەر بەرگی ڕۆمانەکەوە هەیە. لێرەوەش کلیلێکی کۆدەکانی ڕۆمانەکەمان بەدەست دەکەوێت ئەویش تێکەڵاوکردنی ئەفسانە

و فانتازیایە، سوریالییەکان بۆ ئافراندنی بەرهەمەکانیان سوودیان زۆر لە ئەفسانە و ڕەنگ وەردەگرت کەواتە ناونیشانەکە ناونیشانێکی سوریالیی هەیە.

شتێکی تر کە ئیشی لەسەر کراوە بەشداری پێکردنی خوێنەرە وەک گێڕەرەوەیەکی سەرەکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، لە تەک گێڕەرەوەی سەرەکی ڕووداوەکان بەمەش ڕۆمانەکە دەبێتە ڕۆمانێکی فرە گێڕەرەوە و فرە دەنگ. گێڕەرەوی سەرەکی ڕۆمانەکە بەدیوێکی تر خودی ڕۆماننووسە. پاژەکانی ڕۆمانەکە لە سفرەوە دەست پێ دەکات، ئەمەش گرینگیدانە بەو ژمارەیە و نرخدانانە بۆی، چونکو ڕۆمانەکانی تر هەر لە ژمارە یەکەوە دەست پێ دەکەن. لەوێوە گێڕەرەوە خۆیمان پێ دەناسێنێت و ناوی (قەندیل)ە. دەیەوێت مێژووی کوردمان بۆ بگێڕێتەوە، لەناو ئەمەشدا سەلماندنی شاری کەرکووک وەک خاکی کوردستان. هەر لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆمانەکە باسی ئەو چوار ڕەگەزە دەکات کە بەپێی فەلسەفەی یۆنانییەکان گەردوونی لێ پێک هاتووە (ئاو، با، گڵ، ئاگر)، لێ ئەوان (ئاگر)یان لە بیر چووە، ڕۆماننووس ڕای وایە کە تەنیا باسی سیانیان کردووە. لێرەدا چەند شیکردنەوەیەک هەڵدەگرێت، ڕەنگە مەبەستی هەر چوار پارچەی کوردستان بێت کە ئەمە گریمانەیەکی لاوازە، یان مەبەستی ئەوە بووە بڵێت کە لە هەموو گێتی کوردستان فەرامۆش کراوە و کەس دانی پێدا نانێت، بۆ پتەوکردنی ئەو ڕایەشمان دەڵێین ڕەگەزی (ئاگر)ە کە لە بیریان چووە، چونکە لانکەی شارستانیەت و فەلسەفە، یۆنانییەکانن، کە تاکو ئێستاش هەموو پێشکەوتن و شارستانیەتێک بۆ ئەوان دەگێڕنەوە. بۆیە (ئاگر) سیمبولی زەردەشتییەکانە و ئەوانیش باپیرە گەورەی کوردن.

گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە شێوەکارێکە و حەز بەهونەر دەکات، یەکەم وێنەش کە دەیکێشێ وێنەی مەل و ماسییە، کە وێنەی سەر بەرگی ڕۆمانەکەیە. کۆدی زۆری تێدایە. هەرچەندە هەندێ لەو کۆدانە ئاماژەیان بۆ کراوە لە لاپەڕە (١٢-١٤) لێ هەر تەمومژاوین. مەل و ماسی دوو گیانداری زیندوون و نیشانەی نەمرین، چونکە مەل لە ئاسمان ئەوپەڕی ئازادی هەیە و بۆ هەر کوێیەک بیەوێت دەڕوات، ماسییش لەناو ئاودا بەهەمان شێوە ئازادە. دیارە تابلۆکەی بۆ چوار بەش دابەش کردووە، هەر چوار بەشەکەشی بە چوار گوریس و تەلبەند لە یەکتر جودا کردووەتەوە، لەناو هەر بەشێکیش مەلێک و ماسییەک هەیە، هەر بەشەی ناو

تابلۆکە پارچەیەکی کوردستانی گەورە دەگەیەنێت کە داگیر کراوە لەلایەن داگیرکەرانەوە. گوریسەکانیش ئەو سنوورە دەستکردانە دەگەیەنێت کە لەلایەن داگیرکەرانەوە کێشراون و کوردستانی پێ دابەش کراوە. هەروەها سیمبەندە دڕکاوییەکانیش واتای هەرچی داوونەریت و شەڕە ناوخۆییەکانی کوردستان دەگەیەنێت کە تەنانەت شارەکانی ناو کوردستانیشمان بەدەستی خۆمان لە یەکتر جودا کردووەتەوە، ئەمەش پێشاندانی ئەو واقیعەیە بەهەموو گێتیی کە خاکی کوردستان سنوورەکانی دەستکردن، بۆیە ئەوەی دەیەوێت ئەوەیە ڕاستییەکان، و هەوڵدانە بۆ تێکشکاندنی ئەو واقیعە دەستکردە.

ئەم گێڕانەوەی مێژووە لەت لەتکراوەی کوردستان لە ڕێگەی هونەرەوە جۆرێکی تری دەربڕینە، جۆرێکی تری قسەکردنە، فانتازیا و ئەفسانەی تێکەڵ کردووە، وەک مەل و ماسی کە هێمای مانەوە و ژیانێکی نەمرییە، ئەمەش یەکێکە لە پێکهاتەی گێڕانەوەی فانتازی کە خوێنەر بەرەو جیهانێکی باڵای هونەرییانە دەبات. بەمەش شارەزای ناخی ڕۆماننووس دەبین و هەرچییەکی لە ناخدا پەنگی خواردووەتەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی فانتازی هونەری نیشانمان بدات، لێرەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە هەموو نوسەرێک دەتوانێ چ جوانی و چێژێکمان پێ ببەخشێت.

هەروەک پێشتر وەک سەرە قەڵەمێک ئامارەم پێ کرد کە ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی مێژووی دروستبوونی زەوی و گەردوون بەگشتی و کوردستان بەتایبەت تێدا کراوە، لەپاژەی سێیەمدا کاتێک خوێنەر (ناو ڕۆمانەکە) قسە دەگەڵ گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات سەبارەت بە دروستبوونی شاری کەرکووک لە لاپەڕە (٢٤)دا، هەروەها ڕەخنە لەوەش دەگرێت کە دەسەڵاتی کورد پێشتر بەنیوەی شاری کەرکووک (ئاراپخا) رازی نەدەبوون، لێ ئێستا بەسێیەکی ئەو شارە رازین و بەو حاڵە دەیانەوێت کەرکووک بگەڕێننەوە سەر کوردستان " لە سەرەتا، بەر لە چل ساڵ بەنیوەی شاری دێرینی (ئاراپخا) ڕازی نەدەبووین، بۆیە شاربەدەر و ڕەهەندی کەژان کراین، کەچی ئەمێستا لەبنەتاوە، بۆ سێیەک و کەمتر سەر دانەوێنین. ئیتر بۆ و لە پای چی سەرەوت بگرین ئا... ئەمەیە خلۆربوونەوەی ناو خەرەندی سیاسەت."(٧) ئەمە ئەوپەڕی بێ ئومێدی و ڕەشبینی ڕۆماننووسە بەرامبەر بەسیاسەت و ڕەوشی سیاسی و دەسەڵاتدارانی کورد لە بەغدا، کە ئەو چوار ساڵەی لەوێ بوون نەیانتوانی بیسەلمێنن کە کورد سەنگ و قورسایی خۆی

هەیە. بۆیە لە جیاتی ئەوەی لەوێ هەوڵی ئەوە بدەن سنووری بنەڕەتی خاکی کوردستان بگەڕیننەوە و دیاری بکەن، باسی برایەتی کورد و عەرەب دەکەن، ئەمەش بەگژداچوونەوەی نووسەرە و هەڵویست وەرگرتنەیەتی بەشێوەیەکی سوریالیی، لێ تاکو ئێستاش عەرەبەکان تەنیا لە کاتی پێویستی و تەنگانە دەبنە برامان هەر کاتێک تۆزێک دەسەڵاتیان بوو ئەوا لێمان دەچنە سەر کەلی دارەوە و نکووڵی لە هەموو شتێک دەکەن.

مامەڵەکردنی ڕۆمانووس دەگەڵ ڕەنگ و هونەر مامەڵەکرنێکی فانتازیاییە، بەشێوەیەک هەست دەکەین کە ڕۆمانووس تەواو شارەزای هونەر و ڕەنگەکانە، چونکو ئەگەر شارەزا نەبووایە و نەزانێت دوو ڕەنگ بۆ نموونە تێکەڵاوکردنی سوور و شین دەبێ بەچ ڕەنگێک ئەوا ناتوانێت تابلۆیەکی پڕ لە کۆد و دەلالەتی وامان بۆ بکێشێت. تەنانەت گێڕانەوەی خەونەکەشی لەپاژی شەشەم تەواو فانتازییە، بۆیەش پەنای بۆ خەون بردووە تاکو وەکو سوریالییەکان ئازادییەکی تەواو بەخۆی بدا، بۆیە دەتوانین ئەو بڕیارە بدەین کە ڕۆمانووس لێرەدا تەواو ئیشی لەسەر فانتازیا کردووە، ئەو بڕیارەی کە داومانە بێ هۆ نییە، دەبینین ڕۆمانووس شارەزای ڕەنگەکانە بەشێوەیەکی فانتازی دروستیان دەکات وەک لە دیالۆگی نێوان گێڕەرەوەی سەرەکی و شای پەپوەسلێمانە لەلاپەڕە (٥٦-٥٧)دا هاتووە"

- نەک تەنیا سووراو بەس، فێری ماک و دروستکردنی شین و زەردی ئەفسوونگەری دەکەم. تۆزۆکەیەک هەدادانت هەبێ مامەی...

مانی خۆی پێ ڕام نەکرا. لە نێوان چاوشارکێی دڵنیایی و گوماندا لێوەکانی ترەکاندن. خەندە و سۆزی ڤیان لە وشکانییەوە تکان.

- خولیلی سوورم.. سوور، بەرایی لە سوور بپەیڤە، سوور.


- با بەگوێرەی ئارەزووی تۆ بێت گۆگردی سوورت بیستووە؟ ئا ئەو گۆگردە لەناو هاوەندا بهاڕە هەتا وەکو کلی لێ دێت ئەوجا بەخوێن بیشێلە، باشترە گەر خوێنی پەنجەیەکی دەستی نیگارکێشانت بێت. برزۆ ئاخافتنەکەی بڕی ئەوجا وشەکانی ئاوسی واقوڕمان و حەپەسان"(٨)

لەم دیالۆگەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ڕۆمانووس چەندە شارەزای ڕەنگەکانە، لێرەوە کەسایەتییەکی تر لەناو ڕۆمانەکە دێتە پێشەوە، بۆیە سێ کەڤاڵ

دەکێشێت هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە لەناو کەڤاڵەکان وێنەیان دەکێشێت نامێنن و دەڕۆن، لە کـەڤـاڵی سـێیـەم وێنەی هەڵۆیەک دەکـێـشـێ و دوو بازنی گـەورە لە قــاچەکــانی دەخــات و شــەو چاودێری دەکــات تا هەڵۆیەکــە دەفــڕێت و خــۆی بەبازنەکـانـەوە دەگـرێت و سـەفـەرێکی فـانـتـازی دەکـات. ئەوەی جـێگەی قـسـە لەسـەرکـردنە و لـووتکەی گـێـڕانەوەی ڕووداوەکـان دەگـرێت دروسـتکردنـی سێ پەیکەرۆکــەیە و ئەو پەیکەرۆکــانەش هـەر یەکــە و ڕەنگ و نـاوی خــۆیان هـەیە، یەکەمیـان ڕەنگی سـوورە و ناوی (سـەلیـم)ە کـە مـەبەست لێی ڕۆمـانـنووسی کورد (سەلیم بەرەکات)ە، کە بەزمانی عەرەبی دەنووسێت و خەڵکی ڕۆئاوای کوردستانە. دووەمیـان ڕەنگی پرتەقاڵییە و ناوی (یەشـار)ە کە مەبەست لێی ڕۆمـاننووسی کورد (یەشار کەمال)ە کە خەڵکی باکوری کوردستانە، سێیەمیان ڕەنگی کەسکە و ناوی (عـەلی)یە کـە مـەبەست لێی نووسـەری کـورد (عـەلی ئەشـرەفی دەروێشـان)ە کـە خەڵکی ڕۆهەڵاتـی کوردستـانە. ئەمانە هەریەکە نوێنەری پارچەیەکی کوردسـتانن و ڕەنگەکانیـان ئاڵای کوردسـتـان پێک دەهێنن، لێ لێـرەدا ڕەنگی سـپی نوقـسـانە و دیار نییـە، ڕۆماننووس گـەمـەیەک دەگەڵ خوێنەری دەکات ئاخـۆ خـوێنەر دەتوانێت هـاوکاری بکا و ئەو نهێنی و کۆدانە ئاشکرا بکا. ڕەنگی سپی بەپارچەی چوارەمی داناوە کە مەبەست لێی باشووری کوردستانە کە نیمچە ئازادی و سەربەخۆییەکی تێدایە. ئەمـانە هەمـوویان دەبنە سـەرەتایەک بۆ کردنەوەی کۆدی تر لە ڕۆمـانەکە، ئەمانە لێرەدا گفتوگۆ دەگەڵ یەکتری دەکەن، لێ زمـانی یەکتر نازانن واتە یەکیان بە عـەرەبی، ئـەوانیـتر بە تورکی و فـارسـی دەنووسن، بۆیە دەبێت ئەمـانە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بـۆ ئەوەی لە یەکـتـری بگەن. ئـەو تاکـە ڕێگەیە فـێـربوونی زمـانـی دایکە کـوردە. ڕۆمـانـنووس پێ لەسـەر گرینگی زمـانی سـتـانداردی کـوردی دادەگـرێت، بۆیەش ئاوها بەشـێوەیەکی سـوریالیی مـامەڵەی دەگەڵ کردوون، تاکو هەوڵ بدرێت ئەو واقیع و لۆجیکە لەناو ببات و واقیع و لۆجیکێکی نوێتر و جوانتر بنیات بنێت. بەفـانتـازیاکـردنی ئـەو کـەسـانـە هـەوڵدانێکە بۆ ئەوەی ئەمـانە بتـوانـن ناسنامـەی ڕەسـەنی خـۆیان کە زمـانی دایکیـانە بزانن تاکو ئەو شـاکارانەی کە دەینووسن بە مـوڵکـی کـورد دابنرێن، نەک ئـەدەبی عـەرەبی، فـارسـی، یان تورکی بیـانـکات بە هـی خۆیان، چونکو هـەموو میللەتێک زمـانەکەی ناسنامەیەتی. ڕۆماننووس هەوڵ دەدات ئەو پـارچە قــوڕانـە تێکەڵ بکـا لەبـەرئەوەی ئەمـــانە ناتـوانن نـاسنامــەی خــۆیان


بدۆزنەوە، یان دەتوانرێت وا لێک بدرێتـــەوە کــە دەیەوێت هـەمـــوو پارچـەکـــانی کوردسـتـان بەیەکەوە بلکێنێت. " بەکورتـی و کرمـانجی نیـازمـە قـورەکـان تێکەڵ بکەمـەوە. ئا... بەڵێ مـەبەسـتم لەو سێ پەیکەرۆکەیە ئـەوەش دەسـپێرمـە جـەنابت. جوان جـوان پێکەوەیان هەڵبشێلە هەتا دەبنەوە یەکڕەنگ"[٩] ئەمـەش خەمـخۆری و ئاواتی ڕۆماننووسە بۆ یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان.

هـەروەک پێشـتـر گـوتمان ڕۆماننووس هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هـونەری گێڕانەوە باسـی چۆنیـــەتی دروسـتـبـــوونی زەوی و گـەردوونمان بـۆ بکا. ئـەویش لە ڕێگەی ئافراندنی ئەو زانا فـیزیکناسە ڕۆئاواییـەی کە پڕۆژەیەکی گەورەیان لە بەردەستـە بۆ ئـەوەی بزانن ئەو زەوییــە لە تەقـینـەوە گـەورەکــە چۆن دروست بووە، ئەوانـیش هـەریەک لە (مستـەر هێگز، مستەر ئیڤانز، مستەر کۆکس)ن کە نوێنەری زانست و ڕۆئاوان. هـەروەها لەلایـەکی تر هـەریەک لە (سـەلیم بەرکات، یەشـار کـەمـال، عـەلی ئەشـــرەفی دەروێشـــان) کـــە نوێنـەری ئـەدەب و ڕۆهـەڵاتن دێنێت، دەگــەڵ (خـــانی لەپزێڕین) کە بەنـوێنەری مێـژووی دادەنێت، (مـانی)یش بەنوێنـەری هونەر دادەنێت کە پەیکەرتاشێکی گەورەیە، ئەم هـەمـوو تێکەڵکردنە، تێکەڵکردنی زانست و ئەدەبە، لێرەوە پێمـان دەڵێت دەکرێت ئەمـانـە هـەموویان هـاوکـاری یەکتـر بـکەن بۆ ئـەوەی جـوانتـرین داهێنان بکەن. هـەرچی کۆد و نهێنییەک لەم بوونـەدا هـەبێت دەتوانرێت ئەمـانە سوود لە یەکتـر وەربگرن بۆ کردنەوە و کەشـفکردنی. بەتێکەڵکردنی ئەمـانە هێڵکـارییـەکمـان بۆ دەکێـشێ کە ئەم شـێوەی خـوارەوەی لێ دروست دەبێت وەک لەلاپەڕە (١٢٩ تا ١٣١)دا هاتووە:




بۆیـە ئەو پەیـامـــەی کـــە نووســـەر (هونـەرمـــەند) لـە ڕێگەی مـێـــژوو، یـان ئەدەب، زانست، هونەر هـەیەتی دەری دەبڕێت و میللەتێکی پێ هۆشـیـار دەکاتەوە، لێرەوە

گرینگە ئەرکی نووسەر (هونەرمەند)مان بۆ بەدیار دەکەوێت کە دەبێت گەلەکەی هۆشیار بکاتەوە و هەڵوێستی خۆی هەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیانی میللەتەکەی. هەروەها ڕۆماننووس هێڵکارییەکی ترمان بۆ دەکێشێت کە بەم شێوەیە دەبێ:




کێشانی ئەم کەڤاڵە مانایەکی گرینگمان پێ دەڵێت ئەویش بوونی پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە ڕووی ئەدەب و زانستەوە لە نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، ڕۆژئاوا وەکو نوێنەری زانست و ڕۆهەلاتیش وەکو نوێنەری ئەدەب و لانکەی شارستانیەت و عیرفانییەت. کەواتە ئەو پێشکەوتنەی ئێستا لە گێتیدا بوونی هەیە، بەرەنجامی تێکەڵاوی و سوود لە یەکتر وەرگرتنی کولتووری و ڕۆهەلات و ڕۆئاوایە. هەرچەندە ئێستا ئەمانە لە یەکتری دابڕون، بۆیە پێویستە ئەمانە (ڕۆهەلات و ڕۆئاوا) بۆیەکتری بگەڕێنەوە، چونکو ئەو هەموو شەڕ و کاولکارییەی ئێستا و پێشتر هەبووە هەمووی لە بەرەنجامی ئایدیۆلۆجی و بەرژەوەندی بووە. لێ هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە ئەم دوو بەرەیە بێ یەکتری ناتوانن پێش بکەون و داهێنان بکەن. ئەمانە پێویستە لەسەریان دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر تاکو هەرچی نهێنی و کۆدی ئەم گەردوون و بوونە هەیە ئاشکرای بکەن و لە خزمەتی مرۆیایەتی بن.

تا ئێرە ئەگەر سەیری بنیاتی گێڕانەوە بکەین لەلای ڕۆماننووس دەبینین تەواو

لەو گێڕانەوە تەقلیدییانە لای داوە و شێواز و ستایلێکی تازەی تاقی کردووەتەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان. ئەویش وەک پێشتر گوتمان بەشداریپێکردنی خوێنەرە. هەروەها دەستپێکی ڕۆمانەکەشی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە نووسیوە، خوێنەری سەرپشک کردووە چۆن دەست بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات، سێ گریمانەی داوەتە خوێنەر، لەگەڵ ئەوەش پێی دەڵێت تۆ ئازادی لەدەستپێکردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا. بەمەش دەتوانێت خوێنەر زوو پەلکێشی ناو فەزای ڕووداوەکان بکا، بۆ ئەوەی ئەویش لەگەڵ ڕۆماننووس هاوشان بێت لە کاتی هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە. لایەنێکی تری تەکنیکی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە گرێچنییەکەی بەهێزە. هەموو پاژەکانی ڕۆمانەکە کە (١٦) پاژەیە بەشێوەیەکی پتەو ڕووداوەکانی بەیەکترەوە بەستراونەتەوە، هەرچەندە جارێک گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، جارێکی تریش خوێنەر کە بەشدارە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان کە ئەویش گێڕەرەوەی دووەمی سەرەکییە. بۆیە هەست بەلێک دابڕانی پاژەکان ناکەین کە ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە، چونکە لە یەکتر دابڕانی ڕووداوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی گرێچنییەکەی لاواز بێت و کار دەکاتە سەر بنیاتی ڕۆمانەکە.

ڕۆمانەکە لە ڕووی زمانەوە، زمانێکی سادەی هەیە و بی گرێ و گۆڵە، هەرچەندە چەندان ڕووداوی فانتازی بوونیان هەیە، ئەو زمانە فانتازییە زۆر لە زمانی حیکایەتەکانی ناو ئەفسانەکان نزیکە، ئەمەش کاریگەریی ئەفسانە و حیکایەتە فۆلکلۆرییەکانە بەسەر ڕۆماننووسەوە سوودی لێیان وەرگرتووە، کە بەڕاستی من ئەو زمانەی ناو ئەفسانە و حیکایەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکان بەزمانێکی جوان و خاوێنی دەزانم. لە ڕێگەی ئەو زمانەوە چەندان ڕووداوی مێژووی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە کردووە وەک (خانی لەپزێڕین). هەروەها کاتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە کاتی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هەیە، واتە کاتێک نییە، کە تەنیا یەک کات بێت، هەرچەندە لە هەموو ڕۆمانێک ڕۆماننووس دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ یادەوەری خۆی بەشێوەی فلاش باک، لێ لەم ڕۆمانە وەک گەمەیەک دێتە بەرچاو، ئەویش بەتێکەڵکردنی ئەم کاتانە، بۆیە خوێنەر دەبێت زۆر بەئاگا و هۆشیار بێت بەرامبەر ئەو گەمانەی کە ڕۆماننووس دەیکات. بۆ نموونە کاتێک باس لە زانست دەکات کە ئەو سێ زانا فیزیکناسە ڕۆئاواییە ئەو پرۆژەیان هەیە، ئەوە پرۆژەی

داهاتووه ئەوان بە بەرنامە لە داهاتوو دەژین.

هەروەها تەکنیکەکانی تریش وەک دیالۆگ و مەنەلۆگ تێدا بەکار هاتووە وەک ئەو دیالۆگەی لەلاپەڕە ( ٨١تا ٨٥) لە نێوان هەرسێ نووسەرە کوردەکە کراوە. ئەم خوێندنەوەیەی ئێمە دوا خوێندنەوە نییە، چونکو ئەم ڕۆمانە لە ڕووی بنیات و پێکهاتەوە لە چەندان ژانر و تەکنیکی جیاواز وەک تێکەڵکردنی ئەفسانە و مێژوو و زانست و فانتازیا و ئەدەب.. هتد پێک هاتووە. هەر دەنێو ئەو دەقەدا چەندان وێنە و تەکنیکی سوریالی بەکار براوە کە زۆربەیانمان دەستنیشان کرد.

پەراوێزەکان:

١- لاکێشە ڕوونەکان و ئەوانی تر، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٣٦.

٢- سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣٥.

٣- سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣٥.

٤- سەرچاوەی پێشوو ل ٣٦٦.

٥- تارماییەکانی فانتازیا، سەباح ئیسماعیل، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژ٢٠٧، ٥/٤/٢٠١٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیار عەلی، نەوشەفەق، ژ٥٠، تشرینی دووەم ٢٠٠٧.

٦- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس، هاوژین سلێوە عیسا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٦.

٧، ٨، ٩- ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟، ڕۆمان، عەبدوڵڵا سەراج، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٩.

## باسی دووەم

### ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بێدەنگێکی پڕ لە بەرهەم

کۆچیرۆکی (دارەکەی بەرماڵمان) یەکەم کۆ چیرۆکی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)ە، لە ساڵی (١٩٦٨) بڵاوی کردووەتەوە. کەسێکە بێدەنگە، لێ خاوەن خەرمانەیەکی زۆری چیرۆکە، وا بزانم شیعریشی هەیە و بڵاوی نەکردووەتەوە. تاکو ئێستا چەندان کۆمەڵە چیرۆکی هەیە، دوا جار لە کۆبەرهەمێک لە ساڵی (٢٠٠٧) لەلایەن دەزگای (ئاراس) لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرینگە سوریالیزم لای ئەم چیرۆکنووسە هەیە یان نا؟ ئایا ئەگەر هەیە بۆچی پەنای بۆ سوریالیزم بردووە؟ ویستوویەتی لە چی یاخی بێت و هەوڵی گۆڕانی چی بدا؟ بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەرکێکی قورسمان لەسەر شان دەبێت. ئەوەی شارەزای بەرهەمەکانی چیرۆکنووس بێت دەزانێت ئەو لە هەموو عەقلیەتێکی نێو کۆمەڵگە یاخی بووە، لە هەموو داوونەریتێک. هەروەها بەوەندە نەوەستاوە بگرە هەوڵی گۆڕانیشی داوە. داهێنانی جوانی کردووە هەروەک (سەباح رەنجدەر) دەڵێت: " هێزێکی وریاش لە بیرکردنەوەی لە خولانەوەی هەمیشەییدایە و زاڵە، هەر گرتە و جووڵەیەکی فەنتازی ڕادەکێشێتە ناو زەوینەی کارکردنی شێوەیەکی بینینی پێ دەدات و وای دەگونجێنێ وەک ئەدەبێکی لێوڕێژ لە هەستەکان پێشانی دەداتەوە. ئەم دۆخ گۆڕینە هێزی درەوشانەوەی داهێنانە لەم چیرۆکنووسەدا خۆی ئاشکرا دەکات"(١) ئەمەش یاخیبوونی و داهێنەرایەتی ئەم چیرۆکنووسەمان بۆ دەسەلمێنێت. ئێمە لێرەدا سوریالیەتی چیرۆکنووس و یاخیبوون و داهێنانەکانی لە نموونەی چەند چیرۆکێکی وەردەگرین کە بۆنی سوریالییەتیان لێ دێت.

چیرۆکی (تابلۆیەکی سوریالی) یەکێکە لەو چیرۆکانەی شێوەیەکی سوریالی بەرز نووسراوە. لەبەرئەوەی نا کە ناونیشانەکەی بەناوی سوریالییەتە، نا لەبەر ئەو

ناوەڕۆک و وێنەیەی کە هەیەتی. چیرۆکەکە باس لە کەسێک دەکات دەیەوێت سەفەر بکا، لێ دایکی داوای لێ دەکات سەفەر نەکات. لە ئەنجامی خواردنەوەی شوفێرەکەی و چەند کەسێکی ناو ئۆتۆمۆبێلەکە و نەبوونی رووناکی ئۆتۆمۆبێلەکە وەردەگەڕێت و دەیانبەن بۆ نەخۆشخانە، کەسایەتی ناو چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە ماڵ و بەدایکی شاد دەبێتەوە.

چیرۆکنووس دیارە ئاشنایەتیەکی تەواوی بە رێبازی سوریالیزم هەبووە. ئەگەر نا نەیدەتوانی وەسفی ئاوێنەی ئۆتۆمۆبێلەکە وەک تابلۆیەکی سوریالی بکا، تابلۆی سوریالی یاخۆ هونەرمەندی سوریالی هەوڵ دەدات بەهەموو شێوەیەک خۆی لە واقیع و لۆجیک رزگار بکا و ئازادییەکی رەهای هەبێت بۆ ئەوەی ئەوەی بیەوێت بە ئازادییەوە وێنەی سەیرو سەمەرە بکێشێت. ئەگەر سەیری تابلۆکانی (پیکاسۆ و سلڤادۆر دالی) بکەین ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێت. ستایل و هونەرێکی جوانی بۆ گێرانەوەی ئەم رووداوە بەکار هێناوە وات لێ دەکات بەرامبەر تابلۆیەکی سوریالی بەرز رابوەستی لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە. رووداوەکە لە لووتکەوە دەست پێ دەکات بەرەو سەرەتا و دواتر کۆتایی وەک لەم هێلکارییەدا دیارە:

ڕووداو (ناوەڕاست) ⟵ ڕووداو (سەرەتا) ⟵ ڕووداو (کۆتایی)

کێشانی وێنەی ناو ئاوێنەکە بە تابلۆیەکی سوریالی ئەوەمان بۆ دەردەخات، رووداوەکە رووداوێکی بان واقیع بووە، بەو مانایەی رووداوەکە بە شێوەیەک بووە کە کەس باوەڕی نەدەکرد روو بدات، ئەوەندە خراپ بووە شێوەیەکی سەیروسەمەرەی وەرگرتووە. هەروەها شوفێرەکەش بەهەمان شێوە رووی وەک تابلۆیەکی سوریالی لێ هاتووە کە مرۆڤ بەرامبەری تووشی تێرامان و بیرکردنەوەیەکی زۆر دەبێت. لەناو ئەو تابلۆ سوریالییانە چەندان تابلۆی تری سوریالی هەن.

چیرۆکی (مێرووله) کە زیاتر لە چیرۆکێکی سیمبولی دەچێت، لە هەمان کاتدا وێنەی سوریالی زۆر جوانی تێدایە. هەروەها چیرۆکنووس لە رێگەی بە سیمبولکردنی مێرووله لە جیاتی مرۆ ئەو رووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم چیرۆکە یاخیبوونی چیرۆکنووسمان پێشان دەدات لە دەسەڵات هاوارکردنی

چیرۆکنووسە بۆ باسکردنی تاوانێکی مرۆڤایەتی، ئەویش ڕاگواستنی خەڵکی گەرمیانە. ئەم چیرۆکە لەساڵی (١٩٨٧) نووسراوە ئەو ساڵانەش ساڵانی ڕاگواستن و ئەنفالکردنی کورد بوو بەتایبەتی خەڵکی گەرمیان لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس. چیرۆکنووس ئەم دیمەنانەی ڕاگواستنی وەکو فیلمێک نیشان داوە. کە چۆن (سوپای ڕژێم) وەک مێرووله ناوچەیەکی وەکو گەرمیانیان چۆڵ کرد. بەمەش ڕق و ترسی بەرامبەر بەدەسەڵات لا دروستبووە.

وێنەیەکی سوریالی جوانی بۆ کێشاوین لە چیرۆکەکەی وەک: (لە خەونەکەیدا دەبێتە پەیکەرێک لە مێرووله) توانای چیرۆکنووس لێرەدایە کە ڕووداوێکی وا مەزن و جەرگبڕی بە کورتەچیرۆکێک دەربڕیوە، لێ وردبینی و تێڕامانی دەوێت تاکو مەبەستی چیرۆکنووس دەپێکی. دواتر تێکەڵکردنی خەون دەگەڵ ئەم کورتەچیرۆکە مانای وایە کارەساتێکی گەورەیە. لە خەونیش ناتوانێت لە بیری بکا. بەکارهێنانی ڕەگەزی خەون لەم کورتەچیرۆکە پەنابردنە بۆ ئەو دنیا پڕ لە ئازادییە ڕەهایەی خەون کە لە واقیعدا نەیتوانیوە باسی بکا، خەونیش ڕەگەزێکی تایبەتی و سەرەکی سوریالیستەکان بوو کە هەموو کات پەنایان بۆ دەبرد.

کورتەچیرۆکی (قەفەس) کە چیرۆکێکە ناوەڕۆکەکەی باسی کەسێک دەکات ڕقی لەو کەسانەیە کە باڵندە دەخەنە ناو قەفەسەوە، بۆیە بڕیار دەدات هەموو قەفەسێک لەناو ببات تا باڵندەکان ئازاد بن، خاوەن قەفەسەکانیش گلەیی دەکەن و پاداشت دادەنێن بۆ ئەو کەسەی دەستگیری بکا، بۆیە دەگیرێت و دەیخەنە ناو قەفەس. باڵندەکان بۆ ئەوەی دڵتەنگ نەبێت هەموو بەیانیان و ئێوارانێک دێنە لای و بۆی دەخوێنن. لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئازادی نرخی خۆی هەیە. ئازادی تام و چێژ بە ژیان دەبەخشێ. یەکەم کەس مرۆ دەبێت خۆی لە خۆی ئازاد بکا. تاکو بە ئازادی بتوانێت ئەوەی شتی جوان و داهێنانەیە ئەنجامی بدات. خۆ دەربازکردن لە واقیع و لۆجیک تاکە ئارەزووی سوریالییەکانە، چونکو وایان دەبینی هەرکەسێک کۆت و بەندی ئەمانە بێت ناتوانێت داهێنان و کاری جوان بکا. بەمەش ئەم ئازادییە هەوڵ و کۆششی دەوێت. لە ساڵانی زوو هەموو کورد بۆ ئازادی خاک و وڵات تێ دەکۆشین، دەیان ڕۆڵەمان لەم پێناوە شەهید کراون و ڕەوانەی زیندانەکان کراون و خۆیان کرد بە قوربانی، ئەمەش بیروڕا و هەڵوێستی چیرۆکنووسە سەبارەت بە ئازادی و نرخی ئازادی. کە هاتووە وێنەیەکی جوانی بۆ

عـاشــقـبـوون بـه ئازادی و خـۆبەخـتکردن له پێناوی ئازادی دروست کـردووه. هەرچەنده کەسایەتی چیرۆکەکه بووەته قوربانی، لێ دەیان و سەدان باڵندەی ئازاد کرد کە دواتر ئەوانیش وەفایان بۆی هەبوو. ئەم هەوڵدانه بۆ ئازادی سوریالییەتی چیــرۆکنووس دەســەلمێنێت، چونکوو دەیویست دنیـایەکی تەواو ئازاد لەســەروو واقیعەوه دروست بکا، هەروەها ڕەتکردنەوەی ئەو واقیع و لۆجیکه کە تێیدا دەژیا هەڵوێستێکی جوانی سوریالییه. ئازادی شتێکی زۆر جوانه، بەکارهێنانیشی بۆ شتی جوان و نایاب دەبێت، ئازادی ئامێرێک نییه بەکار ببرێت، لێ هەر هەوڵدانێک بۆ خۆ ئازادکردن مانای بڕیاردانه بۆ یاخیبوون، بۆ ئەنجامدانی کاری جوان و داهێنەرانه.

کـورتـەچیـرۆکی (شـوێنەوار) کـه لـه سـاڵی (١٩٨٧) نـووسـراوه. پرسـیـارێک و دیمەنێکی وا سـوریالیمان پێشـان دەدات و پێشـکێش دەکات. دەبێت وردبینییەکی زۆرمان هەبێت تاکو لێکی بدەینەوه. بەشـێوەیەکی ئێستێتاتیکی زۆر جوان ئەم کورتەچیرۆکەی نووسیوه. کورتەچیرۆکەکه باسی شـوێنەوارێکی منداڵێک دەکات کـه بووەتـه ئێسک و هەر لەناو بێشکەدایه. دیمەنێکه چیـرۆکنووس دەڵێت ڕەنگه دوای سـەدەیەکی تر شـوێنەوارناسـان ئەو شـوێنەواره بدۆزنەوه له گـەرمـیـان، لێ سـەریان له شتێک سوڕ دەمێنێت کە بۆچی ئەم میللەته منداڵەکانیان بە بێشکەوه دەنێژن. ئەم چیرۆکه زۆر فـەلسەفییانه باس لە وێرانکردنی دێیەکانی گەرمیان دەکـات و چۆن خـەڵکەکەی ئەنفال کـراوه و خـانوویان بەسـەر منداڵی ناو بێشکه ڕووخـاندووه. یاخۆ ئەم خەڵکانه بۆچی منداڵەکانیان وا دەنێژن؟ ئەمه پرسیارێکه پێویسـتی بە وەڵامێکی وردبینانه هەیه. ئەگەر شـوێنەوارناسـان لێکۆڵینەوه بکەن لەسـەر ئەم بابەته، بۆیان دەردەکەوێت کـه چ کارەسـاتێکی جینۆسـاید بەسـەر ئەم ناوچه و مـیللەتەدا هاتووه. ئەم ناوچەیه بۆچی وای بەسـەر هاتووه ئاخـۆ دەبێت ئەمانه چ تاوانێکیان هەبووبێ؟ بۆیه چیرۆکنووس له ڕێگەی ئەو پرسیارەوه سەدان پرســیـاری تـر دەورووژێنێت کـه دەبێــتــه هۆی ئاشکرابوونی تاوانی ئەنفــال و جینۆسایدکردنی کورد. ئەم پرسـیـارەی چیرۆکنووس بەڵێ نەک دوای سـەد سـاڵ، بەڵکو زووتریش بەڕاست گەڕا و بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بوو کـه میللەتی کورد ئەنفال و جـینۆسـاید کـراوه، له ڕێگای هەڵدانەوەی گۆڕه بەکۆمەڵەکان و زیندانی نوگرەسـەلمان و دەیـان چیـرۆکی تراژیدی خـەڵکی گـەرمـیـان بە تـایبـەتی و کـورد

بەگشتی. چیرۆکنووس پێشبینی ئاشکرابوونی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییەی لەم چیرۆکەدا کردووە. ئەمەش هونەرمەندی و نووسەری جیدی بوونی چیرۆکنووس دەسەلمێنێ. زۆر نووسەر و هونەرمەند هەیە پێشبینی دەکەن، ئەم چیرۆکنووسە یەکێکیانە. (شێرزاد حەسەن)یش لە چیرۆکی کەروێشکەکان پێشبینی ڕووخاندنی سەدام حوسێنی کردووە و ڕووخاش.

ئەمەیە خەونی سوریالیی، ئەمەیە پرسیاری سوریالییەکان" ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل یەکێکە لەو نووسەرە کوردانەی کە لە قوتابخانەدا بە کوردی نەیخوێندووە بەڵکو بە هەوڵ و کۆششی خۆی فێری خوێندن و نووسینی زمانەکە بووە، لە سەردەمێکیش سەری هەڵداوە کە لە مێژووی ژیانی ئەدەبی و هونەری نەتەوەکەیاندا بەسەردەمێکی تاریکی رۆشنبیری کوردی و کزی چاپەمەنی دانراوە"[٢] لەم چیرۆکەدا وێنەکە زۆر سوریالییە لەم ڕێگەیەوە ئەم پرسیارە جیدیانە وەڵام بدەنەوە.

پەراوێزەکان:

١- کۆ چیرۆک، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل ٥.

٢- چیرۆکی هونەری کوردی/ شێوە و شێواز و بونیاد، زاهیر ڕۆژبەیانی، دەزگای موکریانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، ل ١٢٤.

## باسی سێیەم

### محەمەد موکری و سوریالیزم

محەمەد موکری یەکێکە لە ناوە دیارەکانی نێو ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆک و ڕۆمـانی کـوردی بەتایبـەتی. لە نـەوەی حـەفـتـایەکـانە و تا ئێـسـتـاش لە بەرهـەمـە جـوانەکـانـی بەردەوامـە، دەسـتـێکی باڵای هـەیە لە وەرگـێـڕان چەندان ڕۆمـان و شانۆگەری بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە.

ئێمـە لێرەدا تیشک دەخـەینە سەر دوو بەرهـەمی چیرۆکنووس کـە دەتوانین بنیات و یاخیبوونی سوریالییانەی تێدا بدۆزینەوە. دەبێت ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کـە سـوریالیـزم بـەهـەمـوو شـێـوەیەک لە هـەوڵی دروسـتکردنی گـۆڕانـدا بووە، ڕوانینێکی سـەردەمـیـانە و نوێخـوازانە بووە، جـا بۆیە مـەرج نیـیـە ئێـمـە کـە لێکۆڵینـەوە لەبارەی دوو بەرهـەمی چیرۆکنووس دەنـووسـین مـەرج بێت ڕەگـەزەکـانی سـوریالیـزم بدۆزینەوە جـا بـەبەرهـەمی سـوریـالیی دابـنێین. بـەڵای ئێـمـەوە هـەر بەرهـەمـێک جـۆرێک لە یاخـیـبـوون و دژ وەسـتـانی بـەرامـبـەر واقـیـعی هـەبێت و ڕوانینێکی تـازەی بەرامــبــەر ســەردەمـی ڕابردوو و ئێــســتــا هـەبێت ئـەوا بە سوریالیزمی دادەنێین.

محـەمـەد موکری وەک وتمان لە نەوەی حـەفتایەکانە، بەتایبـەتی دوای بەیاننامەی یازدەی ئاداری (١٩٧٠) کــە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبــیــری پەرەی ســەند چووە قـۆناخـێکی نوێوە، لەگەڵ ئـەم گۆڕانەش نەوەی نـوێ و دەنگی نوێ پەیدا بوون، کـە بەتەکنیک و ناوەڕۆکـێکی نوێوە هاتنە مـەیدانی نووسـین، چونکو ئـەم نەوەیەی کـە باسـی دەکـەین سـەرچاوەی فـیکری و ڕۆشنبـیـریـیـان جـیـاواز بوو، دیدێکی جـیـاوازتریان هەبوو لەوانی پێـشـتـر " لە کـاتێکدا هەمـانن لەنەوەی نوێن و کـە دەستیان دایە چیرۆکنووسین، هەر یەکسەر بە تەکنیکی نوێ دەستیان پێکرد. وەک: لەتیف حـامـد و سـەدرەدین عـارف و مـحـەمـەد مـوکـری و سـەلاح شـوان و ڕئووف

حەسەن"[1] کەواتە ئەم نەوەیە شتی تازەی پێ بوو، ئاسۆی بیری فراوانتر بوو.

ئێمە لێرەدا باس لەو قۆناخە ناکەین، لێ ئەو قۆناخە بەرهەمی جوان و پڕ لە داهێنانیان پێشکێش کرد. سەردەمی چیرۆکنووس بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) کە ئازادییەک لە هەموو بوارەکانی ژیان هەبوو، بەتایبەتی لە رووی رۆشنبیرییەوە، چەندان بەرهەمی نایاب بەرهەمی ئەو چوار ساڵەن. چیرۆکنووسیش بەهەمان شێوە بەرهەمی جوانی پێشکێش کردووە، هەروەها دوای نسکۆش لە شۆڕشی نوێ بەشداری کردووە و تەنانەت قەڵەمەکی رەخنەیی لە خودی شۆڕش گرتووە، ئەمەش هەڵوێستی راستەقینەی نووسەری بەتوانایە بۆ ئەوەی دژی ئەو واقیعە ناشرینانە بێتەوە کە هەن و هەوڵی گۆڕانیان بدات.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین و یاخیبوون و سورياليیەتی بسەلمێنین، ئەو دوو بەرهەمەی تا رادەیەکی زۆر کاریگەری خۆی دروست کرد و تەنانەت بەرهەمی دووەمی بەرهەڵستییەکی زۆر کرا و بە بیانووی ئەوەی دژی شۆڕشە، ئەوانیش چیرۆکی (نێچیر) و رۆمانی (سەگوەڕ)ن.

## نێچیر و هەوڵێک بۆ گۆڕانکاری

سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئەوە روون بکەمەوە کە ئەم چیرۆکە باس لە چی دەکات ئەویش زۆر بە کورتی: پیاوێک لە ژوورەوە لەنێو چوار دیوار دانیشتووە، دیارە خاوەن ئەشکەنجە و کێشەیەکی قووڵە، تەنیایە، کێشەیەکی گەورە لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە بۆ خۆ دوورخستنەوە لەم خەمە پەنای بردووەتە بەر مەی خواردنەوە، لێ دادی نادات. لە ژوورەکەی دەگەڵ خۆی دەدوێت و لە ئاوێنەکەی بەرامبەری سەیری خۆی دەکات دواتر ئاوێنەکە دەشکێنێ و بە پەرداخێک خوێنەکەی خۆی دەخواتەوە.

ئەمە زۆر بەکورتی رەنگە ماناکەی تەواو خۆی نەدات بەدەستەوە. کەسی ناو چیرۆکەکە کەسێکی دەروون ئاڵۆزە، کەسێکی پڕ لە کێشە و ئازاراوییە، لە رووی دەرەوەش دیارە کەسێکی زۆر هەژار و دەستکورتە هەروەک لە وەسفی ناو چیرۆکەکە بۆمان دەردەکەوێت.

ئەم چیرۆکە باس لە کەسێک دەکات کە هەموو ژیانی هەر دووپاتەیە و دەیەوێت

خۆی لەم دووپاتەییـیـەی ژیانی رزگـار بکا و هـەوڵی گـۆڕانکاری بـدات، لێ ناتوانێ، چونکو گۆڕانکـاری وا لە مرۆ دەکات لە ژیانیـدا بچێتـە قۆناخێکی نـوێوە بەجۆرێکی تر بیـر بکـاتەوە و هەنگاوی جـوانتـر و جیـاوازتر بهـاوێژێ. لێ نازانـین کێـشـەی کەسـایەتی ناو چیرۆکەکە چییە؟ لێ بەهۆی لێزانینی چیرۆکنووس پێویست ناکات ئێـمـە لـە کـێـشــەی ئەو کـەسـە ئـاگـەدار بین دەکـرێ بپـرسـین بۆ؟ لەبەرئەوەی چیـرۆکنووس تـەکنیکی مـەنەلۆگی بەکـار بردووە، ئەم تەکنیکەش واتە خـۆدواندن، قسـەکردن دەگەڵ خـۆ نەک کەسـی بەرامبـەر وەک لە دایەلۆگدا هـەیە، کەسایەتی ناو چیـرۆکەکـە دەگەڵ خـۆی دەدوێت بۆیە چ پێویست بەوە ناکات ئێمە بزانین کێشـەی چییە؟.

کـەسـایەتیـیـەکـە زۆر بێـزارە لـە ژیانی خـۆی گلـەیی لە خـۆی دەکـات کـە شەوگـارەکانی هـەموو وەکو یەکـە " ئـاه... ئەم شـەویش وەکو دوێنێ و پێرێ و پێرار نەمـتـوانی کـارێ بکەم کـە شـەوگـارەکـانم لەیەک نەچن"[٢] ئەم گلەیی لە خـۆکردنە و پرسـیـار لە خـۆکـردنە وا نیـشـان دەدات ئـەو مرۆیە هـەوڵی ئەوە دەدات گـۆڕانێک و نوێبـوونەوەیەک لە ژیانی خۆیدا بکا، لێ چۆن؟ ئەوەیان نازانـێتن بەمەش کەسـایەتی چیـرۆکەکە ناتوانێت ڕێگەی گـۆڕان بدۆزێتـەوە، یاخـۆ لەوانەیە ڕێگەی لێ گـیـرابێت واتە هـەوڵدانی کـەمە و ڕێگـە چارەسەری بۆ خـۆی پێ نییە. ئەم هـەوڵدانە بۆ گـۆڕان و خـۆ نوێکردنەوەیە و هـەوڵدان بۆ ڕوانـین لە ئاسـۆیەکی جـوان یەکـێک بـووە لە بنەماکانی سـوریالیزم، واتە سوریالییەکـان بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیـع و لۆجیکەدا بوونە کە تێیدا ژیاون. سـوریالییـەکان پێچەوانەی داداییـیەکان بـوون کە گاڵتەیان بەهەمـوو شتێک دەهات ژیانیـان بە قۆڕ و بێ مـانا و تورەهـات دادەنا، لێ سوریالییەکان هـەردەم بۆ دروستکردنی باڵای سـەروو واقیـع لە هـەوڵدان بوون.

ئەم هەوڵەی کەسـایەتی ناو چیـرۆکەکەی موکری هـەوڵدانە بـۆ دژایەتیکردنی ئەو واقـیـع و لۆجـیکەی تـێیـدا دەژیا و بـۆ دروسـتکردنی ژیانێکی باڵاتر و جـوانتـر دە هـەوڵـی گـۆڕینـیـدا بووە، لێ کـە سـەرکـەوتوو نابێت بەڕێگایەکی تر هـەوڵ دەدات ئەویش پەنابردنە بەر مـەی خواردنەوە، لەمەشـدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە مەست نابێت "ئاه... ئەم شـەویش مەست نەبووم، نەمـتوانی خـۆم بەجێ بێڵم و باز بەسەر خۆمدا بدەم"[٣]

لەلایەکی تر لەم چیرۆکەدا چەندان وێنەی سوریالیمان بەرچاو دەکەوێت کە دژی واقیع و لۆجیکن و ڕەتی دەکەنەوە بەگژ داوونەریت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دەچێتەوە " پەلامـاری پارچەیەکی ئاوێنە شکاوەکـەم دا، بەبێ سێ و دوو بـە ملی خۆممدا هێنا و سەرەم لە ملم جیا کردەوە وەکو تۆپ هەندێ شەق شـەقێنم پێ کرد و کردمـە سـەری یەکەم نێچیری کوژراوی دەستم و لکانمە دیواری ژوور دەرگەی ژوورەکەمەوە"(٤)

ئەم جۆرە وێنانـە وێنەیەکن لە واقیـعدا بوونیـان نییـە کەسـێک سـەری خـۆی لێ بکاتەوە و شەق شەقێنی پێ بکات. بەڵکو مـەبەست و مەغزا لەمەدا ڕەنگە ئەوە بێت ئەو سروشـتەی هـەیەتی، ئەو داوونەریتە دواکەوتووەی پێوەی لکاوە، ئەو عـەقلیەتەی هـەیەتـی دەیەوێت سـەری ببـڕێت و ڕەتی بکاتـەوە هـەوڵی ئەوە بدات ئەو جیـهـانەی هـەیـەتی بە دنیـایەکی بـاڵاتر بیگۆڕێت، ژیانێکی باڵاتر، ئەم هـەوڵدانـە هـەوڵدانێکی یاخیبووانە و سوریالییانەیە.

هـەروەها کە چیرۆکنووس باس لە وێنەی ناو پارچە ئاوێنە شکاوەکان دەکات کە هەر یەکەیان دەموچاوێکی گرژ و نالەبار و تووڕەیان هەیە، دەگەڵ تکە خوێنەکانی دەسـتی کە ئەتکانە سـەر ئەو وردە شـووشانە دەسـڕانەوە. ئەم وێنەی پارچە ئاوێنە شکاوەکـان هەر یەکەیـان بەڕای ئێمـە بریتین لە داوونەیتـێک، دواکەوتوویەکی ناو کۆمەڵگە، کەسـایەتییەکە هەڵدەستێ بە سڕینەوەی هەریەک لەمـانە بەکوشتنیـان، بەمـەش دەگـەڵ سـڕینـەوەی یاخـۆ کوشـتنی هـەریەک لەو کـەسـانە هـەوڵ بدات خـۆی تەنیـا بکاتەوە، لێـرەدا ئەوەمـان بۆ بەدیار دەکـەوێت ئـەو کـەسـە بـۆ ناتوانێ خـۆی بگۆڕێت، ئـەو هـەمـوو داوونـەریت و عـەقـڵـە دواکەوتووە لێ ناگـەڕێت، بۆیە سـەرەتا دەبێت یەکـە یەکـەیان لەناو ببـات و ئینجـا هـەوڵـی ئەوە بدات زنجـیـری ئەو کـۆت و بەندانـە بپـسێنێ ئەوسـا دەتوانێت گـۆڕان بـکا. ئەمـەش ڕێک دەگـەڵ سـوریالیـزم دەگـونجێت، یاخـیبـوون لەو هـەمـوو عـەقـڵێکی باوی سـەردەم و گۆڕانکاریکردن بەڕاستی ئامانجی سوریالییەکانە.

کـەواتە ئەم چیـرۆکـە پێمـان دەڵێت تـاکی کوردی لـە هەوڵی خـۆگۆڕینـە (بۆ ئەو سەردەم و ئێستاش)، لێ دیلی ئەو هـەمـوو نائومێدی و کۆت و بەندەی داوونەریتە، هـەروەها دوای نسـکۆی شـۆڕش تاکی کـوردی تەواو نائومـێد بوو لـە هـەوڵی ئەوەدا

بوو گـۆڕانکاری بکات بۆ ئەوەی جـیـهـانێکی باڵاتر بۆ خـۆی دروست بکا، لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو تاکو گەیشتە ئەم ئەزموونەی ئێستامان، بەڵام بەداخەوە زۆر شت مـاوە بیگۆڕێت با لە هەوڵدا بین بۆ گـۆڕینی عـەقلیـەت و داوونەریتـە دواکەوتووەکانی سەردەم هەنگاو بنێین بۆ ژیانێکی باڵاتر و جوانتر و نایاب تر.

## "سەگوەڕ" خوێندنەوەی داهاتوو

ئەم ڕۆمانەی مـحـەمـەد موکری (سـەگوەڕ) لە ساڵی (١٩٨٢) دا نووسـراوە. تاکو ئێستا شەش جار چاپ کراوەتەوە، دوا چاپیش لەلایەن دەزگای ئاراس لە ساڵی (٢٠٠٨). بەڕاسـتی ئەم ڕۆمـانە یەکـێکە لـە نموونە سـەرکـەوتووەکـانی ڕۆمـانی کوردی، هەرچەندە هەندێک لە نووسـەران بـە ڕۆمـانۆکەی دادەنێن بێگومـان ئەوان سـەیری قـەبارەی ڕۆمـانـەکە دەکەن بـەڵام لە ڕاسـتـیدا هەمـوو ڕەگـەز و بنیـاتێکی ڕۆمـانی تێـدایە، هـەروەها ئـەم ڕۆمـانە مـەنـەلۆگی زۆری تێـدایە کـە ئـەمـەش خاسیەتێکی دیاری بەرهەمەکانی ڕۆماننووسە" کەسانی چیرۆکەکانی محەمەد موکری بە زۆری لە حاڵەتی تەنگەتاویدان چەڵەمەیەک لە ناخدا گێژیان دەدا و ئارام و ئۆقـرەیان لەبەر دەبڕێ. ئەم تەنگەتاوی و چەڵەمـەش ئەنجـامی خـۆخـواردنەوە و ئەندێشـەیەکی گـشـتـیـیـە سـەبارەت بە ژیان، نـەک خـەم و پەژارەیەکی شـەخسـیی ڕۆژانە" (٥) بۆیە کەسایەتی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانی (محـەمـەد موکری) تەنیا هەڵگری خـەمی خۆیان نین، بگرە خـەمی میللەت و ژیانیشـیان لە کۆڵە، دەتوانین لە کەسایەتییەکانی میللەتی کورد بەدی بکەین.

ئەم ڕۆمـانە باس لە کەسـێکی ئەم مـیللەتە (مـیللەتی کـورد) دەکات کـە چووەتە شـاخ بۆ ئەوەی دژی داگیرکەر وەکو پێشمـەرگەیەک بجەنگێ. گەلێ تەنگوچەڵەمە دەبینێت کەسێکی ئازا و بەجەرگ دەبێت. هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی هێرشەکانە و دوایەمین کـەس نان دەخـوات. شـێـواز و ڕەفـتـاری لـەگـەڵ خـەڵک زۆر مـەردانەیە و ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر ئەوەی خەڵک خۆشیان بوێت و پاڵپشتی لە شــۆڕش بکەن. تووشی زۆر دەردەســەری دێت تەنـانەت بـەهـۆی ئەوەوە بـاوک و خـوشکی تیـا دەچن بەدەست ڕێژیمەوە. دوای نسکۆی (١٩٧٤) دوبارە دەگەڕێتەوە شـاخ لە کـاتی سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش، بەڵام دنیـایەکی تـر دەبینێت، هەمـان مرۆڤەکانن، هەمان ڕوخسارەکانن، شەڕی براکوژی دەبینێت زۆر ڕووداوی تر تاکو

بەگــرتن دەدرێت و فـــەرمـــانی لـە ســـێـــدارەدانی بـۆ دەردەچێت. لە زیندان زۆر دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەرییـەکانی بەشێوەی فلاش باگ، مـەنەلۆگی زۆری تێدایە. ئەو لە زیندان بەپێچەوانەی هەموو زیندانییەکانی تر کە شیعر و دروشم لەسەر دیواری زیندان دەنووسن، ئەو تەنیا وشەی (سەگوەڕ) دەنووسێت، ئەمەش لە جیاتی هەموو دروشمێک کە شۆڕشی بە (سەگوەڕ)ین دادەنا.

شتێکی تر هەیە ئاماژەی پێ بدەین ئەویش ئەوەیە دوای نووسینی ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانـنووس و چیرۆکنووسی کورد (مـحـەمـەد مـەولوود مـەم) بەڕۆمـانێک وەڵامی (محەمەد موکری) دەداتەوە تێیدا دەڵێت: ڕاستە شۆڕش کەموکوڕی زۆری هەیە، لێ سەربەرزیشی تێدایە. ڕۆمانەکەی (مەم) بەناوی (کاروان و سەگوەڕ) ە[*].

ئەم ڕۆمانەی موکری هەڵوێست وەرگرتنێکە بەرامبەر ئەو هەموو کەموکوڕییانەی لەناو شۆڕشـدا هەبوون. کەسێک لەنـاو شـۆڕش بێت و سـەر بەهەمـان حـزب بێت، هەڵوێست وەرگـرێت و شـــۆڕش و حــزبەکــەی و زۆر لـە کــەســـانـی ناو شـــۆڕش بە خــۆفـرۆش و خــزمــەتکردنی بەرژەوەندی دوژمن لە قـەڵەم بدات، بەڕاســتی ئەمــە یاخیـبوون و هەوڵدانە بۆ گـۆڕانکاری. بۆیەش زۆر لە ڕۆشـنبیران و کەسـانی ناو شـــۆڕش لەو ســـەردەم داوایان کـرد لێی قـبـــووڵ نەکـرێت. هـەروەک لە پێــشـــەکی ڕۆمـانەکـەدا هاتووە بەڕێز (مـام جـەلال) نـووسـیـویەتی و یادگـاری ئەو ڕۆژەمـان بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت :" زۆری نەخایاند دەنگی توڕەیی و ناڕەزایی لە هەندێک کادیر و پێشـمەرگەی (ی. ن. ک) دا دژی سـەگوەڕ بەرزبوویەوە و پرتە و بۆڵە لەمـلا و ئەولا پەیدا بوو"[٦] ئەمەش نیشانەی یاخیبوون و کاریگەریی ئەم ڕۆمانـەیە لەو سەردەم، هەروەها هەر لەم پێشـەکییە ئەوەمـان بۆ دەردەخات کە مشـتومڕ و گفـتوگۆی زۆری ناوەتەوە، ئـەمــەش ســوریالیـیـەتی ئـەم ڕۆمـانە دەســەلمێنێت بەهۆی ئەو ڕەخـنـانەی هەیبـــوو بۆ ئەوەی شـــۆڕش بە خـــۆیدا بچـێـتــەوە و گـۆڕانکاری بکا و خــۆی نوێ بکاتـەوە، تاکـو شـــۆڕشـێکی جـوانتــر بەڕێوە ببــەن." کـەڵکی تری بڵاوکـردنەوەی سـەگوەڕ ئەوە بوو کە بووە مـایـەی قسـە و باس و مـشـتـومـڕ و لێدوان و گـفـتـوگۆ، ئەوەی ڕاستی بێت منیش بەشداریم تێدا کرد، هەم لەگەڵ پێشمەرگە ناڕازییەکان

(*) بۆ زیاتر زانیـاری لـەبارەی ئەم بابەتە سـەیری وتاری (شـۆڕش لە دوو گـۆشـەنیگای جیاوە)ی (د. ئازاد حەمە شەریف) بکە لـە کۆواری نەوشەفەق، ژ/ ٦٣، کانوونی یەکەم ٢٠٠٨، ل ١٥.

و هەم لەگەڵ کادیر و نووسەرانی (ی. ن. ک)یش ئەو ڕاستییەمان بۆ هەمووان دووپات کردەوە کە دەبێ (ی. ن. ک) هەڵگر و بەدیهێنەری دروشمی دابینکردنی ژیان بێ بۆ نووسەران و ئەدیبان، کەڵکە زۆر و زەوەندەکانی ئەو دروشمەم نیشان دا، لە وەڵامی هەنێ پێشمەرگەدا پرسیم: کە مامۆستا موکری چی تێ گرتوون؟ گولله؟ یا گوتە...

گوتیان شتی وای نووسیوە بەدڵمان نییە و دژی (ی. ن. ک)یشە. لە وەڵامدا گوتم:

دژی (ی. ن. ک)ی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر بەدڵتان نییە، بەهەمان چەکی مامۆستا موکری بەرەنگاری ببنەوە ئێوەش لەسەر سەگوەڕ بنووسن و چیتان پێ هەڵەیە نیشانی بدەن و چیتان پێ باشە دەری ببڕن"(٧)

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم شۆڕشە لە ناوەخۆیدا قبوولی ئەو جۆرە بیروڕایانەی نەدەکرد، ڕۆمانی سەگوەڕیش لەسەر حەق بووە. بەلایەکی تریشدا هەمان ئەو کەسانەن کە تا ئێستاش لەسەر کورسین و نوێبوونەوە و گۆڕانکاری قبووڵ ناکەن. ئەمەش ڕەخنەیەکی سوریالیی توندە دژی ئەو جۆرە عەقلانە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە یاخۆ لە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەم بۆیە " بیری سوریالیزم بەشێوەیەکی گشتی بیرێکی نوێخوازانە و لە هەمان کاتدا ڕەخنەیی بوو. چونکە سوریالیزم هاوتەریب بوو لەگەڵ سروشتی ناخی مرۆڤ و لەگەڵ ژیان و ئامانجی کۆمەڵگەدا، زیاتر وەزیفە یا لە ئەدەب و هونەر و ڕوانینیان بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی کۆمەڵگە جۆرێکی جودا بووە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیان هەموو کات لە هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەدا بوون"(٨)

کەواتە موکری هەمان بیرکردنەوەی سوریالییەکانی هەبوو، دەیویست بەهۆی ئەو ڕەخنانەی کە لە شۆڕش و هەندێک بەرپرسانی دەگرت، بەو هۆیەوە گۆڕانێک لەناو شۆڕش ڕوو بدات. گۆڕانیش یەکێک لە ئامانجەکانی سوریالیزم بووە. ڕۆماننووسیش لەو ڕێگەیەوە ویستوویەتی بەهەموو کەسانی ناو شۆڕش نیشان بدات کە بەهۆی چەند کەسێکی خۆفرۆشی ناو شۆڕش، شۆڕش بووە بە سەگوەڕین. دەیان ناشرینی و گەندەڵی تێدایە وەکو: کارکردن لە بەرژەوەندی دوژمن، شەڕی ناوەخۆی حزبەکان کە خۆشیان نەیاندەزانی لەسەر چییە و بۆ ئەم

شـەڕە دەکـەن؟ کـە دەیان ڕۆڵە بووە قـوربانی. تـەنانەت ئەم شـەڕە دوای ڕاپـەڕینی بەهـاری (١٩٩١) دووپاتە بـوویەوە هـەمــان مـێــژووی ڕەشــیــان دووبـارە کــردەوە. شۆڕشێک کە هەموو تاکێکی کورد بە گەورە و بچووکیەوە، بە پیاو و ئافرەتەوە لە خزمـەتیدا بوون جا بەهەر شـێـوەیەک لە شـێـوەکـان بێت، بەتایبـەتی گـوندنشین و ڕەوەندەکان. هەر بۆیە ڕۆمـاننووس پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئـەم شۆڕشـە نەک لەو ســەردەم بگرە ئەگــەر کـوردســتـانیش ئازاد بکرێت ئەوا خــاوەنی بەڵێن و دروشــمــەکــانی خــۆیان نین، ئەوەتا ئێــســتــا دوای چەندان ســاڵ لە ئازادیی گـوندەکـانمان قــەرەبووی ئـەو مـاندووبوون و زیانـانەیان بۆ نـەکـراوەتەوە کـە لەو سـەردەم بەمـاڵ و گیـان لە خـزمـەتکردنی شـۆڕشدا بوون. هەر ئەو کەسـانەی ئەو سـەردەمن و هـەمـان عـەقڵیـەتیان هـەیە. ئەو پێشـبینی و یاخیـبوونەی ڕۆمـاننووس نیشانەی هەسـتکردنیـەتی بۆ ئەوەی هەوڵی جیدی خۆی بدات و ئەرکی سەرشـانی نووسـەرایەتی خۆی ڕاپەڕێنێت وەک نووسـەرێک لە ئاست ناشرینییـەکان بێدەنگ نەبێت و هەڵە و کەموکوڕییەکان دەسـتنیشان بکا و بە گژ ئەو واقیع و لۆجیکەدا بچێتـەوە بۆ ئەوەی وێرانی بکا، هەرچەندە دژایەتی زۆری کراوە ئەمـەش نیشـانەی بەرهەمی نوێخواز و وێرانکەرە.

دایکانی پێشـمەرگە و ئافرەتی ئەو کات، کە بەڕاسـتی ئەوانیش پێشـمـەرگە و مـاندوونەناس بوون، لێ بەداخـەوە بەپێی پێـویست خـزمــەتیـان نەکـراوە وەک لە ڕۆمـانەکـەدا هاتووە لە وەسـفی دایکی خۆی:" بەهەزار دەردەسـەری و جلشـۆری و نانەواییی مـاڵان بەخێـوم کردی: بۆ دیدەنی تۆ شـەو و ڕۆژی دابوویە دەم یـەکەوە، ئەم دێی بە هەنگاوی شـەکەتی دەبەسـتـەوە ئەو دێ، تا دۆزیتیـەوە، دەست و پەنجەی لە گۆ چووبوو"(٩) ئەمـەیە وەسـفی دایکی پێشـمـەرگە و ئافرەتی کورد، لێ ئێسـتـا مـاندووبوون و خـەباتی ئەوانیـان لە بەرچاو نییـە، هـەمـان ئەو بەرپرسـانەی ئەوسـان کە ئێستا تەنیا لەسەر تەلەڤزیۆنەکان باسی مافی ئافرەت دەکەن، لێ خۆیان یەکەم کەسن پێشێلی مافی ئافرەت دەکەن.

ڕۆمـاننووس هـەر لەم ڕۆمـانەیدا وێنەی سوریالیی وامان نیشـان دەدات کە هـەموو پووچییەک و لۆجیک و واقیعی ئەو سـەردەمە ڕەت دەکاتەوە و گاڵتەیان پێ دەکات "وشـەی سـەگوەڕ سپی دەچوویەوە ڕەنگە ڕەشـەکەی دیوارەکە بە پیتـەکانی وشـەکە خۆی ئارایشت کردبوو، ئـەوەندە بە بێدەنگییـەوە تێی ڕامـای و لێی وردبوویەوە تا

وشـەکـە نیگای سـەگـێکی زلی وەرگـرت، چەند جـارێ لەسـەر یەک بە وەڕینێکی نائاسایی کاسی کردی، تەکانت دایە بەر خـۆت، پشتت نایە قەد وشـەکە و (تۆیش) بە دەنگێکی بەرزتر دەسـتت بە وەڕین کـرد، زۆر وەڕیت"[١٠] ئەم وێنـە سـوریالییـە نیـشـاندانی ئـەوپـەڕی ناشـرینی شـۆڕشـەکەیە، ئەوپـەڕی یاخـیـبـوونە لـە شـۆڕش و هەوڵدانە بۆ ڕاسـتکردنەوەی یاخـۆ جوانتـر بڵێم دروسـتکردنی واقـیع و شۆڕشـێکی باڵاتر. ئەم ڕوانینـە لەبارەی شـۆڕش تازەیـە. لایەنێکی تری ئەم ڕۆمـانـە کـە بۆنی سوریالییەتی لێ دێت خۆشـەویستییە. خۆشـەویستی لای سـوریالییەکان پیرۆز بوو. بەو مانایەی ئەوان هەر لە ڕێگەی خـۆشـەویستییـەوە، لە ڕێگای وشـە و زمانی نـاخ و ڕوحـیان و خـەیاڵ و خـەونیـان مامـەڵەیان دەگـەڵ دەقەکـان دەکرد. ڕۆمـاننووس لەناو ئەو هەمـوو ناشـرینیـیـەی شـۆڕش (بێگومـان شـۆڕش نرخی خـۆی و جـوانی خـۆی هەبووە) کـەموکوڕییـەکانی هەوڵی داوە لە ڕێگەی زمانی خۆشـەویسـتییـەوە تەعبیر لەو ناشـرینی و کـەمـوکـوڕییـانـە بکا و پەردە لەسـەر عـەقلیـەتەی دواکـەوتووەی ئەو سـەردەم هـەڵبداتەوە کـە چەندان دروشـمی پووچیـان هەڵگرتبـوو. ڕاسـتـە چەندان کەسـایـەتی قـارەمـان و دڵسـۆز هەبوون لەناو شـۆڕش و بۆ مـافـەکانی گـەلی کـورد هەوڵیـان دەدا، لێ ئەمـانە چەند دانەیەک بوون، بەمـەش مـانای ئەوە نییـە ئێـمـە هێـڵـێکی ڕاست و چەپ بەسـەر شـۆڕشـدا بهـێنین. دەیان و سـەدان کـەس لەبەر شـۆڕش و پێشمەرگایەتی هەمـوو خۆشـەویست و ماڵ و ژنیـان بەجێ دەهێشت وەک لە ڕۆمانەکەدا هـاتووە " کەسـێکی چەوساوە و بێدەنگ، دەوروبەری بە هـەزاران داو تەنرابێت، دەربەدەر و مـاڵوێران دەکرێ... ناچـاریش دەکرێ قـەناعەت بەخـۆی بێنێ کە ئەمـانەی لـە پێناو مـرۆڤـایەتی و یەکـەتی و سـۆشـیـالیسـتـیدا پێ دەکرێ، چۆن دەتوانێ لە خـەونیشـدا قـەناعـەت بە خـۆی بێنێ کە ببێتـە خـاوەن خـێزان و دەگـەڵ هاوسـەریدا بـە هێـمنیـیـەوە بژین و تۆوی بـەخـتـەوەری بۆ نـەوەکـانیـان بڕوێنن. هـەرچەندە سـەیری ئەم کارە دەکەم وەک ئەوە دێتـە بەرچاوم کە گـەوجێکی بێفەڕ لە جیـهـانی سـێیـەمـدا و لەژێر سـایەی ڕێژیمـی ڕەگـەزپەرسـتی داوای دیموکـراتییـەت بکا"[١١] ئەگەر سـەیری ئەم پەرەگرافە بکەین ڕۆماننووس چەند سوریالییانە باسی ئەوەمـان بۆ دەکـات کـە ژیـانی هـاوسـەری و خـۆشـەویسـتـی سـەدان گـەنج بووەتە قوربانی دروشـمی قـۆڕ و بێ مانای مرۆڤایەتی و سۆسیـالیستی، چونکو هەر ئەوان ئەو دروشـمانەیان بەرزکردبویەوە، کەوتبـوونە گیانی یەکتری و شـەڕی براکوژییـان

بەرپا کرد. ڕۆماننووس دەیەوێت بەم زمانە سوریالییە ڕەخنە بگرێت و ئیتر با خۆشەویستی نەکرێت بە قوربانی ئەو دروشمە بەتاڵانە " سوریالییەکان زۆر بەتوندی دژایەتی ئەو سەرچاوە و کەناڵانەیان کردووە کە ڕێگری و بەربەستیان لەبەردەم بیری پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگە و لەبەردەم ئازادییەکانی مرۆڤ دروست دەکرد، سەرچاوە و کەناڵەکانیش هەموویان داوونەریت و ئاین بوو"(١٢) ئەمە بێجگە لەوەی کە ئاین و داوونەریت ڕێگەی خۆشەویستی نادەن و گوناھ و حەرامە. ئەمە وای لە ڕۆماننووس کرد بەم شێوەیە تەعبیر بکا و بڵێت: سەرەڕای هەموو هۆیەک دروشمەکانی شۆڕش بوونە ڕێگر لە بەردەم خۆشەویستی.

مەسەلەیەکی تر کە ڕۆماننووس زۆر بە توندی ئاماژەی پێ داوە و ڕەخنەی لێ گرتووە و بە واقیعێکی ڕەشی داناوە و ویستوویەتی ئەوان بە ئاگا بێنێ. کە وەکو خوێندنەوەی داهاتووی لێ هاتووە، واتە موکری پێمان دەڵێت: گەر ئەوان ئاوا بەو شێوەیە بەردەوام بن هەرگیز ناتوانن ببن بە خاوەنی هیچ، ئەمەش پێشبینییەکی تەواو ڕاست بوو، لە پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١) شەڕی براکوژی ڕووی دایەوە ئەویش لە ئەنجامی ئەو عەقلیەتە بوو کە بەردەوام بەدوای دەسەڵاتەوە بوون نەک لە بیری میللەت. لە شەڕی براکوژی نێزیکەی (٩٠٠٠) مرۆڤی کورد بوونە قوربانی، دوایش ئەو هەموو گەندەڵی و ڕۆتینانەی کە لەلایەن هەندێک بەرپرسی نابەرپرس هەمان ئەو کاتی شۆڕش کە میللەتی زۆر تووڕە کرد لە شۆڕش ڕوویەکی ناشرینی بە شۆڕش و دەرەوە نیشان دا. لە جیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە هەنگاو بهاوێژن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هاویشتیان. ئەو میللەتەی بە ڕوح و گیان و ماڵ لە خزمەتی شۆڕش بوو کە چەندان ساڵە میللەت ئازادە، لێ تاکو ئێستا زۆر کەموکوڕی هەیە ماف هەیە نەدراوە " بێگومان هەر لە خوت و خۆڕایی نییە کە موکری شۆڕشێکی گەورە و گرانی پەنجا ساڵەی بە (سەگوەڕ) ناساندووە، چونکو هەندێک لەوانە بەناوی پیرۆزی کوردایەتییەوە شۆڕشی کوردیان لەلاڕێدا بردووە، ئەو شۆڕشەی کە میللەتێکی بەشخوراوی وەکو کورد زیاتر لەنیو سەدە بۆی تێکۆشاوە و قوربانی زۆر و زەبەندی بۆ داوە وای لێ کراوە کە شایەنی وشەی (سەگوەڕ) پتر نەبێت"(١٣)

ئەم شەڕە وای لە شۆڕش کرد کە ڕوویەکی ناشرینی پێ دا لە ڕێگەی دایکی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە دەڵێت: " شەرمە، داوەشێن...گەر دەربەستی ڕۆحی خۆتان نایەن و سەرەڕۆیانە مل دەنێن و یەکتری دەکوژن.. دەربەستی ئێمەی دایک

بێن، ئێـمـەی دایک نازانین ئێـوە لەسـەر چی ناکـۆکن و لـە براکـوژیدا دەسـتـتـان بەخـوێنی یەکتری سـوور بووە"[١٤] ئەمـەیە هەڵوێستی ئافرەتی ئەو سەردەم هەمـوو ژیانی خـۆیـان بۆ شـۆڕش تەرخـان کردبوو کـەچی ئەوانیش خـۆشیـان نەیاندەزانی لەسەر چی شـەڕ دەکەن و لە پێناو چی شـەڕ دەکەن، بۆچی یەکتر دەکوژن هەروەک پێـشـتـر گـوتمان مـوکـری هەوڵی داوە لـە ڕێگەی ڕۆمـانەکـەیەوە ناشـرینی و کەموکوڕییەکانی شۆڕش نیشان بدات هەوڵی گۆڕانیان بدات. ئەمەش هەوڵدانە بۆ جـوانکردنی ژیان، بۆ بەخشـینی مانای شـۆڕشـە بە شـۆڕش. هەروەها وێرانکردنی ئەو ژیانە و زەوینە خۆشکردن بۆ دروستکردنی ژیانێکی جیاوازتر و باڵاتر. موکری لەو سـەردەم بەتەنیـا شـەڕێکی سـوریالیـیـانەی دژی لۆجـیکیـیـەتی شـۆڕش هەڵگیرساند.یەکەم چەکی دەستی قەڵەمەکەی بوو، لێ نەیارانی لە جیاتی ئەوەی وەکـو ئەو بەقـەڵەم وەڵامـی بدەنـەوە کـەوتنە دوژمنایەتیکردنی و سـەدان ناو و ناتۆرەیان لـێ نا، ئەمـەش بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی ئەو کـەسـانەی ناو شـۆڕش نەیاندەتوانی قبوڵی گۆڕان و نوێبوونەوە بکەن، چونکو ڕەخنەیان قبووڵ نەبوو، لێ ئەو هەڵگری حەقیقەت بوو. هەڵگری پەیامی ڕاستی بوو بەرەو شـۆڕش جوانکردن، بۆ گـەڕاندنەوەی مـانای شـۆڕش، بۆ ئـەوەی ئەوانەی شـۆڕشـیـان نـاشـرین کـردبوو بڕووخێنرێن.

دوای نسکۆ شـۆڕش بەجـۆرێکی تر و دروشـمـێکی تر هەڵگیـرسـایەوە بۆیە کەسـایەتی ناو ڕۆمـانەکە بڕیاری گـەڕانەوەی ناو شـۆڕش دەدات" دیسـانەوە پاش نسکۆ و ئەم تێهەڵچوونە هەر عەشیرەتبازی و چاوپۆشین و ئاغایەتی لە گۆڕدا بێ دیسـانەوە ڕێ لە ڕۆشنبیـران گـرتن دەکـەنە ئامـانج یا وەک دەڵێن: چەشـە و ترە پەیمان لە خـشـتـەمـان دەباتەوە"[١٥] سـەیری ئەم وەسـفە جـوانە بۆ شـۆڕش بکە، ڕاسـتـە شـۆڕش هەڵگیـرسـایەوە، لێ چۆن؟ هەمـان عـەقلیـەتی جـاران، هـەمـان ڕوخسارەکانی جاران، هیچ شتێک نەگۆڕاوە تەنانەت ئەوان نەیانتوانیوە عەقلیەتی خۆیان بەرەو پێشـەوە ببەن، شـۆڕش ناوی شـۆڕشی نوێیە، لێ هەڵگری عـەقلیـەتی کۆن بوو، عـەقلیەتی عـەشیرەتبازی برەوی هەبوو. کەسایەتی ناو شۆڕش چاوەڕێی ئەوە بـوو بەرپرسـانی شـۆڕش بـە خـۆنوێکردنەوەوە بێنەوە ناو شـۆڕش. مـوکـری پرسـیـار دروست دەکـات بۆ هەمـان ڕوخـسـارەکـان؟ بۆ هەمـان عـەقلیـەت؟ بۆ عـەشـیـرەتبـازی؟ جـا کـاتێک مـوکـری دەبینێت هیچ شـتێک نەگـۆڕاوە، دەیەوێت لە

ڕێگەی کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکەی هەوڵی گۆڕانکاری بدات: "خۆتت هەڵبژارد بەشداری کەیت لەوەی (ئەم لە خۆ چووە وەئاگا بێنیتەوە.. با تیماری خوێنڕێژییەکەی بۆ کەسانی تر و قۆناخێکی تر بمێنێتەوە. ئەم ڕەفتارەت بەدڵی چ کەسێکی (مەسئول) نەبوو، دەیان داویان بۆ تەنیت هەزاران ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیت... ئەنجام.. ئەوەیە وا خۆت دەبینی کە ئێستا لە کوێدایت"(١٦) ئەمە هەڵوێستەکەیە، ئەمە ئەرکەکەیە کە ڕۆماننووس لە ڕێگەی کەسایەتییەکەوە خستوویەتیە سەرشانی خۆی و بەرەنگاری بەرپرسانی ناو شۆڕش دەبێتەوە بۆ گۆڕینی واقیعەکە، لێ موکری بەتەنیایە و هەموویان دوژمنایەتی دەکەن، کەواتە ئەوان دوژمنایەتی نوێبوونەوە دەکەن، ئەمەش وا دەگەیەنێت ئەگەر لەناو شۆڕش کەسێکی نوێخواز و ڕەخنەگر و خاوەن هەڵوێست هەبووایە دژایەتی دەکرا و سەدان ڕاپۆرت و ناو و ناتۆرەیان لێ دەنا. یاخۆ لە ڕێگەی خۆفرۆشانەوە هەواڵ بەدوژمن دەدرا و لە شار دەستگیر دەکرا.

لەبەرئەوەی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە کە نوێنەری کەسانی خاوەن هەڵوێست و ڕۆشنبیرە، چونکە ئەوانە ڕەخنەگر بووینە، عەقلیەتیان جیاواز بووە، دژایەتی کراون، موکری ئەو واقیعەی تێکەڵ بەخەیاڵە جوانەکانی خۆی کردووە و ڕۆمانێکی پڕ لە جوانی و ڕەخنەگرانەی بنیاتنەرانەی لێ بەرهەم هێناوە، بەرهەمێکی نایابە، جوانە. بۆیە دوا هەڵوێستی ڕۆماننووس لەم پەرەگرافە بەدیار دەکەوێت " بۆ وا بەپەلە هەڵسایتە سەر پێ بە توورەییەوە دەست بۆ ئەڵقەکانی زنجیرەکەت دەبەی؟ ڕەنگە مەبەستت بێ وشەیەک، دێڕێک، لەم ژوورە بۆ یادگاری جێ هێڵی ئەوە خۆ بە خەتی زل و ڕوو پێوی دیوارەکەی لای چەپت بە وشەی (سەگوەڕ) دەستنیشان کرد"(١٧) ئەمە دوا یاخیبوون و ڕەخنە و هەڵوێستی موکری بوو لە شۆڕش، دوای ئەوەی هەموو شتێکی کردە قوربانی شۆڕش. شۆڕش ئاوا پاداشتی دایەوە، دوا ئامۆژگاری بۆ نەوەی دوای خۆی ئەوە بوو کە ئەو شۆڕشە تەنیا (سەگوەڕ)ین بوو. " جا کاتێک شۆڕشێک بە سەگوەڕ دەچووێنرێت ئەوە ئەوپەڕی ڕیسواکردن و پەردە لە ڕوو هەڵماڵینی ڕاستییە داپۆشراوەکانە بەناوی پیرۆزی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی"(١٨) کەواتە موکری زۆر سوریالیانە لە سەردەمی خۆی لەو شۆڕشە یاخی بوو کە کوردایەتی دەکرد سوریالییانە وتی: شۆڕش یەکسانە بە سەگوەڕین.

پەراوێزەکان:

١- شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠، حوسێن عارف، کتێبی نووسینەکانم لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوە، سایتی تایبەتی نووسەر.

٢- چیرۆکی نێچیر، محەمەد موکری، حوزەیرانی ١٩٧٧، کتێبی نووسینەکانم لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا، حوسێن عارف.

٣- سەرچاوەی پێشوو.

٤- سەرچاوەی پێشوو.

٥- کتێبی نووسینەکانم لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا، حوسێن عارف، ل٨٧، سایتی تایبەتی نووسەر.

٦- سەگوەڕ، ڕۆمان، محەمەد موکری، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، چاپی شەشەم، ل ٦.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦.

٨- سوریالیزم وەک بیر وەک داهێنان، ناڵە حەسەن، کۆواری هەنار، ٢٠٠٩، ل ١٣.

٩- سەگوەڕ، محەمەد موکری، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ١٧.

١٠- سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧.

١١- سەرچاوەی پێشوو ل ٦٦- ٦٧.

١٢- سوریالیزم وەک بیر وەک داهێنان، ناڵە حەسەن، ل ١٨.

١٣- شۆڕش لە دوو گۆشەنیگای جیاوە، د.ئازاد حەمە شەریف، کۆواری نەوشەفەق، ژ ٦٣، کانوونی یەکەم ٢٠٠٨، ل ١٩.

١٤- سەگوەڕ، محەمەد موکری، ل ٥٩.

١٥- سەرچاوەی پێشوو ل ٧٣.

١٦- سەرچاوەی پێشوو ل ٧٤.

١٧- سەرچاوەی پێشوو ل ٧٥.

١٨- شۆڕش لە دوو گۆشەنیگای جیاوە، د. ئازاد حەمە شەریف، ل١٩.

## باسی چوارەم

### فەرهاد پیربال و چیرۆکی سوریالیزمی کوردی

فەرهاد پیربال بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا ژیاوە و خوێندنی باڵای لەناو دڵی ئەوروپا (پاریس) تەواو کردووە، ئاشنایەتییەکی زۆری لە بەرهەمی رۆئاوایی پەیدا کردووە. ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر نووسەر بە ئاشنابوونی بە ئەدەب و تەکنیکی تازە. کۆمەڵە چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان) کە لە ساڵی (٢٠٠٥) چاپی کردووە، دەمانخاتە نێو دنیایەکی پڕ لە سوریالییەت. ئەم چیرۆکانەی رەنگدانەوەی هەموو ژیانیەتی، هەر لە ساڵی (١٩٧٩-١٩٩٩) واتە هەندێکیان لە ناوەوەی کوردستان و هەندێکی تری لە تاراوگە نووسیوە. ئەم چیرۆکانەی نووسەر دەیان رەمز و مەغزا لە خۆیان دەگرن، چونکو بەرهەمی جوان و پڕ لە داهێنان لە یەکەم خوێندنەوەدا خۆ بەدەستەوە نادات. ئەم چیرۆکانەی چیرۆکنووس گەشەسەندنێکی بەرەوتی چیرۆکی نوێی کوردی دا، چونکو ئەم چیرۆکانە لە رووی روخسارەوە فۆرمی چیرۆکی کوردییان هەڵوەشاندەوە، چیرۆکنووس بە فۆرمێکی جیا لە هەموو چیرۆکنووسانی تر نووسی، خۆی جیا کردەوە لە هەموو چیرۆکنووسانی تر و رێچکەیەکی بۆ خۆی دیاری کرد. ئەم یاخیبوونە لە فۆرمی چیرۆکی کوردی وامان لێ دەکات بریاری ئەوە بدەین کە سوریالیزم لە چیرۆکەکانی رەنگی داوەتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی سوریالیی بابەتەکانمان بۆ باس دەکات و گاڵتەئامێزانە گاڵتە بە واقیع و لۆجیک دەکات.

رەنگدانەوەی ئەم رێبازە لە چیرۆکەکانی (فەرهاد پیربال) یاخۆ بەکارهێنانی شێواز و ناوەرۆکی سوریالیی لە چیرۆکدا بەهۆی کاریگەربوونیەتی بە رێبازە جیاجیاکانی ئەوروپا، ئێمە ناتوانین ناوی لاساییکردنەوەی لێ بنێین، چونکو ئەم رێبازانە بێگومان رێبازێکن ئاستێکی جیهانییان وەرگرتووە، بەواتایەکی تر لە جیهاندا پێڕەوکەرانی زۆرە. زۆرن ئەوانەی دەبنە قوتابخانەیەک و پێڕەوکەرانی

دەبێت. هەروەک چیرۆکنووس لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی دەگەڵم گوتی: هەموو مرۆیەکان لاسایی یەکتر دەکەنەوە ڕەنگە تەنیا ئادەم یەکەم مرۆ بێت لاسایی کەسی نەکردبێتەوە. چیرۆکنووسیش یەکێکە لە کەسە یاخییەکان. داهێنانی تازە دەکات، هەردەم بەدوای کاری نوێ و نوێبوونەوەیە. ئەو شێتی تازەگەری و داهێنانە. وەک ئەو شێوازە دووبارەکردنەوەی ڕستە و وشەکان لەناو چیرۆکەکان، هەروەها نووسینی پەراوێز لە چیرۆکدا و دروستکردنی لاکێشە و گێڕانەوەی چیرۆک بەشێوەیەکی نالۆجیکی ئەمانە هەمووی لە داهێنانە تازەکانی چیرۆکنووسن لەناو رەوتی ئەدەبی کوردی کە بوونەتە سیمبوولی ناسینەوەی نووسینی چیرۆکنووس. چیرۆکنووس هەموو بنیات و تەکنیکەکانی چیرۆکی نوێی لە چیرۆکەکانی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەکار هێناوە فانتازیای تێکەڵ بە ڕووداوەکان کردووە.

شتێکی تر کە جێگەی باسکردنە ئەویش ئەوەیە ئەگەر نەڵێین هەمووی دەنا زۆربەی چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی، لەبەرئەوەی چیرۆکنووس لە ژیانیدا هەوراز و نشێوێکی زۆری دیوە، بۆیە تووشی چەندەها چەرمەسەری و ناخۆشی بووە، هەر لێرەوە تا چوونی بۆ ئەوروپا و دواتریش گەڕانەوەی بە دید و فکرێکی تازەوە. کە ئەمەش تووشی ڕەخنەیەکی زۆری کردووە، چونکو شتی نوێ لە سەرەتادا زۆر دژایەتی دەکرێت تاکو شوێنی خۆی دەگرێت. ئەم فۆرم و تەکنیکە تازانە بێگومان گۆڕانیان دروست کرد، بەشێوەیەکی تر شیعر و چیرۆک دەنووسێ تاکو واقیعێکی بالآتر دروست بکا. شتی نالۆجیکیی هێنایە کایەوە کە تێیدا پڕ بوون لە جوانی و نوێخوازی. ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی (فەرهاد پیربال) لە پازدە چیرۆک پێک هاتووە، هەندێکیان لە کورت چیرۆکیش کورتترن وەک چیرۆکی (چیرۆکێکی زۆر درێژی تراژیدی).

لە چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان) کە تەکنیکی رەمزی بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەو نەخۆشییەی نێو کۆمەڵگەی کوردی بکا کە هیچ بەتەنگ کولتوور و ئەرشیف و کەلەپووری خۆیانەوە نین. تەنیا پارە و سامان و دەوڵەمەندی بەلایانەوە گرینگە. ڕەنگە لە ئەرشیفخانەکانی ئەوروپا سەدان و هەزاران دەستنووس و بەیازی کوردی هەبن پارێزراون، لێ هیچ نووسەرێکی کورد کە لە ئەوروپا دەژیت خەمی ئەوەی نییە کە ئەمانە رزگار بکا و ئەدەب و مێژووی کوردی

پێ دەوڵەمەند بکا، ئەمە جگە لە چەند هەوڵێکی وەکو (د.فەرهاد پیربال) و (د. کەمال مەزهەر) نەبێت.ئەمانە ئامادەن ڕابردووی نەتەوەکەیان لە پێناو پارە و سامان فەرامۆش بکەن. زۆربەی ئەم میللەتە زانست و بڕوانامەی بەرزیان بەلاوە گرینگ نییە. چیرۆکنووس لەم چیرۆکە ڕەخنە لەو ژیان و واقیعەی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت کە هەموو شتێک بەلایانەوە پارەیە، دەیەوێت ژیانی ئەوان بگۆڕێت، بەوەی ئەو کەسێکە کۆمەڵێ بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەکەی دەگەڵ خۆی هێناوەتەوە، بڕوانامەی بەرزی وەرگرتووە بۆ ئەوەی خزمەتی میللەتەکەی بکا.

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس باسی هەندێک وێنەی واقیعی نێو کۆمەڵگەی کوردی کردووە، وەک عادەتی پەتاتەخواردن کە ڕەمزە بۆ خۆشویستنی پارە و سامان. باس لە تاعوونێک دەکات لە گوند بڵاو بووەتەوە، گوند مەبەستی لە کوردستانە و تاعونیش مەبەستی لەو گرانییەیە لە ساڵانی نەوەدەکان لە کوردستان سەری هەڵدابوو، خەڵک بەدەست نان پەیداکردن و برسیەتی دەیانناڵاند. ئەوەی کەسێکی لە دەرەوە بووایە و پارەی بۆ ڕەوانە بکردایەوە ئەوا لەوپەڕی خۆشیدا دەژیا، لێرەدا چیرۆکنووس خۆی لە دەرەوە دەژیا کە گەڕاوەتەوە پەتاتە (پارە)ی دەگەڵ خۆی نەهێناوە، بەڵکو زێڕ (بڕوانامە و دەستنووس و ئەرشیفی کوردی) دەگەڵ خۆی هێناوەتەوە، بەمەش تووشی گلەیی زۆر هاتووە.

چیرۆکنووس خۆی کەسایەتی سەرەکی ناو چیرۆکەکەی خۆیەتی کە دوای سێزدە ساڵ ژیان لە ئاوارەیی و تاراوگە گەڕاوەتەوە، لێ لە جیاتی پارە، بڕوانامەی هێناوەتەوە " پەتاتە و زێڕ هەردووکیان ڕەمزن بۆ مەبەستی تر بەکار هاتوون، پەتاتە ڕەمزی پارەیە و زێڕ ڕەمزی ئەو بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنتە مێژووییەی کورد، کە فەرهاد لە مۆزەخانە و ئەرشیف و کەلێن و قوژبنەکانی وڵاتان کۆی کردوونەتەوە".(١)

چیرۆکنووس بەرەنگاری ئەو واقیع و لۆجیکە دەبێت بۆ ئەوەی بیشێوێنێت و دنیایەکی تر دروست بکا، ئەویش خۆشویستنی مێژووی کورد و نەتەوەکەیەتی. دەیەوێت واقیعێکی باڵاتر دروست بکا لە سەرووی ئەو واقیعەوە بێت کە پارە و سامان بووەتە هەموو شتێک و لە سەرووی هەموو شتێک دێت. ئەم هەوڵەی چیرۆکنووس بۆ دروستکردنی واقیعێکی باڵا و بێ نرخکردنی پارە و سامان و

بەرزکردنەوەی ئاست و بایەخدان بە کولتوور و ئەرشیفی کوردی بۆ زێڕ هەوڵێکی تەواو سوریالییە. بەکاربردنی وشەی سەیر و رەمز بۆ وشەی تر وا لە خوێنەر دەکات کە بۆ مانای پشت وشەکان بگەڕێت. هەروەها دووبارەکردنەوەی چەند ڕستەیەکی وەک (هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوەتەوە) تەکنیکێکی نوێیە (فەرهاد پیربال)ی پێ دەناسرێتەوە. ئەمەش وا دەکات بە خەڵک بڵێت پارە و سامان چەند بەلای مرۆی کوردەوە گرینگە و بروانامە و وێنە و بەڵگە و دیکۆمێنت چەندە بێ نرخن.

لە چیرۆکی (پەناهەندە) چیرۆکنووس تەکنیکێکی تازەی تاقی کردووەتەوە، یاخۆ فۆرمێکی تری لە چیرۆکنووسیندا بەکار هێناوە. ئەویش دووبارەکردنەوەی یەک ڕستە. ئەم چیرۆکە باس لە پەناهەندەیەک دەکات لە ئەوروپا، لە شوێنێک دە مۆز دەخوات و پەلکەکانی لەسەر جادە فڕێ دەدات. ئیتر چیرۆکنووس ئەم ڕستەیەی دووبارە کردووەتەوە، ئەم دووبارەکردنەوەیە فۆرمێکی نوێیە، دەتوانین بە چیرۆک و فۆرمی ئەدەبی تاراوگەی ناو ببەین، چونکو چیرۆکی ناوەخۆ تاکو ئێستا لەم جۆرە فۆرمەی تاقی نەکردووەتەوە. ئەم چیرۆکە گاڵتەکردنێکە بەوانەی دەچنە ئەوروپا و ناتوانن کولتوور و یاسا و ڕێسای ئەوێ فێربن. کاتێک ڕۆهەڵاتییەک دەچێتە ئەوێ ڕووبەڕووی ژینگەیەکی تر و کولتوورێکی تر دەبێتەوە کە زۆر جیاوازە لە هی خۆی. بەمەش وای لێ دێت تووشی نامۆییەک بێت و نەزانێ چۆن هەڵسوکەوت بکا، لەبەرئەوەی ناتوانێ ئەو کولتوورە نوێیە و دنیا تازەیە هەرس بکا، یاخۆ ئەو داوونەریت و عەقلیەتە دواکەوتووەکەی ڕێگەی نەدات زۆر شتی ئەوێ قبوول بکات. بۆیە ئەوەی دەچێتە ئەوروپا دەبێت لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکات. سەرەتا خۆی لە هەرچی داوونەریت و عەقڵیەتی دواکەوتوو دابماڵێت، دواتر خۆی بۆ تێکەڵبوون بەم دنیا تازەیە ئامادە بکا. بۆیە" لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ویستراوە دوو شت بوترێ یەکەم وەکو کردەیەکی وا غەریبە لە کردەی وەکو شێت یا نەشارەزا.....، ئەمە جگە لەوەی گەر بەئەنقەست وای نەکردبێ هەروەک ناویشی دەبەن کەسێکە شێت بووە ئەمەش لە وەڕسی و بێزارییە دووەم لە ڕێگەی ئەو هەموو دووپاتکردنەوەیە چیرۆکنووس ویستوویەتی حاڵەتێکی بەراورد بداتە حاڵەتەکەی خۆی، واتە لە نەوتراودا دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە دەڵێت: ئێمە بە بەردەوامی ئەوە حاڵمانە ئەوەش مێژوومانە"(٢)

بەمەش چیرۆکنووس تەکنیک و فۆرمێکی تازەی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی لە چیرۆکنووسییدا، تاکو لەو قالبە کۆنەی خۆی دەربچێت، هەروەها بەگژ ئەو واقیعە خەیاڵییەدا دەچێتەوە کە ئەوروپا بەهەشتێکە، ڕاستە بۆ ئەوانە بەهەشتە کە سوود لە جوانی و خۆ دەوڵەمەندکردن لە ڕووی رۆشنبیری و فیکرییەوە دەبینن.

چیرۆکێکی تری سوریالیی چیرۆکنووس چیرۆکی (چیرۆکێکی زۆر درێژی تراژیدی)یە. ئەم چیرۆکە خوێنەر تووشی دەیان هێنان و بردن و گریمانە دەکات. بەو واتایەی چیرۆکەکە مەغزای زۆر هەڵدەگرێتن یەکێکە لەو فۆرمە تازانەی کە چیرۆکنووس تاقی کردووەتەوە کە تەنیا لە پێنج وشە پێک دێت:"

پیاوێک....

ژنێک.....

دوو جۆر تەنیایی....."

ئەمە خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، واقیعێکی نێو کۆمەڵگەی کوردیمان بۆ بەیان دەکات. ئەگەر سەیری دوای وشەکان بکەین چەندان خاڵ هەیە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە چەندان وشەی تر لە دوای هەریەک لەو وشانە هەن، لێ (خوێنەر- ڕەخنەگر) دەبێت بەدوایاندا بچێت و بیاندۆزێتەوە. ئەم چیرۆکە وەک گوتمان مانای زۆرە ئەمەش وا دەکات سوریالییانە بێت، چونکو بەرهەمی سوریالیی هەردەم نوێبوونەوە و یاخیبوونی تێدایە، زوو خۆی نادات بەدەستەوە، هەروەها ئەم فۆرمەش یەکێکە لەو فۆرمە نوێیانەی چیرۆکنووس بەکاری بردووە بۆ ئەوەی داهێنانی پێ بکا. ئەمەش ڕەتکردنەوەی فۆرمە باوەکانی چیرۆکی کوردییە. دەتوانین چەندان خوێندنەوە بۆ ئەم چیرۆکە بکەین وەک: ئەوەی پیاوێک و ژنێک زۆر لە یەکتر دوورن ئەمەش وای کردووە دوو جۆر تەنیایی دروست بێت. یان دوو مرۆڤی خاوەن دوو جۆر کولتوور وەکو ڕۆهەڵاتییەک و ڕۆئاواییەک ئەمەش وایان لێ دەکات هەست بە دوو جۆر تەنیایی بکەن. دەتوانین چەندان خوێندنەوەی تری بۆ بکەین، هەم فۆرمەکەی و هەم ناوەڕەکەکەی نوێیە و یاخیبوونی پێوە دیارە و دەیەوێت گۆڕان دروست بکا.

چیرۆکی (شیزۆفرینیا) کە لە ساڵی (١٩٩٨) بڵاو کراوەتەوە. بەڕاستی تەکنیک و فۆرمی ئەم چیرۆکەش تەواو نوێیە بەو مانایەی لەناو چیرۆکی کوردی بەرچاو

ناکەوێت، دڵنیام زۆر لە نووسەران گاڵتەیان بەم جۆرە فۆرمانە دێت، لێ شتی جیاواز جوانیی خۆی هەیە. ئەم چیرۆکە لە (١٥) لاکێشە پێک دێت، هەر لاکێشەیەک دوو پەڕاوێزی هەیە کە ڕێنیشاندەر دەبێت بۆ دەستخستنی زانیاری تەواوکەر لە لاکێشەکانی تر. ناونیشانی چیرۆکەکە (شیزۆفرینیا)یە، ئەمەش نەخۆشییەکی عەقلییە هەڵسوکەوتی مرۆ تێک دەدات. ئەم چیرۆکە باس لە پەناهەندەیەکی کورد دەکات کە دوو جار ڕەفزی وەرگرتووە. ئەمەش وا لە (بەختیار) کەسایەتی چیرۆکەکە دەکات کە جامخانە و شووشەکان بشکێنێ لە ئەنجامدا بۆ پۆلیسخانەی دەبەن. ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی سایکۆلۆجییە، پێشتر ئەزموونی تر لە ئەدەبی کوردی لەم بابەتە هەبووە وەک (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)ی (شێرزاد حەسەن) و چەند ئەزموونێکی تر، لێ ئەوەی ئەم چیرۆکە لەوانی تر جودا دەکاتەوە، سوریالیزمبوونی و فۆرمە تازەکەیەتی. ئەم چیرۆکە خۆی دەروونییە تەنانەت خوێنەریش تووشی جۆرێک لە حاڵەتی دەروونی دەکات، بەوەی وای لێ دەکات لەم لاکێشەوە بچێت بۆ ئەو لاکێشە بەردەوام بگەڕێت بەدوای دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی ڕووداوەکان، وات لێ دەکات تووشی شیزۆفرینیا بیت. بەمەش ناتوانین لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە ببینەوە چونکو لە لاکێشەی کۆتایی بۆ لاکێشەی (٣ و ١٠) دەتگەڕێنێتەوە. ڕەخنەگرتنی چیرۆکنووسە لەو واقیعەی کە کورد تێیدا دەژی، هەزاران دەردەسەری وەک: شەڕی ناوەخۆ، برسیەتی، گرانی، نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری... کە وای لە تاکی کورد کردووە تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ بێتەوە و سەری خۆی هەڵبگریت بەرەو ئەوروپا، لەوێش ئەگەر ئیقامەی پێ نەدرا ئەوا دووپاتە نەهامەتی و حاڵەتی تری تووش دەبێت. ئەم ڕەخنەگرتنە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەیە، هەموو خەونی (بەختیار) گەڕانەوەی بۆ باوەشی دایکی بوو. دایک چ وەک کوردستان، چ وەک دایکی خۆی، سوریالییەکانیش گرینگی زۆریان بە تیۆرەکانی فرۆید دەدا پشتی تەواویان بە نائاگایی دەبەست ئەمەش لەم چیرۆکە ڕەنگی داوەتەوە. لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە دەتوانین حاڵەتی دەروونی تاکی کورد چ لە ناوەوە چ لەدەرەوە بزانین، ئەم چیرۆکە ڕەمز و مەغزای زۆر لە خۆی هەڵدەگرێت وەک: بەکارهێنانی دێرە شیعرێکی (نالی) کە ئەمەش وا دەکات بڵێت شیعرەکانی (نالی) گەورە و بە نرخن. تەنانەت بۆ ئەم سەردەمەی ئێستاشمان دەگونجێت و کوردیش خاوەنی شاعیری گەورەیە.

هەروەها بەهۆی شارەزایی و رۆشنبیری فراوانی چیرۆکنووس توانیویەتی لە داهێنانی فۆرمی نوێ بەردەوام بێ.

چیرۆکی (لامارتین) کە چیرۆکێکی تری ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی چیرۆکنووسە. باس لە کوردێک دەکات کە دوکتۆرای لە ئەوروپا لە قافیەی شیعر وەرگرتووە، دەچێتە هەر شوێنێک بۆ کارکردن وەری ناگرن، کەس پێویستی بەو پسپۆڕییە نییە. چونکو ئێستا دەبێت لە تەکنەلۆجیا شارەزا بیت، دواتر دەچێتە لای پەیکەرەکەی لامارتین و دەکەوێتە قسە دەگەڵ کردنی لەبارەی شیعر و بایەخ نەمانی شیعر. ئەم چیرۆکە سەرەتا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە خودی چیرۆکنووس زۆر بە بەرهەمەکانی لامارتین کاریگەر بووە.

دواتر دروستکردنی ئەو فانتازی و قسەکردن دەگەڵ پەیکەر و جووڵاندنی فۆرمێکی سوریالییە، چونکو ئیشی لەسەر شتێک کردووە کە لە دەرەوەی لۆجیک و واقیعە. ئەو باسی ئەو واقیعەمان بۆ دەکات کە شیعر و قافیە لەو سەردەمە باوی نەماوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی خەڵک ئەوەندە ناپرژێتە سەر شیعرخوێندنەوە. شیعر ئەو خوێنەرەی جارانی نەماوە، ئەوەندی خەڵک ئێستا خەریکی مۆبایل و بەرهەمی تەکنەلۆجین ئەوەندە کتێب ناخوێننەوە. باسکردنی ئەم واقیعە لەلایەن چیرۆکنووسەوە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە و گەڕاندنەوەی بایەخی شیعرە، ئەمە بەگوێرەی ئەوروپا و دەتوانین وەک خوێندنەوەی لایەنێکی چیرۆکەکە بێ.

لەلایەکی تر دەتوانین بەو شێوەیە ڕاڤەی بکەین کە لە ڕۆهەڵات تاکو ئێستاش هەر بایەخ بە شیعر و لایەنی سۆزداری دەدرێت، شیعر لە نووسیندا لە پلەی یەکەم دێت، لێ عەقڵ فەرامۆش کراوە. لە ئەوروپا ئەوەندە بایەخ بە شیعر نادرێت، خەڵک ئەوەندە کاتیان بۆ خوێندنەوەی شیعر نییە، بگرە بایەخ بە داهێنانە عەقلییەکان دەدرێت کە بەرهەمی تەکنەلۆژین. بۆیە ئەوانەی شاعیرن هیچ ئیشێکیان نییە بیکەن، لێ ئەوانەی لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا پسپۆڕن هەردەم کاریان هەیە. "بەڕاستی ئێمە و مانان، ئێمەی هونەرمەند و شاعیران جێگەی بەزەیین زۆرجار هەست دەکەم کە شەیتانێک هەر لە ئەزەلەوە ئێمەی بەبەدبەختی فرچک داوە"(٣) بۆیە چیرۆکنووس دەیەوێت واقیعێکی ترمان بۆ دروست بکا لەبەرئەوەی ئێمەی

کوردیش ڕوو بکەینە بواری تەکنەلۆجیا و چیی تر خۆمان بە قافیە و شیعرەوە خەریک نەکەین، بەڵکوو ڕوو بکەینە بواری ئابووری بەرەو پێشەوە ببەین ئەمەش مانای ئەوە نییە شیعر سوود و نرخی خۆی نییە، نەخێر، بگرە شیعر بەجێی خۆی و نەک پلەی یەکەمی بدەینێ.

چیرۆکی (پەراوێزەکانی ئەوروپا) تەکنیکێکی نوێی چیرۆکمان پێ دەناسێنێت. ئەویش نووسینی پەراوێزە بۆ چیرۆکەکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان. بەمەش زانیاری زیاترمان پێ دەدات کە وەکو زانیاری گشتین. ئەم تەکنیکە بێگومان بەهۆی کاریگەربوونی بە ئەدەبیاتی ئەوروپی. چیرۆکەکە باس لە پەناهەندەیەکی کورد دەکات بەناوی (کوردۆ) کە نامۆیە بە ژیانی ئەوروپا و باس لە ڕەفزکردنی ژیانی ئەوروپا دەکات. کەسایەتی چیرۆکەکە خۆی وا دەبینێت کە لە پەراوێز دەژیت بەهۆی نامۆبوونی بە یاسا و داوونەریتی ئەوروپا. لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە باسی دوو جۆر کولتوورمان بۆ دەکات. باسی ژیانی پەناهەندەیی و ژیانی ئەوروپامان بۆ دەکات بۆیە دەیەوێت ئەو واقیعە ڕەت بکاتەوە کە ئەوروپا بەبەهەشت دەزانن، چونکو (بێرگت) باسی ژیانی ئەوروپامان بۆ دەکات و دەڵێت "چونکە ئەوروپای ئێمە تەنیایە، ئەم تەنیاییە کوشندەیەی کە دەیبینیت، ئێمە خۆمان ئەوروپای خۆمان دروست کرد، ئێوەش ئازا بن ئەوروپای خۆتان دروست بکەن"[٤] بەمەش ژیان تەنانەت بۆ خودی ئەوروپاییەکانیش ناخۆشە، کاتێک کوردێک دەچێتە ئەوروپا تووشی پەراوێز دەبێتەوە بەهۆی نامۆبوونی بە کولتوور و یاسای ئەوێ.

پەراوێزەکان:

١- خوێندنەوەیەکی سەرپێی چیرۆکی پەتاتە خۆرەکان، سلێمان دڵسۆز، ڕ برایەتی ئەدەب و هونەر، ژ١٩٤، ٢٠٠٠، ل٤.

٢- فەرهاد پیربال و شەش چیرۆک کە بۆنی غوربەتیان لێ دێت، ئەسکەندەر جەلال. کۆواری کاروان، ژ١٩٩/، ١٩٩٨.

٣- پەتاتە خۆرەکان، فەرهاد پیربال، ٢٠٠٥، ل٣٧.

٤- سەرچاوەی پێشوو ل١٣.

بەشی پێنجەم

# کۆواره سورياليیه كوردییەكان

"وێران" یەكەمین كۆواری سوریالیزمی كوردی

بێگومـان هـەر ڕێبـاز و بزووتنەوەیـەكی ئەدەبی و فـیكری یاخـۆ سـیـاسـی كـە سـەر هەڵدەدات، یەكـەمین شت كـە بیـری لێ دەكـەنەوە دەركـردنی بڵاوكـراوەیەكـە جـا چ ڕۆژنامە، كۆوار، یاخۆ جۆرەكانی تری ڕاگەیاندن بێت. سـوریالیزمـە ئەوروپییـەكان كۆواری (شۆڕشـی سوریالی)یان دەركرد، كە تێیدا پـەیام و ئامانج و مانیفێستی ڕێبـازەكەیان تێدا بڵاو دەكردەوە. لەناو ئەدەبی كوردیدا ئەوەی لەبارەی نوێخـوازی و ڕێبازێك كۆواری دەركردبێت، ڕوانگەییـەكان بوون، پێشـتـر چەندان ڕۆژنامـە و كۆواری تری ئەدەبی و سـیـاسـی بڵاو كـرابوونـەوە، لێ وەكـو ئەوەی بیـانـەوێ لە سـەردەم و شـتی باوی سـەردەم لابدەن و خـۆیان جیـا بكەنەوە ئەوا ڕوانگەییـەكان ئەم كـارەیان كـرد. ئەوان ویسـتـیـان شـۆڕشـێك بكەن بەسـەر فـۆرم و تەكنیك لە ژانرەكـانـی ناو ئەدەبی كـوردیدا بۆیە كۆواری (ڕوانگە)یـان دەركرد و بـەیاننامـەی خۆشیان تێدا بڵاو كردەوە، لێ ئەوەندە بەردەوام نەبوو هەرچەندە هەراوهۆریایەكی زۆری دروست كرد و بوارێكی باشی بۆ ڕەخنەی كوردی هێنایە كایەوە.

لەو كاتەوە تاكو ساڵی (١٩٩٤) تاكە كۆوارێكمان بەرچاو ناكەوێت كە یاخیبوون و وێرانكردنی فۆرمـە باوەكانی واقیع بكاتە ئامـانجی خـۆی، ببێتـە هۆی گۆڕان و نوێبوونەوە لە ئەدەبدا. هەرچەندە لە هەشـتایەكان چەند نووسـەرێكـی وەكو (فەرهاد پیــربـاڵ، نەوزاد ڕەفــعــەت) و چەندانی تر لە نامــیلكـەیەكـدا بەناوی (هـاودەنگ) بەرهـەمی خـۆیان بڵاو كـردەوە، ئەمـەش بۆ ئەوە بـوو ئەوان هـاودەنگ بـوون لەسـەر نوێكردنـەوەی ئەدەبی كـوردی، لێ ئەمــەیان تـەنیـا وەكــو بەرهەمــێك بـوو نەك بـڵاوكــراوە. هـەروەهـا (ع. ع. یووسـف، جــەلال بەرزنجی، دڵشــاد عــەبدوڵڵا) لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٨٠) پرۆژەیەكیـان هـەبوو ئەویش دەركـردنی كـۆوارێكی بوو

بەناوی (٣) سێ، لێ لەو کات بەهۆی سانسۆری دەسەڵات ڕێگەیان پێ نەدرا، پرۆژەکە سەرکەوتوو نەبوو. بۆیە ئەوانە ناویان نایەت و کاریگەرییان دروست نەکرد. هەر لەبەر ئەمە بوو زۆر لەو گەنجانەی هەشتاکان بەهۆی نەبوونی ئازادی تاک و بیروڕا ڕوویان لە ئەوروپا کرد. لەوێ تێکەڵاوی کولتوور و ئەدەبیاتی نوێی ئەوروپی بوون. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەریانەوە جێ هێشت. زۆربەیان لەوێ درێژەیان بەخوێندن دا و بروانامەی بەرزیان بەدەست هێنا.

دوای ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) کە ئازادی بۆ گەلی کورد پەیدا بوو، دەسەڵاتی ڕێژیم نەما، ئەو گەنجانەی ئەوروپا گەڕانەوە بۆ کوردستان، لێ بەکۆمەڵێ پرۆژەی ڕۆشنبیری و فیکری نوێوە. بەمەش کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەوتی ئەدەبی لە کوردستان دروست کرد. کۆواری (وێران) یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە بیرۆکەکەی لە ئەوروپا لەلایەن نوێخوازەکانی کورد دروست بووە. ئەو کۆوارە کە لە هەموو ڕوویەکەوە تازە بوو وێرانکەری فۆرمە باوەکان بوو تەنانەت لە نووسینی بابەت و هەواڵ و وێنەکان تەواو کۆوارێکی سوریالیی بوو. سەرنووسەری کۆوارەکە (فەرهاد پیربال) سەبارەت بە مێژووی دەرچوون و چۆنیەتیی دەرچوونی کۆوارەکە دەڵێت: "مێژووی وێران دەگەڕێتەوە بۆ ئاخر و ئۆخری ئەو ماوەیەی کە لە فەرەنسا دەژیام واتە ساڵی (١٩٩٣) لەو کاتەوە لەدایک بوو کە من و ئەحمەدی مەلا یەکترمان ناسی. کە هەردووکمان کوڕی ئەم وڵاتە بووین. کەواتە بەشێوەیەکی مەبدەئی لەسەر دەستی من و ئەحمەدی مەلا لە ساڵی (١٩٩٣) لەدایک بوو. سەفەرێکی کوردستانم کرد و لەگەڵ برادەرانی هەولێریش قسەم کرد دیم: دەکرێ تەنسیقێک بکەین پرۆژەکە جێبەجێ بکەین، ئەو برادەرانەی لە هەولێر ڕاوێژم لەگەڵیان کرد ئەمانە بوون: مەحموود زامدار، عەباس عەبدوڵلا یووسف، هاشم سەراج، ئازاد حەمە شریف لە کانوونی دووەمی (١٩٩٤)"[١]

کەواتە وێران سەرەتا پرۆژەیەک بوو لە ئەوروپا سەری هەڵدا، بە فۆرم و تەکنیکی ئەوروپی، شوێنی جێبەجێکردن و دەرچوونی کوردستان/ هەولێر بوو. لە مانگی نۆڤێمبەری (١٩٩٤) یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو. لەسەر بەرگی کۆوارەکە نووسرابوو (گۆڤاری وێرانی داهێنان) کەواتە داهێنان ئامانجی سەرەکی کۆوارەکە بوو. دیارە کاری داهێنان و جوانی بە تازەگەریی فۆرم و تەکنیکی نوێ دەکرێت. بۆیە ئەم پرۆژە نوێخوازییەی وێران هەرایەکی زۆری دروست کرد کاریگەری زۆری

لەســـەر تـازەبوونەوەی ڕەوتـی ئەدەب و تێکشکاندنـی فـۆرمـــە باوەکـــان هـەبوو. بەتایبـەتی لەنـاو چینی گـەنجـان و قـوتابیـیـان، چونکو دەسـتـەی کـۆواری وێران پشـتگیـری تـەواویان لە گـەنج و بەرهـەمی گـەنجـانە و نوێخـوازانە دەکـرد. هـەر لە ژمارە یەکی کۆوارەکە مانیفێستی یەکەمی وێران بڵاو کرایەوە.

ئەوەی جێگەی سـەرنجـە لەم کۆوارەدا بەشـداریکردنـی چەندان ئافرەت بوو وەکو دەسـتـەی نووسـەران، پێـشـتـر ئافرەت بە نووسـین دەهـاتنە مـەیدان، لێ وەکـو ئەوە نەبوو بەشێوەیەکی فراوان و لە دەستەی نووسەراندا بن. چەندان ئافرەتی شاعیر بەشدارییان تێدا کرد. تەنانەت ڕۆڵیان هەبوو لە سەرخستنی پرۆژەی وێران وەک: (نەزەند بەگیخانی) و (مەهاباد قەرەداغی) دەگەڵ چەندان ئافرەتی تر بە بەرهەمە تازەکـانیـان بەشـدارییـان کـرد و کۆوارەکـەیان بەرەو پێـشـەوە برد وەکـو (کـەژاڵ ئەحمەد) و (سۆزان مامە). ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی یاخیبوونە، ئەم کۆوارە سـوریالیـیـەتی خـۆی سـەلماند، تەنـانە جـیـاوازی خـۆی سـەلماند. کـەواتە ئافـرەتە یاخـیـیـەکان ڕۆڵێکی بـەرچاویان هەبوو کـە تا ئێسـتـاش ئەوانـە داکـۆکی لە مـافی ئافرەت دەکەن بەردەوامن لەسـەر یاخـیبـوونی خـۆیان دژ بەهەمـوو عەقڵێکی کۆن و داوونەریت و یاسـا دواکـەوتووەکـانی ناو کـۆمـەڵگە کە ئافـرەتیـان لە نێـوان چوار دیواری ماڵەوە زیندانی کردووە.

ئەوەی زیاتر کۆواری وێران دەکاتە کۆوارێکی سـوریالیی چـەند خـاڵێکە. سـەرەتا دەتوانین بڵێین ئەم کۆوارە تەواو تەواو گەنجانەیە، بەو مـانایەی ئەوەی پیـر بێت لەم پرۆژەیە جێگەی نابێتەوە، لێرەدا مەبەستمان لە بەرهەمی پیرە، لە عەقڵی پیرە جا با بـەرهـەمی گـەورەترین شـاعـیـر و نووســەر بێت. هـەروەها لـەلایەکی تریش لەو بڕوایـەدا بوون کـــە مـــرۆ ئەگـــەر پیـــر بێت داهێـنانـی جـــوانی پـێ ناکـــرێت وەک سـەرنـووسـەری کۆوارەکـە (فـەرهـاد پیـربـاڵ) وەسیـەتنامـەی خـۆی دەنـووسـێت کـە تەمـــەنی گـــەیشـــتـووەتـە ڕادەیەک کـەڵکی داهێنانی نەمـاوە هـەر شـتـێ لەمـــەودوا دەینووسێت فڕێی بدەن و بە بێ بایەخ وەسفی بکەن. ئەو دەڵێت تەنیا گەنج خاوەن پرۆژەی جـوان و وێرانکـەرە " من لەمـرۆ بەمـلاوە ڕای دەگـەیەنم کـە هـیچ ڕەوایی و مـــافـێکم لە تازەگـــەری نـوێکردنەوەدا نـەمـــاوە هـەر بەرهـەمـــێکم ئـەگـــەر ئـیـــمـزای (٢٠٠١/٨/٢٠) ی بەسـەرەوە نەبێت پێویست وایە نووسـەر و خـوێنەران (بەتایبەتی خەڵکی گەنج) بە گومان و بێزەوە تەماشای بکەن، متمانەی پێ نەکەن هیچ بایەخ و

بەهایەکی بۆ دانەنێن بەچاوی سووکەوە سەیری بکەن"[٢]

ئەم بیرکردنەوە گەنجانەیە وا دەکات پێمان بڵێت کە گەنج وزەیەکی وای هەیە دەتوانێ هەموو شتێک وێران بکا، هەرچی شۆڕشی سیاسی و ئەدەبی هەیە لەسەر دەستی گەنج کراوە. ئەم گەنجە یاخیبووانەش دوای ئەوەی هەستیان کرد کە چ کۆنی و دواکەوتوویەک هەموو لایەکی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری گرتووەتەوە، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ کە وای لە زیاتر (٢٧) شاعیر و نووسەر کرد وەسیەتنامەی خۆیان بنووسن. ئەمەش هەر هەڵوێست وەرگرتن بوو دژی شەڕی ناوخۆ. هەروەها ئەو وەستاوی و مەنگییەی کە لە ئەدەبیاتدا هەبوو کە هەر لاساییکردنەوە و جوینەوەی ئەدەبیاتی کۆن بوو، ئەمەش وای لە وێرانەکان کرد کە بیر لە وێرانکردنی ئەم ئەدەبە بکەنەوە سەرلەنوێ ئەدەبیاتێکی نوێ و یاخی و تازە بەرهەم بهێنن.

ئەگەر لە ڕووی فۆرم و تەکنیک و دیزایینەوە سەیری بەرگ و ناوەوەی کۆواری وێران بکەین، دەبینین کۆوارێکە لە هیچ کۆوارێکی پێش خۆی ناچێت. واتە ئەو دیزاین و فۆرمەی هەیەتی تەواو جیاواز و نوێیە. تەنانەت لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر نوێتر و جیاوازترە. هەرچەندە ئەوان لە مانفێستەکەیاندا ڕایان گەیاند سەر بەهیچ گرووپ و ڕێبازێک نین ئەوان تەنیا نوێخوازن، لێ (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) کە یەکێکە لە شاعیران و نووسەرانی وێران دەڵێت: وێران کۆوارێکی هەمەچەشنی دادایزم و سوریالیزم و فۆرمالیستی وەرگرتووە. بەمەش پێمان دەڵێت ئەوان سوودیان لە یاخیبوون و نوێخوازی ئەم سێ ڕێبازە جیهانییە وەرگرتووە بۆ ئەوەی داهێنان و شتی جوان بکەن.

لە وێراندا چەندەها تابلۆ و وێنەی سوریالیی و دەقی نامــاقــووڵ و نالۆجــیک بەرچاو دەکەون. چەندان گەمەی سوریالی لەم کۆوارە بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لە دوا لاپەڕەی ژمارە (٦ و ٧) لە گۆشەی (چاو+ پێ+ کەوتن) گەمەیەکی سوریالیی کراوە کە چاوپێکەوتنیان دەگەڵ دوو کەس کردووە با ئەوەی ژمارە (٦) وەربگرین کە (١٠) پرسیاریان لە (حەسەن یاسین)ی دەستەی نووسەرانی (هەواڵ) لە سلێمانی کردووە، بەبێ ئەوەی ئەو ئاگەداری پرسیارەکان بێت و بزانێت چین تەنیا ئامرازی پرسیاری دیوە و ئەویش بۆ هەر ئامرازێک وەڵامێکی داوەتەوە، لە کۆتاییدا کاتێک پرسیارەکان ئاشکرا دەکەن دەبینین گەمەیەکی سوریالیی زۆر

جوان و پڕ چێژ دروست دەبێت با نموونەی ئەمە وەربگرین:

– بۆچی هەولێرت بەجێ هێشت و چوویتە سلێمانی؟

و/ بۆ ئەوەی جارێکی تر چاوم بە تەیراوە بگەشێتەوە.

– ئامانجی ڕۆژنامە نووسان چییە؟

و/ هیچ.

– ئاخۆ کەی ڕێگای نێوان هەولێر و سلێمانی دەکرێتەوە؟

و/ ئەو کاتەی لە هەولێر دوورم خەنەوە."(٣)

لەلایەکی تر ئەو تێکست و نووسینانەی ناو کۆوارەکە تەواو نامـاقـووڵ و ناعـەقـڵانین. هەمـوویان ڕەخنە لە دەسـەڵات و حکوومـەت دەگـرن. لە ژمـارە (٧)ی وێراندا چەندان هەواڵ بڵاو کراوەتەوە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە، لە کۆتایی هەواڵەکە نووسراوە پاشماوەی هەواڵەکە لە لاپەڕە (٧) بخوێنەوە کە سەیری ئەوێ دەکەی دەبینین ئەم هەواڵانە تەنیا خەونی گەنجێ یا مامۆستایەکە. کە سەرەتا هەواڵەکە دەخوێنیتەوە زۆر سەرنجت ڕادەکێشێت باوەڕ دەکەیت کە شتێکی وا مەحاڵ لەو سەردەمە هاتبێتە جێبەجێکردن، لێ کە پاشماوەی هەواڵەکە دەخوێنیتەوە دەبینی تەنیا خەونی گەنجێکە و بەس. لەم ڕێگەیەوە کۆوارەکە ئەرکێکی پیرۆز ئەنجام دەدات کە ئاگەدارکردنەوەی دەسەڵاتە لە کەموکورییەکان. هەزاران مرۆی ئەم وڵاتە لەدەردەسەری و ناخۆشی ژیان بەسەر دەبەن.

نوێخوازییەکی تری کۆوارەکە پێشاندانی وێنەکانە بەشێوەیەکی سەیر وەکو سەرەوخوارکردنی وێنەی گۆرانی شاعیر ئەمەش ئەوپەڕی ناماقووڵی و تازەگەرییە. بابەتەکانی ناو وێران هەموو شتێکی کۆن وێران دەکات، بەم تەکنیکە نوێیانە و جیاوازانە وێران بووە یەکەمین کۆواری سوریالیزمی کوردی کە هەموو شتێکی وێران کرد و بەشێوەیەکی جوانتر و داهێنانەتر دروستی کردنەوە. یەکەمین کۆوار بوو بەتەکنیک و فۆرمی تازەوە هاتە مەیدان بۆ ئەمەش سوودی لە بەرهەمی تازەی ئەوروپی وەرگرتبوو. هەرایەکی زۆری دروست کرد وەکو (ڕوانگە) دەیان بابەتی لەسەر نووسرا و بوارێکی تر و تەکانێکی تری دا بە ڕەوتی ڕەخنەگرتن. ئەم کۆوارە تاکو ئێستاش بەردەوامە و لە خولی سێیەمیەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نوێبوونەوە و وێرانکردنی شتی کۆن و بەرهەمهێنانی داهێنان و تازەگەرییە.

پەراوێزەکان:

١- بەراوردێک لە نێوان جموجۆڵی گۆڤاری ڕوانگە و گۆڤاری وێران، بەشی یەکەم، ڕێزان عوسمان مستەفا، کۆواری ڕامان، ژ/ ٤٠.

٢- وەفاتنامەیەک، فەرهاد پیربال، کۆواری وێران، ژ/ ٦، مارسی ٢٠٠٣.

٣- سەرچاوەی پێشوو.

## کۆواری "شین" و "شیعر" و سوریالیزم

ئەم کۆوارانە هەریەکەیان سەر بەدەزگایەکی جیاوازە و بە جودا بڵاو کراونەتەوە، لێ هەردووکیان ڕۆڵیان هەبووە لە نوێکردنەوە و ناساندنی سوریالیزم لەناو ئەدەبی کوردیدا. کۆواری (شین) لە ئاداری (٢٠٠٤) لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بڵاو کراوەتەوە دوای کۆواری وێران ئەویش گرینگی بەرەوتی نوێخوازی دا. ئەوەی وای کرد ئەم کۆوارە ڕەوتێکی سوریالیی و یاخیگەراییانەی هەبێت دەستەی نووسەرانی کۆوارەکە بوو کە بریتی بوون لە (د. فەرهاد پیربال، د. ئەحمەدی مەلا، د. موحسین ئەحمەد عومەر). ئەمانە هەرسێکیان لە ئەوروپا گەڕابوونەوە و لەوێ ئاشنای نوێخوازی و ئەدەبیاتی ئەوروپی بوون. ئەوان بە هەگبەیەکی پڕ لە داهێنان و جوانی گەڕابوونەوە. ئەم کۆوارە چەندان تەکنیک و فۆرمی تازەی بە نووسەران و ئەدیبانی کوردی ئاشنا کرد. بەرهەمی وێرانەکریان دەردەکرد. ڕۆڵیان هەبوو لە ناساندنی گەورە شاعیران و نووسەرانی ئەوروپا کە کاریگەرییان لەسەر سەردەمەکی خۆیان هەبووە.

هەرچی پێوەندی بەکۆواری (شیعر)ەوە هەبێت ئەم کۆوارە لەشاری هەولێر لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نماوە دەردەچوو. ژمارە یەکی لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٦) دەرچووە. ئەم کۆوارە وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە ئامانج لە دەرچوونی ئەم کۆوارە چییە؟

"چونکە ئەمڕۆ شیعر هەتک کراوە، کراوەتە ئامراز، بارگاوی کراوە بەواتا کۆمەڵایەتی و سیاسی جۆراوجۆرەکان"(١) ئەمەش زۆر گرینگە، هەروەها لەلایەک ئەم کۆوارە تایبەت بووە بە شیعر، لەلایەکی تریش زۆر ڕاستە شیعر بووەتە ئامرازی پارە پەیداکردن بۆ پیاهەڵدانی حزب و کەسایەتییەکان، بۆ پیاهەڵدانی

دەسـەڵات، نەک بۆ گۆڕینی ڕەگوڕیشەی عەقلیەتی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە. نەبووەتە هۆی دابینکردنی هۆشیاری و بناخە دارێژی فیکرێکی فراوان تاکو هەموو کات ئێمە بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بین. شیعر میسداقیەتی خۆی لەدەست داوە، هەموومان بەرپرسیارین نابێت ڕێگە بدرێت ئەو هەموو بەناو شاعیرە (کە لە ڕاستیدا کراون بەشاعیر) ئەو هەموو ڕۆشنبیرە ساختانە وا بەئارەزووی خۆیان ئەدەب (بەهەموو ژانرەکانییەوە) بۆ مەرامی خۆیان بەکار بێنن. زۆرن ئەوانەی کە کراون بە ڕۆشنبیر و ئەرکی ڕۆشنبیری گەورەشیان پێ سپێردراوە. هەرچەندە ئەدەب پڕیەتی لە ئێستێتیکا، لێ ئەوان خاڵین لە ئێستێتیکا".

ئامانجێکی تری ئەم کۆوارە نوێخوازە و سوریالییە، ئەوەیە پردێک دروست بکا لە نێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ڕۆژئاوا بەتایبەتی لە شیعردا. ئەم پردە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەدەبی کوردی دانەبڕێت لە ئەدەبیاتی جیهانی، لێرەوە ئەگەر ئەم پردە دروست بێت ئەوا فۆرمی تر و تەکنیکی تازەتر سەرهەڵدەدەن، سوود لە یەکتری دەبینن. بۆ نموونە بەهۆی ئەم ئاشنایەتییەوە زانستی بەراوردکاری دێتە کایەوە، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری لەو ئەدەبانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەری و کاریگەربوونیان لەسەر یەکتری هەیە بەمەرجێک بەندوباری مێژوویی لەنێوانیان هەبێت. ئەگەر سەیری ئەدەبی کوردی بکەین دەتوانین بە هۆی ئەدەبی بەراوردکارییەوە کاریگەری گەورەی ئەدەبی فەرەنسی لەسەر زۆرێک لەنووسەران و شاعیرانمان دیاری بکەین. بەمەش دەیان لێکۆڵینەوە دێتە بوون، بواری رەخنە بەرەو پێشەوە دەڕوات. وەک ئەوانە دەڵێن" دەمانەوێ چەند پەنجەرەیەکی ڕۆژئاوایی و نەوبین و نەونما بەسەر شیعری ئەمڕۆماندا والا بکەین"[٢] دیسان دەڵێن "قاچێکمان لەسەر ئەزموون و تێکست و دیدە خۆماڵییەکانمان، قاچەکەی تریشمان لەسەر ئەزموون و تێکست و تیۆرە ئەوروپی و بێگانە ڕەسەنەکان هەوڵ دەدەین شیعر ببووژێنینەوە"[٣] ئەم دەرگە والاکردنە بەڕووی ئەدەبیاتی بێگانە مانای ئەوەیە با چیی تر ئەدەب و شیعر قەتیس نەکەین، چونکو هەر شتێک ئەگەر قەتیس کرا و ڕێگەی چوونە دەرەوە و هاتنەژوورەوەی نەبێت بۆگەن دەکات و هەرگیز نوێبوونەوە و پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت. ئەم چەند خاڵەی لە ژمارە (١)ی ئەم کۆوارە هاتووە ڕاستی لە مانفێستێک دەچێت.

وەک گوتمان ئەم کۆوارە لە هەوڵی ئەوەدا بوو شیعری نوێی جیهانمان پێ

بناسێنێ. لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کۆوارە ئاشنامان دەکات بە شیعری نوێی چینی و عێراقی و ئەڵمانی. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمەش وەک کورد دانەبڕێین لە ئەدەبیاتی جیهانی کە شیعرێکی نوێمان بینی یاخۆ تەکنیک و فۆرمێکی نوێی شیعریمان بینی لامان غەریب نەبێت و پێمان سەیر نەبێت. هەروەها ئاشنامان دەکات بە شاعیر و نووسەرە مەزنەکان ئەمەش هەنگاوێکی ترە بۆ ئەوەی شارەزای ژیان و بەرهەمی کەسایەتیی تر بین و داهێنانەکانیان بزانین. بەمەش بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ئەم دوو کۆوارە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە ناساندن و بەرەوپێشەوەچوونی ڕێبازی سوریالیزم لەناو ئەدەبی کوردی.

پەراوێزەکان:

١- کۆواری شیعر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، ژ١، کانوونی دووەم، ٢٠٠٦، ل٢.

٢ و ٣- سەرچاوەی پێشوو ل٢.

## گەمەی سوریالی لە ئەدەبی کوردیدا

هەروەک چۆن ئەم گەمەیە لەناو ڕێبازی سوریالیزم لە ئەوروپا و ئەدەبی عەرەبیدا بوونی هەیە، بەهەمان شێوە لەناو ئەدەبیاتی کوردیش لەسەر دەستی شاعیر و نووسەرانی نوێخواز ئەنجام دراوە. دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین ئەم گەمەیە تایبەتە بە سوریالییەکان. لێ مێژوویەکی نوێی هەیە، لەدوای ڕاپەڕین کە چەندان شاعیر و نووسەری نوێخواز لە تاراوگە گەڕانەوە بۆ کوردستان. شەپۆلێکی نوێخوازی و ئاشنایەتی بەئەدەبیاتی ئەورووپی پەیدا بوو.

ئەم گەمەیە هەروەک پێشتر گوتمان چێژ و تامی خۆی هەیە، وا بزانم پێویست ناکات لێرەدا باسی گەمەکە بکەین چییە و پێناسەی بکەین چونکو لە باسی ئەم گەمەیە لە ئەدەبی عەرەبی باسمان کرد. هەروەها بێ ئەوەی کەسی پرسیارلێکراو (نووسەر، شاعیر...) خۆی بۆ ئامادە کردبێت واتە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان وەڵام دەداتەوە، بەمانایەکی تر کەسی پرسیارلێکراو خۆی بۆ وەڵامدانەوەیەکی لۆجیکی و عەقڵانی ئامادە ناکات. لێ بەشێوەیەک وەڵامیان دەداتەوە لە چرکەساتی پرسیارکردنەکە هەرچی بەمێشکدا هات یەکسەر دەیڵێت، بەو مانایەی کەسی پرسیارلێکراو تەواو ئازادە وەڵامی چۆنە و چی دەبێت، دەگەڵ عەقل و لۆجیک

دەگونجێت یان نا ئەوە گرینگ نییە. کەسی پرسیارلێکراوە ناکەوێتە ژێر باری بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای وشەی قەبەدار و زل. ڕەنگە وەڵامەکەی زۆر سادە بێت و گاڵتەجاڕانە بێت، لێ لە مانا قووڵ دەبێت. ئەمەش دەبێ ئامادەکاری بۆ بکرێت واتە کەسی پرسیارلێکراو ئامادەیی هەبێت بۆ ئەنجامدانی گەمەکە بۆ ئەوەی یەکسەر وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

لەناو ئەدەبی کوردی ئەوەندەی ئێمە ئاگەدار بین و بەرچاومان کەوتبێ یەکەم جار ئەم گەمەیە لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری (وێران) ئەنجام دراوە لە ساڵی (١٩٩٤) وەک لە پێشتر باسمان کرد و نموونەمان بۆ هێناوە. بۆ جاری دووەم لەلایەن ڕۆژنامەنووس (یاسین عومەر)ەوە دەگەڵ ژمارەیەک لە شاعیرانی کورد ئەنجام دراوە کە لە کۆواری (لڤین) بڵاو کراوەتەوە، لێ ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە تەنیا لەسەر ئینتەرنێت دۆزیمانەوە لێرەدا چەند نموونەیەکی دەنووسین:

دەگەڵ د. فەرهاد پیرباڵ

یاسین عومەر: شەڕ چییە؟

فەرهاد پیرباڵ: ئاڵایەکی بڵندکراوە، هەڵدەستێ بەناشتنی دەیان ئاڵای تر.

یاسین عومەر: کەی دەگری؟

فەرهاد پیرباڵ: کاتێ من نوستووم، ئەو قەشمەری بەکتێبەکانم دەکات.

یاسین عومەر؟ خۆشەویستی چییە؟

فەرهاد پیرباڵ: بایەکە هەرگیز بە وڵاتی مندا تێپەڕ نابێت.

***

دەگەڵ (دڵشاد عەبدوڵڵا)

یاسین عومەر: ئوسامە بن لادن کێیە؟

دڵشاد عەبدوڵڵا: گیایەکە لە کاتی سەردەرهێنانی وشک بووە.

یاسین عومەر: کەی قیامەت هەڵدەستێ؟

دڵشاد عەبدوڵڵا: کاتێ مردن لە دەرگاکان دەوەستێ.

یاسین عومەر: دڵشاد عەبدوڵڵا کێیە؟

دڵشاد عەبدوڵڵا: شۆڕشگێڕێکە، وێران بووە بەهۆی شۆڕشەکانیەوە.

ئەگەر سەیری ئەم دوو گەمەیەی سەرەوە بکەین دەبینین وەڵامەکان زۆر لە شیعر نزیکن. بە زمانێکی شیعری وەڵام دراونەتەوە. کاتێک (فەرهاد پیربال) لە وەڵامی (شەڕ چییە؟) دا دەڵێت: (ئالایەکی بڵندکراوە هەڵدەستێ بەناشتنی دەیان ئالای تر) سەیری ئەم ڕەمز و مەغزایە بکە کە لە پشت ئەم وەڵامەدا هەیە کە زمانێکی سوریالیی هەیە. مەبەستی ئەوەیە لە شەڕدا یەک کەس (یەک سوپا) سەردەکەوێت و ئەوانی تر هەموویان دەمرن (دەکوژرێن). نەهاتووە پێناسەی شەڕمان بۆ بکا. بەم ڕستەیە مانایەکی قووڵی داوە بەدەستەوە کە یەک کەس سەردەکەوێت و دەیان کەس دەبنە قوربانی حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندیی سەرکردە، هەرچەندە (فەرهاد پیربال) تەنیا وشەی (چییە)ی پێ گوتراوە، لێ بەو هۆیەوە دەزانین لە نەستی ئەو کەسە چی حەشاردراوە و چی ئازاری دەدات، نرخی ئەم گەمەیە لێرەدا، لێرەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت، (فەرهاد پیربال) زۆر رقی لە شەڕە، لێ لە نەستی خۆی حەشاریداوە.

لە وەڵامی (خۆشەویستی چییە؟) دەڵێت: (بایەکە هەرگیز بە وڵاتی مندا نایێت). بەهەمان شێوە زۆر جوانی بۆ چووە. پێناسەی خۆشەویستی ناکات کە بریتی بێت لە سۆز و ئازار و نازانم شتی پڕوپوچ. بگرە هاتووە پێمان دەڵێت ئەو وشەیە لە وڵاتی ئەو بوونێکی نییە. شتێک نییە ناوی خۆشەویستی بێت، چونکو ئەگەر ئەوە هەبێت ئەی ئەو هەموو شەڕ و ناشرینییە چییە لەم وڵاتە.

کاتێک لە (دڵشاد عەبدوڵڵا)ی شاعیر دەپرسێت (ئوسامە بن لادن کێیە؟) ئەویش بەزمانێکی سوریالیی دەڵێت: (گیایەکە لە کاتی سەرهەڵدانی وشک بووە) واتە ئەو مرۆیە، لێ خۆی لە مرۆبوون سڕییەوە بەو مانایەی هەرچی ویژدان و مانای مرۆڤایەتی هەیە لەلای ئەو مرۆیە بوونی نییە. بێگومان مرۆ بە ویژدان و سیفەتەکانی مرۆبوون جوانە، ئەو بەرپرسە لە ڕووداوی (١١)ی سێپتێمبەر کە هەزاران کەسی لە ئەمەریکا کوشت بە بیانووی کافربوون، ڕاستە کافرن، بەڵام مرۆڤن، دروستکراوی خوان لەسەر زەوی، ئەوان نیشتەجێی خوان لەسەر زەوی هەروەک لە قورئانی پیرۆز هاتووە، نەیفەرمووە موسڵمان نیشتەجێی خوایە فەرموویەتی مرۆ. کەواتە ئەوە کاری خوای گەورەیە لێیان بپرسێتەوە و سزایان بدات. ئەم گەمەیە جوانی خۆی و داهێنانی جوانی پێ دەکرێت، کەواتە ئەدەبی کوردیش خاڵی نییە لەو داهێنان و فۆرمە تازانە.

## سەرچاوەکان

کتێبی کوردی:

١- ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢- ئەدۆنیس ئەفسوونکاریووشەکان، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای وەرگێڕان، سلێمانی، ,٢٠٠٧
٣- ئەفسانەی ڕەنگستان، یان ڕەنگستانی ئەفسانە، ڕۆمان، عەبدوڵڵا سەراج، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٩.
٤- ئیگۆ و ئید، سیگمۆند فرۆید، و: یووسف عوسمان حەمەد، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥.
٥- بنیادی وێنە لە شیعری شێرکۆ بێکەس، هاوژین سلێوە عیسا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٦- چیرۆکی هونەری کوردی، شێوە و شێواز و بونیاد، زاهیر رۆژبەیانی، دەزگای موکریان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
٧- پەتاتە خۆرەکان، کۆمەڵە چیرۆک، فەرهاد پیربال، ٢٠٠٥.
٨- جوایەز، هەڵبژاردەی نۆ شاعیری هەولێر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
٩- خەون وا خۆی گێڕایەوە، دیوان، سەباح رەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٠- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
١١- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
١٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. فەرهاد پیربال، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٣- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. هیمداد حوسێن، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٤- ڕووەکەکانی خوداوەند، دیوان، سەباح رەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٥- سەگوەڕ، محەمەد موکری، دەزگای ئاراس، چاپی شەشەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٦– سپیاتییەکانی ناو ڕەش و ڕەشاییییەکانی ناو سپی، دیوان، فەرهاد پیربال، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران، هەولێر، ١٩٩٩.
١٧– شوناسی تەواو نەکراو، ئەدۆنیس، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بڵاوکراوەی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٨– شەڕی چل ساڵە، دیوان، سەباح ڕەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٩– قوتابخانە ئەدەبییەکان، رضا سید حوسێنی، و: حەمە کەریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢٠– کۆ چیرۆک، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢١– کتێبی نالی، ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.
٢٢– کلکی کتکی پرسیارە، دیوان، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٣– کتێبی نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە، حوسێن عارف، سایتی تایبەتی نووسەر.
٢٤– لاکێشە ڕوونەکان و ئەوانی تر، عەبدوڵڵا سەڕاج، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٥– لە نێوان (بلیمەتی) و (شێتیی)دا، هاشم ساڵح، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، کتێبفرۆشی سۆران، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤

کتێبی عەرەبی:
٢٦– أعمال مختارة جورج حنين، اختيار وترجمة: بشير السباعي، منشورات الجمل، ١٩٩٦.
٢٧– أندرية بريتون، أندرية بوليزوتي، مطبوعات جامعة كاليفورنيا، ٢٠٠٤
٢٨– مئة عام من الرسم الحديث، ج. ا. مولر و فرانك ايلغر، ت: فخري خليل، دار المأمون، بغداد ١٩٨٨.
٢٩– المذاهب الأدبية من الكلاسيكية الى العبثية، د. نبيل راغب، مكتبة مصر، القاهرة.
٣٠– مذاهب الأدب الغربي، د. عبدالباسط بدر، دار الشعاع، الكويت.

کۆوارە کوردییەکان:
٣١– کۆواری بەیان، ژمارە ٩٥، ١٩٨٥
٣٢– کۆواری ڕامان، ژمارە ٤٠
٣٣– کۆواری ڕامان، ژمارە ١٣٢، ٢٠٠٨/٥/٥
٣٤– کۆواری ڕامان، ژمارە٨٦–٨٧، ٢٠٠٤
٣٥– کۆواری ڕامان، ژمارە ٧٢، ٢٠٠٢

٣٦- كۆواری شین، ژماره ١، دەزگای ئاراس، ئاداری ٢٠٠٤
٣٧- كۆواری شین، ژماره ٢، دەزگای ئاراس، نیسانی ٢٠٠٤
٣٨- كۆواری شیعر، ژماره ١، سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكری و ئەدەبی نما، جانیوەری ٢٠٠٦
٣٩- كۆواری كاروان، ژماره ١٩٩، ١٩٩٨
٤٠- كۆواری كاروان، ژماره ٢٢٧
٤١- كۆواری وەرگێران، ژماره ٢، ١٩٩٧
٤٢- كۆواری وێران، ژماره ٦، مارسی ٢٠٠٣
٤٣- كۆواری نەوشەفەق، ژماره ٥٧، ٢٠٠٨
٤٤- كۆواری نەوشەفەق، ژماره ٦٣، ٢٠٠٨
٤٥- كۆواری هەنار، ژماره ٣٢، ٢٠٠٨
٤٦- كۆواری هەنار، ژماره ٤٠، ٢٠٠٩

ڕۆژنامە كوردییەكان:

٤٧- ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژماره ١٩٤، ٢٠٠٠
٤٨- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژماره ٤٥٥، ٢٠٠٨/٩/٧
٤٩- پاشكۆی ڕەخنەی چاودێر، ژ: ٢٠٧، لە ٢٠١٠/٤/٥

كۆوارە عەرەبییەكان:

٥٠- مجله فراديس، عدد ٢، ١٩٩١.
٥١- مجله فراديس، عدد١٠، ١٩٩٥.
٢٥- الحوار المتمدن، عدد ١٢٨٢، ٢٠٠٥/٨/٢٠.

سایتی ئینتەرنێت:

٥٣- الحركة السوريالية في مصر، بشير السباعي، www.nizwa.com.
٥٤- السوريالية وتحولاتها عند عبدالقادر الجنابي، نصيف الناصري، www.iraqalkalema.com
٥٥- الوسائط الثقافية للنشر الألكتروني، خاص شبكة الألوكة، ٢٠٠٩/٦/٢
56- www.alukah.net
57- www.arabs48.com
58- www.xozga.com

ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 5

**بەشی یەکەم** ..... 7

سوریالیزم لە ئەدەبی ئەوروپی ..... 7

– زاراوە ..... 7

– پێناسەی سوریالیزم ..... 8

– مێژووی سوریالیزمی ئەوروپی ..... 9

– هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم ..... 18

– سوریالیزم و تیۆرەکانی فرۆید ..... 21

– سوریالیزم و هونەر ..... 24

– بنەماکانی ڕێبازی سوریالیزم ..... 29

– زمانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمەکان ..... 32

– ڕوخساری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمی ئەوروپی ..... 35

– ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سوریالیزمی ئەوروپی ..... 36

– گرینگی سوریالیزمی ئەوروپی ..... 37

**بەشی دووەم** ..... 41

سوریالیزم لە ئەدەبی عەرەبیدا ..... 41

– ڕێبازی سوریالیزم لە میسر ..... 41

– جۆرج حەنین یەکەم سوریالیستی عەرەبی ..... 42

– کۆمەڵەی (هونەر و ئازادی) لە میسر ..... 45

– عەبدولقادر جەنابی و سوریالیەت ..... 47

– گەمەی سوریالی لە ئەدەبی عەرەبیدا ..... 49

**بەشی سێیەم** ..... 54

سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا ..... 54

– دەروازە ..... 54

– شیعری سوریالیزمی کوردی، شیعری کلاسیکی وەکو نموونە ..... 55

سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا ..... 64

باسی یەکەم ..... 64

– عەباس عەبدوڵلا یووسف ئاوەژووکەرەوەی وشە ..... 64

– تێکشکاندنی زمـان (ع. ع. یووسف و ئیشکردن لەنـاو زمـان) ........ 72
باسی دووەم ........ 86
– سەباح ڕەنجدەر شاعیرێکی پڕ لە خەون ........ 86
– شێوازی خەونی لە مانیفێستی شیعری سەباح ڕەنجدەردا ........ 88
– (زێوان) سەفەری منداڵی ........ 99
– گەمەکردن لەناو زماندا ........ 106
باسی سێیەم ........ 117
– فەرهاد پیربـاڵ دەنگێکی هەردەم یاخی ........ 117
– فەرهاد پیرباڵ و تەکنیکی نوێی شیعری ........ 122
باسی چوارەم ........ 130
– ئەنوەر مەسیفی و بەیانی چوارەمی فۆرمی گران ........ 130
– شیعری ئۆتۆماتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ........ 136
**بەشی چوارەم** ........ 142
چیرۆکی سوریالیزمی کوردی ........ 142
باسی یەکەم ........ 144
– عەبدوڵڵا سەراج ئەزموونێک پڕ لە هەڵوێست ........ 144
– مرۆڤ دڕندەترین بوونەوەر ........ 145
– فانتـازیای هونەر ........ 149
باسی دووەم ........ 159
– ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بێدەنگێکی پڕ لە بەرهەم ........ 159
باسی سێیەم ........ 164
– محەمەد موکری و سوریالیزم ........ 164
– نێچیر هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری ........ 165
– سەگوەڕ خوێندنەوەی داهاتوو ........ 168
باسی چوارەم ........ 177
– فەرهاد پیرباڵ و چیرۆکی سوریالیزمی کوردی ........ 177
**بەشی پێنجەم** ........ 185
کۆوارەسوریالییە کوردییەکان ........ 185
– وێران یەکەمین کۆواری سوریالیزمی کوردی ........ 185
– کۆواری (شین) و (شیعر) و سوریالیزم ........ 190
– گەمەی سوریالی لە ئەدەبی کوردیدا ........ 192
سەرچاوەکان ........ 195